# فەلسەفە و لاهوت

# لە سەدەکانی ناوەڕاستدا

د. حەمید عەزیز

ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی - ٢٠١٢

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتویێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.


**فەلسەفەو لاهوت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا**

**د. حەمید عەزیز**

**بابەت: فەلسەفی**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی . ٢٠١٢**

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ( ١٥٠١) ساڵی ٢٠١٢**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ: ( ٢٠٠٠) دانە**

**زنجیرە: ( ٤٦٢ )**

**چاپی : دووەم ـ ساڵی ٢٠١٢**

**کوردستان – سلێمانی**

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

سەرپەرشتیاری کتێب

**عوسمان حەمەرەشید گورون**

# پێشەکی چاپی دووەم

١ ـ شەش ساڵ بەسەر دەرچوونی چاپی یەکەمی ئەو بەرهەمەدا تێپەڕیوە، ئەوەندەی من ئاگاداربم هەر لەگەڵ کەوتنە بازاڕیەوە پاش ماوەیەکی کورتی چاوەڕوان نەکراو لە کتێبخانەکاندا نەماوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش دا، دوای ئەو ماوەیە، بایەخی ئەو پرسیارانەی تێیدا کراونو وەڵام دراونەتەوە گەرم و گوڕیی خۆیانیان لەدەست نەداوە.

ئەوەش ئەنجامێکە لەبایەخو گرنگی ئەو بابەتەوە کەوتۆتەوە کە قسەی لێکراوە:

پەیوەندی کێشە ئامێزی هەردوو کەرەسەی لاهوت و فەلسەفە کە هەردووکیان دوو چەمکن پەیوەندی ئاڵۆزی نێوان ئایینو ژین بەرجەستە دەکەن.

لەو پەیوەندییەدا، ئەوەندەی لوابێ، هەوڵدراوە ئەو هەڵکەوتە پشت ڕاست بکرێتەوە کە ئایین دیاردەیەکە لەنێو دیاردە کۆمەڵایەتیەکاندا بەڵام بەوە لەوانی دیکە جیا دەبێتەوە کە سروشتێکی ناچاریی هەیە. هاتنەکەشی هەلومەرجو ڕەوشی مێژوویی پێویستی کردووە. دەبوو ئاینی ئیسلام بەناچاریی هەر بێت بۆ ئەوەی چوارچێوەی نیمچە ڕەوشی بەندو کۆیلایەتی هەڵوەشێنێتەوەو قۆناغی فیودالی دابمەزرێنێ. ئەگەر ئەو دیاردە کۆمەڵایەتیە بەقۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی پەرەسەندنو گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیەوە بەندبووبێو بوونەکەی ناچارییو ئەرك و فرمانی دیارو دەستنیشانکراوی پێ سپێردرابێ ئەوا لەهەمانکاتدا چەندین کێشەو ئاکنجەی هزری و فەلسەفەو کۆمەڵایەتی وروژاندووە کە نەك هەر بەکتێبێك بەڵکو بەچەندین ئینسکلۆپیدی یەکلایی ناکرێتەوە. ئەم بەرهەمەش ئەگەر چی چۆتە ژێر بارێکی سەختو گرانەوە بەڵام بەدڵنیاییەوە دەڵێم، بەپێی ڕەوشی ئەمڕۆی کوردستانی باشور، تیشکی خستۆتە سەر چەند لایەنێکی سەرنج ڕاکێش کە نەدەکرا بەپێی ئەو ڕەوشە (کۆنەپارێزە – ئایینیە) لەوە بەولاوە پتر سنورەکە ببەزێنێ، بەڵام لەوەش دڵنیایە کە ڕۆژێك لەڕۆژان، درەنگ یان زوو ئەو دەرفەتەش لەلای

ئێمە دەرەخسێ مرۆڤ بتوانێ بەبێ دڵەراوکێ راشکاوانەتر بدوێ! ئەم قسەیەش ئەگەر جۆرە دڵگەرمیەکی پێوە دیاربێ لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئایین لافی جێگیر کردنی دادی رەببانیو رزگارکردنو دستەبەربوونی ئازادی لێ بدات بۆ دەبێ بەربەستی راشکاویو قسەکردنو رادەربڕینی ئازاد بێت؟! دەبێ لە چ ناوچەیەکدا کە ئایین دەستبەکارە دادو دادپەروەریی بوونەکەی هەست پێ بکرێتو نامۆ نەبێ؟!

هەرچۆنێك بابەتەکە لێکبدرێتەوە، لەو راستیە کاڵ نابێتەوە کە سەپاندنی هەر جیهاندیدێك بەهەر ناوو لەژێر هەردروشمێکدا بێ خۆی لەخۆیدا بەپێچەوانەی ئەو ئەرکەوەیە کە گرتوویەتیە ئەستۆ!.

ئایا جێگیرکردنی دادو ئازادی و سەربەستی بەوە دەبێ ئەو رێبازەی گوایە سەرگەرمی پیادەکردنیانە بەتۆبزی بسەپێنرێ و کەسانێك ناچار بکرێن باوەڕی پێ بهێنن؟ ئایا رێنمایی کردنی مرۆڤ وەك لەجیهاندیدی ئایین دا هاتووە، پێشێلکردنی ئەو بەهرەدارییەی زیرەکییە نییە کە مرۆڤ هەیەتی؟! ئەو بەرهەمە کە چاپی دووەمی دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری کورد هەنگاوێکە لەرێگایەکی دوورو درێژدا هەڵگیراوەو بە دڵنیاییەوە دەڵێم، لەهەلومەرجی گونجاوتردا کە رۆژێك لە رۆژان کۆمەڵگای بێ نازی کوردەواریش ئەو دەرفەتەی بۆ دەرەخسێ وەك کۆمەڵگا مۆدێرنەکانی شایستەی ژیانی مرۆڤی ئازاد راشکاوانە سنوری رەنگرێژراوی بەزۆر سەپێنراوی ئەو جیهاندیدەی لەدەرەوە هاتوی بەسەر کوردا سەپێنراو دەبەزێنێو ئەوەی بە "تابوو" خراوەتە مێشکییەوە نەشتەری تاووتوێ کردنی رەخنە دەیگرێتەوەو دەیگاتێ! ئەوکاتەش نووسەر قسەیەکی تری دەبێ:

ئای چەند دزیوو ناحەزو بەدە کە ئەگەر:

"مرۆڤێك بەتۆبزی ناچار بکرێت بەپێی ئارەزوو خواستی یەکێکی دیکە رەفتار بکات!!"

٢ ـ دەمەوێ لێرەدا پڕ بەدڵ سوپاسی دۆستی دێرینم کاك فەرید ئەسەسەرد و خاتوو جەمیلە مەحموود بکەم کە جوامێرانە لە ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران ئەرکی چاپی دووەمی ئەو بەرهەمەیان گرتە ئەستۆ هیوادارم نموونەیان زۆر بێت.

هەولێر – کوردستانی باشور

٢٦ / ٢ / ٢٠١٢

# پێشەکی چاپی یەکەم

کێشەی نێوان فەلسەفەو لاهوت، یاخود زانینو بڕوا، ژیر (ئەقڵ) و ئیمان لە فەلسەفەو بابەتە جۆربەجۆرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بە تایبەتی لە ئەورووپای مەسیحیدا کە پوختەی ئەم باسو لێکۆڵینەوانەیە، بابەتێکە هەویرەکەی ئاوێکی زۆر دەکێشێ، وا بە ئاسانی نە بە وەڵامو نە بەتوێتوێکردن بەلایەکدا ناخرێت.

لە کەیەوە سەدەکانی ناوەڕاست دەستیان پێکردووە، بە تەواوەتی ڕوونو ئاشکرا نییە، بەڵام کۆتاییەکەی دیارە. ئەم قۆناغە، سەردەمی دەستبەکاریی هەرسێ ئاینە جیهانییەکە بووە، جولەکە، مەسیحی، ئیسلام، بۆیە ئەو فەلسەفەیەی لەلایەن لایەنگیرێکی ئەم ئاینەوە یاخود ئەوی تریانەوە ناوی ئاینەکەی بەسەردا بڕاوە ئەگەرچی ئەمە، ئەو ناونانە بە هیچ بنەمایەکی زانستی پشت ئەستوور نییە.

لە سەرەتای سەدەی سیانزەهەمو بە دواوە، فەلسەفە جارێکی تر پشویەکی داوە، جۆرە سەربەخۆیی (ئۆتۆنۆمی)یەکی بەدەست هێناوە، لاهوتیش لە لای خۆیەوە، ئەگەر بە ڕواڵەتو سەرزارەکیش بووبێ، بێ نیازیی خۆی لە فەلسەفە نیشان داوە، کەچی بابەتەکە خراوەتە نێو چوارچێوەی کێشەی شەڕی دەستەویەخەی نێوان بڕواو گومڕاییەوە! ئەوەندەی لە توانامانداهەیە، پشت ئەستور بە سەرچاوەی نووسراو بە زمانی ئەڵمانی - ئیتر دانراوبن یاخود وەرگێڕدراو - هەوڵمان داوە چەند لایەنێکی تاریکی ئەم کێشەیە ڕووناک بکەینەوەو تا ڕادەیەك دەرمانخستووە ئایا ڕاستو ڕەوایە بوترێ ئەمە کێشەو بەرەیە، شەڕی دەستەویەخەی بڕواو باوەڕە لەگەڵ گومڕاییو کوفر، فەلسەفەو لاهوت، زانینو باوەڕ؟ یاخود ئەمە جۆرە تۆمەتێکە بە ناهەق دراوەتە پاڵ ڕقەبەرو ڕەخنەگرو ناحەزان بۆ ڕەواکردنی بۆچوونو جیهانبینییەکی سەلەفی کۆنەپارێز، یاخود ئەم بابەتە مەبەستو ئامانجی تری نەزانراوی هەبووە؟ ئەوەندەی من لە بابەتەکە گەیشتبم، هیچ

کامێـك لـە فەیلەسـوفەکان بـە مانـا ئاینییـە سـەلەفییەکە، پـڕ بـە پێـستی وشـەی گـومڕاو کــافریی، گــومڕاو کــافر نــەبوونو لــە بنــەماکانی ئاینەکــەیان لایــان نــەداوە. ڕاســتە فەیلەسـوفەکانو زانایـانی کـەلام هـەر کەسـە بـەپێی ڕەوشو بـارودۆخی خـۆیو وڵاتو ئاینەکـەی، لـە کەنیـسەو کڵێـسەو مزگەوتـدا گۆشـکراونو پێگەیـشتوون، ئـەو بابەتانـە کـە کەرەسەی لێکۆڵینەوەیان بـووەو خامـە ڕەنگینەکـەیان وەك نەشـتەر تـوێ تـوێ کـردوون لـە ئاینەکـەوە سەرچـاوەی گرتـووە. بـەڵام بـۆ پـتر بەرەوپێشـچوونیان لـەم ئەرکـە سـەختەی سەرشـانیانو بـۆ باشـترکردنەوەی گـرێ کوێرەو وەڵامدانـەوەی پرسـیارە سـەختەکان کـە تـا ڕادەیــەکی زۆر ڕوخــسارو نــاوەڕۆکی "الداهیــة الــدهاء" یــان هــەبووە، پــەنایان بردۆتــە بــەر بابەتی دەرەکی بە تایبەتی فەلسەفەی یۆنانی بە قۆناغی دوای ئەسکەندەری مەکدونییەوە. ئەم پەنابردنەو سودوەرگرتنە لـە فەلـسەفەی یۆنـان کوێرانـەو تۆمـار ئاسـا نـەبووە. بـەڵکو جـۆرە بـژارکردنو هەڵبـژاردنو مـشتو مـاڵ کردنێکـی بەرچـاوی تیـادا دەبینـرێ کـە لـە تایبەتمەنــدی هەلومــەرجو بنــەماکانی ئاینەکــەدا ڕەنــگ دەداتــەوە. هــەوڵمان داوە ســاغی بکەینەوە کـە گـومڕاکردنی فەیلەسـوفو زانایـانی کـەلام لـەوەوە کەوتۆتـەوە کـە سـەلەفییە کۆنـەپارێزەکان، لەلایـەك تـەنیا لەلایـەنی نێگـاتیڤو نالـەبارو تـەمو مـژاویی بـیری ئـاینیو لاهوتو ئـایین گەیـشتوونو بـەو پێیـەی ویـستوویانە لێکیـان داوەتـەوەو پیادەیـان کـردووە. لەلایـەکی تـرەوە هـیچ جیاوازییـەکیان نـەکردووە لـە نێـوان دوژمـنی ڕاسـتەقینەو ڕقەبـەر لەنێوان ڕەخنەی ئازادو لێکۆڵینەوەی ئازاد لە لایـەكو هێرشـی نازانـستییانە. هـەموویانیان خستۆتە نێو دووتای یەك تەرازووەوە.

دەربارەی زانستی کەلامو ئەو فەلسەفەیەی بە زمانی عەرەبی نوسراوەو ناوی فەلـسەفەی ئیـسلامی لێنـراوە، بـە هـیچ جۆرێـك، ئـەم فەلـسەفەیە بەشـێك نییـە لـە ئـاینی ئیـسلام. ڕەخنــەگرتن لــەم فەلــسەفەیە ڕەخنــەگرتنی ئاینەکــە ناگەیــەنێ. بــە بــاوەڕی مــن نــاوی فەلسەفەی ئیسلام پڕ بە پێستی ئەو فەلسەفەیە نییە کە لە کۆمەڵی ئیسلامیدا، لـە کۆتـایی سـەردەمی بـەنی ئومەیـەو سـەردەمی فـەرمانڕەوایی عەبباسـییەکاندا بـە زمـانی عـەرەبی نووسراوەتەوە، باشە ئـەی چ نـاوێکی تـری لێبنرێت؟ ئـەم پرسـیارە بـە تاکـە کەسـێك وەڵام نادرێتەوەو تا ئەم ساتە هەر چاوەڕوانی وەڵامدانەوە دەکات.

لـه زانـستی کەلامـدا، ئەگەرچـی مـن لـە فەلـسەفەی ئـەڵمانی نێـوان هـەردوو جـەنگی جیهانیـدا پـسپۆڕم، سـەرنجم بـۆ ئـەو کەلەبەرانـە ڕاکێـشاوە کـە تیایـدانو ئـەو هەڵانـەم خستوونەتە بەرچاو کە تیایدا کراون. بە تایبەتی هەڵوێستی موعتەزیلە کە هەستیان بـە هەڵەیـەکی گـەورەو بەرچـاو نـەکردووە کاتێـك باسـی کێـشەی یـەك ڕەنگـی، یـەك تـایی‌و دەسەڵاتو هێزی لە ڕادەو سنوربەدەرو دادپەروەرییان کردووە. بـە بـاوەڕی مـن موعتەزیلـە لـە گۆڕەپـانی سیاسـیداو دوور لـە ئـایین بـە هەڵـە چـوون، یـەك ڕەنگیـی‌و دەسـەڵاتی لـە سنوربەدەرو هێزو توانای لە ڕادەبەدەر بە هیچ جۆرێك لەگەڵ دادپـەروەریی پێکـەوە تـەبا نـین‌و بـە یەکـەوە نـاگونجێن. پتربـوونی لایـەکیان بـە کـەم بـوون‌و کەمکردنـەوەی لایەکـەی تریان تەواو دەبێ. بە دەگمـەن هەڵکـەوتووە خـاوەن دەسـەڵاتی هێـزو توانـا لـە ڕادەو سـنور بەدەر دادپەروەر بێت. چۆن موعتەزیلە هەستیان بەمە نەکردووە؟

ڕەوشـی ئێـستای ئـەو بەشـەی کوردسـتان کـە بـە باشـور نـاودەبرێ، تـا ڕادەیـەك مـرۆڤ هاندەدات دڵی خۆی خۆشبکاتو ئاواتی ئـەوە بخوازێـت کـە ئـەم کـارەی ئێمـە وەك سـەرەتاو یەکەم هەنگاو لە لایەن ڕۆڵەی دواڕۆژی کوردستانی ئـازاد پـەرەی پێبـدرێ‌و هـەنگاوی تـری بـەدوا بێـتو بـەرەو ئـەو ئامانجـە پـەرەی پێبـدرێ کـە نووسـەرەکەی بـە دڵ ئـاواتی بـۆ خواستووەو بە تاکـە سـوارەیی نـەیتوانیوە بیگـاتێ. گەشـت هەرچـەندە دوورو درێـژ بـێ بـە یەکەم هەنگاو دەستپێدەکات.

**قەڵادزێ**
**پوشپەڕی ساڵی ٢٠٠٤ ز**
**کوردستانی باشور**

# زانين و بڕوا

١- من بە ڕەوای دانانێم بپرسرێ، ئایا ئەو پێشکەوتن و دەسکەوتانە کامانەن کە فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە گشتی بەدەستی هێناون. چونکە ئەم پرسیارە لە خۆیدا دەربارەی ڕۆڵی فەلسەفەو فەلسەفە خۆی جۆرە ئەگەرو گومانێك نیشان ئەدات و پشت بەو گریمانەیە دەبەستێ گوایە ئەوسا فەلسەفە پابەندو ژێردەستەی بیری ئاینی -لاهوتی هەرسێك ئاینە جیهانییەکە بووە!

ئاشکرایە ئەوسا کێشەو بەرەیەکی سەرپاگیری درێژخایەن لە نێوان لاهوت و فەلسەفە، لە نێوان بابەتەکانی بڕواو ژیردا هەبووە. زۆر جاریش ئەم کێشەیە سنوری بەزاندووەو گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی هەوڵی لەناوبردنی فەلسەفە یاخود قەدەغەکردن و دوورخستنەوەی لەم بوارەدا بدرێت! بەڵام ئەم کێشەیە هەر خۆی بە لایەنی لەبارو نالەباریەوە، بە کز بوون و پتر گرژبوونییەوە، ڕێگای بەهاری ڕێنیسانسی خۆش کردووە.

ئەگەرچی بەرهەمە چروپڕەکانی تۆمای ئەکوینی و بۆنافەنتۆرای سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپای مەسیحی و ڕۆژهەڵات لە لای هەندێك کەس، لە ڕواڵەتدا وێنەیەك لە مێشکدا دەنەخشێنن گوایە ئەوان فەلسەفەو بیری لاهوتییان پەرەپێداوە، لە بواری زمان و ئەدەب و کولتورو زانستی ئایندا، لە سەردەمی خۆیان، ڕۆڵێکی کاریگەریان گێڕاوە، ئەم وێنەو بۆچوونە لە ڕاستییەوە دوورن!

سەرچاوە باوەڕپێکراوەکان هەموویان لەوەدا تەباو کۆکن کە ئەم کۆششەی ئەوان کردوویانە، پتر بۆ ئەوە بووە کە فەلسەفەی هەڵگری مەشخەڵی پێشکەوتنی زانستی و مرۆڤایەتی لە بەرامبەر جیهاندیدی لاهوتدا لاواز بکرێت و بە ناچاریی ببێ بە خزمەتکاری لاهوت و کڵێسە.

بەرهەڵستیکردنو بە گژداچوونەوەی بیروبۆچوونە کۆنەپارێزو سەلەفییە لاهوتییـەکانی تۆمای ئەکوینیو بۆنافەنتۆراو غـەزالی، وەرگێڕانـی بەرهەمـەکانی بـن ڕوشـدی ئەندەلوسـی لەلایەن جولەکەکانی ئەندەلوسەوە بۆ سەر زمـانی لاتـینیو بڵاوبوونـەوەی ئـەم فەلـسەفەیە لــە کــۆڕو کۆمــەڵو مەڵبەنــدە ئــەکادیمیو زانــستیو فەلــسەفییەکانی ئەوســای ئــەوروپا، پەیدابوونو دەرکەوتنی ئەو ڕێبـازە فەلـسەفییەی بـە ڕوشـدی لاتـینی ناسـراوەو فەیلەسـوفی ڕێئالیــستی ســەردەمی خــۆی ســیگەری برەبانــت ڕابــەریی کــردووە[1]، لەگــەڵ فەلــسەفەی نۆمینالیــستی ڤیلـهیلمی ئۆگـای دەرگـای پەڕینــەوەیان بــەرەو قۆنــاغی ڕێنێــسانس، ئــەو ڕێنیسانسەی شارستانیەتی پڕ شکۆی ئەمڕۆی لەسەر بنیاتنراوە، خستۆتە سەرپشت.

دانتێ کە خۆی ڕابەرێکە لەو ڕابەرانەی بۆ ڕووناك کردنەوەی تاریکی شـەوەزەنگی سـەدە ساردو سڕەکانی ناوەڕاست مەشخەڵی پێشکەوتنیان بەرەو ڕاپەڕین هـەڵگرتووە، لـە کۆمیـدی خواوەندیـدا وەك بەڵگـە سـاغی دەکاتــەوە کـە فەلـسەفەی ڕێبـازی بـن ڕوشـدی لاتـینیو ڕابەرەکەی برەبانت لە ئەوروپا ڕێگای هەڵاتنی خۆری ڕێنیسانسیان خۆشکردووە. دانـتێ لـە کۆمیدییەکەیدا (برەبانت) کە لە لایەن کلێسەوە بـە نـەفرەتلێکراو دانـراوە وەك میـوانێکی هەمیشەیی بەهەشـت، بـە ڕێـزو قەدرزانینـەوە باسـی کـردووە[2]و پلـەو پایەیـەکی لـە سـەرو تومای ئەکوینی ڕابەری لاهوتی کلێسەی مەسیحی پێبەخشیوە.

وە نـەبێ ڕۆژهـەڵات لـە بزوتنـەوەی فەلـسەفەی پێشکەوتنخواز -بـە واتـا سیاسـییەکەی- بێبــەش بــووبێ، غــەزالی دیاردەیــەکی لــەناکاوو کتــوپڕ نــەبووە. بــەڵکو ئــەم دیاردەیــە پرۆسـەیەکی مێـژوویی درێژخایـەنی بەرجەسـتە کـردووە، ئـەم ڕەوتـە لـە دوو تـەوژمی دژ بەیـەكو هاوشـانو هاوتـەریب پەیـدابوون. دەسـتبەکاربوونو بەرەوپێشـچوون: دوو ناوچـە، ڕۆژهــەڵاتو ئــەوروپا، ســێ ئــاینی جیهــانی، ســەرتاپاگیرو دەستڕۆیــشتوو.. بەرامبــەر بــە سـەرکوتکردنی بیرمەنـدان هـەر لـە موعتەزیلـەو مورجیئـەوە تـا دەگاتـە ئـەوەی بـە فـەتوا فەلسەفە قەدەغە بکرێت، وەك یەكو لە یەکەوە نزیك بوون!

---

[1] Ley, Hermann, Studie zur Geschichte des Materialismus im Mittelalter. Berlin (ost) 1957. S. 128

[2] .Gilson, E, Dante und Philosophie. Freiburg. 1953. s 226

وەنەبێ ئەم نموونەیەو بەرامبەر بە یەکتری دانانە تایبەتمەندێتی هیچ لایەك پشتگوێ بخات، هەر لایەنە، ڕۆژهەلأتو ئەوروپای مەسیحی، بە پێی ئەو قۆناغو کەشو هەوایەی تیایاندا سەری هەڵداوەو پیایاندا تێپەڕیوە هەلومەرجو ڕەوشی تایبەتیو هەمەکی خۆی هەبووە کە بە گشتی کەسایەتیو خەسڵەتی هەردوو ئاینو ژینگە بە جیا بەرجەستە دەکەن. ئەم تایبەتمەندییە لەبەرچاو گرتنەوە بە هیچ جۆرێك ناگاتە ئەو ڕادەو سنورەی چاو لەو ڕاستییە بپۆشرێ کە هەردووك لایەن لە چوارچێوەی گشتییە هەمەکییەکەدا زۆر شتیان وەك یەك بووە، دووریش نییە فاکتەرو هۆکارو کارکردە کاریگەرەکانیش هەر لەم چوارچێوە گشتییەدا لە یەك چوو دەستبەکار بووبن، بەلأم ئەم ئەنجامانەی لەم دوو دیاردەیە کەوتوونەتەوە، جیاواز بوون. دوو دیاردەو دوو پڕۆسەو دوو جۆرە هۆکارو ئامانجی لەیەکچوو، کەچی دوو ئەنجامی ئەوپەڕی جیاوازیان لێکەوتەوە، ئەمە چییەو چی دەگەیەنێ؟!

٢- بۆئەوەی بە پێی پێودانگێکی بابەتییانە کێشەی نێوان زانینو بڕوا هەڵبسەنگێنرێ، لایەنە تەمو مژاوییو لێڵەکانی ڕوون بکرێنەوە، پێویست دەکات ئاوڕێك لەو بارودۆخو هەلو مەرجانەی سەدەکانی ناوەڕاست بدرێتەوە کە یارمەتیدەری سەرهەڵدانی ئەم بابەتە بوونو ناوەڕۆكو ڕوخساری "کێشە"یان پێ بەخشیوە. ئایا ئەم جۆرە بۆچوونە لە خۆیدا، هەر لە سەرەتاوەو پێشیان ئەو گریمانەیە ناکات کە بابەتەکە لەگەڵ پەیدابوونیەوە گەراو تۆوی ئەو کێشەیەی لە مندالدانیدا بووە؟

ئەو ئەنجامەی لە جەنگە کاولکارو خوێنڕێژەکەی نێوان عەلیو معاویەی ئەمەوی کەوتۆتەوە، سەرکەوتنی لایەنی دنیایی بەسەر لایەنە ئاینییەکەدا دووپات کردۆتەوە. تەرازووەکە، تایەکیان بە لای دنیاو ژینو مرۆڤو سیاسەتێکی دیاریکراودا لاسەنگ بووە. لە لای معاویەو ئەوانەی بەدوایدا جڵەوی دەسەلأتی دەوڵەتو سیاسەتیان بەدەست بووە، ئایین هیچی تر وەك جاران شاهۆکارو کارکردەی سەرەکی نەماوە، ئەگەر بشێ بە ڕاشکاوی بدوێین، دەڵێین، ئاینەکەی جاران لە ڕوخساردا گۆڕانی ئەوتۆی بەسەردا هێنراوە ببێ بە پاشکۆی سیاسەتی دەوڵەتو کاربەدەستانو وەك ئامرازێك لە لایەنی فەتوای کەسانێکەوە وەك (مورجیئە) بۆ پشت ڕاستکردنەوەی دەسەلأتی سیاسی دنیایی بەنی ئومەییە

بەكارهاتووە. دوای ئەم وەرچەرخانە، كە بایەخ بە كاروباری ژینی ئەم دنیایە دراوە، ڕەوتی ئایین پەروەریی عەلی پاشەكشەی كردووەو سەرەتای پڕۆسەی بە عەرەبكردن دەستی پێكردووە. ئەم پرۆسەیە لە دوو لاوە بووە، لایەنی سەپاندنی زمانو لایەنی وەرگێڕانی بەرهەمی كەلەپوری یۆنانو فارسو هیند بۆ سەر زمانی عەرەبی[3].

وردە وردە ئەو بابەتە كە توندوتۆڵ لایەنی دنیایی دەردەخاتو كە بە زانستی كەلام ناوبراوە دەركەوتووەو لە لایەن چەندین زانای ئاینییەوە پەرەی پێدراوە، وەك ئەنجامێكی چەندین هۆكاری ناوەكیو دەرەكی ئەم زانستی كەلامە چەند ڕێبازی لێكەوتۆتەوە كە دیارترینیان ئەمانە بوون:

خاریجییەكان (ئەل خەوارج)، شیعە (یاخود جەعفەری دوانزە ئیمامی)، مورجیئە، ئەشعەرییە كە مەزهەبی شافیعی لێكەوتۆتەوە، موعتەزیلە، جەبریە.. و هتد. لەم زانستی كەلامەدا، ئەگەر سەرنجی بابەتەكانی بدرێت چ لە بارەی ئەو پەیڕەوەی بەكارهێنراوەو چ لەو كەرەسەیەی كراون بە بابەتی لێكۆڵینەوە، چەند خاڵێك دێنە بەرچاو:

**یەكەم**، تایبەتمەندی ڕێبازە لاهوتییە فەلسەفەییەكە نیشان دراوە كە لە كەشو هەوایەكی تایبەتیدا گەشەی كردووە.

**دووەم**، ئەو لایەنە سەرنج ڕادەكێشێ كە لە فەلسەفەی یۆنانی بە تایبەتی لە فەلسەفەی ئەفلاتونو ئەریستۆتلسو ئەفلۆتێنیزمی نوێوە وەرگیراوە.

**سێیەم**، هەر لە سەرەتاوە كێشەی نێوان زانینو بڕوا (ئەوسا بە كێشەی ئەقڵو نەقڵ) ناوبراوە، سەریهەڵداوەو وەك گرێ كوێرەیەك داوای خاوكردنەوەی كردووە.

**چوارەم**، ئەم زانستی كەلامە، لە پەیڕەوو ناوەڕۆكدا، لەو فەلسەفەو لاهوتە چوە كە لە سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستی مەسیحی ئەوروپادا بە دیالێكتیك ناوبراوە. ئەم فەلسەفەو لاهوتو كەلامە هەوڵیان داوە بە ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر ئەوەندەی لە كردن بێتو لەتوانادایە، جۆرە هاوسەنگیو تەرازویەك لە نێوان بنەماكانی دیدی ئایینو جیهانبینی فەلسەفەدا[4] ڕابگیرێتو پلەیەكی مامناوەندی -ناوەڕاست لە نێوانیاندا بەدەست بهێنرێ.

---

[3] اولری، دی لاسی، الفكر العربی ومكانه فی التأریخ. ت: د. تمام احسان مصر بلا ص ٢٠٠.

[4] De Boer, T. J. Geschichte der Philosophie im Islam. Sttutgart 1901. s. 43.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە زاناکانی کەلام هەموویان موسڵمان بوون، ئەوانی ئەوروپا مەسیحی ڕاستەقینە بوون، بەڵام شان بە شانی ئەو بڕوایەی بە بنەما سەرەکییەکانی ئاینەکەیان هەیانبووە، لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) لە یەکتری جیای کردوونەتەوە، ئەم جیاوازییە بە ڕوونو ئاشکرا لەو هەڵوێستەیاندا کە بەرامبەر بە زانستو فەلسەفە هەیانبووە، دەردەکەوێ.

شان بە شانی ئەم زانستی کەلامەی ڕۆژهەڵاتو لاهوتە فەلسەفییەی مەسیحی کە وەك چەپکەگوڵی مژدەبەخشی هاتنی بەهاری فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بوون، فەلسەفەیەکی بە پیتو پێز بە پێی پێودانگی سەردەمو ڕەوشو هەلومەرجی دەوروبەرەکەیان، پەرەی سەندووە، ئەم فەلسەفەیە وەك بابەت، بە شێوەیەکی بەرچاو، لە دوو سەرچاوەوە، سەرەڕای هۆکارو کارکردە خۆیەکییەکان، بابەتەکانیان هەڵهێنجاوە، کە دەکرێ بەم جۆرە دەستنیشان بکرێن:

**یەکەم:** فەلسەفەی ئەفلاتۆنو ئەفلاتۆنیزمی نوێ، بە تایبەتی ئەو لایەنەی ئەفلۆتین بە یارمەتی بیروبۆچوونە لاهوتییەکانی فیلۆنیجولەکە پەرەی پێداوە. وەك زانراوە چەند بەشێك لە کتێبی نۆنۆیی ئەفلۆتین کراوە بە عەرەبی، ئەم ڕێبازە دوای ئەو گۆڕانەی بەسەریدا هێنراوە لە خۆیدا نموونەیەکی پەرەسەندووی ئایدیالیزمی ئاوێتەی بیروبۆچوونی سۆفێتیو ئاینە، جۆرە یەك ڕەنگییەکی تیادا دەربارەی ڕەبو بۆچوونی ماددەو چاکەو بەدکاریی دەبینرێ لەگەڵ جیهاندیدیی لاهوتو بیری ئاینیدا گونجاوەو ناکۆك نییە.

**دووەم:** فەلسەفەی ئەریستۆتڵسی یۆنانی سەرچاوەیەکی تری ئەم فەلسەفەیە بووە. لە سەرەتای دەستپێکردنی ئەو فەلسەفەیەی بە زمانی عەرەبی نوسراوەو ناوی فەلسەفەی ئیسلامی لێنراوە هەڵەیەکی سەخت کراوەو هیچ بیرمەندێك هەستی پێنەکردووە. بەشی پێنجەمو شەشەمو حەوتەمی کتێبی نۆنۆیی ئەفلۆتین کراوە بە عەرەبیو ناوی ئەریستۆتڵسی لەسەر نوسراوە (واتە: اتلوجيا ارسطاطاليس). ئەم بەشە ئەو تیۆریی تیادایە کە بە عەرەبی ناوی تیۆری (فيض) واتە لێکەوتنەوەی لێنراوە. فارابی ئەم بەشەی ئەو کتێبەی ئەفلۆتینی لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ئەفلاتوندا بەراورد کردووەو گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی گوایە فەلسەفەی ئەریستۆتڵسو ئەفلاتون بە یەکەوە تەباو گونجاون!!

له لایەن فەیلەسوفانی ئیسلامەوە بە جۆرێك فەلسەفەی وەرگێڕدراوی ئەم فەیلەسوفە (ئەریستۆتلس)، بە تایبەتی ئۆنتۆلۆجیو میتافیزیكو فیزیكو تیۆری زانین بە فەلسەفەی ئەفلۆتین متوربە كراوە، بە تەواوەتی بنەماو كەسایەتییەكەی گۆڕدراوە. ئەو دۆخە بەم جۆرە ماوەتەوە تاوەكو ئبن ڕوشدی ئەندەلوسی دەركەوتووەو بە سەلیقە زۆر شتی ڕاست كردۆتەوە، هەر ئەمە بووە وای لە بیرمەندانی مەسیحی ئەوروپا كردووە، بن ڕوشد بەلێكدەرەوەی فەلسەفەی ئەریستۆتلس ناوبەرن.

٣- دەكرێ ئەم ڕەوشەی زانستی كەلامو فەلسەفەی ئیسلام لەگەڵ ئەو سێ ڕێبازو لایەنەی فەلسەفە - لاهوتی مەسیحی ئەوروپادا، لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، بەراورد بكرێت. لە سەدەكانی ناوەڕاستی ئەوروپادا سێ ڕەوتی فەلسەفە دەستبەكار بوونو ئەو جیهانبینییە ئاوێتەبووی كولتورو لاهوتی مەسیحی ئەوسایان لێكەوتۆتەوە:

**یەكەم:** ڕیبازێك پتر ڕوو لە ئایینو لاهوت بووەو نەیویستووە دان بە سەربەخۆیی فەلسەفەدا بنێ، كەچی هەوڵی داوە لە بابەتو پەیڕەوی فەلسەفە بە تایبەتی لە بابەتی مەنتیقو پێوانە بۆ لێكدانەوەی بابەتەكانی لاهوتو ئایین سوود وەربگرێ. ئەم لایەنە بە كردەوە سەرگەرمی ئەوە بووە فەلسەفە پابەندو خزمەتكاری لاهوتو ئایین بێت. بۆنافێنتۆرا (١٢١٧-١٢٧٤ز) ڕابەرێكی بەرچاوی ئەم هەوڵە بووە[5].

**دووەم:** ئەم لایەنە كە لایەنی دووەمە لە چوارچێوەی ڕێگاپێدراوی ئاینی مەسیحیو لاهوتییەكەیدا، بە پشتیوانی فەلسەفەی ئەریستۆتلس هەوڵی داوە جیهانبینییەكی فەلسەفەیی-لاهوتی ڕەنگ بڕێژێ[6]. ئەلبێرتۆس مەگنۆس (١٢٠٦-١٢٨٠ ز)و تۆمای ئەكوینی (١٢٢٥-١٢٧٤ ز) دوو ڕابەری دەسترەنگینی لاهوتی فەلسەفەیی بوونو بەپێزترین بەرهەمیان لەم بوارەدا بلاوكردۆتەوە. بۆچوونەكانیان بە گشتی بە فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتونو بنەماكانی ئایین پشت ئەستور بوون ئەگەرچی لە هەردوو بەرەدا، بەرەی لاهوتو بەرەی فەیلەسوفان ناحەزەكانیان لە دۆستانیان پتر بووە.

---

[5] برهییه، امیل، تاریخ الفلسفه، العصر الوسیط والنهضة.ت: جورج طرابیشي بیروت ١٩٨٣ ص ١٦٠.

[6] Woehlerih- U. Geschichte der mittelalterlichen Philosophie. Berlin (ost). 1990. s. 95. 96.

**سێیەم:** ئەو ڕێبازەیە کە لە لایەن کلێسەو دەزگاکانی ئاینەوە بە گومڕاو لە ئایین لادەر نیشان دراوە.

وەك فەلسەفە ئەم لایەنە پشتی بە نووسینە فەلسەفییەکانی بن ڕوشدی ئەندەلوسی بەستووەو توانیویەتی خۆی بسەپێنێ. سیگەری برەبانت ڕابەری ئەم ڕێبازەی فەلسەفەی بن ڕوشدی لاتینی بووە. برەبانت هەوڵی داوە دەستبەری سەربەخۆیی فەلسەفە بە جۆرێك ببێ، لە لاهوتو بیری ئاینی جیابێتو هیچی تر دەسەڵاتی کلێسەی بەسەرەوە نەمێنێ.

ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی وردبینانە سەرنجی مێژووی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵو شارستانی مرۆڤ بداتو لە ڕوانگەیەکی فەلسەفەوە هەڵیبسەنگێنێ، دوو دیاردە دێنە بەرچاو کە خۆیان لە چوارچێوەی دوو ڕاستی گومان هەڵنەگردا نیشان دەدەن.

**یەکەم:** ئاژاوە، هەڕەمەکی، ناڕێکوپێکی تەنیا چەند ڕواڵەتو ڕوخسارێکن هەبوونی دیاردەیەکی کاتەکی لە سەردەمو شوێنێکی دیاریکراودا دەخەنە بەرچاو.

**دووەم:** ڕێکوپێکیو دیسپلین جەوهەرو پوختەو سەرمەشقو قانونی ژیانو سروشتن، ئەوی دەقەومێو ڕوودەدات هۆکاری دیاریکراوی خۆی هەیەو نەدەکرا ڕوونەدات.

قانونی هەمەکی یاخود هۆکارو ئەنجام قانونێکە لە سروشتدا دەستبەکارە، ئەوی دەڵێ پەیوەندییەکی پشت ئەستور بە مەنتیق لە نێوان هۆکارو ئەنجامدا پشت ڕاست ناکرێتەوە، مەبەستی ئەوەیە کە لە پرۆسەی بیروبیرکردنەوەدا ئەم جۆرە پەیوەندییە هۆیەکییە ساغ ناکرێتەوە، بەڵام لە سروشتدا ئەم قانونە هەیەو هەر دەبێ هەبێ.

ناچارەکی تۆبزیو کوێرانە، شتێکە تەنیا لە مێشکدا هەیەو لە بیرو بیرکردنەوەدا دەردەکەوێ، وەك ئەنجامێك لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا لە پێشەکیو بنەماکانی بیر دەکەوێتەوە ئەگینا لە سروشتدا بواردنو بازدانو تۆبزی کوێرانە نییە، هەرچی ڕوودەداتو پەیدا دەبێ، بۆیە ڕوویداوەو پەیدابووە چونکە ئەنجامێکی دیاریکراوی لێ دەکەوێتەوەو ئەم ئەنجامەش بۆیە دەکەوێتەوە، چونکە ئەنجامێکی دیاریکراوی هەیە. پرۆسەی پەرەسەندن بە هەردوو لایەنی شارستانیو مرۆڤەوە، پرۆسەیەکە سەرەتاو ناوەڕاستو ئامانجی دیاریکراوی هەیە، ئەو پرۆسەیە بە جۆرێك بەڕێوە دەچێ هەروەك بە پێی قانونو ڕێو شوێنو نەریتی تایبەتی ڕەنگی بۆ ڕێژدرابێ، دێتە بەرچاو. لە سروشتدا،

ئەوی هەیەو هاتۆتە کایەوە، نەکراوەو لە توانادا نەبووە بە جۆرێکی تر بووایەو لەو باشتر نەشیاوو نەگونجاو بووە. خۆ ئەگەر ئەم ڕاستییە ئەگەر هەڵنەگرە سنوری تواناو دەسەلاتی مرۆڤ ببەزێنێو ببێتە مایەی حەپەسانو سەرسوڕمانو ڕامان، ئەوا هەر ئەو سەرسوڕمانە مایەی پەیدابوونی فەلسەفەو فەلسەفەکردن بووە[٧].

ئەفسانەو داستان، لە بەشێکی تایبەتیاندا مێژوو ئاینیان لێ پەیدا بوون، هونەرو ئایینو فەلسەفەو زانست چەند دیاردەیەکی کۆمەلایەتی قۆناغی دواترنو ڕوخسارو ناوەڕۆکی بەپێزی ئەم پرۆسەیە بە تێکشکانو سەرکەوتنەکانیەوە نیشان دەدەن. ئەم دیاردە قۆناغ ڕەنگ ڕێژانە هەریەکە بەپێی سەردەمو هەلو مەرجی تایبەتی پەیدابوونو بەرەوپێشچوونو پەرەسەندنەکە نیشانەو هێمایەك بووە ئەم پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژووەی دەربڕیوە. ئەم دیاردانە سەرەڕای ئەوەی هەریەکە لە خۆیدا دیاردەیەکی سەربەخۆو ڕێکوپێکە، بەپێی ڕەوشی سەردەمی خۆی بەوی دوای خۆیەوە بەند بووەو لەسەر کۆتەرەی دیاردەی پێش خۆی چوزەرەی کردووەو شین بووە، ئەگەرچی وا بێتە بەرچاو کە ئەوەی پێش خۆی ڕەت کردبێتەوەو ڕێی بۆ هی دوای خۆی خۆشکردبێ. هەر دیاردەیەك لەم دیاردانە، ئەگەر بەچاوێکی مێژوویی سەرنج بدرێت، دەردەکەوێ کە لەچوارچێوە گشتییەکەدا ڕۆڵی تایبەتی خۆی گێڕاوە. ئەو ڕۆڵە مێژووییەی ئایین لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لەم بوارەدا گێڕاویەتی، جا چ لەو گۆڕانە سەرتاپاگیرییەی بەلایەنی لەبارو نالەبارەوە خستویەتییەوە یاخود ئەو کارەی لە مرۆڤو کۆمەڵو شارستانییەت کردوویەتی یان ئەو ماوە دوورو درێژەی دەستبەکار بووە دەکرێ ڕۆڵی ئایین وەك شادەورو ڕۆڵی سەرەکی سەرنج بدرێت. وەك دژە هۆکارێك لە لای خۆیەوە ئایین مایەی هاندانی لایەنی تری ڕقەبەرو کاردانەوەی کاریگەرو پێشکەوتنەکەیان بووە. ئەگەر ئایین نەبووایە، ئەو ڕقەبەرانەشی پەیدا نەدەبوون کە هەوڵی پێچانەوەی دامودەزگاکانی سەدەکانی ناوەڕاستیان داوە. لاریی لەوە نییە کە هەبوونی ڕقەبەرو ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز، لە لای لایەنەکەی ترەوە کە ناحەزیەتی دەسکەوتی گەورەو گران دەخاتەوە، ئەگەر ئایینو دەزگاکانی کڵێسە ڕقەبەرو ناحەزی بەهێزیان نەبووایە، بیریان لە ڕیفۆرمو چاکەکاریی

---

[٧] ٧.Aristoteles, Metaphysik. Berlin. 1990. B. 1.2, 982 b

نەدەكردەوە. ڕقەبەرانیش لەلای خۆیانەوە بۆ بە گژداچوونی بیروبۆچوونەكانی دەزگاكانی ئایین، سەرگەرمی ئەوە بوون چاكترین شت بكەن، بۆ ئەوەی تای تەرازو بە لای خۆیاندا لاسەنگ بكەن. لە سیاسەتیشدا چەندە زەبرو زەنگ بەهێزو توندوتیژ بێ ئەوەندە كاردانەوە لە چوارچێوەی كۆششی وەلانانی ئەم زەبروزەنگە بەهێز دەبێ، هاوسەنگو تای دژە توندوتیژیی بەهێزو توندتر دەبێت.

ئەگەر كێشەو پێكهەڵپرژانی فەلسەفەو لاهوت نەبوایە، هەردووكیان لە یەكتری دانەدەبڕانو جیانەدەبوونەوەو دەوڵەتو ڕژێمی دوور لە دەسەڵاتی ئایین پەیدا نەدەبوون. وەرچەرخانی مێژوو، پێچرانەوەی دامودەزگاكانی قۆناغی یۆنان كە بە قۆناغی ئازادی نموونەیی كۆن دانراوە وەنەبێ جێگاكەی بە چۆڵی مابێتەوە، دەزگا زەبر بەدەستەكانی سەدە درێژخایەنەكانی ناوەڕاست جێگایان گرتوونەتەوە. ستەمو جەوری سەد ساڵەی دەزگاكانی ئایین لە سەدەكانی ناوەڕاستدا ڕێگایان بۆ سەردەمی ڕاپەڕینو ئازادیو یەكسانیو دادو مرۆڤ دۆستی خۆشكردووە. ئازادیو ژێردەستی، زۆرداریو دادپەروەریی، تێزەو ئەنتی تێزەن، دوو سەنگەری بەرامبەر بە یەكترین، بەبێ یەكتری نابنو تەواوكەری یەكترین، لابردنو وەلانانی یەكێكیان ڕاستەوخۆ ون بوونی ئەوی تریانی لێدەكەوێتەوە. ژیری مرۆڤ، وەك هێزو توانای بڕیاردان ڕاستی ئەم بۆچوونە ساغ دەكاتەوە. ژیر وەك جەوهەرێكی كاریگەر لە توانایدا هەیە، پشت ئەستور بەو ڕێو شوێنو قانونانەی كە لە بنەماو قانونەكانی خۆی بەولاوە نین[٨]، هۆی ڕوودانی ئەوانەی دەقەومێنو ڕوودەدەن ڕوونو ڕەوا بكات.

دیاردەی ئایین بەتایبەتی لایەنی باوەڕو بڕوا (یاخود عەقیدەو ئیمان) كێشەیەكە هەمیشە مایەی سەرسوڕمانو ڕامان بووە. لە سەردەمی دەستبەكاربوونی ئەم دیاردەیەدا لاهوت سەرپشك بووەو فەلسەفە بووە بە پاشكۆ، لاهوت بابەتی بڕواو فەلسەفە بابەتی ژیری مرۆڤ بووە. ئەگەرچی لاهوت هەوڵی دابێ كە فەلسەفە لاوازو دوورەپەرێز بكات، ئەوا وەك لە بەرهەمەكانیاندا دەردەكەوێ، هیچ كاتێك نەیتوانیوە وا بكات دڵ لە ژیر كرمێ

[٨] Hegel, G. W. F, Vorlesungen ueber die Philosophie der Geschichte. S. 20. Werke. Bd. 12. Surkamp. 1986.

ببێ، بەپێچەوانەوە ڕابەرانی بیری ئایینیی و لاهوت ئەگەر بە قسە گازندەی فەلسەفەو بیری زانستییان کردبێ ئەوا هیچ کاتێك نەیانتوانیوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچوون و گریمانەو بڕیارەکانیان دەستبەرداری بنەماکانی مەنتیق و بەڵگەو سەلمێنەری ژیرەکی ببن، ئەو ژیرەی هیگڵ کردوویەتی بە ئاغاو سەرداری جیهان و بە دەسکەوتێکی هەرە گرنگی فەلسەفەی داناوە کە بیرۆکەی ژیری لە مێژوودا دۆزیوەتەوە[9] و ساغی کردۆتەوە کە ژیر فەرمانڕەوایی جیهان دەکات و مێژوو بە گشتی لە مێژووی پرۆسەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی ژیر بەولاوە نییە. هیگڵ بەم قسەیەی مەبەستی لەوە بووە کە هەرچی قەوماوەو دەقەومێ و لە پاشەڕۆژدا دێتە کایەوە، پابەندی بنەماکانی ژیرە. بە واتایەکی تر هەموو شت لە پرۆسەو ڕەوتی بەرەوپێشچوون و گەشەکردن و پەرەسەندندا پابەندی چەند فاکتەرو هۆکارو بنەمایەکە کە هۆکاری قەومانەکەین. ئەم بنەمایانە ڕێ و شوێن و بنەماکانی ژیرن.

ئەگەر لاهوت بە پێی توانا سەرگەرمی دوورخستنەوەی فەلسەفەو پەکخستنی ئامرازی ژیر بووبێ، ئەوا فەلسەفەو ئامرازەکەی لەم بوارەدا دەستەوستان و بێدەنگ نەبوون. هەر لە سەردەمی یۆنانەوە بە گشتی و ڕێبازی مەتریالیزم بە تایبەتی هەوڵی هەڵتەکاندنی بناغەکانی بیری ئایین و پوچەڵکردنەوەی بنەماو دوگماکانی لاهوتیان داوە. سۆفستایی یۆنانی و لۆکریستی دوو نموونەی بەرچاوی ئەم گۆڕەپانە بوون. بەڵام ئەم کۆششە وەك کۆششەکەی لاهوت ئەو بەرو ئەنجامەی نەداوەتە دەست کە چاوەڕێ کراوە، چونکە ئایین و لاهوت و بیری ئایینی هەر لە سەرەتای پەیدابوونی مرۆڤی هۆشیارەوە لە کۆمەڵدا لە ناخ و دەروونیدا بەجۆرێك ڕەگ[10] و ڕیشەیان داکوتاوە، لە کردن نەهاتووەو نایەت وا بە ئاسانی هەڵبکێشرێن. ئایین هەمیشە بە لایەنی لەبارو نالەباریەوە بەشێکی گیانیی بوونی مرۆڤی پێکهێناوە.

---

[9] هیگڵ هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی. ل ٢١.

[10] . Lange, A. Geschi te des Materialismus. Stw. 70. S. q 46 ٢

٤- بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدان، بە تایبەتی بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئەڵمانیو ئەوەندەی کێشەکە پەیوەندی بە بابەتی بڕواوە هەیە، لە فەلسەفەو لاهوتدا سێ جۆرە ڕێباز (تاقم)و هەڵوێست بەدی کراون:

**یەکەم:** تاقمێک بڕوای بە ڕەبو زیندووبوونەوەی دوای مردن هەبووە، ئەم لایەنە زۆربەی هەرە زۆری زانایانی کەلامی ئیسلامو لاهوتییەکانی سەرەتای پەیدابوونی فەلسەفەی مەسیحی ئەوروپاو فەیلەسوفە جولەکەکان وەك سەعدیا، موسابن مەیمونو هتد.. دەگرێتەوە. ئەمانە بە تێکڕایی ئەگەر لە هەندێ لایەنی هەندەکیو وردەکارییەکاندا جۆرە جیاوازییەکیان نیشان دابێ ئەوا لە لایەنە هەمەکییەکەدا لەم ڕێگایە لایان نەداوە.

**دووەم:** ئەم تاقمە ئەگەرچی بڕوایان بە ڕەب هەبووە، بەڵام وایان داناوە کە حەشرو لێپرسینەوە لەسەر نەفسو گیانە، جارێکی تر لەش زیندوو نابێتەوە. دەکرێ هەندێك لە فەیلەسوفەکانی ئیسلام لەم خانەیەدا دابنرێن.

**سێیەم:** ئەم تاقمە بڕوایان بە هیچ کامێك لەمانە[11] نەبووە. ئەم تاقمە لە فەلسەفەی ئیسلامدا بەدی ناکرێت. بە بۆچوونی من ئبن ڕاوەندی گومڕا نەبووە، بەڵکو وەك موعتەزیلی گازندەی لە هەندێك لێکدانەوەی بنەماکانی ئایین هەبووە. بەڵام لەو کتێبە مێژووییانەدا کە دەربارەی فەلسەفەو مەزهەبەکانی ئیسلامو ڕێبازەکانی کەلام نوسراون، چەند نیشانەیەکی دڵ کرمێ بوون لە بیری ئاینی بەدی دەکرێن. بۆ نموونە پارچە شیعری شاعیرێك کە بە عەرەبی نووسراوە بەم جۆرە بابەتەکەی دەربڕیوە:

ژین، مردن، ئینجا زیندوو بوونەوە
قسەی پڕوپووچە هۆ دایکی عەمر[12]

٥- ناکرێ ئەو ڕۆڵە گرنگە کە ئاینی موسا (جولەکە) لەمێژوو کولتورو فەلسەفەو شارستانییەتدا گێڕاویەتی پشتگوێ بخرێت. ئەگەر ئاینەکانی تر، فەیلەسوفو لاهوتییەکان

---

[11] Horten, M. Die philosophische Probleme der Spekulatiren, Theologie im Islam Bonn. 1910. S. 23.

[12] پارچە شیعرەکە بە عەرەبی بەم جۆرەیە: حیاة ثم موت ثم بعث    حدیث خرافة یا ام عمر

کۆششیان کردبێ بۆچوونو جیهانبینی جولەکە، لە هەموو بوارەکاندا، وەك خۆی چۆنە بەتێکڕایی پەسەند نەکرێتو یاخود هەوڵیان دابێ گۆڕانی گەورە بە جۆری شەنو کەو کردن بەسەر ئەم جیهانبینییەدا بهێنن، ئەوا هاندەری ئەم هەڵوێستەیان پتر لە ئاینەوە کەوتۆتەوەو بە هیچ بنەمایەکی ژیرو مەنتیق پشت ئەستور نەبووە. گەرمو گوڕییو دەستپێشخەریی بابەتەکان لەبواری ڕامانو سەرنجداندا، هۆکاری هاندانی لێکۆڵینەوەو خۆ خەریك کردن بەو بابەتانەی لە تەوراتدا هاتوون، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، شان بە شانی فەلسەفەی یۆنان، بێ سێو دوو لێکردن لە ئاینی جولەکەوە کەوتوونەتەوە.

تەورات لە خۆیدا کتێبێکی بەرفراوانی ناوەڕۆك هەمەچەشنەیە. پێشتر، ڕاستە، دەربارەی خواوەند، ژین، مردنو پەیوەندی نێوان خواوەندو مرۆڤو سروشت بۆچوونی دیاریکراو هەبوون، ئەم بۆچوونانە، ئەگەرچی لە یەکتری جیاوازو لە شوێنو دۆخی جیادا پەیدابوون، ئەوا جۆرە لە یەکتری چوونێك لە نێوانیاندا بەدی کراوە. خواوەندی ئەشتار لە میسۆپۆتامیاو ئەستۆریتی خواوەندی کەنعانییەکان زۆر لە یەکتری چوونو هەردووکیان، سەرەڕای تایبەتمەندی خۆیان لەگەڵ ئەفرۆدێتی خواوەندی کۆنی یۆنان جۆرە بەراوردکردنێکیان هەڵگرتووە[١٣]. ئەم بۆچوونانە وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە لەگەڵ کەلەپورو فۆلکلۆری سەردەمو ناوچەکە، بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر، بە پیتو پێزتر جارێکی تر کۆکراونەتەوەو لە تەوراتدا داڕێژراونەتەوە. تەورات وەك ئینسکلۆپیدییەکی فراوان هەموو کلتوری سەردەمی خۆی گرتۆتە خۆی.

وەك کتێبێکی ئاینی بۆ یەکەم جار لە مێژوودا تەورات باسی هێزێکی سەرو سروشتی ترانسندێنتی دەسەڵات لە ڕادەبەدەرو یەکتاو یەك ڕەنگی کردووەو ئەو هێزەی بە ڕەب ناوبردووە. ئەم هێزە پەیامنێرێکی هەبووە بە ناوی موساوە کە لەسەر کێوی سینا قسەی لەگەڵ پەروەردگارەکەیدا کردووە. لەم بابەتەوە کێشەیەك کەوتۆتەوە کە ئاگری لە پاوانی زانستی کەلامو لاهوتی مەسیحی بەرداوە. کێشەی دیتنی پەروەردگارو ئایا دەکرێ قسە لەگەڵ ڕەبدا بکرێت؟ ئەم دیتنە دەبێ کەیو چۆن بێت؟

---

[١٣] Fredmann, R.E , Wer schrieh die Bibel? Wienn 1993. S. 217.

تـەورات لـەم بارەیـەوە وتویـەتی، موسا لەگـەڵ ڕەبـدا قـسەی کـردووەو بـە ڕەبـی وتـووە، ئەگەر چوومەوە بۆ لای ئیسرائیلیان چۆن باسی تۆیـان بـۆ بکـەمو بڵـێم تـۆ چ کەسـی؟ ڕەب لەوەڵامدا وتوویەتی بڵێ من هەم (گوایە بە زمانی عیبری وتوویەتی: ئـەهیێ، ئـەهیێ)[١٤] کـە وابوو ڕەب هەیە داهێنەرو ئافەریـدەکاری هـەموو شـتێکە یـەکتاو یـەك ڕەنگـە (زۆرجـار لـە جێگای وشەی ڕەب، لە تەوراتدا وشەی یـەهوا، یـەخڤا بـەکارهاتووە) دەبـێ بناسـرێ، بـڕوای پێ بهێنرێو دان بە بوونیدا بنرێت. وەك ئەنجامێك کە لە بوونو ناسینی ڕەب دەکەوێتەوە تەورات پەرستنی ڕەبی وەك ئـەرکی سەرشـانی جولەکـەکان دانـاوە، ئـەو جولەکانـەی گوایـە خوا بە میللەتی خۆیی داناون. تەورات دەڵێ:

"من ڕەببم، یەهوای تۆم.. لە میسر لەسەر زەمینی کۆیلەو بەندایەتی هێنامیە دەرێ، لـە من بەولاوە هیچ ڕەبێکی ترت نییە"[١٥]..

ئەوی پەیوەندی بە لاهوتو فەلسەفەوە هەیە وەك سەرچاوەیەك کـە بابەتـەکانی لێـوە کەوتوونەتەوە، لە تەوراتدا دوو بۆچوونی تر بەرچاو دەکەون:

ڕەب لەشی نییە، لە هەموو جۆرە کەرەسەو ماددەیەکەوە دوورەو هیچ شـتێك لـە وێنـەی نییە.. ئەم تاکە ڕەببە هـەر زینـدووەو کۆنـەو هەتاهەتاییـە پەیامبـەری نـاردووەو میللـەتی هەڵبـژاردەی خـۆی هەیـە داهێنـەری هـەموو شـتێکە لـە بـچووکترین شـتەوە تـاوەکو ژیـنو جیهـانو گـەردوون[١٦]. لـە شـەش ڕۆژدا هـەموو شـتێکی داهێنـاوە لـە ڕۆژی حەوتەمـدا لـە کارەکـــەی بۆتـــەوەو پـــشووی داوە، ڕۆژی شـــەممە ڕۆژی پـــشوودانەکەی بـــووە بۆیـــە ئیـسرائیلییەکان دەبـێ لـە هەفتەیەکـدا تـەنیا شـەش ڕۆژ کاربکـەنو سـەری حەوتـەم پـشوو بدەن[١٧]. تەورات لـە بۆچـوونی دووەمـدا باسـی مـردنو زیندووبوونـەوەی دەکاتو گوایـە لـە زیندووبوونەوەکەدا جۆرە دادگاو لێپرسینەوەیەك هەیە هەرکەسە بە پێی کردارو ڕەفتـاری لێپرســـینەوەی لەگەڵـــدا دەکرێـــت.. ئـــەم بۆچـــوونە ســـەرتاپاگیرانە لـــە تەوراتـــدا وەك

---

[١٤] تەورات. بە ئەڵمانی سفری دەرچوون: ٣: ١٤.

[١٥] تەورات. سفری دەرچوون ٢٠: ١-٢.

[١٦] تەورات. سفری پەیدابوون ١: ٥.

[١٧] تەورات. سفری دەرچوون: ٣١: ١٧.

**جیهانبینییەکی ڕێکوپێك ڕەنگڕێژراون، لەگەڵ فەلسەفەی یۆنانـدا بـەردی بناغـەی ئـەو فەلسەفەو لاهوتییەیان داناوە کە لە لای فیلون مشتومالْ کـراونو گەیـشتوونەتە ئـەفلۆتینو لەوەوە لە لایەن تێکڕای فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بە ئیسلامو مەسیحیو جولەکەوە بابەتی لێکۆڵینەوەو تویژینەوە بوون. ئەگەر مـرۆڤ بـە وردی سـەرنجی بابەتـەکانی لاهوتی مەسیحیو زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلام بدات بایەخی ئـەو ڕۆڵەی بـۆ دەردەکـەوێ کـە تەوراتو ئاینی جولەکە لـەم بـوارەدا گێڕاویانـە[١٨] ئـەم بڕیاردانـە بـە هـیچ جۆرێـك لـە ڕۆڵو**

---

[١٨] ئەوی لێرەدا مایەی ڕامانو وردبوونەوەو سەرنج دانـەو مـن بـۆ خـۆم بـۆم لێـك نادرێتـەوە، سـێ خاڵـە، ئەگەر لە ڕوانگەو بۆچوونی فەلسەفەوە سەرنج بدرێن دەبنە مایەی گازندەو ڕەخنەگرتن لە ئاینی جولەکە:

یەکەم: لە سفری پەیدابووندا بە ئاشکرا جیهانو بـوون بـە گـشتی وەك داهێنـراوی ڕەب باسـکراون. شـتی داهێنراو سەرەتاو کۆتایی هەیە، بۆیە وەك چۆن داهێنراوە دەبێ لەناوبچێو ناکرێت، بە پێی ئـەم بنەمایـە هەتاهەتایی بێت. کەچی لە سفری جامیعەی کوڕی داوددا: (١: ٤) وتراوە: "زەمین هەتاهەتایە هەر دەمێنێ" ئـەم قـسەیە دڵ کرمـێ بـوونێکی لـێ دەکەوێتـەوە! دەکـرێ لـە کتـێبی ئاسمانیـدا هەڵـەو ناتـەباییو نـاکۆکی هەبێت؟ لە سەرەتادا ڕەب تەنیا خۆی هەبووە ئینجا جیهانو ئاوو زەمـینی داهێنـاوە. کەچی لـە جێگایـەکی تری تەوراتدا بە هەتاهەتایی دادەنرێن!!

دووەم: جولەکەکان دان بە ڕەوایی مەسیحییەتدا نانێنو بە جۆرە داهێنانێکی چەوتو نالەباری دوور لـە بڕواو باوەڕو ئاینەوە دایدەنێن، کەچی بە ئاشکرا لە تەوراتـدا باسـی کەسـێك کـراوە کـە گوایـە لـە ئاینـدەدا پەیدا دەبێو دەردەکەوێ ئەو کەسە ناوی (میسیبیا)یە ئەم ناوەش زۆر لە ناوی مەسـیحی (عیـسا)وە نزیکـە. نە جولەکە توانیویەتی ساغی بکاتەوە کە ئەم میسیبیایە عیسا نییـەو نـە مەسـیحییەکانیش توانیویانـە بـە هیچ بەڵگەیەکی ژیرو مەنتیق ناڕاستیی ئەم قسەیەی جولەکەکان پشتڕاست بکەنەوە. هەرچۆنێك بێت لاری لەوە نییە کە عیسا خۆی ئەگەر جولەکەش نەبووبێ ئەوا لـە کۆمـەڵو ژینگەیـەکی جوولەکـەدا گۆشـکراوەو ئەوانەی لە ئۆرشەلیم گوێیان لە وتارەکانی گرتووە جولەکە بوون!

سێیەم: جولەکەکان لاف بڕواو ئیمان لێدەدەنو خۆیـان بـە ئومـەتی هەڵبـژاردەی خـوا دەزانـن کەچـی لـە نووسـراوەکانیاندا قـسەی سـووكو ناشـیرین دەخەنـە پارسـەنگی عیـساو مریـەمی دایکـی! بـۆ نموونـە لـە ئەدەبیاتی ئاینی جولەکەدا وا بڵاوکراوەتـەوە گوایـە عیـسا کوڕی سـەربازێکی ڕۆمییـەو ئـەو سـەربازە کـاتی خۆی ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەڵ مریەمی دایکی عیسادا ژیاوە. جولەکـەکان لـە نووسـینەکانیاندا بڕوایـان بەوە نەهێناوە کە مریەمـە عـەزرا بـووەو عیـسای لێبـووە کەچـی تـەورات لـە سـفری ئەسـیڤادا (٧: ١٥) وەك موعجیزە باس دەکات کە ڕەب فرمان دەدات کچی مێرد نەکردو (عەزرا) سکی پڕ ببێو کوڕێکی ببێ نـاوی

بایەخی مەسیحیو زانایانی کەلام کەم ناکاتەوە، بێگومان ئەوان کە سوودیان لەم بابەتانە وەرگرتبێ ئەوا بە ئاشکرا تایبەتمەندیو کەسایەتی خۆیان پاراستووە.

٦- ئەگەر لایەنی سیاسی ڕێبازەکانی زانستی کەلام پشتگوێ بخەین کە پتر پەیوەندییان بە کاروباری سیاسیو تیۆری ئیمامەتەوە هەبووە، دەکرێ بوترێ ڕێبازی ئەشعەری کە مەزهەبی شافعی لێ کەوتۆتەوە لەگەڵ ڕێبازی موعتەزیلە فراوانترینی ڕێبازەکانی زانستی کەلام بوون. ئەوەی جێگای داخە موعتەزیلە کە بە ڕاستی ڕابەری پەیرەوی ڕێزگرتنی سەروەریی مرۆڤو ژیرو دادو یەك ڕەنگیی بوون، ڕێگایان نەدراوە بە تەواوەتی ڕۆڵی خۆیان تا سەر بگێڕنو پەرەبسێننو بگەنە ئەو ئەنجامەی کۆششیان بۆ کردووە. هەر زوو بیروبۆچوونو جیهانبینییە لاهوتییە فەلسەفییەکانیان قەدەغەکراوەو لایەنگیرانی بەوپەڕی درندانەو بێبەزەیی لەناوبراون. ڕێبازی موعتەزیلە شۆڕشێکی ناوەکی ژیر بووە، ئەگەر کپو خەفە نەکرابایە، ئەنجامی ئەوتۆی لێ دەکەوتەوە کە دەکرێ بە سەرتاپاگیرانە ناوبردرێ. ئەو بابەتانەی ئەم ڕێبازە لاهوتییە کردبوونییە کەرەسەی لێکۆڵینەوە دواتر لەلای فەیلەسوفی ئەندەلوسی بن ڕوشد وەك لێکۆڵینەوەی ئازاد درێژەو پەرەیان پێدراوە. لە مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوادا نووسەران موعتەزیلەیان بە ڕابەرانی لاهوتو لێکۆڵینەوەی ئازاد ناوبردووە[١٩].

دەربارەی چۆنێتی پەیدابوونی ئەم ڕێبازەو ناوەکەی لە چییەوە کەوتۆتەوە، باسی دەمەتەقەیەکی شەرعی مزگەوتێکی بەسرا کراوە. گوایە مەلا حەسەنی بەسرایی لە فەقێیەکی خۆی پرسیوە: ئایا مسوڵمانی گوناهبار وەك بێئیمان وایەو ئایا لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکرێ یاخود ئەمەی لەسەر نییە؟ واسڵ ناوێك لەوە دەچێ ئەو کاتە مەلا بووبێ کە لە دواییدا بە واسڵ کوڕی عەتا ناسراوە، هەڵیداوەتێو گوتوویەتی: مسوڵمانی گوناهبار نە دەچێتە بەهەشتی هەتا هەتاییو نە وەك بێئیمان سزا دەدرێ، بەڵکو لە ناوەندێك لە

---

ئەمانوێیل بێت!! ئەگەر جولەکە بڕوای بە تەورات هەبێ بۆ دەبێ بڕوای بەوە نەبێ کە مریەم بەبێ ئەوەی هیچ پیاوێك بەدەست گرتبێتی، عیسای بووە؟!

[١٩] .Horten, Dr. M, Ebenda. S. 3

نێوان دوو ناوەندا دەبێت کە بە عەرەبی وتوویەتی "منزله بين المنزلتين"[20]. بە گوناهباری دەمرێ‌و لە دۆزەخدا گوناهەکانی پاك دەبنەوەو سزاکەی لە سزای مرۆڤی بێ ئیمان کەمتر دەبێ. لە هەندێ سەرچاوەی تردا باسی کێشەی سێ براکە کراوەو گوایە لە ئەنجامدا واسڵ کشاوەتەوەو خۆی لە تاقمەکە جیاکردۆتەوەو چووە بۆ گۆشەیەکی تری مزگەوتەکە.. لێرەدا مەلا حەسەنی بەسرایی وتوویەتی: (اعتزلنا واصل) واتە واسڵ خۆی لە ئێمە دابڕی‌و جیاکردەوە لەمەوە ناوی "اعتزل- معتزل" کەوتۆتەوە[21]. ئەگەر ئەم قسەیەی خۆجیاکردنەوە ناوی ئەم ڕێبازەی لێکەوتبێتەوە ئەوا من بە تەواوەتی لەگەڵ بۆچوونەکەی (پرۆفیسۆر دکتۆر شپیتە)دام کە کێشەی سێ براکەی نێوان (مەلا حەسەنی بەسری‌و فەقێ واسڵ)ی بە داستان‌و حیکایەتێکی ناڕاستی هەڵبەستراوی مێشکی سەدەکانی ناوەڕاست داناوە[22]. لە لایەکی ترەوە ناوەڕۆکی ئەو کێشەیە کە پتر لە چیرۆك دەچێ، ئەگەرچی سیمای بابەتێکی لاهوتی پێوە دیارە، ئەوا بە هیچ جۆرێك ناخرێتە هیچ خانەیەکی فەلسەفەوە نە بە ژێرو نە بە بنەماکانی مەنتیق پشتڕاست دەکرێتەوە.

پەیدابوونی ئەم ڕێبازانەی زانستی کەلام، ئەو بابەتانەی باسیان کردوون، ئەو کێشەو بەرەو بە قسە بە یەکتری هەڵپڕژانەی لە نێوانیاندا بووە، هەڵوێست‌و ڕەوشی ئەو سەردەمەی خۆیان تۆمار دەکات. ڕاستە بیرمەندو زاناکانی ئایین‌و لاهوتی‌و شەریعەت مەداران وەك میرزاو خوێندەوارانی سەردەمی خۆیان ئەوەندە کەم بوون، لە چاو ژمارەی خەڵکی سادە، بە پەنجەی دەست ژمێردراون‌و ئەو بگرەوبەردەی لە نێوان زانایانی کەلام‌و لاهوتدا هەڵگیرساوە، کێشەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی سادە نەبووەو بگرە ئەوان لێی بێخەبەر بوون، بەڵام ئەم کێشەو بابەتانە لە سەردەمی خۆیاندا بابەتی گەرم‌و گوڕو ڕاستەقینە بوون. ئەوی بە دەستیانەوە گرفتار بووە پیاوە ئایینی‌و لاهوتییەکان بوون. مرۆڤی بیرمەند ڕاماوەو پرسیوێتی کامیان پەیڕەو بکات ژێر یاخود هەستی ناخی دەروون‌و

---

[20] الشهرستانی: الملل والنحل ص ٣٣. ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی مێژوویی زانستی کەلام‌و ئایین دادەنرێت. بە تەواوەتی کراوە بە ئەڵمانی. بڕوانە:

Schahrastani, Religions Partein und philosophieschulen Kairo. 1961.

[21] Steiner, Dr. H, Die Mutaziliten, Leipzig. 1865. S. 25س.

[22] Spitta. W, Zur Geschichte Abul- Hasan Al Asari’s. Leipzig 1876. S. 9.

دڵو بڕوا، زانین یاخود باوەڕ (ئیمان)؟ ژیان، دەوروبەری، جیهان، هەلومەرجو ڕەوشی خۆیان هەیە، ڕۆژ نییە مرۆڤ ڕووبەڕووی چەندین کێشەی ئایینی (شەرعی) و کۆمەڵایەتیو ئابوری نەبێتەوە. بیروبۆچوون پشت ئەستور بە ژیر هیچ کاتێك بێدەنگ نابن داوای وەڵامو هەڵوێست دەکەن کەواتە بڕواو ئیمانەکە چییان لێبکرێت؟

ئەگەرچی ئەو بابەتانەی موعتەزیلەو شەریعەت مەدار (احمد بن حنبل) داکۆکییان لێکردوونو سووربوون لە سەریان، تەنیا بایەخێکی مێژووییان هەیەو سەرنجی مرۆڤی ئەم سەردەمە ڕاناکێشن، بەڵام هەڵوێستی جوانمەردیو دلێرانەی سەرکردەکانی موعتەزیلەو (احمد بن حنبل) کە بە هیچ جۆرێك ئامادە نەبوون لە بیروبۆچوونەکانیان پاشگەز ببنەوەو کاربەدەستانی دەوڵەت دڕندانەو بەوپەڕی بێبەزەییانە تا مردن ئازارو ئەشکەنجەیان داون، تەنانەت حنبل لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی داوە، چەند نموونەیەکی خۆڕاگرییو ئازایەتین، هەرگیز مێژوو فەرامۆشیان ناکات.

٧- ئاینێکی ڕێکوپێکی سەرتاپاگیر دەستبەکار بووە، حەدیس لەبەردەستدا بووە، بەڵام ئاینەکە لە ڕوخساردا پەرەی پێدراوەو کراوە بە پاڵپشتی دەسەڵاتو ڕژێمی سیاسی بەڕێوەبردن، وەك ڕێکخراوێك کە ناوی دەوڵەتی لێنراوە کاروباری کۆمەڵی بەڕێوە بردووە.

جیهانی نوێی ئیسلام، بە تایبەتی لە سەردەمی عەبباسییەکاندا لە چاو ئەو دەوروبەرەی ئایینو وەحییە کە تیایدا پەیدابوون، جیاواز بووە. چەندین لایەنو ڕێباز کەوتوونەتەوە کە هەریەکە پشت ئەستور بە بنەماکانی ئایین کۆششی کردووە ڕاستیو دروستی هەڵوێستی خۆی ساغ بکاتەوە. پەیامبەری ئیسلام کاتی خۆی وتوویەتی، ئومەتی من دەبێ بە ٧٣ لایەن (فرقە) تەنیا یەکێکیان هەق بەدەست دەبێ! باشە قسەکەی پەیامبەری ئیسلام کام لایەنە دەگرێتەوە؟

لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) کەوتۆتە برەوو پەرەی سەندووە، ڕێبازەکانی کەلام بڵاوبوونەتەوە. فیقه و شەریعەتو لاهوتو زانستی کەلامو ئەدەب پێشکەوتوونو چاوەڕێی گۆڕانو پەرەسەندنی پتر کراوە. لەو بابەتو خاڵانەدا کە کێشەو بەرەو ناکۆکییان لەسەر بووە، بۆ بەلایەکداخستنیان بە فەلسەفەی یۆنانیو ڕێبازە مەنتیقییەکەی، بە تایبەتی بە تیۆری پێوانە (قیاس)ی ئەریستۆتلس پشت بەستراوە. هەروەها هەوڵ دراوە لاسەنگیو

ناتەبایی نێوان بڕواو زانین، ژیرو لاهوت (سروش) بە شێوەیەك كە بنەما گرنگەكانی ئایین وا دەرنەكەون گومانیان لێدەكرێت، بە لایەكدا بخرێن.

كێشەی سروش كە بە عەرەبی (وەحی) پێ وتراوە لەو بابەتانە بووە زۆربەی هەرە زۆری ڕابەرانی زانستی كەلام سەرگەرمی توێژینەوەی بوون. بابەتەكە پتر لە ڕوخساری پرسیاردا خۆی نواندووە، چۆن مرۆڤێك كە لە خوێنو گۆشتو مادده پێكهاتبێت، وەك پەیامبەر دەتوانێ لە بوونەوەرێكی ترانسندنتی سەرو سروشتی نامادی گیانی ڕووتەوە سروش (وەحی) وەربگرێت؟! ئایا ئەم هاتنی سروشە ڕاستەوخۆ ڕوودەدات یاخود بە هۆی بوونەوەرێكی ترەوە كە فریشتەی پێدەوترێ دەبێ؟ ئایا ئەم فریشتانە مرۆڤن یاخود تەنیا گیانن؟

باشترین وەڵامێك، ئەگەر لە ڕوانگەیەكی مێژووییەوە سەرنج بدرێتو توندوتۆڵ بە ڕەوشو هەلومەرجی شارستانی سەردەمی خۆیەوە گرێ بدرێت، ئەوەیە كە لەم بارەیەوە ئبن خەلدون دەربارەی ڕەوشی ڕەوش (وەحی) داویەتیەوە*؟

مـن وای بـۆ دەچـم كـە قـسەو بڕیارەكـەی فرەدریـك نیتـشێ كـە دەربـارەی لاهـوتو بابەتـەكانی بـیری ئـایینی سـەدەكانی ناوەڕاسـت كردوویـەتی، زانـستی كـەلامی ئیـسلام ناگرێتەوەو ڕەوانییەو لە جێگای خۆیدا نییە. نیتشێ وتوویەتی، ئایا ئـەم قەشـەو ئاخونـدو مەلایانە كەسانێكی ژیرو ئاسایی بوون ئەم شتە سەیرو بێ سودانەیان باسكردووەو تەمـەنی درێـژی خۆیانیـان لەسـەر دانـاوە**؟ ئـەم قـسەیەی نیتـشێی ئـەڵمانی هـیچ بناغەیـەكی مێژوویی‌و زانستی نییە چونكە بابەتەكە لە چوارچێوەو ڕەوشە مێژووییەكەی دادەبڕێو بە چاوی سەردەم سەرنج ئەدات. ئایا ڕەوایەو دەگونجێ بابەتێك كە هەزار ساڵ لەمەوبەر وەك كێشەیەكی گەرمو گوڕی ڕاستەقینە بەرۆكی زاناو شارەزایانی گرتبێ بە چاوی ئـەمڕۆ سـەرنجو گازنـدەو ڕەخنـە بكرێـت؟ ڕاسـتە ئـەم ڕێبازانـە پـتر سـەرگەرمی بـەكارهێنانی پەیڕەوی دیاریكراو بوونو بە وتووێژ (دیالێكتیك) پشت ئەستور بوونو ئەو بەڵگانەی

---

* بۆ ئەوەی لە چوارچێوەی بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیە نەچینە دەرەوە وامان بە باش زانی وەڵامەكەی ئبن خەلدون لێرەدا پشتگوێ بخەین.

** ئایا نیتشێ مەبەستی ئەو باسانە نەبووە كە لەو بارەیەوە نوسراوە ئایا فریشتە نێرن یا مێ؟

هێناویانەتەوە جۆرە پەیڕەوکردنێکی ئاشکراو دیاری سەلمێنەرو ساخکردنەوە (برهان)ی فەلسەفەو مەنتیقیان تیادا نابینرێ بەڵام هەلومەرجی ڕاستەقینەی سەردەمەکە ئەم ڕەوشەی لێکەوتۆتەوەو لێکدانەوەی بابەتەکە بە جۆرێکی ترو هەڵسەنگاندنی بە پێوانەیەکی تر هۆکارو دۆخی لەباری مێژوویی پشتگوێ دەخات.

ئەوی دەربارەی زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلام سەرنج ڕادەکێشێ، هەڵوێستی دوو ڕەنگیی فەیلەسوفی ئەڵمان هیگڵە. هیگڵ بە تایبەتی باسی زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلامی کردووە. بە جۆرە ڕێزلێنانەوە باسی ئەو فەلسەفەو زانستەی کردووە کە لە سێبەری دەوڵەتی سەرتاپاگیری سنورفراوانی ئیسلامدا گەشەیان کردووەو پەرەیان سەندووەو چۆن لە دواییدا ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاست سوودی لێوەرگرتوون. کەچی لە لایەکی ترەوە بە توندی گازندەو سەرزەنشتی عەرەبی کردووە بە تێکدەری زانستو هونەری داناون. هەروەها هیگڵ بە شێوەیەکی سەیرو سەرنج ڕاکێش کە پڕ تیرو توانجو گازندەی تیادایە باسی عومەری کوڕی خەتتابی کردووەو وتوویەتی:

کتێبخانەکەی ئەسکەندەرییەی میسر گەورەترینو دەوڵەمەندترین کتێبخانەی سەردەمی خۆی بووە، باشترین سەرچاوەی زانستو ئەدەبو فەلسەفەو هونەری تیادا بووە. کاتێك عەرەبەکان هاتوون بۆ میسر کتێبخانەکە لەناکاو ئاگری تێبەربووەو سووتاوە. کاتێك هەواڵی ئەم کتێبخانە سوتانەیان بۆ عومەر بردووە، هیگڵ وتەنی، عومەر بە ساردییەکەوە وتوویەتی:

"ناوەڕۆکی ئەم کتێبانەی کە سووتاون یان وەك ئەوە وان کە لە قورئاندا هاتووە، یاخود بە پێچەوانەی ناوەڕۆکی قورئانەوەنو شتی تریان تیادایە، بەهەردووباردا سوتانەکەیان زیانێك نییە کەوتبێ چونکە ئەم کتێبانە پێویست نین[٢٣] و ئێمە قورئانمان هەیە!".

کتێبخانەکەی ئەسکەندەرییە گەنجینەیەکی گرانبەهای لە خەملاندن نەهاتوو بووە، سوتانەکەی کارەساتێك بووە بە بیرو هۆشو دەروونی هیچ کەسێکدا نەهاتووە. چۆن

---

[٢٣] Hegel, W. F. ,Vorlesungen ueber die Philosophie der Geschichte Surkamp. 1986. S. 4 32.

هیگڵ وەك لە قسەکانیدا دەردەکەوێ لەو باوەڕەدا بووە کە بە دەسیسەی عومەر کوڕی خەتتاب کتێبخانەکە سوتێنراوە!!

سوتاوەو بۆ سوتێنراوە وەك گرێ كوێرەیەك تا ئێستا هەر ماوەو نەكراوەتەوە! هەبوونی قورئان بە هیچ جۆرێك نابێ ببێتە مایەی ئەوەی سەرچاوەی زانین كوێر بكرێتەوە. ئەوەتا پەیامبەری ئیسلام بە ڕاشكاوی داوای كردووە كە ئەگەر شتەكە پەیوەندی بە زانینو فێربوونو زانستەوە هەبێ لاریی لەوەدا نییە كە مرۆڤ لە چین (لە وڵاتی گومڕاییو بێ ئایینی)دا بخوێنێو فێرببێ. زانای وەك ئەشعەریو شافیعیو باقلانیو غەزالیو ئبن ڕوشد ئەوپەڕی سودیان لە فەلسەفەو مەنتیقی یۆنان وەرگرتووەو بۆ خزمەتكردنی شەرعو فیقهو ئاینەكە بەكاریان هێناون.

٨- كێشەیەك لەو كێشانەی زانستی كەلامو لاهوتو فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاست پێوەی خەریك بووەو تا ئەم سەردەمەش وەك پرسیار بە كراوەییو هەڵپەسێردراوی بەبێ وەڵام ماوەتەوە ئەم بابەتە بووە كە لە دوو بەش پێكهاتووە:

**یەكەم:** دەسەڵاتو هێزی ڕەهاو بێ سنوری ڕەب.

**دووەم:** ئۆباڵی سەرشانی مرۆڤ[٢٤]، دەربارەی ئەو كردەوانەی لە ژیانیدا دەیانكات ئایا لێكۆڵینەوەی ئەم بابەتەو داڕشتنی بەم جۆرە پەیوەندی بە سروشتی ژیرو بیری مرۆڤەوە هەیە یاخود لە تایبەتمەندی باوەڕی ئاینییەوە كەوتۆتەوە. ئەوەی سەرنج لێرەدا ڕادەكێشێ دوو خاڵە، دوو هەڵوێستە كە لە لایەك كەسایەتیو تایبەتمەندی فەلسەفەو لاهوتی ئیسلامو مەسیحی ساغ دەكاتەوەو لە لایەكی ترەوە هەردووكیان لە یەكتری جیادەكاتەوە.

**یەكەم:** لە لاهوتو فەلسەفەی ئیسلامدا بە ڕاشكاوی هەوڵ دراوە دەسەڵاتو هێزو توانای بێ سنورو لە ڕادەبەدەری خوا وەك بوونەوەرێكی گیانیی سەرو سروشتی كە هیچ شتێك لە وێنەی نییە، یەك ڕەنگو یەك تایەو دەبێ بپەرسترێ، ساغو پشت ڕاست بكرێتەوە.

**دووەم:** بە پێچەوانەوە لە كۆمەڵگای ڕۆژئاواداو لە لاهوتی مەسیحیدا تا ڕادەیەكی بەرچاو هەوڵ دراوەو كۆشش كراوە كە تواناو خواستو دەستبەكاریو ئازادی خواستی مرۆڤ ساغ بكرێتەوە.

---

[٢٤] و. مونتجمری وات:/ القضاء والقدر في فجر الاسلام وضحاه. ت: و. عبدالرحمن عبدالله الشيخ سلسلة الالف كتاب – مصر ١٩٩٨. ص ٤٣.

**سـێیەم:** جـۆری ئـەو بابەتانـەی خراونەتـە سـەر خـوانی تـوێ تـوێ کـردن، وەك خەسڵەتەکانی ڕەب، زانین، خواست ، داد، داهێنان.. هتد، پەیوەندی نێوان سروشت و ژیـر، بڕواو زانین، هەروەها جۆری باسکردنیان وێنەو بۆچوونێك لـە مێشکدا ڕەنـگ دەڕێـژن کـە بە ئاشکرا زانایانی کـەلامو لاهوتییـەکانی مەسیحی، لـە سنورێکی ئـەوتۆ کـە هەلومـەرجی سەردەمی خۆیان دەرفەتی دابێ، سەرگەرمی بە مرۆڤ کردنی ئـایینو نزیـك کردنـەوەی لـە ژیـانی ڕۆژانـەی مرۆڤـی ئاسایی بـوون. بـە بـاوەڕی مـن ئـەم هەڵوێـستە سـودێکی باشـی لـە فەلسەفەی یۆنانی وەرگرتووە، بەڵام بـە هـیچ جۆرێـك بڕیارەکـەی پرۆفیـسۆر دکتـۆر داڤیـد نۆیە مارك بە ڕاست نازانم کە وتوویەتی: تەوراتی جولەکەو ئـەدەبیاتی تـەلمود سەرچاوەو هاندەری زانایانی کەلامو فەیلەسوفەکان بووە کە لەم گۆڕەپانەدا ئەسپی خامەیان تـاو داوەو مایەی هەڵبژاردنی جۆری بابەتەکانیان بوون[٢٥].

هیچ کەسێك لاریی لەوە نییە کە بابەتی بـوونی پـەروەردگار (خـوا) یـەك ڕەنگـیو یـەك تایی خەسـڵەتەکانی، ئایا مـرۆڤ لـە خواسـتو بڕیـاردانی ئـازادە، سـروشو ژیـر، بەهەشـتو دۆزەخو مردنو زیندووبوونـەوە لـە سەرچـاوە بنەڕەتییـەکانی ئیسلامدا هـاتوون. تەنانـەت قورئـان خـۆی سەرچـاوەیەکی بـە پێـزی یـەك ڕەنگـی خـواو خەسـڵەتەکانیەتی. ئیسلامو سەرچـاوە ئاینیـەکان خۆیـان هانـدەری لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوە بـوون. بـە دوری نـازانم، هەرواش بـووە، سـود لـە فەلـسەفەی یۆنـانو کتێبـە ئاینییـەکانی تـر وەرگیرابـێ، بـەڵام ئـەم سوودوەرگرتنە جۆرە داهێنانو داڕشتنەوەیەکی تیادا بووە کە لەگەڵ بیرو لاهوتی ئیسلامدا بگونجێ، ئەوی کتێبی فەیلەسوفی جولەکەی سەدەکانی ناوەڕاست موسا بـن مـەیمون: دەلیلـی داماوان[٢٦]، بخوێنێتەوە کە بە زمانی عەرەبیو بە پیتی عیبری نووسیویەتی بۆی دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەك فەلـسەفەی ئیـسلامو زانـستی کـەلام کاریگـەر بـوونو کاریـان لـە فەیلەسـوفو لاهوتییەکانی جولەکە کردووە.

---

[٢٥] Neumark, Prof. Dr. David, Geschichte der Juedischen Philosophie des Mittelalters, Berlin, 1928. Bd. 2-2. S. 129.

[٢٦] ئەوی ڕاست بێ من تەرجەمەی ئەڵمانی ئەم کتێبەم دیوە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: دلالە الحائرین.

من بۆ خۆم بە دووری دانانێم کە هەندێ لایەنی شەریعەتو زانستی کەلام لە ئیسلامدا سەرچاوەی دەرەکی هەبووبێو سوودی لێوەرگیرابێ، بەڵام ئەم سەرچاوە دەرەکییە هیچ کاتێك تاکە سەرچاوە نەبووە. ئەو شتانەش کە وەرگیراوە مشتومالٚ کراوەو بە جۆرێکی تر کە لەگەڵ پوختەو جەوهەری ئاینەکەدا بگونجێ دارێژراوەتەوە.

سەرچاوەی دەرەکیو جۆری ئەم سەرچاوەیە کە شتی لێوەرگیراوە گرنگ نییە، ئەوی گرنگو بایەخدارە سروشتی کاردانەوەو هەڵوێستی زانایانی کەلام بووە بەرامبەر بەم بابەتو سەرچاوەیەو چۆنو بە چ جۆرێك ئەم کەرەسەیە لەو سەرچاوە دەرەکییە وەرگیراوەو چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم کەرەسەیەدا کراوەو چی لێکراوەو چۆن بەکارهێنراوە. لێکۆڵینەوەی بابەتێك لە چوارچێوە گشتییەکەیدا، لە لایەن دوو رێبازو لایەنی جیاوازەوە، مەرج نییە کارلێکردنی لایەکیانو کارتێکرانی ئەوی تریان ساغ بکاتەوە. ئەگەر مرۆڤ بڕوای بە بوونی چەند قانونو بنچینەیەکی پەرەسەندنی پرۆسەی کۆمەڵو ژیانو مێژوو هەبێ، بڕواشی بەوە دەبێ کە لە سەردەمو هەلومەرجی وەك یەکدا شتی وەك یەك دەکەونەوە. ئیسلامو جولەکە هەردووکیان دوو ئاینی جیهانین لە زۆر شتدا ئامانجو مەبەستی دیاریکراوی لە یەکتری چوویان هەیە، ئەگەر یەکێکیان کاری لەوی تریان کردبێ، ئەو کارکردنە هەروا سادەو هەڕەمەکی نەبووە، چونکە هەریەکێك لەم دوو ئاینە سەرتاپاگیرە هەمیشە لە خۆشیو ناخۆشیدا، لە سەرکەوتنو تێکشکاندا تایبەتمەندیو کەسایەتی خۆیانیان پاراستووە.

دوور نییە نۆیە مارك کە ئەم بڕیارەی داوە فەلسەفەی فیلۆنی جوولەکەی مامۆستای ئەفلۆتینی لەبەرچاو بووبێ. گومان لەوەدا نییە ئەم دوو فەیلەسوفە بە تەواوەتی ئاگاداری ناوەڕۆکی تەوراتو تەلمود بوون. بەڵام ئەمانە هەردووکیان بەشێك بوون لە فەلسەفەی یۆنانی دوای قۆناغی ستۆواو ئەپیکۆر. وەنەبێ زانایانی لاهوتی جولەکەو فەیلەسوفەکانیان لە سوود وەرگرتن لەم سەرچاوەیە بێبەش بووبن.

٩- ئەو سەردەمەی ئەفلۆتین تیایدا ژیاوەو چالاكو دەستبەکار بووە سەردەمی تێکەڵبوونی شارستانێتی ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای ئەوسا بووە. بە هۆی هێرشەکانی ئەسکەندەری مەکدۆنییەوە ڕێگای نێوان هەردوو شارستانی جیهانی ئەوسا ئاوەدان

کراوەتەوە. کە جوستنیان ئاکادیمی ئەفلاتوونی داخستووەو فەلسەفەی قەدەغە کردووە فەیلەسوفو زاناکان ناچار بوون ڕوویان کردۆتە ڕۆژهەلات، بە تایبەتی لە ولاتی فارس (ئێرانی ئێستا) جێگیر بوونو دەستیان کردۆتەوە بە درێژەدان بە چالاکی جارانیان. ئەوکاتە هەردوو ئاینی جولەکەو مەسیحی لە ئارادا بوونو لە ناوچەکەدا پەرشو بلاو بوون. شەڕی نەپساوەی نێوان فارسو ڕۆم (یۆنان) بارودۆخو ڕەوشی ناوچەکەی هەژاندووە میللەت ماندوو شەکەت بووە! هەر ئەم جەنگە بەردەوامەو ئەو بێزارییەی لێی کەوتبۆوە، سەرەڕای زەبروزەنگی کاربەدەستان، ڕێگایان بۆ بلاوبوونەوەی ئاینی نوێ کە لەعەرەبستانەوە هاتووە، خۆشو ئاسان کردووە.

ئەفلۆتین بۆ ئەوەی پتر لە ئاینەکانی ڕۆژهەلاتی ئاسیا ئاگادار بێ، لەگەڵ سەرکردەیەکی یۆنان بەشداری لەو هەڵمەتانەدا کردووە کە کراونەتە سەر ناوچەکە. خۆی لە ئەسکەندەرییەی میسر، کە ئەوسا تاکە عەرەبێکی تیادا نەبووە! لەدایك بووە، ماوەیەك لە یۆنان وەك مامۆستا فەلسەفەی وتۆتەوە لە ئاینی جولەکەو فەلسەفەی یۆنان بە گشتیو لە فەلسەفەی ئەفلاتونو ئەریستۆتلسو ستۆوا شارەزا بووە. وەك لە بەرهەمەکانیدا دەرکەوتووە تێکڕای ژیانی خۆی بۆ وەلامدانەوەی چەند پرسیارێك داناوە کە بە گشتی ناوەڕۆکێکی ئایینی – لاهوتیو فەلسەفەییان هەبووە. لە ژیانی خۆیدا شتەکانی بلاونەکراونەتەوە دوای مردنی، پۆرفۆریۆس کە لە ڕۆژهەلاتدا بە فرفوریوس ناوبراوە، بەرهەمەکانی کۆکردۆتەوە، کردوونی بە نۆ کتێبو هەر کتێبە لە نۆ بەش پێکهاتووە بۆیە ناوی نۆ نۆیی (تاسوعات) Enneaden بەسەر بەرهەمە بلاوکراوەکانیدا براوە. ئەم کتێبی نۆنۆییە لە ئینسکلۆپیدییەکی لاهوتی فەلسەفی- ئاینی دەچێتو سەرجەمی سەرجانو ئیدیۆلۆجیو بیروبۆچوونی سەردەمی خۆی بلیمەتانە تۆمار کردووە.

لە زۆر شوێنی نووسینەکانیدا هەندێك بیروبۆچوون دەبینرێن کە بە هیچ بەڵگەیەکی فەلسەفەو زانست پشت ئەستور نەکراون، ئەم لایەنە وا نیشان دەدات کە نووسەرەکەی هەستێکی سۆفێتیو ئەندێشەیەکی بەپێزی شاعیرانەی هەبووەو قسەکانی هەر لە قسەی بێ بنەمای شاعیرێك دەچن. ئەم بەشە، ئەگەر مرۆڤ ڕەوشو هەلومەرجی ئەو سەردەمەی

نووسەر لەبەرچاو بگرێت لە بایەخی ئەم بەرهەمە کەم ناکەنـەوەو تـا ڕادەیـەك ڕەوا دێتـە بەرچاو.

وەك ئایدیالیـستێکی ڕەوت سـۆفییانە، پـشتی بـە چـوار بنـەما بەسـتووە، میتافیزیـكو لاهـوتو فەلـسەفەو جیهـانبینی هەرسـێك بابەتەکـەی (تیـۆری زانـین) و ئاوێتـەی یـەکتری کردوون:

- هەموو لەشێكو تێکڕای بـوون لـە بوونـەوەرێکی ترانـسندنتی گیـانیی سـەرو سروشـتی کەوتوونەتەوە. لەم سەرچاوە سـەرو سروشـتییە بـەولاوە سەرچـاوەیەکی تریـان نییـە. ئـەم کەوتنەوەیە بەو جۆرە نییە، لە شتێکەوە شتێکی تر وەربگیرێو جیابکرێتەوە، شـتی یەکـەم کە لێوەی وەرگیراوە گۆڕانی بەسەردا بێت. ئەو سەرچاوە گیانییە کە ئەفلۆتین بـە (یـەك)ی داناوە لە هەموو لایەكو لە هەموو بارێکەوە ڕەهاو بـێ سـنورە، هـیچ هێزێـك نـاتوانێ پـەی پێبەرێتو بە تەواوەتی جەوهەرەکەی بناسێ چونکە ئـەو (یـەك)ە لـە هـیچ شـتێك ناچـێو هیچ شتێك لە وێنەی نییە. ناسینی ئەم هێزە لە سەرو توانای ژیریو مرۆڤەوەیە.

-بەشێکی تری ڕێبازی ئەفلۆتین بریتییە لە گریمانەی ئایدیا- فۆرم. ئەم بەشە لە تیـۆری ئایدیای ئەفلاتونەوە کەوتۆتەوە. ئەفلاتون لە چەند بەرهەمێکیداو بە تایبەتی لـە شـاکاری کۆمار- دەوڵەتدا، لەو باوەڕەدا بووە کـە سـەرەڕای بـوونی تـاكو هەنـدەکی، بۆچـوون، فـۆرم، ئایدیای هەمەکیو گشتی هەیە، ئەم فۆرمە یاخود ئەو ئایدیایـە بـوونی ڕاسـتەقینەی خـۆی هەیە. بۆ نموونە کە مرۆڤ دەڵێ ئەم کۆترە یاخود ئەو ئەسپە، ئەم دووانـە دوو بوونـەوەری تاكو هەندەکینو بە چاو دەبینرێنو بە هەستەکان هەستیان پێدەکرێت. بەڵام کە دەڵێین، کۆتر یاخود ئەسپ مەبەستمان لە وێنە گشتییەکەیە، لە فۆرمو ئایدیایـەکی هەمەکییـە کـە هەموو تاکە کۆترو ئەسپەکان بەشداری بوونیان تیادا دەکەن. ئەم ئایدیایە تەنیا بـە چـاوی دەروونو نەفسو گیان دەرکی پێدەبردرێ[27]. ئەم بەشە بنـەماو بـنچو بنـەڕەتی فەلـسەفەی ئەفلاتونـە بـە تیـۆری زانـینو بەشـە مەنتیقییەکـەی تـاوەکو دەگاتـە میتافیزیـك. لـەلای ئەفلۆتین ئـەم تیۆرییـە کـە جیهـانی گیـانیی لـە جیهـانی بەرهەسـت جیاکردۆتـەوە ڕۆڵێکـی سـەرەکی گێـڕاوە. لـە فەلـسەفەی سـەدەی بیـستەمدا بـووە بـە بابـەتی سـەرەکی فەلـسەفەی

---

[27] Plato, Der Staat. 508. Uebersetzt von- R. Rufener Dusseldorf. 2000.

فەیلەسوفی ئینگلیز برادلی: دیاردەو ڕاستەقینە. جگە لەو ڕێبازانەی کە بۆ توێژینەوەی فەلسەفی و جیهانبینییەکەیان پشتیان بە کەرەسەی بیرکاری بەستووە، سودیان لەم لایەنە وەرگرتووە. ئەم تیۆرییە بە تێکڕایی بنەمایەکی ئەو فەلسەفە ئایدیالیستییانەیە کە بڕوایان بە دوو ڕەنگیی هەموو شتێکە. لە تیۆری زانیندا، بۆچوونی سادە لە زانینی زیرەکی جیادەکرێتەوەو هەردووکیان بە توانایەکی نەفس و گیان دادەنرێن[٢٨].

ئەم لایەنەی تەلاری شکۆمەندی فەلسەفەی ئەفلاتون ئەگەرچی لەم سەردەمەدا بایەخێکی ئەوتۆی زانستی نەماوەو بە هیچ بەڵگەو سەلمێنەیەك پشت ڕاست ناکرێتەوە. ئەوا لە لایەکەوە بە هۆی ئەفلۆتین و ڕێبازی ئەسکەندەرییەو ئەفلاتونیزمی نوێوە لە هەرسێك فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕاوە، لە لایەن زۆربەی زۆری ئەو ڕێبازانەی بە ئایین و لاهوت پشتئەستوور بوون پەسەند کراوە. لە لایەکی ترەوە تا مرۆڤ لە ژیاندا بێت و شارستانی بەردەوام بێ ئەم فەلسەفەیە بایەخی مێژوویی خۆی، وەك بەرهەمێکی شکۆمەندی ژیری مرۆڤی داهێنەر، لەدەست نادات.

خاڵێکی گرنگی تر کە لە فەلسەفەی ئەفلۆتیندا بایەخی پێدراوە لایەنی ئاکارە بە تایبەتی بوونی بەدکارییە کە لە ئاییندا وشەی (شەڕ)ی بۆ بەکارهێنراوەو بەرامبەر بە چاکەکاریی (خێر) دانراوە.

لە جیهانێکدا کە لە سەرچاوەیەکی چاکەو چاکەکارییەوە کەوتبێتەوە چۆن دەکرێ و دەگونجێ بەدکاری هەبێ و بوونەوەران بە دەستییەوە گیرۆدە ببن؟! بۆچی دەبێ ئۆباڵی ئەم بەدکارییە بخرێتە ئەستۆی ماددەو سروشت و جیهانی گیانیی وەك بەرزەکی بانان بەبێ ئارەقە بۆی دەرچێ و چاکەکارییەکەی پێببڕدرێ؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەو ڕوونکردنەوەی لایەنە تەم و مژاوییەکانی پێویست دەکات سەرنجێك لە تێکڕای فەلسەفەی ئەفلۆتین بدەین و لایەنە تاریکەکانی تیۆری لێکەوتنەوە ڕوون بکەینەوە کە وەك چوارچێوەیەك هەموو لایەن و بابەتەکانی جیهانبینییەکەی گرتۆتە خۆی.

١٠- لە فەلسەفەی ئەفلۆتیندا بوون بە گشتی دەکرێ بە دوو بەشەوە.

---

[٢٨] Capelle, Prof. Dr. Wilhelm, Die griechische Philosophie Bd. I. Berlin 1971. S. 209.

**یەکەم:** جیهانی گیانی –ترانسندێنتی کە لەم سێ بوونەوەرە پێکهاتووە:

یەك تا، ژیر، نەفس[٢٩]

**دووەم:** جیهانی سروشتو بەرهەستو ماددە کە جیهانی ئێمەیە.

جیهانی یەکەم، ئەو ناوچەو دەڤەرەیە کە لە ئاینەکاندا بە ئاسمان ناوبراوەو ژیرو نەفس تیایدا وەك فریشتە باسکراون. جیهانەکەی تر بە هەموو خۆشیو ناخۆشیو چاکەو بەدکارییەوە، بە کەمو کوڕیو داهێنانییەوە جیهانی مرۆڤو بوونەوەری ژێر فەلەکی مانگە. جیهانی دووەم بە شێوەی لێکەوتنەوە جۆرە داهێنانێکی جیهانی یەکەمە.

دانانی ئاسمان، واتە فەلەکی سەر سروشت- فەلەکی مانگ بە سەرچاوەو جێگاو مەڵبەندی چاکەکارییو ناوەندی گیانیی، وەنەبێ شتێکی نوێ بێو ئەفلۆتین دایهێنابێ. لە هەمو ئەفسانەو داستانو ئاینە ناوچەییەکانداو لە لای ئەفلاتونیش هەروا بووەو دووپات کراوەتەوە. ئۆبالی بەدکارییو بەدبەختی خستنە ئەستۆی فەلەکی ژێر مانگ کە لە سروشتو ماددە پێکهاتووە هەر لە پێش پەیدابوونی فەلسەفەی یۆنانەوە، لە ڕۆژهەڵاتدا باو بووە. بەڵام ئەفلۆتین ئەم بابەتو بنەمایانەی لە بۆتەی بیروبۆچوونی فەلسەفەی خۆیدا بە جۆرێك داڕشتوونەتەوە، ئەو بەڵگانەی جاروبار بابەتەکانی پێ پشت ڕاست کردوونەتەوە ئەگەر چاو لە هەندێ لایەنو خاڵ بپۆشرێ کە ئەفلۆتین وەك شاعیرێکی سۆفی قسەی کردووە، بێ سێو دوو لێکردن ڕەسەنیی خاوەنەکەیو ڕەسەنیی سیستمە سەرتاپاگیرە فەلسەفە- لاهوتییەکەی دەرفەتی هیچ ئەگەرو گازندەیەك نادەن.

لە بوونەوەری یەکەم بە هۆی چالاکییەکی ناچارەکییەوە، بوونەوەری دووەم کە ژیر یاخود گیان (Geist- Nous)ی پێدەوترێ دەکەوێتەوە. ئەم لێکەوتنەوەیە بە هیچ جۆرێك نابێ بە لێکەمبوونەوەو گۆڕان دابنرێ، یاخود ناکرێ بە ناتەواوەتیو ناکاملی بوون سەرنج بدرێت. ئەمە هەروەك کەوتنەوەی تیشکە لە خۆر[٣٠] . سەرچاوەی تیشکەکە هیچ

---

[٢٩] ئەوەندەی من ئاگاداری ئەم بابەتە بم سۆفی بەناوبانگ محیّدین عەرەبی بە شیعر کە تایبەتمەندی سۆفێتی خۆی نەدۆڕێنێ بۆچوونەکەی ئەفلۆتینی دەربڕیوە. شێخ محیّدین وتوویەتی: سر الوجود الکبیر هو الوجود الصغیر لولاه لما قال انا العلی القدیر

[٣٠] .Plotin. Schriften. Bd. 5. Uebersetzt von R. Harder. Hamburg. Meiner Verlag 1960. P. 5, 1.6

کەم ناکات، بوونەوەری یەکەم بەم پێیە خواستو دەسەڵاتو هێزو پلەو پایەی هیچ گۆڕانیان بەسەردا نایەت.

ژیر یاخود گیان یەکەم بوونەوەری داهێنراوە، خۆی وێنەیەکی یەکتاکەیە، بەڵام لە پلەو پایەو کاملێدا لە یەکەکە کەمترە، لە نێوانیاندا هیچ جۆرە پاشو پێش، کاتو ساتو سەرەتای دەستپێکردن نییە. گیان هەمیشە سەرگەرمەو بە ئاواتەوەیە بگەڕێتەوە لای سەرچاوەکەی، چونکە ئاواتو ئامانجی سەرەکی خۆی لەو یەکتاییەدا دەبینێ. گیان بریتییە لە بیرو بیرکردنەوە. کاتێك لە خۆیدا بیردەکاتەوە، جۆرە دوو ڕەنگییەکی لێ پەیدا دەبێ[٣١]، بیر وەك چالاکی ڕەنگی یەکەمە، ئەو شتەی بیری لێدەکاتەوە ڕەنگی دووەمە.

بەم پێیە فرە ڕەنگی لە گیان - نەفس دەکەوێتەوەو پەیدا دەبێ. ئەم پرۆسەی لێکەوتنەوەیە تاوەکو جیهانی سروشتو ماددە کە دوا قۆناغە دەکەوێتەوە، بەردەوام دەبێت. لەم تیۆریەدا کە لە دەریای بێ بنو تاریکی لاهوتو بیری ئاینیدا نقوم بووە، کێشەیەکی سەرەکی بە لایەکدا خستووە، کێشەی داهێنان لە هیچەوەو خۆ بواردن لە کۆنیی کەرەسەو ماددەو چۆنێتی پەیدابوونی بەدکاریی لە ماددەوە کە بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە سەرچاوەی چاکەکاری کە وەك خۆرە تیشك پژێنەکە وایە.

جیهانی بەرهەست، جیهانی ئێمە، بە سروشتو زیندەوەرەوە، وەك جیهانی سەرو سروشت بە پێی پلەوپایە بوونەوەرو بوونەکانی لە یەکتری جیادەکرێنەوە، زنجیرە ئاسا لە سەرەتادا مرۆڤ دێت ئینجا زیندەوەر، ڕووەك، بوونی نا ئۆرگانیو بابەتە بێگیانو مردووەکان، لە کۆتاییدا کە دوا ئاڵقەی زنجیرەی خوارەوەی بوون پێکدەهێنێ[٣٢] ماددە (واتە هەیوڵا) دێت. دوو جۆری بزوتنەوە لەم جۆرە زنجیرەو پلەیەی بوون دەکەونەوە، بزوتنەوەی سەرەوژێر، ئەم بزوتنەوەیە لە یەکتاوە دەستی پێکردووەو بە ماددە کۆتایی هاتووە. بزووتنەوەی دووەم سەرەو ژوورە بریتیە لە گەڕانەوە بۆ سەرچاوە بۆ لای یەکەم یەکتا.

[٣١] ئەفلۆتین، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی: ٥-٤: ٢.

[٣٢] Schubert, V, Plotin. Munchen 1973. S. 8.

سۆفییەکان بە گشتی ڕێگای دووەمیان پەسەند کردووە ڕێگای ئازادبوون لە بابەتی نامۆو بیانی[٢٣]. ئەم ئازادبوونە وەك ئەفلۆتین باسی کردووە چالاکییەکی تاکە کەسییە، پەیوەندی بە مرۆڤ خۆیەوەو بە ناخی دەرونو نەفسەوە هەیە. چۆن نەفس لە قورسایی باری لەشو ماددە دەرباز دەبێو بۆ جیهانی گیانی ڕووت ئامادەیی بەرزبوونەوەی دەبێت، ئەم بەرزبوونەوەیە چۆنە؟

ئەم ڕزگاربوونە لەم جیهانە چەندین هەلومەرجی تایبەتی خۆی هەیەو پێویستە لەسەر ئەو کەسەی سەرگەرمی ئەم کردارە بێت خۆی بۆ ئامادە بکات. لە سەرەتادا دەبێ ژیان لە بابەتی هەستەکیو بەرهەستی ڕزگار بکرێتو لەش بە هۆی چاکەکارییەوە (کەتەرسیس- فەزیلەت) چاكو پاك بکرێتو تەپوتۆزی ژیانی جیهانی ماددەو بەرهەستی لێ بتەکێنرێ. ئەم پاککردنەوەیە دەبێتە مایەی خۆشکردنی ڕێگا بۆ ئەوەی مرۆڤ بە چاوی دڵ سەرنجی ناخی خۆی بداتو بە دەروونی خۆیدا قوڵبێتەوەو لەمەوە پلە بە پلە، وردە وردە، لە سەرنجدانی ناخو دەروونو نەفسەوە بەرەوژوور، بەرەو جیهانی ناماددەی سەرو سروشت، جیهانی یەکتا هەنگاو بنێ. ڕێگاکە لە دەرەوە بەرەو ناوەوە، بەرەو ناخ دەستپێدەکاتو لەوێوە بەرەو سەرو[٢٤]، بەرەو سەرو سروشت. ئەم ڕێگایە ڕێگای بەختەوەریو ڕێگای شادبوونە بە بەختەوەریی هەمیشەییو هەتاهەتایی. بەڵام ئەم ڕێگایە ڕوونی ناکاتەوە بەدکاری لە خۆیدا چییەو چۆن پەیدادەبێ.

ئەگەر یەکتاکە یەکەم سەرچاوەی تەواوەتیو چاکەکارییە، ڕەهاو بێ سنوورە، دەکرێ ڕێگای بەدکاری بدات؟ ئایا دەکرێ لە چاکەکاریی بەدکاریی بکەوێتەوە؟ ئایا هەبوونی زۆرو جەورو زوڵم لە دنیادا دڵ لە دادپەروەریی ئەم هێزە ترانسندێنتییە سەرو سروشتییە کرمێ ناکات؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە دەبێ جارێکی تر سەرنجێك لە بابەتی دابەشکردنەکەی بوون لەلای ئەفلۆتین بدەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین ئایا بەدکاریی لە خۆیدا بوونێکی سەربەخۆی هەیەو بە چی لە چاکەکاری جیادەکرێتەوە؟

---

[٢٣] Plotin, Geist- Ideen- Freiheit. Hamburg 1990 Uebersetzt von: Werner, B, Einfuehrumy xxxv.

[٢٤] Schubert, v, Ebenda, s. 66.

جیهان لە وێنەیەکی لەبەرگیراوە دەچێ بۆیە ناکرێ وەك ئەو گیانە بێت کە لەبەری گیراوەتەوە کامڵ‌و تەواوو بێ کەم‌و کوڕیی[٣٥] بێت. جیهانی ئێمە جیهانی بەرهەستە لە ماددەو ڕوخسار (فۆرم) پێکهاتووە بۆیە بەدکاریی تیادایە. بەدکارییەکە کە لە ماددەوە پەیدابووە هەبوونی سەربەخۆو تایبەتمەندی خۆی نییە، بەڵکو جۆرە کەمیی‌و نوقستانی چاکەکارییە. بە واتایەکی ڕوونتر لە چاو چاکەکاریی ئەگەر بە ڕووناکی مۆمێك دابنرێ بەدکاری دوورکەوتنەوەیە لەو سەرچاوەی ڕووناکییەو کەمبوون‌و کزبوونی ڕووناکییەکەیە بەرەو پەیدابوونی تاریکیی. چاکەکاریی ڕووناکی تەواوەتییەو بەدکاریی دوورکەوتنەوەیە لەم ڕووناکییەو تاریکییە. بەدکاریی لەو سێبەرە دەچێ کە لە تابلۆیەکی ڕەنگ کێشراودا دەبینرێ‌و هونەرمەند ناتوانێ دەستبەرداری ببێت، چونکە ئەم سێبەرو تاریکییە بۆ دەرخستنی جوانی تابلۆکەو ڕازاندنەوەی پێداویستییەکی هونەرییە. بەدکاریی بۆ هارمۆنی‌و هەم ئاهەنگی بوونە هەمەکییەکە پێویستە، بگرە بوونەکەی دەبێتە مایەی دەرکەوتنی چاکەکاریی‌و بە سوودو قازانج‌و خزمەتی چاکەکاریی[٣٦] و بوونە هەمەکییە گشتییەکە تەواو دەبێت. ماددە لە خۆیدا هیچ جۆرە خەسڵەتێکی نییە، تەنیا توانایەکی هێزەکییە بۆ ئەوەی وێنەیەکی پێ ببڕدرێ‌و ببێ بەو شتەی کە ڕوخسارو وێنەکە کە پێی دەبڕدرێ بۆی دیاری دەکەن. ماددە، بە واتایەکی تر لە خۆیدا ڕەوشی لە بار (پۆزیتیف) نییە، بەڵکو ڕەوشێکی نالەبار (نێگاتیف)ی ڕووتە، بریتییە لە بوونێکی هێزەکی‌و پتر وا دێتە بەرچاو کە کۆشش‌و هەوڵێك بێت بۆئەوەی ڕوخسار، وێنەیەکی پێ ببڕدرێ‌و ببێ بە بوون. ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێ توانای لە ڕادەبەدەری ئەفلۆتین‌و ڕێبازەکەیەتی بۆ ئەوەی ڕەوشێکی نالەبار لێك بداتەوەو ڕەوا بکات، کە هەمیشە مێشك‌و بیرو خامەی بیرمەندانی وروژاندووە، لە زانستی کەلام‌و فەلسەفەی ئیسلام‌و لاهوتی مەسیحیشدا هەمان هەڵوێست بەرچاو دەکەوێ. لە بابەتی توێژینەوەی کێشەی چاکەکاریی‌و بەدکاریدا کە بە تێکڕایی چوارچێوەی کەرەسەی زانستی ئاکار پێکدەهێنن، پتر لایەنی پاکانەو ڕەواکردن دەردەکەوێ‌و لە بەرهەمەکانیاندا هەست بەوە ناکرێ کە ئەم فەیلەسوف‌و بیرمەندانە بە

[٣٥] Disse, J. Kleine Geschichte der abend Laendischen Metaphysik Darmstadt 2001. S 111.

[٣٦] Plotin, Schrifen. Bd 3. Uebersetzt von R. Harder. P. 3, 2-3. Hamburg 1964.

دوای هۆکاری ڕاستەقینەدا گەڕابن ئایا ئەم بەدکارییە لە چییەوە کەوتۆتەوەو بە چ بنەمایەکەوە بەندەو پەیوەندی بەدکاریی وەك بەهایەکی نالەبار بە داب و نەریت و سروشتی ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە چییە؟ ئەم هەڵوێستە نیوەچڵییەی زانستی کەلام و ڕێبازە لاهوتییەکانی ئیسلام لە کاروباری سیاسیدا بە شێوەیەکی ڕوونتر ڕەنگی داوەتەوەو خۆی نواندووە. لە کاتێکدا کۆششی فەرهادانە کراوە بۆ پشت ڕاستکردنەوەی دادپەروەریی خواو پاکانەکردن بۆ بەدکاریی لە ژیاندا، بە هیچ جۆرێك بە بیریاندا نەهاتووە داکۆکی لە ئازادی سیاسی بکەن. تەنانەت ئەگەر جاروبار گازندەی کاربەدەستانی بەنی ئومیە کرابێ، لەوەوە نەبووە کە هیچ جۆرە ئازادییەکی سیاسی لە ئاردا نەبووە، بەڵکو گازندەکە لەو چوارچێوەیەدا کراوە گوایە ئەم کاربەدەستانە دادپەروەر[37] نین!!

دابەشکردنی بوون بە دوو بەشەوە، جیهانی ئایدیا-گیانی و، جیهانی بەرهەست و کە نەفس لە نێوان هەردوو جیهانەکەدایە، بڕیاردان بەوەی کە جیهانی سروشتی- بەرهەست، جیهانی بەدکاریی و گۆڕانی بەردەوامە، ئەگەرچی بە هیچ بنەمایەکی ژیرو مەنتیق پشت ئەستور نییە، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە سەرنج بدرێت گازندەی ئەفلۆتین ناکرێت، چونکە بارودۆخی ئەوساو ئەو هەلومەرجانەی لە ئارادا بوون لە مەوبەولاوە ڕێگایان نەداوە. لە بۆچوونی فەلسەفەوە بابەتەکە خەسڵەت و مۆرکێکی تری پێدەبڕێ. جیهانی ئێمە بەدکاریی تیادایە، بێ پسانەوە لە گۆڕانی هەمیشەیی دایە، لە مادده پێکهاتووە، بەڵام ئەو ئەنجامەی ئەفلۆتین لەم بۆچوونە گریمانە کراوەدا بە دەستی هێناوە جێگای ڕەخنەو گازندەیە. بەدکاریی دوورکەوتنەوە نییە لە سەرچاوەی ڕووناکی و تیشکەوە بەڵکو ڕەوشێکی ڕاستەقینەیە، وەك دیاردەیەك کە ناوەڕۆکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە، چارەسەرکردنی بەوە نابێ مرۆڤ گۆشەگیرانە بە چاوی دڵ سەرنجی ناخی خۆی بدات و لە سەرچاوەی چاکەکاری و ڕووناکی (نور) نزیك بێتەوە. ئەگەر ئەم بۆچوونە لە لای ڕابەرانی بیری لاهوتی و سۆفێتی پەسەند بێت ئەوا لە لای فەلسەفەی پشت ئەستور بە ژیر لە سەردەمی ئەریستۆتلسەوە تاوەکو ئەمڕۆ، جێگای گازندەو سەرزەنشت بووە. ئایا لە

[37] و. مونتجمری وات: القضاء والقدر. ت: د. عبدالرحمن عبدالله الشیخ. مصر ١٩٩٨ ص ٢٧٨.

سەردەمی ئەفلۆتین لەم بابەتە بەولاوە شتێکی تر نەبووە کە مێشکی بیرمەندو فەیلەسوفو لاهوتییانی نارەحەتو هەراسان کردبێ؟

ئەگەر ئەفلۆتین لەم دابەشکردنەی بوون مەبەستی لە دوو رەنگیی دیاردەو راستەقینە بێت، لە راستەقینەدا ژیرو یەکتاو یەك رەنگییو لە دیاردەدا ژیرو ناچارەکییو هەمەرەنگی هەیە، ئەوا نابێ بەو چاوەی سەرنجی ماددەی پێداوە، تەماشای جیهانی دیاردە بکات.

کەوتنەوەی مادده لە نەفس کە کەوتۆتە نێوان هەردوو جیهان، چەند کێشەیەکی بۆ زانستی کەلامو هەرسێك فەلسەفەی سەدەکانی ناوەراست بە لایەکدا خستووەو بە جۆرێکی زیرەکانە، ئەگەرچی ئەم زیرەکییە جۆرە گەمەیەکە وشەو چەمکی زمانی تیادا بەکاردێت، چەند وەڵامێکی پرسیارەکانی داوەتەوە.

مادده راستەوخۆ لە یەکتا، کە گیانی رووتە، نەکەوتۆتەوە بەڵکو بە پلەو بایەخو چۆنێتی لە یەکتری جیاوازن. ئەم کەوتنەوەیە نە سەرەتا، نە کات، نە گۆرانی یەکتاکەی پێوە دیاری دەدات. ئەمە جۆرە رەواکردنێکی هەبوونی بەدکارییە لە جیهاندا کە وتراوە، بەدکاریی بە شێوەیەکی لێکەوتنەوەوە لە داهێنەر کەوتۆتەوە! کەوابوو دەبێ هەموو شتێك بە ناچارەکی پابەندی ئەم داهێنەر بێتو سەرگەرمی گەرانەوە بۆ لای داهێنەر بێت[٣٨]. ئەم بابەتە لە زانستی کەلامدا لە نێوان رێبازی موعتەزیلەو ئەشعەریەدا مایەی مشتومرو کێشەو بەرەیەکی سەختو ئاڵۆز بووە.

بەلای موعتەزیلەوە کە خۆیان بە لایەنگیرانی دادپەروەرییو یەك رەنگیی ناساندووە بروایان بەوە هەبووە کە لە جیهاندا جۆرە رێکوپێکیو هارمۆنییەك هەیەو قانون ئاسا لە هەموو شتێکدا سەرپشك دەبێ. ئەم بۆچوونە جۆرە ناچارییەك رەوا دەکات. وەك ئاشکرایە لەم سەردەمەماندا قانونی رێژەیی هەموو لایەنێکی گرتۆتەوە. ئەگەر ناچارەکی لە سروشتدا شتێکی دیارو ئاشکراو رەوا بێت ئەوا ئەم قانونە یاخود ئەم رەوشە ناچارەکییە لە بیرو تیۆری زانیندا هیچ بنەمایەکی مەنتیقی نییەو لە جێگاکەیدا قانونی رێ تێچوون

---

[٣٨] لە هەندێ سەرچاوەدا بۆ پشت راستکردنەوەی ئەم بۆچوونو هەڵوێستە پەنابراوەتە بەر ئەم ئایەتە: هۆ نەفس: ارجعی الی ربك راضیة مرضیة.

دەستبەکارە. بۆیە بیلیر ناهەقی نەبووە کە موعتەزیلەی بەرامبەر بە ڕێبازی دۆمینیکانو ڕێبازی ئەشعەری بەرامبەر بە لاهوتو شەریعەتی فرەنسیسکانی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست داناوە[٣٩]. بێگومان بیلیر بەو بڕیارەی تایبەتمەندی دوو ڕێبازەکەی ئیسلامو دووەکەی مەسیحی پشتگوێ نەخستووە، چونکە وەك ئاشکرایە لە ڕەوشو بارودۆخی دیاریکراودا بیروبۆچوونو هەڵوێستی دیاریکراو پەیدا دەبنو دەکەونەوە.

موعتەزیلە وەك ڕێبازێکی زانستی کەلام –لاهوتی بە بنەماکانی ئایین پشت ئەستور بڕوای بە دەسەڵاتو هێزو توانای بێ سنوری خواو ئەوپەڕی دادپەروەریی پەروەردگار هەبووەو پێی لەسەر یەك ڕەنگی خوا داگرتووە. ئەگەر ئەم بڕیارە لە گۆڕەپانی ئایینو لاهوتدا ڕەوا بکرێت لە بواری سیاسەتدا ئەنجامی ئەوتۆی لێدەکەوێتەوە کە لەگەڵ پشت ئەستور بوونی موعتەزیلە بە ژێر ناگونجێو ناتەبایە. ئەمە کەلەبەرێکە لە تەلاری زانستی کەلامی موعتەزیلەدا. بە واتایەکی ڕوونتر چۆن ڕابەرانی ئەم ڕێبازە کە لافیان لێداوە ژێر سەرپشکە پەیوەندی نێوان یەك ڕەنگیو دادپەروەریی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا لێك دەدەنەوە؟

لە فەلسەفەو زانستو ئاکارداو لە مەڵۆی سیاسەتیشدا وەك بنەمایەکی گشتی باوەڕپێکراو وا لێك دەدرێتەوە کە دەسەڵاتو هێزی بێ سنورو لە ڕادەبەدەر بوارو مەوداو چوارچێوەی دادپەروەرییو ئازادی تەسكو تەنگەبەر دەکاتەوە. چەندە دەسەڵاتو هێز سنور بۆ دانراوبێ ئەوەندە دەرفەتی چەسپاندنو پیادەکردنی دادپەروەریی پترو مسۆگەرتر دەبێت. بە پێچەوانەوە ئەو هێزەی لە ڕادەبەدەر جڵەوی دەسەڵاتی گرتبێتە دەست کەمتر بیر لە دادو دادپەروەریی دەکاتەوە. دوور نییە ئەم هەڵوێستەی موعتەزیلە ئەنجامێك بێت لە پابەندبوونیان بە بنەماکانی لاهوتو فەلسەفەی ئەفلۆتینو ئەفلاتونیزمی نوێوە کەوتبێتەوە. ئەو لاهوتو فەلسەفەیەی لەم لایەنانەوە پەیدابوون سەرگەرمی ئەوە بوون یەکتایی - یەك ڕەنگیی دەسەڵاتو هێزی بوونەوەرە سەروو سروشتییەکە ساغ بکەنەوەو بە جۆرێك هەمەڕەنگی بوونو گۆڕانی بەردەوامی جیهانی سروشت ماددە لێك بدەنەوە، کە جارێکی تر یەك ڕەنگی هێزە ترانسندێنتییەکە پشت

---

[٣٩] .Behler, E. Die Ewigkeit der Welt. Muenchen 1965. S. 120

ڕاست بکاتەوە. لێرەوە بە ئاشکرا کێشەی نێوان لاهوتو فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست خەتو خاڵی داوە. کێشەو بابەتی زانینو بڕوا، ژیرو سروش.

کۆتایی هاتنی دامودەزگاو پرۆسەی تەزیووی سەدەکانی ناوەڕاست بە هەموو لەباریو نالەبارییەکانیەوە، بە سەرکەوتنو تێکشکانیەوە بەهەر جۆرێك لێك بدرێتەوەو لە هەر ڕوانگەیەکەوە سەرنج بدرێتو بەهەر تەرازویەك هەڵبسەنگێنرێ لە سەربەخۆبوونی فەلسەفەو پاشەکشێی لاهوت لە گۆڕەپانی زانینو ژین بەولاوە نەبووە.

# تایبه تمەندییەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست

١- پەرەسەندنی ئەو دیاردە کۆمەڵایەتییانەی (هونەر، ئایین، فەلسەفە، زانست.. هتد) لە چوارچێوەی بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی هەمیشە نەسرەوتی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو مێژووەی هیگڵی مەزنی حەپەساندووە، کەم تا زۆر قۆناغێکی تایبەتییان دیارو دەستنیشان کردووە، ئیتر هەریەکە بۆ خۆی بە جیا لە سەردەمو قۆناغێکدا، یاخود پێکەوە بە بێ دیاریکردنی کاتو شوێن، جا ئەم جیاییە لە خۆیدا یاخود بۆ خۆی سەرنج بدرێت، وەك نیشانەیەکی خەتو خاڵ دانو سەربەخۆییو ڕەتکردنەوەی ئەوی تر، یاخود وەك بەرهەڵستیکردنی تەوژمێکی پێچەوانە بووبێت کە بە ناچاریی بووە کەچی نەدەبوو ببێ! ئەوا هەریەکێکیان یاخود هەموویان پێکەوە وەك ئەوانی ترو پێشترو بەر لە خۆیان هاتوون، ڕەنگی قۆناغێکی دواتریان ڕشتووەو دەڕێژن، ئەم پرۆسەی پەرەسەندنە هانی سەرنجی مرۆڤی سەربەخۆی بیروخامە دەدات، بێ سێو دوو کردن، بڕوا بەو بنەما ڕەنگینە بهێنێ کە لە لای هەندێ فەیلەسوفی کارامەی سەدەکانی ناوەڕاست باو بووەو لە ژێر ناوی "بەسەردابازدان لە سروشتدا" ناسراوەو پەیڕەوکراوە، هەروەها ڕێی تێدەچێو وێدەچێ پشت ڕاست بکرێتەوە. بێگومان ئەگەر لە سروشتدا باز بەسەر هیچ شتێکدا نەدرێ، ناکرێ ئەوی ڕوودەدات بەبێ هۆکار بێت، خۆ ئەگەر هۆکار لە ئارادا بوو هەروەها بوو بە مایەی کەوتنەوەی ڕووداوێك، ئەوا ناکرێ ئەم پرۆسەیە بێ ئامانجو ئەنجام بێت. ئەم هۆکارە وەك فاکتەرێك، قۆناغە تایبەتییەکەی خۆی، ڕوخسارو ناوەڕۆکەکەی دیارو دەستنیشان کردووە. سەدەکانی ناوەڕاست کە فەلسەفەکەیان شان بەشانی لاهوت بابەتی ئەم نووسینەن، قۆناغێکە لەو قۆناغە گرنگانەی مێژووی مرۆڤو کۆمەڵ کە تیایدا فاکتەری ئایین بووە بە سەرپشكو دڕی بە فاکتەرەکانی تر داوە یاخود هەر نەبێ ماوەیەکی دوورو درێژ ئەگەر پەکی نەخستبێ ئەوا وەك چەپەرە شڕ ئاسا "چ لەوێ بێو چ بەوێوە بێ" وای لێ کردوونو لە ڕواڵەتو ڕوخسارێکی پەرپووت بەولاوە ڕۆڵو چالاکیو ئەنجامێکی ئەوتۆیان نەبووە شایانی باسکردن بێت. ئەگەر نەڵێین بوون بە خزمەتکاری فاکتەری ئایینەکە خۆی. مێژووی بلاوبوونەوەی هەردوو ئاینی عیسایيو ئیسلام ڕاستی ئەم قسەیە ساغ دەکەنەوە.

ئیتر پێویست ناکات مرۆڤ بپرسێ ٢ سەربازی دڵسۆز گیانفیدای بڵاوکردنەوەی ئەم دوو ئایینە گەردوونییە چ کەسانێك بوونو سەر بە چ چینو توێژێك بوون؟

هەرەمەکی، بێسەروبەرەییو ئاژاوە نە لە ژیانداو نە لە کۆمەڵو نە لە سروشتدا لەخۆیانداو بۆ خۆیان بوونیان نییەو لە لایەکەوە ئەمانە وەك کەوتنەوەیەك بوونی بنەماکە خۆی ساغ دەکەنەوە کە هەموو شتێك بە پێی ڕێکوپێکییو پێودانگی ڕەنگینی ڕەنگ ڕێژراوە بە واتایەکی تر جۆرە سەرنجراکێشانێکی نێگەتیڤە بۆ ئەو بنەمایەی کە هەموو شتێك بە ڕێکوپێکی پێوەی بەندە. لە لایەکی ترەوە ئەگەر شتێکی لەم جۆرە وا بەرچاو بکەوێت ئەوا ڕوخسارو ڕواڵەتی دەرەکی ئەو دیاردەو قەوماوە ئاوێنەیە لەبەرچاوو لە مێشکدا دەنەخشێنێ ئەگینا ڕووداو، یاخود دیاردەکە لە خۆیداو بۆ خۆی شتێکەو بوونو ئامانجی شتێکی تر پشت ڕاست دەکاتەوە.

لە سروشتدا "بەسەردا بازدان نییە" دوو خاڵ پشت ڕاست دەکاتەوە، یەکەمیان: بەردەوامیو نەپسانەوە، گۆڕانی هەمیشەییو لە گەڕنەکەوتنی پرۆسەی گۆڕانو بەرەوپێشچوون (ئیتر ئەو بەرەوپێشچوونە لە قۆناغی تایبەتیو دیاریکراودا ڕوخساری بەرەودواوەی پێ ببردرێ یاخود سستو لەسەرخۆ بێ) لە ڕاستی بابەتەکە کەم ناکاتەوە. دووەم: ئەوی لەمەوبەر قەوماوەو ئەوی ئێستا دەقەومێو ئەوی لەوانەیەو ڕێی تێدەچێ دواڕۆژیش ڕووبدات هۆکارو فاکتەری بەس بووی خۆی هەیەو بە بێ ئەنجام نابێ (ئەمە لە چوارچێوە گشتییەکەیداو ئەگەر چاو لەو گورزە بپۆشرێ کە دواتر لە بنەمای هۆیەکی وەشێنرا). ئەوی هەبووەو لە جێگاو کاتی خۆیدا هەبووە، لە خۆیدا ڕەوایی هۆکاری بوونەکەی خۆی لە خۆیدا وەك هەلومەرجێکی نیمچە ناچارەکی پشت ڕاست کردۆتەوەو دەکاتەوە کە نەدەکرا بە جۆرێکی تر بوایەو بە شێوەیەکی تر بکەوتبایەوە.

ئەوی هەبوو بووە نەدەکراو نەکراوەو لە پاشەڕۆژیشدا ناکرێ نەبووبێو لەوە باشتر بووبێ کە هەبووە. لەوانەیە مرۆڤ ڕەخنە لەم بۆچوونە بگرێتو بڵێ، ڕابوردوو ڕۆیشتو نەما، پاشەڕۆژیش نەهاتووە، ئەوەی ئێستا هەیە هەر ئەوەیەو ئەوی (مرد دنیای لێ خراپ دەبێ) کەوابوو هیچ بەڵگەیەکی دڵنیایی لێکراو نەبووەو نابێ کە پاشەڕۆژ بەو جۆرە دەبێ کە دەبێ وا بێتو پاشەڕۆژ نەهاتووەو دوور نییە نەیەتو کۆنترۆڵیش ناکرێو ڕابوردووش

ڕابــوردووەو جــارێکی تــر ناگەڕێتــەوە. ئەگــەر وەك تاقیکردنەوەیــەکی بیرەکــیو بــۆ ساغکردنەوەی ئـەوەی دەویـستریٚ لێـرەدا بـوتریٚ، هەرچـی لـەو قۆناغـەدا کـە بـە ڕابـوردووو نـاودەبریٚ لەبەرچـاوو لـە مێـشکدا بـسڕینەوەو بڵـێین شـتێك نـەبووە کـە ڕابـوردووی پـیٚ بـوتریٚو ئـەوی بـە دواڕۆژ دادەنرێـت جـاریٚ نـەهاتووەو هـیچ جـۆرە بەڵگەیـەکی ڕوونو بەرچاوی دڵنیایی بەخش لەبەردەستدا نیە ساغی بکاتەوە دواڕۆژ دێتو چۆن مـرۆڤ دڵنیـا بێـت کـە سـبەینیٚ ڕۆژێکـی نـویٚ دێـتو خـۆر لـە ڕۆژهەڵاتـەوە هەڵـدێت؟ ئـەم سـەردەمو "ئێستا"یە کە مرۆڤ تیایدا دەژی لە بەر ئەوە ئێستایە کە بە شێوەی جۆراوجۆرو بە ڕێگای جیاواز هەست بە بوونی دەکریٚ ئیتر ناکریٚ بوتریٚ ئەم ئێستایە لـە رابوردوویـەکی نـابوو و لەبەرچاو نەماوو پاشەڕۆژێکی نادیارو نەهاتوو پێکهاتووە؟

ئـەم تاقیکردنەوەیـە بیریـە کـە لـە مێـشکدا ڕەنگـی ڕێـژراوە، ئەگـەر لـە چوارچـێوەی پرسیارێکی تیۆری ئاسادا سەرنج بدرێت ڕەوایی خۆی لەدەست دەدات، ئەی باشە ئەگەر لـە بۆچوونی فەلسەفەوە سەرنـج بدرێت ئەنجامەکەی چی ئەبێت؟

کەسێك ناتوانیٚ بڵێت ئەم سەردەمەی ئێستا ئێمە تیایدا دەژیـن بـوونی نیـە، ئەگەرچـی مرۆڤ نەتوانیٚ بە ئاسانی وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، کات کـە ئێـستاو دوێـنیٚو سـبەینێی لـیٚ پێکـدێت چـییە؟ بـەڵام دەتـوانین بڵـێین کـات ئەرسـتۆ وتـەنی "پێـودانگی پێـوانی بزوتنەوەیـە، بزوتنـەوەش جوڵانـەوەی دنیـاو جیهـانو ماددەیـە". ڕوو لـە هـەر شـوێنێك بکرێت، بزوتنەوەو جوڵانەوە بە هەموو شێوەو شێوازە جیاکانی بەرچـاو دەکـەویٚو هەسـتی پێدەکرێت. ئنجا کە دەوتریٚ ئەم خاڵانە بـە مێـشكو بـیردا دێـن، وەك ڕاسـتییەك کـە هـیچ جۆرە گومانێك هەڵناگرێت:

- پاشو پێش: ئەم ڕووداوە پێش ئەوی تر قەوماوە، بەڵام ئەویتر پاشتر ڕوویداوە..هتد.

- کـات دەکـریٚ بـە سـیٚ بەشـی تونـدوتۆڵ بـە یەکـەوە بەسـتراو لـە هـەمان کاتـدا جیـاو سەربەخۆ دابەش بکرێت: ڕابوردوو، دەمی ئێستای تێنەپەڕیوو، دەمی دادیٚ (پاشەڕۆژ).

٢- ڕاستە، ڕابوردوو تێپەڕبووە، بەسەرچووە، لەبەرچاو نـەماوە، ڕابـوردووە، وەك جـاران بوونی تایبەتیو سەربەخۆی خۆی نەماوە ئەگـەر لـە دەسـتی نـەدابێت، بـەڵام ئـەوی نـاکریٚ چاوی لیٚ بپۆشریٚو ددانی پیادا نەنرێت ئەو ڕاستییەیە: کە ڕابوردوو بۆ خۆی لە سەردەمو

شوێنی دیاریکراودا ئەویش لەلای خۆیەوە هەرسێ دەمی ڕابوردوو ئێستاو داهاتوو هەبووە، پێش خۆی قۆناغێکی بڕیوەو دواتر بە قۆناغێکی تردا تێپەڕیوە ئینجا چۆتە خانەی ڕابوردووەکەیەوە.

- هەروەها لە کردن نایەت چاو لەو ڕاستییە بپۆشرێ کە ئێمەی مرۆڤ شتێك لە مێشكو ناخو دەروونیدا هەیەو ئەگەر هەمیشە لەبەرچاوی نەبێت، ئەوا ناوبەناو دێتەوە یادیو وەك وێنەیەك، وەك فلیمێك بە بەرچاوی دادێت. بابەتی ئەم یادە، ناوەڕۆکی ئەم فلیمە، کەرەسەی ئەو یادداشتە، ئیتر تاڵو تفت بێ یاخود شیرین نیشانەیەکە بوونی سەردەمو قۆناغێك پشت ڕاست دەکاتەوە، کە ئێستا کە خۆی وەك جاران نەماوە، بەڵام شوێنەوارو جێدەستو شوێن پەنجەکانی هەر ماونو هەست بە بوونیان دەکرێت: ڕابوردوو. کەوابوو ڕابوردوو هەبووەو ئێستاش بە جۆرێك لە جۆرەکان، نەك لە واقیعدا، بەڵکو لە یادو یادگاردا هەر ماوەو هەیە.

پاشەڕۆژ، دەمی داهاتوو، نەهاتووە، هیچ دەستەبەریی ئەوەش نابێت کە سبەینێ خۆرهەڵدێتو ڕۆژێکی نوێ دەستپێدەکات. ئەمە ڕاستەو لە جێگای خۆیدایە، ئەگەر چاو لەوە بپۆشرێ، کە ئەگەر ئەمە وەك قۆناغێك نییە، ئەی چۆن لە زمانی ژیانی ڕۆژانەدا چەندین وشە بۆ دەربڕینی ئەم قۆناغە داڕێژراون؟ هیچ دەستەبەریی دڵنیایی لێکراو لەم بارەیەوە، بە پێی پرسیارەکە کە لە خۆیدا ئەگەرو گومانێکی تیادایە، لە ئارادا نییە. بەڵام ئەگەر لە بۆچوونی تیۆری زانینەوە لێی وردببینەوە، کێشەکە وەك بابەتێکی تر دێتە بەرچاو.

کات هەبووەو هەیەو هەموو چرکەیەك هەست بە بوونی دەکرێ، کات لە خۆیداو بەبێ پێناسەکردن لە چەند ساتێکی بە دوای یەکتریدا هاتووی نەپساوەو بەردەوام پێکهاتووە، نیشانەو هێمایەکە دڵ پێی خۆش دەبێو هیواو ئاوات بە مرۆڤی سەرگەرمی گرفتو سەختییەکانی ژیانی ڕۆژانە لە کۆمەڵدا، دەبەخشێ، واتە ئەگەر بە وشەیەك ئەمە پوخت بکرێتەوە دەڵێین وشەی: چاوەڕوانی ئەم بابەتە دەردەبڕێ. ئایا تاکە مرۆڤێك لەم جیهانە پانو بەرینەدا هەیە هەموو ڕۆژێك چەند جارێك یاخود هەر نەبێ تاکە جارێك چاوەڕێ نەکات؟ چاوەڕوانی شتێکە کە لەبەردەستدا نییە واتە خەسڵەتی دەمی داهاتووە، ئێستای تیادا

نییە ئەگینا بەدەست دەهاتو چاوەڕێ نەدەکرا بەڵکو نیشانەی دەمێکە کە دادێ واتە پاشەڕۆژ. ئەمە جارێکی تر ساغی دەکاتەوە کە هەر نەبێ لە پرۆسەی ژیانی مرۆڤدا شتێك هەیە قۆناغێکی دادێ کە ئێستاکە بوونێکی کردەکی نییە نیشاندەدات. چاوەڕوانی!

ڕابوردوو بەجۆرێك لە جۆرەکان هەیەو لە یادو یادگارو یادداشتدا دەژی. ڕابوردوو ئەگەر خۆی نەمابێ ئەوا شوێنەواری ماوەو ناسرڕدرێتەوە. دەمی ئێستاو ئێستاکە بە چەندین ڕێگاو شێوازی جۆراوجۆر هەست بە بوونی دەکرێت. پاشەڕۆژ هەمیشە بابەتو قۆناغێکە چاوەڕێ دەکرێت. کەوابوو هەرسێ قۆناغ رابوردوو، ئێستاو پاشەڕۆژ لە یادو هەستپێکردنو چاوەڕێ بەولاوە نین.

٣- ئەگەر ئەسکەندەری مەکدۆنی، (کە قوتابی ئەریستۆتڵس بووەو فەلسەفەی لەلا خوێندووە) ناسراو بە ئەسکەندەری گەورە توانیبێتی لە ماوەیەکی کورتدا، بەبێ قوربانیدانێکی زۆرو زەبەندەو بەربەرەکانی کردنێکی سەخت ڕۆژهەڵات (جیهانی کۆنی ئەوسا) داگیربکات، ئەو ئیمپراتۆرییەی دایمەزراند لە خۆرهەڵاتەوە تا خۆرئاوا (بە پێی نەخشەی سەردەمی خۆی) فراوان بووبێ، دوای مردنەکەی، ڕاستە، جەنگو هێرشو پەلامارەکان وەك پرۆسەیەك کۆتاییان هاتبێ، ئەو ئەنجامانەی لەو هێرشو داگیرکردنانە کەوتوونەتەوە سەدان ساڵ دوای خۆی لە کارنەکەوتوونو دەستبەکار بوون، وردە وردە، بە پێی قۆناغی جیاوازو پەرەسەندنی ئەو سەردەمە، کە ئەم ڕووداوە سەرتاپاگیرانە تیایاندا هاتوونەتە پێشەوە، بەردی بناغەی سەرخانی کۆشکی جیهانێکی تر لە ناوچەکەدا دانراوە.

هیچی تر، لەلای خۆیەوە، ئاتین لەیۆنان پایتەختو ناوەندی بێ ڕقەبەریی کاری جیهان نەماوە، بیرۆکەو بۆچوونی دوو ڕەنگیی ڕەگەزی (یۆنانی ڕەسەن) و (بەربەر) گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەسکەندەرو یاوەرەکانی، کە هەندێکیان فەیلەسوف بوون، ئەو بابەتو هونەرو شتو جیهانبینییە ئایینەی جاران مولکی ڕۆژهەڵات بوونو بە ڕێگای جیاجیا ئەوسا گەیشتبوونە یۆنانو لە بۆتەیەکی تردا جارێکی تر دارێژرابوونەوەو بە هۆیەوە شارستانێتی پڕ شکۆی یۆنانیان لێ پێکهاتبوو بە دەستی خۆیان، بە هۆی ئەم هێرشانەوە هێنایانەوە بۆ ڕۆژهەڵات بۆ لای خاوەنەکانی پێشوویان.. بۆیە دەکرێ بوترێ، وەك بڕیارو

ڕاستییەکی مێژوویی، (ماڵی حەڵاڵ هەرگیز نافەوتێ) و موڵكو ماڵی زەوتکراو هەمیشە دەکەوێتەوە دەست خاوەنە ڕاستەقینەکەی خۆیان.

ئەسکەندەر چ بە کردارو چالاکییەکانیو چ بەو وتارانەی خوێندوێتییەوە بە تایبەتی لە بابل، میسۆپۆتامیای ئەوسا، تۆوی بیرۆکەی ئینتەر ناسیۆنالیو بابەتی (ئوممەت) کە لە ئایینی مەسیحیدا پیادەکراوە، بۆچوونی پێکهاتەی چینو توێژ، هاوکاری نێو نەتەوەیی کە دوای شۆڕشی فەرەنسا خەتو خاڵی داوە، چاندووەو ئەم تۆوە وردە وردە شین بووەو پاش گۆڕانو پەرەسەندنێکی درێژخایەن وەك نەمام لە ئەوروپا هاتۆتە بەر. بە باوەڕی من هێرشەکانی ئەسکەندەر بەرەو ڕۆژهەڵات مەبەستەکانی هەرچی بووبێت، لە بواری فەلسەفەدا بزوتنەوەیەکی گەورەی بەرپا کردووە، وەك ئەنجامێکی دواتر، بزوتنەوەی وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنان بۆ سەر زمانی عەرەبی، ئاشنابوونی بیرمەندانی ڕۆژهەڵات ڕاستەوخۆ لەگەڵ فەلسەفەی یۆناندا ئەنجامێکی تری ئەم هێرشانە بووە ئەگەرچی سەدان ساڵیان بەسەردا تێپەڕبووبێ. دەبێ ڕۆڵی هێرشە ڕامالێنەرو پاکتاوە سەرتاپاگیرەکانی ئەسکەندەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چ دەورێکیان گێڕابێ بۆ دروستکردنی بۆشاییەك کە دواتر ئایینە ئاسمانییەکان پڕیان کردۆتەوە؟ ئەگەر ئەسکەندەر وا لە پڕ نەمردبایەو هەڵمەتەکانی هەتا سەر ببردبایە، دەبوو ئێستاکە ڕۆژهەڵات چۆن بایە؟

٤- گەلانی ئەوسای ڕۆژهەت (دۆڵی میسۆپۆتامیا، میسر، ئاسیا) لە بواری جۆربەجۆردا بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش پێشکەوتوون. بۆ یەکەم جار لە مێژووی شارستانیەتدا توانیویانە دەربارەی هۆکارێکی یەکگرتووی یەك ڕەنگیی گیانی گەردوون بۆچوونێك گەڵاڵە بکەن، ئەم بۆچوونە دەکرێ بە جۆرە دیدێکی جیهان دابنرێت، بەڵام تەنیا لە چوارچێوەی بیرو بۆچوونی ئایینی ئەوسادا گیری خواردووەو نەیتوانیوە پەرەبستێنێ. لەنێو ئەفسانەو داستانەکانی بابلدا کە دەکرێ بە قۆناغی پێش فەلسەفەکردن ناوبرێن، دەردەکەوێ لەو سەردەمەدا وێنەو بۆچوونێکی تەمو مژاوی دەربارەی ژیانو مردنو نەمرییو هۆکارێکی گیانی (واتە خواوەند) لە بەرگێکی ئایینیدا هەبووە. جولەکەکان یاخود وەك خۆیان بە خۆیانیان وتووە (عیبرانییەکان) وەك لە تەوراتدا* هاتووە، دەردەکەوێ، بۆ یەکەم جار بە

* بڕوانە: تەورات: سفری پەیدابوون: ١: ٣-٤ (بە ئەڵمانی).

شێوەیەکی ڕێکوپێك کە لە دواییدا بووە بـە بنـەما، بۆچوونێك دەربـارەی هێـزو هۆکـارێکی سەرو سروشت، ئاسمانیی کە بە یەك تاو یەك ڕەنگ نیشاندراوە باسکراوە. هێزێك لە شەش ڕۆژدا لـەنێو تـاریکیی‌و ئـاژاوەوە تێکـڕای بـوونی داهێنـاوە، خـۆی لەگـەڵ داهێنراوەکانیـدا پەیوەنـــدی تایبـــەتی‌و جۆربـــەجۆری هەیـــە وەك بەخـــشین‌و ســـزادان‌و لێپرســـینەوەو خۆشویستن‌و غەزەب گرتن‌و هتد.. بڕواهێنان بەو هێزە سەرو سروشتییەوە وەك دەسەڵات، هەسـت‌و نەسـت‌و ئـاوات‌و کـردارو بیرکردنـەوەی مرۆڤـی بـە شـێوەی لـەبار یـاخود نالـەبار ڕێکخستووە.

لەبەرئـەوەی ئـایینی عیبرییـەکان لـە ئۆرشـەلیم وەك سیـستەمێکی بـڕواو ئیمـانی یـەك ڕەنگیی سەرتاپاگیر ڕەنگـی پەیوەنـدی نێـوان داهێنـەرو مرۆڤـی ڕشـتووە، بـواری نـەداوە بـە هیچ جۆرێك ئەم دۆخە، ئەم ڕەوشە تێبپەڕێنرێ‌و بە لایەکدا پەرەبستێنێ! بە پێـچەوانەوە لە یۆناندا دواتر ئەمە هاتۆتە کایەوە، لە ڕەوشی پەیوەندی نێوان مـرۆڤ‌و پەیوەنـدی مـرۆڤ بە دەوروبەرەوە، وەك هۆکاری پەرەسـەندنی فەلـسەفەو هونـەرو دواتـر زانـست پەیـدابوون. ئەگەرچی دیدی جولەکە لـە فەلـسەفەوە دوورە، بـەڵام لـە بۆچـوونە گـشتییەکەیاندا چـەند لایەنێکی پتەوی لاهوتی، کە لە تەورات کەوتۆتەوە، دەکرێ وەك تابلۆیەکی ڕەنگین دابنـرێ. لەم دیدەدا هاتووە کە جیهان‌و هەرچییەکی تیایدایە سەرەتاو کۆتایی هەیە، جیهـان‌و بـوون بـە گـشتی شـاکارێکی هونـەریی هێـزو دەسـەڵاتی ڕەنگـینی ئـەم هونەرمەنـدە پـەروەردگارە ئاسمانییە ترانسندێنتالییە نیشان دەدەن کە دایهێنـاون. ئـەم هێـزو دەسـەڵاتە نموونەییـە لـە خۆیدا سەرچاوەی چاکەو باشی‌و جوانیی بێ سنورو بـێ کۆتاییـە، نـە سـەرەتای هەیـەو نـە کۆتایی. بەرامبەر بەو هێزو دەسەڵات‌و بوونەوەرە گیانییە، لە جیهانی داهێنـراوی مـاددەدا، بە پێچەوانەوە تاریکیی، بەدکاریی‌و کەم‌و کوڕیی بـاوو بـڵاون. مـرۆڤ کـە تیایانـدا دەژیـا لـە دوو کەرەسەو ڕەگەز پێکهاتووە. ڕەگەزێکی ماددە کـە سەرچـاوەی بـەدکاریی‌و لەناوچـوونەو لایەنێکی گیانیی.

بە پێچەوانەی ماددەکەوە وەك کاڵا وایە، هێزێکی ناماددییـەو نـەمرەو بـە لەناوچـوونی لەش لەناوناچێت. مرۆڤ کە (بەندەی) ڕەببە بێدەسەڵاتە، هەر لە سەرەتای بوونەوە ئۆبـاڵی

یاخیبوونەکەی ئادەمو حەوای لە ئەستۆدایە. چارەنووسی مرۆڤ دیار نییە، ژیانی سەرەتاو کۆتایی هەیە.. ئەمانە بە گشتی تانو پۆی تابلۆی بۆچوونی تەوراتی جولەکە پێکدەهێنن.

لە چەند سفرێکی تەوراتدا دەردەکەوێ کە وەڵامی ئەم پرسیارە بە ڕوونو ڕەوانی نەدراوەتەوە، ئەگەر دەسەڵاتو هێزی ئەم هۆکارە ترانسندێنتالییە ئاسمانییە بەو ڕادەیەیە، ئەگەر خۆی سەرچاوەی دادپەروەرییە، بۆچی لە جیهانو لەنێو داهێنراوەکانیدا ئەم هەموو زۆرو جەورو بێدادییو نەخۆشیو کارەساتو ناڕەوایی ڕێگا دراوە؟ لە کاتێکدا وەك تەوراتو کتێبەکانی تری عیبرانییەکان دەڵێن: پەیامی پەروەردگار (ڕەب) بۆ مرۆڤ لە دادو دادپەروەریی بەولاوە نەبووە. ڕاستە وەڵامێکی ڕاستەوخۆی ئەم پرسیارە بەرچاو ناکەوێ. بەڵام لە کتێبە ئاینییەکانی جولەکەدا بۆچونێك کەوتۆتەوە کە پتر پاکانەو ڕەوا بۆکردنەو لەگەڵ بنەماکانی ژیرو مەنتیقدا ناگونجێت:

**یەکەم:** پێویست ناکات پاکانە بۆ بەدکارییو نەخۆشیو قاتو قڕییو زۆرو جەور بکرێت، (چونکە ئەم ژیانەی سەرزەمین، هیچ نییە وەك خەونێك وایە، لە کۆشکێك دەچێت مرۆڤ لە دەرگایەکیەوە دەچێتە ژوورەوەو لە دەرگایەکی ترەوە دەچێتە دەرەوە بەبێ ئەوەی هیچی پێ بپڕدرێ). ئەم بۆچوونە بۆتە مایەی ئەوەی بیرمەندان ئایینی جولەکە بە ئایینی قانون دابنێنو گوایە هەر ئەم لایەنە ئەو هۆکارە بووە فەیلەسووفەکانی هانداوە لە چوارچێوەی سیستەمی فەلسەفەدا لقێك وەك بابەتێکی سەربەخۆی ڕێکوپێك بە ناوی ئاکار واتە (ئەخلاق) دابنێن.

**دووەم:** لە کێشەی ئازادی خواست (ئیرادە) و ئۆباڵ کێشاندا بۆچوونەکە پتر تەمومژاوی دێتە بەرچاو. تەورات بە تەواوەتی لێکی نەداوەتەوە، چ کەس دەبێ ئۆباڵی بێدادیو زۆرو جەورو ناڕەواییو بەدکاری لە ژیاندا بکێشێ. لە لایەکەوە هەموو شتێك لە ئاسمانەوە هاتووەو لە چارەنووسراوە، لە لایەکی ترەوە باسی پاداشتو سزا، بەهەشتو دۆزەخ کراوە.. ئەگەر هەموو شتێك لە چارە نووسرابێ هیچ جۆرە بەرپرسیاریو ئۆباڵ کێشانێك نامێنێو هەموو بنەماو ڕێو شوێنەکانی ئاکار پەکیان دەکەوێ.

بە پێچەوانەوە، لە سەردەمی کۆنی یۆنانو ڕۆمدا ژیانی سەرزەوی، نەك ژیانی دوای مردن، ئازادیو سەربەستیو دیموکراتیو دەسەڵاتو دەوڵەت، چاکەو بەدکاریی، پەیوەندی

مرۆڤ لەگەڵ یەکتری‌و لەگەڵ خواوەندەکان‌و دەوروبەردا شتێکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە بوون، وەك بابەت بەبێ ترس‌و سڵ‌و پارێز فەیلەسوفەکان خەریکی لێکۆڵینەوەی بوون.

بە پێچەوانەی عیبرانییەکانی ئۆرشەلیمەوە، ئەو ئایینەی یۆنان‌و ڕۆم هەیانبووە، ئایینی مرۆڤی ئازادو سەربەست بووە، بۆیە لەگەڵ ئاوابوونی خۆری ئازادی‌و سەربەستییەکەیان ئایینەکەش ماڵئاوایی کردووە. مرۆڤی یۆنانی، وەك لە دیالۆگەکانی ئەفلاتوندا بەدەردەکەوێ، شانازی بەوەوە کردووە، خۆی چییەو چی لەدەست دێت بیکات، نەك چی لە چارەی نووسراوەو چی بەسەردێت! بیری لەوە نەکردۆتەوە، یاخود ئەگەر بیریشی لێکردبێتەوە ئەوەندە لەلای بایەخدار نەبووە، ئایا هێزی سەرو سروشتیی چی بۆ دەکات، چی بەسەردێنێ؟ تەنانەت لە هەموو بەرهەمەکانی ئەفلاتوندا وشەی داهێنان بە مانای (خەلق) نابینرێ. ئایینێك بەم جۆرە کراوە بێت هەر ئەو هەڵوێست‌و جیهانبینییەی لێ دەکەونەوە کە لەگەڵ هەلومەرجەکانی ژیان‌و پێشکەوتندا تەباو گونجاو بن. هەر لەم هەڵوێست‌و بۆچوونەوە، هەمەڕەنگیی‌و بەپیت‌و پێزیی‌و فرە لایەنە، وەك هۆکاری گرنگی پێشکەوتن‌و شارستانیەت پەیدادەبن‌و دەکەونەوە. ئەو تاقیکردنەوە هەمەچەشنانەی مرۆڤ لەگەڵ ئایین بە گشتی‌و لەگەڵ ئایینە جیهانیەکاندا کردوونی‌و ئەو ڕێ‌و شوێنانەی فەلسەفەی کۆنی یۆنان داویەتە دەست تا ئەو ڕۆژەی قەراڵ گوستنیان بە فەرمان ئەکادیمی فەلسەفەی ئەفلاتونی داخست‌و فەیلەسوفەکانی ڕاوناو ئەو گۆڕانانەی پەیدەرپەی کەوتوونەتەوە بە ئاشکرا دەریانخستووە کە پێشکەوتنی مرۆڤ‌و کۆمەڵ‌و شارستانیەت وەك ئۆرگانێکی شکۆمەندی مرۆڤ بە دوو خاڵی سەرەکیەوە بەندەو بەبێ یان بڕناکات:

- ئازادی بە گشتی‌و بە هەموو جۆرو شێوەکانیەوە. فرەدریك ئینگلز ناهەقیی نەبووە کە وتوویەتی فەلسەفە نەمامێکە لە سێبەری ئازادی‌و دیموکراتی‌و داددا شین دەبێ. بەڵگەی ڕاستی ئەم قسەیەی ئینگلز ئەوەیە: فەلسەفەو زانست‌و لقەکانی تری چالاکی بیریی مرۆڤ بۆیە وا سەرتاپاگیرانە پەرەی سەند، چونکە لە وڵاتی جەرمان بەندیخانەو زیندانی وەك باستیل نەبوون.

- خاڵی دووەم توندوتۆڵ بە یەکەمەوە بەندەو بەبێ ئەو بە پێی پێویست پەرەناسێنێ، واتە پێشکەوتنی زانست بە هەموو لق‌و شێوەو جۆرەکانیەوە پابەندی هەبوونی ئازادین.

٥- ئەگەر مەسیحییەت لەگەڵ هەردوو ئایینی جولەکەو ئیسلام بەراورد بکرێت، بە باوەڕی من لە زۆر لاوە ساغ دەبێتەوە کە مەسیحییەت بڕوایە (عەقیدە)یە نەك ئایین. عیسایی لە ساڵی ٣٩١ ز بە فرمانێك لە لایەن قەیسەر تیۆدۆسییوس کرا بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەت، ئیتر هەرچی پەیوەندی بە پێشترەوە هەبوو هەر لە فەلسەفەوە تا ئەدەبو زانستی ئەوسا وەك پاشماوەو بابەتی گومڕایی قەدەغە کران. شتکە تا ئەو ڕادەیە توند گیرا، ساڵی ٣٩٤ بە بڕیارێکی تر یاریەکانی وەرزشی ئۆلۆمپی یاساخ کران[٤٠]. مەسیحییەت وەك بڕوا بنەماکانی بۆچوونە گەردوونیو ئاسمانییەکەی بە ڕوونو ئاشکرا لە جوولەکەوە وەرگرتووەو پەرەی پێداوە. تەنانەت ئینجیل بە بەشی نوێی تەستامێنتی کۆن (تەورات) دادەنرێت. جیهانو مرۆڤو سەرانسەری ئەو شتانەی بوونەوەرنو لە ماددە پێکهاتوونو بەرچاودەکەون یاخود بڕوا بە بوونیان دەکرێت بە بڕیارێکی ئازادانە لە لایەن هێزێکی لە ڕادەبەدەرو بێسنوورو بێ کۆتاییەوە داهێنراون. ڕەب وەك دەسەڵاتدارێك لە دوورەوە کۆنترۆڵی جیهان دەکات[٤١]. بەڵام هەمیشە لە مرۆڤەوە نزیکە. بە پێچەوانەی ڕەبی جولەکەوە کە تووڕە دەبێو سزا دەداو فرمان دەردەکات، ڕەبی مەسیحی خۆشەویستی مرۆڤەو بە دەستو دڵو دەروونو بەزەییە، هەر لەبەرچاوی مرۆڤ ڕۆڵەکەی خۆی (یەسوعی مەسیح) یاخود خۆی هاتۆتە نێو کڵێشەی مرۆڤێکەوە بە ناوی یەسوعی مەسیحو دابەزیوەتە سەرزەوی بۆ ئەوەی کەفارەتی گوناهو تاوانەکانی مرۆڤ بە گیانی خۆی بدات. لە ئۆرشەلیم چوارمێخەکێشراوەو جارێکی تر لە گۆڕ هاتەدەرێو هەستاوەتەوەو بەرەو ئاسمان کەوتەڕێ!

لە مەسیحییەتدا کتێبی ئاسمانی نییە ئینجیل ئێستا لە چوار بەشی سەرەکیو نووسینی پەیامبەران پێکهاتووە. چوار بەشەکەیو نامەکان لە لایەن کەسانێکەوە نووسراونو تۆمار کراون کە یاوەری عیسا بوون. پاولۆس کە بە ڕەسەن جولەکە بووە شارەزاییەکی باشی لە فەلسەفەی یۆنانی بە گشتیو لە فەلسەفەی ستۆوادا بە تایبەتی هەبووە، لە دانانی بەردی

[٤٠] Wohler, Hans- Ulrich, Geschichte der Mittelalterischen Philosophie. Berlin (ost) 1990. S. 11.

[٤١] ئەوی ڕاستی بێ لە دەقە ئەڵمانییەکاندا وشەی ("ڕەب" بە زۆریو "ئاغا") جاروبار لە جیاتی خوا بەکاردێت.

بناغەی ئەو تەلارەی کە ئـەمڕۆ بـە مەسـیحییەت دادەنرێـت ڕۆڵێکـی سـەرەکی گێـڕاوە وەك زانراوە خۆی جولەکەی یۆنانی بووە[42].

وەك سەرچاوەکان باسی دەکەن پتر لە سەد ئینجیل هەبووە لـە کۆبوونـەوەی نیکیـا لـەم ئینجیلانە ئەم چوارەی ئێستا هەڵبژێردراون‌و ئەوانی تـر فـەوتێنراون. تەنانـەت لـە نێـوان ئەوانـەی فـەوتێنراون ئینجیلێـك هـەبووە بـە نـاوی "برنابـا" گوایـە پێـشبینی دەرکـەوتنی پەیامبـەری ئیـسلامی کـردووە. مەسـیحییەت بـە پێـچەوانەی جولەکـەوە لـە بـڕوا بـەولاوە نـەبووەو ڕۆژگـار وای کـردووە ماوەیـەك کـە هـەزار سـاڵی خایانـدووە بـبێ بـە دەوڵـەت‌و سیستەمی کۆمەڵایەتی. مەسیحییەت بـە یـەگجاری نـەفرەت لـە دنیـاو ژیـانی ئێـستا دەکات لەمەدا پشت بـە قـسەیەك دەبەسـترێ کـە دەدرێتـە پـاڵ مەسـیح، گوایـە مەسـیح وتوویـەتی هەرچـی هەتـە بەسـەر هەژارانـدا دابەشـی بکـەو بکـەوە شـوێن مـن بـۆ ئـەوەی "نـەمریی هەمیشەیی" بەدەستبهێنی، بێگومان ئـەم قـسەیە دیاردەیـەکی ناحـەزو دزێـوی کۆمەڵایـەتی لێکەوتەوەو کاتی خۆی لە سەرانسەری ئەوروپای سەدەکانی ناوەڕاستدا بڵاوبۆتەوە دیـاردەی دەرۆزە کردن.

چوار ئینجیلەکە تا ڕادەیەك ئەگەر جیـاوازی لـە نێوانیانـدا هـەبێ، ئـەوا لەسـەر چـەند بنەمایـەك کـۆك‌و یـەکن، وەك سـێ ڕەنگـی ڕەب، بـە پێـچەوانەی ئـایینی جولەکـەوە کـە ئایینێکی یەك ڕەنگییەو موسا پەیامبەری ڕەبە. کەچی مەسیحییەکان وایان داناوە کـە ڕەب لە سێ ڕەنگ پێکهاتووە، خۆی‌و عیسا کە ڕۆڵەیەتی‌و گیانی پاك!

ئەم کتێبە ئایینییانە پتر بە لایەنی گیانیی‌و ئامۆژگاری‌و ئاکار بایەخ دەدەن، بە ئاشکرا ژیانی دنیا لەبەرچاوی خەڵك دەخەن. مرۆڤی مەسیحی ڕاسـتەقینە ئـەو کەسـەیە خۆشـی‌و چێژی دنیاو جیهانی خۆی دەخاتـە لاوەو بـە ڕەبـەنی‌و گۆشـەگیر لـە دێرێکـدا ژیـان بەسـەر ببات! عیسا کە لە زۆر شوێندا لەگـەڵ سـوکراتی یۆنـانی دەخرێتـە تـای تەرازوویەکـەوە، بـە پێچەوانەی موسـاوە هـیچ هـەوڵی نـەداوە کۆمـەڵ وەك ئۆرگانێـك ڕێکبخـات یـاخود قـانون‌و شەرع دابنێ!

[42] Pohlenz, Max. Paulus und die stoa. Darmstadt wb. 1964. s. 8 ff.

مەسیحییەکان جۆرە پاکانەیەك بۆ ئەم هەڵوێستەی مەسیح دەکەن کە چەندین ئەنجامی نالەباری لێدەکەوێتەوەو بە زیانی ئایینەکەی خۆیان تەواو دەبێ. گوایە مەسیح لە دەوروبەرو کۆمەڵێکدا ژیاوە پێویست نەبووە بیر لە دانانی ئەم جۆرە قانونو شەرعو ڕێکخستنی کۆمەڵە بکاتەوە، چونکە لە ئۆرشەلیمی ئەوسادا موساو پەیامبەرانی تری ئیسرائیل کۆمەڵیان ڕێکخستووە، قانونو شەرعیان داناوە. لەوە ئەچێ مەسیح هاتبێتە سەر ماڵی حازر، ئەی کەوابوو شانۆی چوارمێخەکێشانەکەی چۆن ڕەوا دەکرێت؟

مەسیحییەت وەك لە نووسینی ڕابەرانو پەیامەکانیاندا دەردەکەوێ بیرو ئایدیۆلۆجی سەردەمی بەندەو کۆیلە بووە. بە تایبەتی لەو دروشمەیدا کە بووە بە ویردی سەر زمانی هەموو مەسیحییەکی ئیماندار: ئەگەر زللەیەك لەلای ڕاستت درا، لای چەپتی بۆ ڕابگرە.. دوژمنەکانیشت خۆش بوێ..

کێشەو بابەتی نەتەوایەتی لە مەسیحییەتدا نەهاتۆتە سەر خوانی باسو بە بیرو مێشکدا نەهاتووە. لەم دەوروبەرو ڕەوشە پڕ لە ناکۆکییەدا فەلسەفەیەك سەریهەڵداوە، بەڵام لە ژێر سێبەری لاهوتێکی سەرتاپاگیردا، سەیریش نییە کە هەموو فەیلەسووفو زاناکان قەشە بوون، لە کڵێسەو دەزگاکانی ئایینی مەسیحیدا پێگەیشتوون.

ئەگەر چاو لە هەندێ خاڵی هەندەکی بپۆشرێت، دەکرێ بوترێ، ئەم پەیدابوونەی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە:

**قۆناغی یەکەم:**

لە سەرەتادا فەلسەفە یاساغو قەدەغە کراوە، ئەم قەدەغە کردنە لەو نامەیەدا دەردەکەوێ کە پۆڵس (پاولۆس) بۆ دانیشتوانی کورنتوسو کۆلوس نووسیویەتیو تیایدا وتوویەتی: (دانایيو ژیریی ئەم جیهانە لەلای ڕەب نەزانینو دواکەوتوویيە) هەروەها لە هەمان نامەدا دواتر وتوویەتی:

"با هیچ کەسێك بە فەلسەفە تەفرەتان نەداتو بە لووت بەرزییەکی پووچو نەریتی سادەی خەڵك هەڵنەخەڵەتێن"[٤٣].

[43] ئینجیل (بە ئەڵمانی) نامەی یەکەم (سفری ٣: ١٩) نامەی دووەم ٢:٨.

- له قۆناغی دووەمدا، کڵێسه بۆی ساغ بۆوە پێویستی به چەکێکی بیریی‌و ئایدیۆلۆجی هەیه بۆ ئەوەی بنەماکانی خۆی بۆ خەڵك ڕوون‌و پشت ڕاست بکاتەوە، داکۆکی له ڕێ‌و شوێنی خۆی بکات. ئەم چەکه فەلسەفه بووە! لەم قۆناغەدا کەڵه فەیلەسوف، هەر لەباوکانی کڵێسەوە (پاتریستیك) تاوەکو سانت ئەنسلم، سانت ئۆگستین‌و تا ئەگاته لای تۆمای ئەکوین، دەرکەوتن‌و فەلسەفەو لاهوتیان وەك ئامراز بەکارهێناوەو ڕەنگی ئەو تەلاره لاهوتییه -فەلسەفەییەیان ڕشتووە، که ئەمڕۆ ناوی فەلسەفەی مەسیحی پێبڕاوە. دەکرێ بوترێ لەم قۆناغەدا بەڵگەی ڕێکوپێك دەربارەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب داڕێژراون.

- له قۆناغی سێیەمدا فەلسەفه هیچی تر "خزمەتکاری لاهوتی پیرۆز" نەماوە. بنەماو ڕێ‌و شوێنەکانی لاهوت‌و ئایینی مەسیحی تا ڕادەیەك له بەردەم فەلسەفەدا کاڵای پیرۆزییان له بەر داماڵراوە. به چاوی ڕەخنەگرتنەوە سەرنج دراون. فەتواکەی قەشه تێمپری* پاریس ڕاستی ئەم قسەیه ساغ دەکاتەوە. له کەلی بڵندی ئەم قۆناغەوە خۆری بەهاری ئازادی‌و پێچرانەوەی دەزگا سەخت‌و پڕ زەبروزەنگ‌و کۆت‌و پێوەندی ژێرو بیر، دەرکەوتووە، ژیانی نوێ، ژیانی ئازادی‌و سەربەستی دەستی پێکردووە.

٦-دوور ناڕۆین ئەگەر بڵێین، له سەرەتادا، ئایینی مەسیحی ئایینی ڕەش‌و ڕووت‌و مرۆڤی سادەو ساکار بووە، کڵێسەو بڕواو میتافیزیکی ئایینی وەك: سێ ڕەنگی ڕەب، چوارمێخەکەکێشانی عیسا، هەستانەوەی‌و چوونی بۆ ئاسمان.. خەڵکی سەرانسەری ئەورووپای له چوارچێوەی خۆیدا کۆکردۆتەوە. گەردوون شوناسی، فەلسەفەو جیهانبینی یۆنانەکان، بیروبۆچوونه سیاسی‌و قانونەکانی ڕۆمەکان، تەوراتی جولەکە[44]، بۆچوونه ئەفسانەیی‌و ئایینه جۆربەجۆرەکانی ئەوسای ڕۆژهەڵات دەربارەی کڵێشه گۆڕین‌و ژیانی دوای مردن تانوپۆی تەونی ئایینی مەسیحی سەرانسەری سەدەکانی ناوەڕاستیان لێ پێکهاتووە.

ڕاسته ئایینی مەسیحی به هەموو ئینجیله جۆربەجۆرەکانی ئەوسای‌و بۆچوونه گەردوونییه میتافیزیکییەکەی له سەدەی یەکەمەوە ورده ورده له ناوەڕۆك‌و ڕوخساردا

* ئەم فەتوایەمان کردووە به کوردی‌و له ژمارەی ٩٤ی گۆڤاری ڕامان ساڵی ٢٠٠٥ —هەولێر- بلاوکراوەتەوە.
[44] Dilthey, Wilhelm, Gesammelte Schriften. Bd. 3. Goettingen. 3. Aufl. S. 7.

خەتو خاڵی داوەو ڕێکوپێك کراوە. بەڵام هەندێك لایەن لەم پەیدابوونو گەشەکردنو بڵاوبوونەوەی ئایینەدا سەرنج ڕادەکێشنو ناکرێ وا بە سووكو ئاسانی لێك بدرێنەوە یاخود هۆکارە ڕاستەقینەکانیان بدۆزرێنەوە بۆ نموونە:

- عیساو لە دواییدا ئایینی مەسیحی لە ئۆرشەلیمی پایتەختی ئێستای ئیسرائیلدا دەرکەوتوون، ناوچەیەك کە زۆربەی هەرە زۆری جولەکە بوون، تەنانەت هەندێك سەرچاوە وا باس دەکەن کە گوایە عیسا خۆیشی لە سەرەتادا وەك جولەکە هاتۆتە دنیاوە*. دوژمنێکی سەرسەختی عیسا کە گوایە دەستی لە چوارمێخەکە کێشانەکەیدا هەبووە، لە پڕ لە ڕێگای نێوان دیمەشقو ئۆرشەلیمدا گۆڕاوە، بووە بەو ئەندازیارەی جەوهەرو پوختەی ئایینی مەسیحی داناوە!

- بۆچی ئەم ئایینە نەیتوانیوە لەڕۆژهەڵاتدا کە تیایدا پەیدابووە، بە پێی پێویست لایەنگیری هەبێو بڵاوبێتەوە، کەچی بە ئاسانی کۆچو کۆچباری کردووەو هەموو ئەورووپاو لە دواییدا ئەمەریکا بە هەموو بەشەکانیەوە (باشورو باکور) بڕوایان پێهێناوە!؟

- بەپێی هەندێك سەرچاوە، ئەو سەردەمو کاتە جولەکە لە شوێنێکی دابڕاوو دووری وەك دوورگەی عەرەبی ئەوسا لە مەسیحییەکان زیاتر بوون، وا باسکراوە کە "پتر لە نیوەی شاری یەترب (مەدینەی ئێستا)و تەیحاو فەدەكو خەیبەرو وادی ئەل قوراو چەند شوێنێکی تر بە گشتی جولەکەنشین بوون"[45]. دەبێ ئەم دیاردە سەیرە لە دیاریکردنی چارەنووسی ئایینی مەسیحیدا چ ڕۆڵێکی گێڕابێ؟

ئایینی مەسیحی کۆچو کۆچباری کردووەو وەك ڕۆژهەڵاتو ئاسیای بە بیردا نەهاتبێ! بەرەو ڕۆژئاوا کەوتۆتەڕێ، نە فارسو نە هیندو نە چین لەبەرچاو نەبوون. تەنانەت پەیامبەرو نوێنەرانی عیسا خۆیان پتر ڕوویان لە ڕۆمو یۆنان کردووە. مەسیحییەت ئۆرشەلیمی بەجێهێشتووە، پشتی کردۆتە مەڵبەندەکەی خۆی، بگرە هەستیشی بەوە کردووە کە وەك ئایین لەو جێگایەی تیایدا سەریهەڵداوە بیانیو نامۆیە، ئەگەرچی ئەوسا

---

* ئەم بابەتە بە لایەکدا نەخراوە. هەندێك دەڵێن گوایە زمانی عیسا زمانی ئارامی بووە!

[45] Paret Rudi. Mohammed und Koran, Stuttgart, Berlin: 1991. s. 12.

له ئایینی جولەکە وەك ئـایینێکی گـەردوونی - ئاسمـانیی بـەولاوە هیـچی تـر نـەبووە*. ئـەم دیاردەیە، کـە تـاکو ئێـستا نـەتوانراوە (ئەوەنـدەی مـن لـە سەرچـاوەکان بـە زمـانی ئـەڵمانی ئاگاداربم) بەرێکوپێکی لێك بدرێتـەوەو وەڵامـی ئـەم پرسـیارە بدرێتـەوە ئایـا مەسـیحییەت بەتایبـەتی بـۆ ئـەوروپاو ئەمـەریکاو چـەند ناوچـەیەکی ئەفـەریقا هـاتووە؟ ئایـا دیاردەکـە بریتییە لە جۆرە بابـەتێکی دابەشـکردنی ئـایین بەسـەر جیهانـدا؟ ئیـسلام لـە ڕۆژهـەڵاتو مەسـیحییەت لـە ڕۆژئـاوادا. چ شـتێك سـاغ دەکاتـەوە؟ ئایـا ئـەم دیاردەیـە وەك کێـشەو پرسـیارێك تـەنیا پەیوەنـدی بـە سروشـتی ئایینەکانـەوە هەیـە یـاخود جـۆری ژیـانو دابونەریتو بیرکردنەوەو هۆکاری کۆمەڵایەتی لەم بوارەدا ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن؟ ئـایینی ئیسلام لـە دوورگـەی عـەرەب دەرکـەوتووە، دەکـرێ بڵـێین بـەبێ بەربەرەکانییـەکی سـەخت توانیویـەتی لـە ماوەیـەکی کەمـدا بـبێ بـە ئـایینی بەشـی زۆری میللـەتی ئاسـیاو بـاکوری ئەفەریقا، کەچی دوای چوارسەد ساڵو پتر مانەوە لـە باشـوری ئیـسپانیاو دوای گـەمارۆدانی چـەند شـارێکی نەمـسا (ئـۆتریش) بـە ئاسـانی مـسوڵمانەکان ئـەوروپایان چـۆڵ کـردووەو مەسیحییەکان جارێکی تـر دەسـتیان بەسـەردا گرتۆتـەوە. ئەمـە چـی دەگەیـەنێ؟ بـۆ دەبـێ میللەتانی ئەوروپا باوەش بۆ مەسیحی بکەنەوەو لەگەڵ ئایینێکی تردا نەگونجێن؟ ئایا ئـەم دیاردەیە تا چ ڕادەیەك پەیوەنـدی بـە یـەك ڕەنگـیو یـەکتایی - فـرە ڕەنگییـەوە هەیـە؟ لـە لایەکەی ترەوە ئەو هەموو پارەو پولە خەرج کراوە، بە سەدان ئاخوندو قەشەو پەیامنێری مەسیحی بە سەدان شێوەو ڕێگـای جۆربـەجۆر بـەرەو ڕۆژهـەڵات هـاتوون، کەچـی وەك مـن ئاگاداربم نەیانتوانیوە تاکە موسوڵمانێك لە ڕۆژهەڵاتدا بکـەن بـە مەسـیحی!! دەبـێ بابـەتی زمـانو وەرگێڕانـی کتێبـە ئایینییـەکان چ دەورێکیـان هـەبێ؟ بـۆ نموونـە، مەسـیحییەت بـە پێـچەوانەی ئـایینی موسـاوە، سـەرگەرمی وەرگێڕانـی ئینجیلەکانیـەتی بـۆ سـەر هـەموو زمـانێکی جیهـان. تەنانـەت بـەر لـە جـەنگی دووەمـی جیهانـەوە چـەند جارێـك، تـا ئـەم سەردەمەمان، ئینجیلەکان کراون بە کوردی. کەچی ئـەم دیاردەیـە لـە ئایینـەکانی تـردا بـە جۆرێکی تری سەرنجڕاکێش دێتە بەرچاو. پاکانەو بیانوی ئەوتۆ دەهێنرێتەوە کە لە لایـەن

* لێرە قسە لەو ئایینانە دەکەین کە لـە چاو ئایینـە ناوچـەییەکانی تـری ئاسیادا خۆیـان بـە ئـایینێکی ئاسمانی دەزانن و پشت بە سروش (وەحی) دەبەستن.

مرۆڤی ژیرو هۆشیارەوە بە ئاسانی پەسەند ناکرێن. بۆ دەبێ ڕێگا نەدرێت کوردێك تەوراتی جولەکە بە زمانی خۆی بخوێنێتەوە!؟ بۆ پتر ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە دەڵێین، دەبێ لە سەدا چەند کەس لە کوردستانو ئێرانو پاکستانو ئەفغانستان لە کتێبە ئاسمانییەکەی ئایینەکەی خۆیان گەیشتبن؟ ئایا هۆی ڕێگانەدانی ئەم وەرگێڕانە هۆیەکی ئایینییە یاخود سیاسییە[٤٦]؟

هەر لەم بوارو پاوانەی جیاوازی سەرتاپاگیرانەی نێوان مەسیحیو ئیسلامو بڵاوبوونەوەیان لە دوو جیهانی لە یەکتری جیاوازدا بابەتێکی تر دێتە بەرچاو، کە پتر تیشك دەخاتە سەر ئەو پرسیارەی پێشتر کردمان. بابەتی فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا. بابەتی کێشەی نێوان لاهوتو فەلسەفە، ڕقەبەریی نێوان ژیرو سروش، کە لەم سەردەمەدا، لە چوارچێوەی تیۆری زانیندا لە چوارچێوەی پرسیارێکدا دەکرێ دابڕێژدرێ. کامیان سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوی گەیشتنە ڕاستییو زانینن، ژیر یاخود سەرچاوەو هێزێکی سەرو سروشتی کە بە سروش ناودەبرێت؟

ساڵی ١٢٧٧ لە پاریس قەشە تێمپیر بە ناوی کڵێسەو ئایینی مەسیحییەوە بە فەتوایەك ٢١٩ خاڵی لە سەر فەلسەفەو فەیلەسوفەکان تۆمار کردووە، بەگومڕاو لەڕێ لادەر داینـاونو فەلسەفەی قەدەغە کردووە. لە ڕۆژهەڵاتدا وەك لە کێشەی نێوان غەزالیو ئبن ڕوشداو لە فەتواکانی ئبن تیمیە ئبن سەلاحی شارەزووری دەردەکەوێ فەلسەفە قەدەغە کراوە وتراوە (من تمنطق فقد تزندق).. کەچی لەم دوو فەتوایە دوو ئەنجامی زۆر لە یەکتری جیاواز کەوتوونەتەوە لە ئەوروپای مەسیحیدا جارێکی تر فەلسەفەو لاهوت بە ناچاریی ئاشت بوونەوە، ئەوروپایەکی پێشکەوتوو، شارستانیەتێکی مرۆڤ دۆست، فەلسەفەیەکی پەرەسەندوو کە شان لە شانی زانستەکان دەدات دیارو لەبەرچاون. کەچی ڕۆژهەڵاتێکی دواکەوتوو، زەلیلو داماوی دەستی گێروگرفتی کێشەی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی.. هتد.

---

[46] بە پێی بۆچوونی من ئەو وتارەی عومەری کوڕی خەتتاب، دووەمین خەلیفە، لە کاتی گرتنی قەرەخان (جەلەولا)دا داویەتی تا ڕادەیەکی بەرچاو وەڵامی بەشێکی ئەم پرسیارە دەداتەوە: عومەر وتوویەتی: اللهم انی اعوذ بك من اولاد سبايا الجلوليات. بڕوانە: ابو حنيفه الدينوري: الاخبار الطوال مصر ١٩٦٠.

فەلسەفەکەش وەك ڕەنگدانەوەیەکی ئەم ڕەوشە نالەبارو سەختو نائاساییە وەك ڕێبوارێکی شەکەتی ڕێگای نیوەشەو دەبینرێ.

هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، کۆرپەی ساتو شوێنو ڕەوشی قۆناغێکی تایبەتیو دیارنو هۆکاری خۆیەکیو بابەتی خۆیانیان هەیە، هیگڵ وتەنی، دوای بانگی شێوان کە جاسوس هەڵگیراو تاریکی شەو باڵی بەسەر جیهاندا کێشا- کوندەبەبۆی مینیرڤا دەست بە فڕین دەکات. ڕەوش، بار، دۆخ، هۆکارێکی تایبەتی دەبنە مایەی پەیدابوونی دیاردەیەکی دیاریکراو لە چوارچێوەیەکی چاوەڕوانکراودا، دیاردەو پەیدابوونەکەش دەستەبەری کەوتنەوەی ئەنجامی تایبەتی خۆیان دەکەن، ئیتر هەر دیاردەیە لە خۆیدا قۆناغی پێش خۆی دڕئەدات، ئەگەرچی خۆی لە خۆیدا، لە منداڵدانی پیشوترەکەیدا گۆش بووە، بەڵام نوێتر، باڵادەست ترو کاریگەرترە. ئایینی ئیسلام لە دوورگەی عەرەب کە لە ساڵی ٦١٠ ز ڕاگەیانرا قۆناغی پێشووتری دڕدا، کە قۆناغی دواکەوتوویی (جاهلی) بوو. خەسڵەتی هەرە دیاری ئەم قۆناغەی پێش پەیدابوونی ئیسلام قۆناغی بەندو کۆیلایەتی بووە. لەگەڵ یەکەم بانگی ئیسلامدا یەکەم تیر لە کەوان دەرچوو بەر دارە مەیتی سیستەمی کۆیلایەتی کەوت. ئیسلام کەم تا زۆر کۆیلەی ڕزگارکردو بانگی قۆناغێکی تری بە گوێی خەڵکدا دا. ئەگەر چاو لە هەندێ گۆڕانو لە ڕێ لادانی هەندەکی بپۆشرێ بە تایبەتی لە سەردەمی بەنی ئومەیەدا، ئەوا دەکرێ بوترێ لە سەردەمی فەرمانڕەوایی عەباسیدا چینی دەرەبەگایەتی وەك سیستەمێکی خەتو خاڵداو دوا تەپو تۆزی کۆیلایەتی لە کۆمەڵ تەکاندو خۆی بوو بە سوارچاکی مەیدان، ئیتر لێرەوە شتێکی تر دەستی پێکرد.

ئایین، بەتایبەتی سێ ئایینە گەردوونیەکە لە سەرەتادا مۆرکی پێشکەوتنخوازیو بەرەوپێشچوونو جۆرە ئازادییەکیان پێوە بووە. بەڵام وەك وتنەکەی پێشووی هیگڵ (دوای فڕینەکە) شتێکی تر دێتە پێشەوە. لە قۆناغی تردا شێوەو ناوەڕۆكو ئامانجە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەو چینە نوێیەی کە شۆڕشە سەرەتاییەکەی ئایین دروستی کردووە، شتێکی تر بوونو کورد وتەنی خاوەنەکەی نەیناسیونەتەوە. کۆیلە ئازاد بوو، بەڵام دەرەبەگ پەیدابوو، تەختو تاراج گۆڕا، هێزو دەسەڵات شێوەو ناوەڕۆکی تری پێ بڕا، جۆری کاروبارو ڕەنێو هێنانو چەوساندنەوە لە ڕوخسارو جۆرو ڕادەدا بوون بە شێوەیەکی

تـر. ئـەو نووسـینو بەرهەمانـەی کەلـەو سـەردەمەدا لـە بـواری جۆربـەجۆردا دەرچـوونو بڵاوبوونەتـەوە ڕاسـتی ئـەم بۆچـوونە سـاغو پـشت ڕاسـت دەکەنـەوە. لـە زۆر شـوێندا، وەك دەربڕینی بیروبۆچوونو ئایدیۆلۆجی چینی دەرەبەگ بیروبۆچوونی نەتەوەیی بە ڕادەیەکی زۆر پـشتگوێ خـراونو هـەروەك ئـەم بابەتـە بـوونی نـەبووبێ. بـە کـردەوەو بـە نووسـین بایەخی پێنەدراوەو پـشتگوێ خـراوە، بـەڵکو بـە شـتێکی کـەم دانـراوە. بـە هـەزاران ڕۆڵـەی میللەتانی وەك کوردو فارسو پاکستان و ئەفغان بوون بە مسوڵمان بەبێ ئـەوەی هـیچ ئـاوڕ لە نەتەوەکـەیان بدرێتـەوە. هەنـدێك سەرچاوە، بـە جۆرێـك کـە سـەرنجی هـەموو کەسـێك ڕانەکێشێ، نەبێ بە کێشەو مایەی سـڵکردنەوە ئـەم بابەتـەیان باسـکردووە، بـۆ نموونـە ئـەم بابەتە بەم جۆرە خراوەتە بەرچاو کە بە ئاشکرا بۆنی بە کەم گرتنی مەسـەلەی نەتـەوەیی لێدێ:

وتراوە کەسـێك کـە سـەرکردە، نووسـەر، مـەلا، فەرمانـدە بـووە لـە بنەماڵەیـەکی فـارس بووەو ناوەکەی فارسی بووە. دوای ئیسلام بوونی ناوەکەی خۆی گۆڕیوە بۆ نـاوێکی عـەربی-ئیسلامی، بەڵام نەیتوانیوە ناوی بـاوکی بگـۆڕێ، بۆیـە بـەجۆرێکی تایبـەتی نـاوی هێنـراوەو بانگ کراوە. ئەگەر بشێ بە نموونەیەك ئەم بابەتە ڕوون بکەمەوە دەڵێم:

فارسێك ناوی (روزبێ) بووە دوای ئیسلام بوونی ناوی خۆی کردووە بـە حەسـەن، بـەڵام نەیتوانیوە ناوی باوکی بگۆڕێ بۆیە بەم جۆرە بانگیان کـردووە: هـۆ حەسـەن کـوڕی بـاوکی حەسەن، کە بە عەرەبی بـەم شـێوەیە بـووە •یـا حـسن ابـن ابـی الحسن). ئەمـە بـە ئاشـکرا ئایـدیۆلۆجی سـەردەمو قۆنـاغو چـینی دەرەبەگایـەتی نیـشان ئـەدات، کـە لـە سـەردەمی عەبباسییەکاندا دەستی پێکردووە.

ئەگەر زمانی عەرەبی لە ڕۆژهەڵاتدا وەك زمانی ئایین لە لای مسوڵمانان بـە شـێوەیەکی ئاساییو بێ سڵکردنەوە وەرگیرابێو بووبێ بە زمانی لاتینی ڕۆژهەڵاتو خەڵکەکە بێ سێو دوو لێکـردن وشـەی عـەرەبییان خواسـتبێتەوەو هـەر شـتێك بـۆنی عـەرەبی لـێ هـاتبێ، بـە پیرۆز دانرابێ، ناوی منداڵو زارویان کردبێ بە عەرەبی بۆ ئەوەی (تەمـەن درێـژو سـەر بـە ڕزق بن)، ئەوا هەمان دیاردە بەڵام بـە شـێوەیەکی تـر کـە لەگـەڵ بـارودۆخی کۆمەڵایـەتیو سیاسـیو ئـابوری کۆمـەڵگاکانی ئـەوروپا گونجـابێ، دەرکـەوتووە. وەك ئاشـکرایە هـەموو

ئەوانەی ڕابەری مەسیحیو پەیامنێرو دامەزرێنەری ئایینەکە بوون، ئەوروپایی نەبوون. کەچی تا ئێستا بە دەگمەن نەبێ لە ئەوروپا ناوێك نابیسترێ کە لە زارۆك نرابێو لە مەسیحییەوە وەرنەگیرابێ، ئەو مەسیحیەی لە ئەوروپادا هاوردەیە! بەڵام نابێ ئەم بۆچوونەی ئێمە وا لێك بدرێتەوە کە گوایە ئێمە هەردوو ئایینەکە دەخەینە دووتای یەك تەرازووەوە. نەء، ئەم دوو ئایینە لە زۆر شت لە یەکتری جیان. لە ئیسلامدا بڕوابوون بە یەك ڕەنگیی خوا بەردی بناغەو بنەمای ئایینەکە. لە مەسیحییەتدا ئەمە بە گومڕایی دانراوە، ئەو کەسەی خۆی بە مەسیحی دابنێو پەیڕەوی ڕێو شوێنەکانی یاوەرانی عیسا بکات، دەبێ بێ قەیدو مەرج بڕوای بە سێ ڕەنگیی ڕەب هەبێ.

بە باوەڕی من ناکرێو بە هیچ جۆرێك ناگونجێ میللەتە مسوڵمانەکان لەگەڵ میللەتانی مەسیحی ئەوروپادا نە لە ڕابوردوودا، وەك مێژوو بەسەرهات، نە ئێستا بەراورد بکرێن[٤٧]. هەردوو ئایینەکە یەك ڕەنگییو فرە ڕەنگیی بە ڕوونو ئاشکرایی لە ئایدیۆلۆجیو فەلسەفەکەشیاندا ئەنجامی ئەوپەڕی لە یەکتری جیاوازیان لێکەوتۆتەوە، ئەو ئەنجامانەی بە دوو جۆری لە یەکتری جیاواز لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامو ئەوروپای عیساییدا ڕەنگیان داوەتەوە.

٧- ئایینی مەسیحی کە بەرەو ڕۆژئاوا- ئەوروپا کۆچی کردووە، یاخود کۆچی پێکراوە، پاش ماوەیەك گۆڕانی سەرتاپاگیری بەسەردا هاتووە، ئەو گۆڕانانە بوونەتە مایەی ئەوەی تا ڕادەیەکی زۆر بێ شمشێرو توندوتیژی لە ئەوروپادا پەسەند بکرێت. لە ڕۆژهەڵاتدا بابەتەکە بە جۆرێکی تر بووە، ئایین لە ڕۆژهەڵاتدا وەك سەرخان لە سەرەوە بە شمشێر بە سەر کۆمەڵدا سەپێنراوە. ئەم پرۆسەیە زۆرجار سەرتاپاگیر باری کۆمەڵو کۆمەڵایەتییەکەی گۆڕیوە تا ئەو ڕادەیەی دەکرێ بگوترێ کرداری بە عەرەب کردن هەر لەسەرەتاوە لە ئارادا بووە، ئەگەرچی ڕاستەوخۆو مەبەستی ئاشکرای ئەم کارە لەبەرچاو

[٤٧] لە هەردوو سەرچاوەی سەرەکی ئیسلامدا، قورئانو حەدیسی سەحیح، مەسەلەی نەتەوەیی بە ئاشکرا پشتگوێ خراوە. بابەتی بڕواو ئیمانو خواپەرستی خراونەتە پێشەوە. بۆ نموونە لە قورئاندا هاتووە: "انا خلقناکم شعوبا وقبائل.. تا دەگاتە: ان اکرمکم عند الله اتقاکم. هەروەها لە حەدیسێکدا هاتووە: لا فضل لعربي على الاعجمي الا بالتقوى"، خواپەرستییەکە پلەوپایەی مرۆڤ دەردەخات ئیتر مرۆڤ سەر بە هەر نەتەوەیەك بێت گرنگ نییە.

نەبووبێ، بۆ نموونە کۆمەڵی کوردەواری بە هۆی ئایینەوە ئەگەر کەسایەتی جارانی خۆی لەدەست نەدابێ، ئەوا بەشی هەرە زۆری داب‌و دەستورو نەریت‌و ڕێ‌و شوێنی ژیانی کۆمەڵایەتی کوردەواری بۆن‌و بەرامی عەرەبییان لێ دێت، جگە لەو وشە زۆرو زەبەندەی عەرەبی کە باری زمانی کوردییان سەخت‌و قورس کردووە. لەبەرئەوەی هەر لە سەرەتاوە ئەم پرۆسەی بە عەرەب کردنە لە چوارچێوەی ئایینـدا پیادە کراوە، بەبێ بەربەرەکانییەکی بەرچاو جێبەجێ بووە. ئەگەر ئەم لایەنە پتر ڕوونتر بکەینەوە دەڵێین، لە ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەی ڕۆژئاواوە، کۆمەڵ گۆڕراوە یاخود لە سەرەوە گۆڕانی بەسەردا هێنراوە بۆئەوەی لەگەڵ ئایینە نوێیەکەدا بگونجێ‌و ناچار کراوە دەستبەرداری زۆر شتی خۆی بێ کە لە ڕوانگەی ئایینە نوێیەکەوە بە گومڕایی دانراون، کەچی ئایینەکە خۆی تەنیا چەند گۆڕانێکی بچوک‌و هەندەکی بەسەردا هاتووە کە بریتی بووە لە پەیدابوونی چەند مەزهەبێك کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهادەوە) کەوتوونەتەوە بەبێ ئەوەی هیچ جۆرە گۆڕانێکی بەرچاو بەهۆی بارودۆخی جیاوازی وڵاتانی تازە بە مسوڵمان بوو ڕوویدات یاخود جارێکی تر چاوێك بە بنەماکاندا بخشێنرێتەوە، ئەو ڕێبازانەی بەهۆی جیاوازیی هەلومەرجە کۆمەڵایەتی‌و ڕۆشنبیری‌و ئابوری وڵاتانی تازە مسوڵمانبووەوە پەیدابوون، وەك سوونەو شیعە، ئنجا دابەشبوونی سوونە بە چوار بەشەوە جگە لە مەزهەبی وەهابی‌و شیعە بە دوو بەشەوە جۆرە گۆڕانێکی نیوەچڵ لە چوارچێوەی ئایینەکەدا نیشان دەدەن. مەسیحییەت هەر لە سەرەتاوە، یاخود هەر نەبێ بۆئەوەی بڵاوببێتەوە خۆی هاتووە بۆ لای خەڵك‌و خۆی گۆڕیوە بە ڕادەیەك لەگەڵ کۆمەڵە جیاوازەکانی ئەوروپادا بگونجێ، لە ڕوخسارو ناوەڕۆکدا پەرەی سەندووە، بەرەوپێشچووە، شان بە شانی گۆڕان‌و بەرەوپێشچوون‌و پەرەسەندنی کۆمەڵ ئەو خۆیشی بەرەوپێش بچێ. مرۆڤی ئەوروپایی، ئەگەرچی پێویست بووە لە چوارچێوەی ئایین‌و دام‌و دەزگاکانیدا چالاك بێت، ئەوا بلیمەتیی‌و بالادەستیی‌و دەست ڕۆیشتن‌و توانای خۆی تا ڕادەیەکی زۆر بۆ پێشکەوتنی ئایینەکە خۆی‌و لە سێبەری ئایینەکەدا (وەك لوتەر) بۆ بابەتی ترو لە مەیدان‌و بواری تریشدا شان بە شانی یەکتری سوودی لێوەرگرتووەو بەکارهێنراوە. دوور ناڕۆین کە بڵێین لە سەردەمی دەستبەکاری ئایینی مەسیحی ئەوروپادا جوانترین تابلۆو

شاكاره هونەرییەكان. (سیمفونی) و ئاوازە جۆربەجۆرەكانی موسیك لە چوارچێوەی كڵێسەو بۆنە تایبەتییەكانیدا پێگەیشتوون. شاكارەكەی دانتێ بە ناوی كۆمیدیی خواوەندییەوە، خاڵێكی ترە تیشك دەخاتە سەر ڕۆڵی لەباری ئایینی مەسیحیو كڵێسە لەو سەردەمەدا.

ئەگەر مرۆڤ، وەك نرخاندنو هەڵسەنگاندنێكی بابەتییانە، بەبێ ئەوەی لایەنی نالەبار لەبیر بكات، بۆ مەسەلەكە بچێ، دەكرێ، بەبێ پاكانە بۆ كردن، چاو لە دادگای بەناو پشكنینو سزادانو برینەوەی فەرمانی مەرگو سوتاندنی چەند زانایەك بپۆشرێ، مەسیحییەت بە پێچەوانەوە ئەگەر گازی هەبووبێ، ئەوا لەلای خۆیەوە بازیشی هەبووە. ئەگەر لە سەرەتاداو دواتریش لەبەردەم زانستو فەلسەفەدا كۆسپ بووبێ، دواتریش وردە وردە، لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی كۆمەڵ گونجاوە، سودی لە تاقیكردنەوەكان وەرگرتووە.. بۆ نموونە دامودەزگاكانی، لە چوارچێوەی گۆڕانو پەرەسەندندا، بۆیان ساغ بۆتەوە كە درێژەپێدانی دەسەڵاتو كۆنتڕۆڵكردنی كۆمەڵ، ڕاكێشانی پتر لاوی خوێن گەرم بۆ لای خۆیان پێویست بەوە دەكات لە بوارە جیاوازەكاندا هەنگاو بهاوێژرێ.

چەندین دامودەزگای خوێندن لە چوارچێوەی دامەزراوەكانی كڵێسەدا كراونەتەوە، خەڵك هاندراون فێری خوێندن ببن بۆ ئەوەی بتوانن ئینجیل بخوێننەوەو بۆئەوەی كادیری نوێ بۆ كڵێسە پێ بگەیەنن، لە هەنگاوێكی دواتردا بۆ برەوپێدانی ئەم پرۆسەیە كتێبە ئایینییەكە خۆی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی نەتەوەكانی ئەوروپا. مارتن لوتەر ئینجیلی كردووە بە ئەڵمانیو دوای داهێنانی چاپخانە لە ئەڵمانیا، یەكەم كتێبێك كە پێی چاپكرابێ، هەر چوار ئینجیلەكان بوون. بۆ پەیداكردنی قەشەو ئابوناو لاهوتی، چەندین دەزگا كە لە دواییدا بوون بە زانكۆ، كراونەتەوە، زانكۆی سۆربۆنی فەرەنساو ئۆكسفۆردی ئینگلیزو كۆلۆنیای ئەڵمان دیاری كڵێسە بوون بۆ ئەو میللەتانە، ڕاستە لە سەرەتادا بەلاتینی ئایینیان تیادا خوێنراوەو لاهوتیان تیادا گوتراوەتەوە بەڵام لە دواییدا بوون بە سەرچاوەی زانستو فەلسەفەو ئەو زانكۆ بەناوبانگانەی ئەم سەردەمەیان لێكەوتۆتەوە. لەم دەزگایانەدا سانت ئۆگستینو تۆماسی ئەكوینو گالیلۆ و ڕۆجەر بیكۆنو دەیانی تر پێگەیشتوون، نوێژو كۆڕی یەك شەممان لە كڵێسەدا هانی دانانی چەندین شیعرو ئاوازی

مۆزیکی داوە، جوانترینی شاکارو سیمفۆنیەکان کە لە ئەوروپادا پەیدابوون، بە هاندانی کڵێسە بووە. دیوارەکانی کڵێسەکان بە جوانترین تابلۆو وێنەی هونەریی هونەرمەندان ڕازێنراونەتەوە. سەردانی کاتیدرایی‌و دۆمی کۆڵن‌و مونیستەر لە ئەڵمانیا لە دەڤەری نۆرد راین ڕاستی ئەم قسەیە دووپات دەکاتەوە. خانووبەرەو بیناسازی‌و ئەندازەو ئەندازیاری تا ڕادەیەکی هەستپێکراو بە یارمەتی‌و پشتیوانی دامودەزگاکانی کڵێسە پەرەیان سەندووە. دۆم‌و کاتیدرایی، سەرەڕای کڵێسە زەبەللاحە ڕازاوەو ڕەنگینەکانی سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپا لە دەستبەکاریی مەسیحییەتەوە کەوتوونەتەوە.

٨- ئەوروپا کاتێك ئایینی مەسیحی تیایدا بڵاوبۆتەوە، قوتابخانەو ڕێبازی هەمەجۆرەی فەلسەفەو سیاسەت‌و ئەفسانە ئەستێرەشوناسی تیادا بووە. وەك سەرچاوە مێژووییەکان لەم بارەیەوە ڕاپۆرت دەکەن، فەلسەفەی یۆنان بە تایبەتی ستۆوا، فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نوێ‌و ئەفلۆتین لە کۆڕو کۆمەڵەکاندا دەستبەکار بوون. لە لاکەی ترەوە ئیمپراتۆریێتی ڕۆم‌و سیستەمی کۆیلایەتی ناوەڕۆك‌و ڕوخساری لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابوری‌و سیاسی کۆمەڵیان ڕەخساندووە.

مەسیحییەت لە سەرەتادا تا ڕادەیەك سوودی لەم دیاردانە وەرگرتووە، بە تایبەتی لایەنی نامادی ئەم فەلسەفە جۆربەجۆرانە کە لەگەڵ دوگماو لاهوتی ئاییندا تەبا بوون. لە لایەنی سیاسیدا زیرەکانە ئەگەر بە بەڵێن‌و قسەش بووبێ، لە بەرامبەر جەورو ستەمی کاربەدەستان‌و دژی ئازاردانی کۆیلە، خۆی بە ئایین‌و ڕزگارکەری چەوساوەو ژێردەستەو بەندو کۆیلەکان نیشان داوە.

وا پێدەچێ لە لایەنی لاهوتی‌و ڕێ‌و شوێنەکانی بڕوادا سوودێکی زۆری لە ئەفلۆتین‌و فەلسەفەکەی وەرگرتبێ، بە تایبەتی لەو لایەنەدا کە مادە بە سەرچاوەی بەدکاری دادەنێ‌و بە چاوێکی کەم زانین تەماشای ژیانی ئەم جیهانە دەکات. فەلسەفەی ئەفلۆتین کە بە ئاشکرا سەردەمی سیستەمی کۆیلایەتی بەرجەستە دەکات، بە چاکترین شێوە لەلایەن دەمڕاست‌و ڕابەرانی ئایینی مەسیحییەوە سودی لێوەرگیراوە. ڕاستە ئەو داکۆکییەی مەسیحییەت لە کۆیلەی کردووەو ئەو ڕێگاچارەسەرییەی بۆی داناوە، ئەگەر ئەمڕۆ بەچاوی سەردەمی ئێمە سەرنج بدرێت، ئەوپەڕی سادەو کاڵ‌و کرچ دێتە بەرچاو، بەڵام لە

چوارچێوە مێژووییەکەی خۆیدا لەم چارەسەرە چاکترو ڕاستەقینەتر لە توانادا نەبووە. خەسڵەتێکی فەلسەفەی مەسیحییەتو سەردەمی کۆیلەیەتی نەفرەتکردنە لە ماددەو ڕووکردنە گیانو ڕوحانییەتە. ئەفلۆتین سوارچاکی ئەم مەیدانە بووە. پرۆفیسۆر ئەلبێرت لەنگە وا ڕایگەیاندووە کە ئەفلۆتین، ڕابەری ڕێبازی ئەفلاتونیزمی نوێ ئەوەندە ماددە بە لایەوە دزێوو ناحەز بووە، شەرمی لە خۆی کردووە کە لە لەشێکی ماددەو (گۆشتو ئێسقان)دایەو هیچ جارێك نەیویستووە بڵێ ئەو لە کام دایكو باوکێك کەوتۆتەوە[48].

ئەم لایەنەی فەلسەفەی ئەفلۆتین کە وەك بە تایبەتی بۆ سودو قازانجی ئایین دانرابێو پاکانە بۆ سیستەمی کۆیلەیەتی بکات، بە تەواوەتی لەگەڵ جیهاندیدی مەسیحیدا یەکی گرتۆتەوە. عیسا خۆی مژدەی مەملەکەتی (ڕەب)ی بە خەڵك داوەو هیچ کاتێك سەرگەرمی کاروباری جیهانو ژیانی ڕۆژانە نەبووە. بە ئاشکرا داوای لە خەڵك کردووە هەرچی هەیانەو نیانە دابەشی بکەنو شوێن ئەو بکەون. مەملەکەتی قەیسەری بە هیچ زانیوەو بانگەشەی بۆ مەملەکەتی ڕەب کردووە. بەڵگەیەك کە ساغی دەکاتەوە مەسیحییەت ئایینی قۆناغی کۆیلایەتییە، هەڵوێستێتی بەرامبەر ژیانی ئێستاو زانینو زانست. ئەو شتانەی ئەم ئایینە سەرگەرمیان بووە، زۆر کەم پەیوەندییان بە زانستەوە هەبووە، بەڵکو پتر بایەخ بە سوککردنی ژیانی ئێستا لەبەرچاوو گەڕانەوە بۆ بنەماکانی ئایین دراوە. هەر ئەم خەسڵەتە دیارەی مەسیحییەت بووە وای لە دکتۆر فۆرلێندەر کردووە بڵێ: ئەو شتانەی مەسیحییەت بڵاوی کردوونەتەوە.. بە تایبەتی چ هێزێك چۆتە ژێر کڵێسەی عیساوە، چ ئەرکێکی پێ سپاردووە.. مردنەکەیو چوارمێخەکەکێشانەکەی.. لە گۆڕ هەستانەوەیو زیندووبوونەوەی چەند شتێکی بە پێچەوانەی ئەقڵو ژیری ئاسایی مرۆڤەوەن، ئەگەر بێتو مرۆڤ لە سەرەتاوە بەبێ چەندو چۆن بڕواو ئیمانی بەو ئایینە نەبێ[49]. ناشتوانرێو بگرە لە کردن نایەت وا بە ئاسانی مرۆڤ تێیان بگات. من ئەم ڕەخنەیەی فۆرلێندەر، وەك ئەنجام بەڕاست نازانم، چونکە ئایین لە خۆیدا بەندە بە (موعجیزە)، ئەمەش شتێکە، هەر نەبێ وەك لایەنگیرانی دەڵێن، هەموو سنوورێکی ژیری مرۆڤ دەبەزێنێ. مەسیحییەت بۆ

[48] Lange, A. Geschichte des Materialismus. Bd. I. St W. 70. 5. 154.

[49] Vorlaender, k. philosophie des Mittelalters. Ro 193. Munchen 1967.

ساغكردنەوەی تایبەتمەندی خۆی لەچاو ئایینی جولەكە ناچار بـووە ئـەم لایەنانـە جـێگیر بكات لـە لایـەكی تـرەوە، رەخنەكـە خەسـڵەتە سـەرەكییەكانی ئـەو هەلومـەرج و دەوروبـەرو هۆكارە مێژووییە پشتگوێ دەخات، كە ئایینەكە تیایدا سەری هەڵداوە.

میراتی شارستانیەتی پێشكەوتوو، لە چاو سەردەمو پاش خۆی بۆ مەسیحییەت بە چاكە گـەڕاوەو ئەوپـەڕی سـوودی لێـوەرگیراوە. تـەوراتێكی ڕێكوپێـك خـۆیو جیهـان دیـدو ڕێو شـوێنەكانی لەبەردەسـتدا بـوون، ڕابـەرانی مەسـیحیو لـە دواییـدا كڵێـسە بـە جـۆرە بژاركردنێكەوە سوودیان لە قانونو ڕێو شوێنەكانی جولەكـە وەرگرتـووە، وردە وردە بـوون بە ڕێكخراوێكی سەرتاپاگیری كۆمەڵایەتی كە لە بـواری ئایـدیۆلۆجیو بـڕوادا لـە بۆچـوونو جیهانبینی فەلسەفە- لاهوت، ئیمانو تەوراتو چەند ئینجیلێك پێكهاتووە بـۆ ڕەواندنـەوەی سڵكردن لە ئایینی جولەكە ناوێكی تایبـەتییان بـۆ تـەورات دۆزیوەتـەوە نـاوی تێـستەمێنتی كـۆن بەرامبـەر بـە ئینجیـل، كـە تێـستەمێنتی نـوێی پێـوتراوە. دەزگاكـانی لاهـوت ئـامێزی مەسیحی توانیویانە زیرەكانە جۆرە تەرازوویەك لـە نێـوان بۆچـوونی لاهـوتی فەلـسەفەیی- بارودۆخو ڕەوشی كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابوری ئەو سـەردەمەدا ڕابگـرن. بـە بـاوەڕی لـۆرد ڕەسڵ[50] كە من جۆرە ڕاستییەكی تیادا بەدی دەكەم، كڵێسە جگـە لـەو لایەنانـەی باسـكران، چەند شتێكی تری خواسـتۆتەوە كـە پەیوەنـدییان بـە لایـەنی پەرسـتنو خواوەنـدو ئایینـە ڕۆژهەڵاتیەكانەوە هەبووە. بەڵام ڕەسڵ، ئەوی سەرنجڕادەكێـشێ، بـە تـەواوەتی چـاوی لـەوە نوقانـدووە كـە ئەگـەر كڵێـسەو مەسـیحییەكان لـە میراتـی ڕێبـازو ئـایینو ڕێو شـوێنە جۆراوجۆرەكانی دەوروبەرو سەردەمی خۆیان سوودیان وەرگرتبێ، بۆ دامەزرانـدنی كۆشـكی دیـدو جیهانبینییەكـەیان ئـەوا ئـەم كـەڵك وەرگرتنـە كۆكردنـەوەو هەڕەمەكییانـە نـەبووە، بـەڵكو ئەوپـەڕی وردەكـاریی، دەسـتڕەنگینی، بلیمـەتیو كارامـەیی پێـوە دیـارە، دەسـت ڕەنگینییەك تایبەتمەندیو خەسڵەتەكانی مەسیحییەت نیشان دەدات.

وەك ئاشـكرایە، عیـسا بـە ڕەچـەڵەك بـن جـوو بـووە، لـە پەرسـتگا بەناوبانگەكـەی جولەكــەكان لــە ئۆرشــەلیم پایتــەختی ئێــستای ئیــسرائیل وتــاری خوێندۆتــەوەو ئامۆژگارییەكانی بـۆ ئامـادەبووان ڕاگەیانـدووە، فیلـون، سەرچـاوەیەكی لاهـوتو فەلـسەفەی

---

[50] Russell, B. Philosophie des Abendlandes. Munchen, 2000. S. 323. s. 14.

مەسیحیو فەیلەسوفی بەناوبانگی سەرەتای سەدەکانی ناوەڕاست جولەکەیەکی ئەوپەڕی شارەزای تەورات بووەو لە سەردەمی عیسای مریەمدا ژیاوە، پاولۆس ئەندازیاری دامەزرێنەری کۆشكو تەلاری مەسیحییەت لە ئەوروپادا جولەکەیەکی ئەوپەڕی بلیمەتو شارەزا بووەو دوای چوارمێخەکەکێشانی عیسا وازی- لە ئایینەکەی هێناوەو لە پڕ بووە بە ڕابەرو پەیامبەری یەسوعی مەسیحو ڕێو شوێنو ئامۆژگاریو پەیامی داناون. ئەمانە هیچ کەسێك لاری لێیان نییە، بەڵام مەسیحییەت وێنەو كۆپی بێگیانی جولەکە نییە، مەسیحییەت لە زۆر شتدا پشتی لە ڕێو شوێنو بنەماکانی عیبرانییەکان کردووەو هەندێك لایەنی ڕەت کردۆتەوەو بە ڕاستی دانەناون.

مرۆڤی مەسیحی، ئەگەر خاوەن بڕواو ئیماندار بووبێتو بە دڵو گیان پەیڕەوی ئەو ڤسانەی کردبێ کە یاوەرەکان بە زمانی مەسیحییەوە لە ئینجیلەکانیاندا نووسیویانە، هەرگیز شانازی بە نەتەوەکەیەوە نەکردووە.

ئەگەرچی جولەکە ئایینە، بەڵام تاکە میللەتی جیهان تەنیا جولەکەیە کە وەك عیبرانی شانازی بە نەتەوەیی خۆیان دەکەنو خۆیان وەك نەتەوە بە هەڵبژاردەی ڕەب دادەنێن. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێو وا بە ئاسانی لێك نادرێتەوە، دیاردەی شانازی جولەکەیە. لە سەرانسەری جیهانو لەنێو هەموو کۆمەڵەو میللەتاندا وا باوە ئەگەر میللەتێك لە جەنگدا شکا یاخود نەهامەتیو کارەساتی بەسەردا هات دڵی دەڕەنجێو دەشکێ، هەستی بریندار دەبێ، ئەو هەستکردن بە شکۆمەندیو شانازییەی جارانی نامێنێ، گۆشەگیر دەبێ، ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت، بە خۆیدا دەچێتەوەو هۆکاری تێشکانو ئەنجامەکانی توێ توێ دەکات.. هتد، کەچی جولەکەکان بە پێچەوانەوە لە کاتی شکانو لێقەوماندا پتر شانازی بە خۆیانەوە دەکەن، لاف لێدەدەن گوایە هۆی ئەو تێشکانو نەهامەتییەیان ئەوەیە سەرکێشییان لە فرمانو ڕاسپاردەو ئامۆژگارییەکانی خواو ڕێو شوێنی تەوراتو تەلمود کردووە. بڕواو ئیمانیان بە بەهێزییو گەرمو گوڕیی جارانی نەماوە، نوێژو خواپەرستیی بە شێوەو جۆری پێویست ناکەن. بۆیە ڕەب غەزەبی لێگرتوونو ئەمەی بەسەر هێناونو بەو مەرەیەی بردوون. ئەم بیرۆ بۆچوونەو ئەم پاکانەکردنە بەلای مەسیحی ئیماندارەوە پەسەند نییە. جولەکە ئایینە نەك نەتەوە. ڕاستە بلیمەتانی دنیا جولەکە بوونو

جولەکەن، ئەمە دەکرێ مایەی جۆرە شانازییەك بێت، بەڵام نەك بە لاکەی تریدا. دوور نییە بوترێ لە مەسیحیو ئیسلامیشدا هەمان شت هەیە ئەوەتا لە مەسیحیو ئنجا لە دواییدا لە ئیسلامدا وتراوە کە مسوڵمانان "خیر امە.." بەڵام لێرەدا هیچ جۆرە نەتەوەپەرستییەکی وەك "عیبرانییەکان" بەدی ناکرێت، بەڵکو بڕوا (عەقیدە) مەبەستە.

٩- مەسیحییەت وەك ئایینو وەك دامەزراوو دامو دەزگای دەوڵەتی دنیایی لە دەوروبەرێکدا پەیدابووە، گەشەی کردووە زۆر لە هی سەردەمی ئێمە جیاواز بووە، وەك لە هاوردەکانی سەردەمی خۆی سودمەند بووە، خۆیشی ڕۆڵو سەنگو قورسییەکی هەبووە کاری تێکراوەو کاردانەوەی هەبووەو کاری لە دەوروبەری خۆی کردووە، بۆیە من تێزەکەی پرۆفیسۆر کوپلستون، مامۆستای فەلسەفە لە ئۆکسفۆرد بە ڕاست دەزانم کە لەو باوەڕەدا بووە، بەبێ گوێدانە کرداری تاکەکەسان لە سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپادا بڕوایەکی ڕێکوپێكو تەبایی ئایینی لە ئارادا بووە، چۆن ئایین، لاهوت، سودیان لە دەوروبەر وەرگرتووە، "بڕوا ئیمانی ئایینیش لەلای خۆیەوە کاری لە فەلسەفەو دەوروبەر کردووە، بیری فەلسەفە[51] نەك تەنیا هەر لە لایەن قۆناغی پێش خۆی، بەڵکو لە لایەن قۆناغی مێژوو سەدەو هۆکاری نافەلسەفیشەوە وەك ئایین کاری تێدەکرێت". ئەم کارتێکردنەو کارلێکرانە شتێکە کەس لاری لێ نییە، بەڵام بابەتەکە بە تەواوەتی ئەم سنورەی بەزاندووە. فەلسەفە لەو سەردەمەدا کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەیەیە، تا ڕادەیەکی بەرچاو کەوتبووە ژێر دەسەڵاتی لاهوتەوە، تەنانەت بە چاوێك تەماشا کراوە خزمەتکاری لاهوت بێ! فەلسەفە لەم ئەرکەیدا کە ئایینو لاهوت بە تۆبزی پێیان سپاردووە، بەوپەڕی تواناوە ڕۆڵی خۆی گێڕاوە. هەر لە سەردەمی سانت ئۆگوستین بەدواوە هەوڵ دراوە بەڵگەی فەلسەفەیی بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەبو سێ ڕەنگی یەکەی (باوك، ڕۆڵە، گیانی پاك)، داکۆکی کردن لە جیهانبینی کڵێسەو بڕوا ئایینیەکان، بەهەشتو دۆزەخو هتد.. بدرێتە دەست.

سەرەڕای ئەم گیروگرفتانەی ڕۆژانە فەلسەفە دووچاریان هاتووە، بە تایبەتی زۆر شت لە بڕوای مەسیحییەتدا هەیە، بە هیچ جۆرێك ناکرێت بە مەنتیقو بەڵگەکانی ژیر پشت

[51] Copleston, F., C. Geschichte der philosophieim Mittelalter Munchen 1976. s. 14.

ڕاست بکرێنەوە، فەلسەفە، وەك ئاشکرایە، پەنا دەباتە بەر ژیر، لاهوت بە ئیمانو بڕواو باوەڕ پشت ئەستورە، جگە لەم گرفتانە، فەلسەفە چارەسەرێکی داوەتە دەست کە تا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن بەرەو ڕێبازە جۆربەجۆرە ئایینییەکانەوە بە سڵو پارێز سەرنجیان داوەو پتر باری سەرشانی فەلسەفەی قورس کردو چارەی فەیلەسوفەکانی دزێوو ناحەز کردووە.

وەك خۆ ڕزگارکردنێك لەژێر چنگی لاهوتی مەسیحیو دەزگا ستەمکارەکانی کلێسەو بۆچوونەکانی کە لەگەڵ بنەماکانی ژیر ناتەبان، فەلسەفە هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە دوو جۆر ڕاستی (هەقیقەت) هەیە. ڕاستییەکانی ئایینو ڕاستییەکانی ژیرو فەلسەفە. ڕاستییەکانی لاهوت پشت بە بڕواو ئیمان دەبەستن وەك بنەماکانی ئایینی مەسیحی، ئەمانە لە سەرو توانای تێگەیشتنی مرۆڤو ژیرەوە تەنیا ئەوەندە بەسە کە مرۆڤ بڕوایان پێبهێنێ، چونکە، وەك لاهوت دەڵێ، لە بەرامبەر ناخۆشیو تەنگژەو سەختی کێشە تۆقێنەرەکانی ژیاندا، ئەم ڕاستییە، ئەم بنەمایانە دڵنیاییەکی ناوەکی بە ناخو دڵو دەروونی مرۆڤ دەبەخشن، ئەمانە بەشێك لەو لایەنە پێکدەهێنن کە بە موعجیزەکانی ئایینی مەسیحی ناودەبرێن. موعجیزەش لە خۆیدا شتێکە هەموو سنوری سروشتیو ئاساییو ژیر دەبەزێنێ. بۆ نموونە هیچ ژیرێك ناتوانێ ساخی بکاتەوە کە کچ بەبێ ئەوەی پیاوێك بەدەست بیگرێت منداڵی ببێ، وەك مەسەلەکەی مریەمی دایکی عیسا!

جۆری دووەم ئەو ڕاستییانەن کە لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا پشت بە سەلمێنەو بەڵگەی ژیر دەبەستن.

زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوفو لاهوتییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە کلێسەدا گۆش کرابوونو لە دامودەزگا جۆربەجۆرەکانیدا پێگەیشتبوون وەك ڕاستییەکی لاهوتی- ئایینیی بڕوایان بە نەمریی نەفسی مرۆڤو ژیانی دوای مردنو قیامەتو بەهەشتو دۆزەخ هەبووە، بەڵام بە تەواوەتی لەو باوەڕەدا بوون ئەم ڕاستییانەی لاهوت لە توانای هیچ کەسێکدا نییە بە سەلمێنەی ژیرو بەڵگەی فەلسەفە پشت ڕاست یاخود پوچەڵیان بکاتەوە. بۆیە مرۆڤ ناهەقی نییە ئەگەر بڵێ زۆربەی ئەو پرسیارانەی ئەو سەردەمە کراونو ئەو بابەتانەی قسەیان لێکراوەو وەڵامەکان کە دراونەتە دەست لە بوارێکی دیاریو ڕەوشێکی تایبەتیدا

سەریانهەڵداوە، ئەوی بڕوای بە ئایینەکە خۆیو بە بنەماکانی نەبێ، بە لایەوە ئەم پرسیارو وەڵامو بابەتانە کە مۆرکێکی مێژووییان پێوە دیارە بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، چونکە لە توێکڵی بێ ناوك بەولاوە نین ئەگەرچی زیرەکانە توانای زمان زانینیان تیادا بۆ دارشتنی بابەتەکان بەکارهاتووە. هەروەها لە ڕاستی لانادەین کە بڵێین، لە ئەورووپای مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئایین بووە بە ئایدیۆلۆجییەکی سەرتاپاگیر، دەستی بەسەر قەدەغەو پاوانی مەڵۆیەکانی زانینو زانستو ئاکارو هونەرو ئەدەبدا گرتووە، جگە لەوەی فەلسەفە بە تۆبزی کراوە بە خزمەتکارێك شتێك بڵێت سوودو قازانجی ئاغاکەی تیادابێو لەگەڵ بنەماکانی خۆیدا ناتەبا بێت! هەر ئەم هەڵوێستو ڕەوشە پڕ زەبرو زەنگو دەسەڵاتە پۆلایینەی ئایینی مەسیحیو کڵێسە بوون بە سەختترین کۆسپ لە بەردەم پەرەسەندنی کۆمەڵو شارستانییەتدا. کۆسپێك بەلای کەمەوە چەندین سەدە مایەی پەکخستنی بیرکردنەوەی ژیری مەنتیقی بووە لەوەدا کە ژیانی ئەم جیهانە ڕاستەقینەی لەبەرچاوی خەڵك خستووەو وەك وەهمو خەیاڵو ئەندێشە نیشانی داوەو ژیانو جیهانێکی تر کە نەهاتووەو ناشزانرێ کەی دێتو کە لە ڕوانگەی زانستەوە لە هیواو ئاواتی مرۆڤی ئەندێشە تیژو بە سۆز بەولاوە نییە بە ڕاستیو ڕاستەقینە داناوە.

لە ژینگەی نوێ، لە ئەورووپادا کەلەپوری میللی ئەوسا، قانونو دەستورو ڕژێمی سیاسی ڕۆم لەگەڵ ئایینی مەسیحی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاوردە، ئاوێتەی یەکتری بوونو ئایینەکە زیرەکانە توانیویەتی ڕەنگی ژیانو کۆمەڵ لە چوارچێوەیەکی تردا بڕێژێ. فەلسەفەیەکی ناوەڕۆك دیاریکراو شان بە شانی لاهوت بە تایبەتیو ئایین بە گشتی چوزەرەی دەرکردووە، ئەو فەلسەفەیەی دوولایەنو بەرە لەسەر ناوەڕۆکەکەی هاتو هاوارو بگرەو بەردەو کێشەیان بووە، فەلسەفە یان ئایین! ئایا دەکرێ فەلسەفەی ئەو سەردەمە ناوی مەسیحی لێبنرێت؟ مرۆڤ چ لەم ناوە تێدەگات؟ دەکرێ فەلسەفەیەك ئەگەر بابەتەکانی لە ئایینێك بخوازێتەوە ناوی ئایینەکەی بەسەردا ببڕێ؟ باشە لەم ڕەوشەدا ڕۆڵی فەلسەفەو سەربەخۆیی میتۆدو پەیڕەوەکەی چی دەبێ؟

بە بۆچوونی من هەموو پرسیارو بۆچوونەکانی لایەنی ڕاستو لایەنی ناڕاستیان تیادایە. لە لایەکەوە ئەم فەلسەفەیە لە باوەشی ئایینو لە سێبەری کڵێسەی مەسیحیدا گۆشکراوە،

هەموو فەیلەسوفەکان شان بە شانی لاهوتیو پزیشكو زاناکان لەو سەردەمەدا لە دەزگا ئاینییەکانی مەسیحیدا خوێندویانەو هەر لەوێ پێگەیشتوون، لە لایەکی ترەوە، شتێکە ڕاستەو لەبەرچاو هیچ شارەزایەك ون نابێ کە ئەم فەیلەسوفانە، ئەم فەلسەفەیە هیچ کاتێك بە لای ئایینەکەوە پەسەند نەبووە، هیچ کاتێك لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی مەسیحییەتدا تەباو گونجاو نەبووە. مەسیحییەکان خۆیشیان بە دڵیان نەبووە ناوی ئەوان بدرێتە پاڵ ئەم فەلسەفەیەو بابەتەکانی.

وەك شتێکی گومان هەڵنەگر وایە کە ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی فەلسەفەدا باسکراونو بە سەلمێنەو بەڵگەی فەلسەفە پشت ڕاست کراون یاخود پوچەڵ کراونەتەوەو دڵی لێیان کرمێ بووە، لە قەدەغەو پاوانی ئایینی مەسیحیو لە ژینگەو دەوروبەری کڵێسەدا سەریان هەڵداوە، بیرۆکەی ڕەب، سێ ڕەنگیی گیانو نەفسو لەش، ماددەو سروشت، جیهانی بەرهەستو ترانسندنتی، مردنو ژیان، داهێنان (خەلق) ئازادی خواستو چارەنووسو ناچارەکیی، گوناهو ئۆباڵ کەوتنە ئەستۆ هتد.. ئەو بابەتانە بوون کە فەلسەفە سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان بووەو بە ئاشکرا لە پاوانی کڵێسەو ئایینەکەیدا سەریان هەڵداوە. لێرەدا دەبێ دوولایەنی تر لەبەرچاو بێ کە بە باوەڕی من ڕەوایەتی ناوی مەسیحییەت بۆ فەلسەفەکە لاواز دەکات:

**یەکەم،** ئەو پەیڕەوەی لە توێتوێکردنو توێژینەوەی ئەم بابەتانەدا بەکارهاتووەو گیراوەتە بەر پەیڕەوێك بووە لە جیهانی فەلسەفە خۆیەوە کەوتۆتەوە، بەو واتایەی پەنا براوەتە بەر ژیرو شیکردنەوەو سەلمێنەی مەنتیقو پشتبەستن بە قسەی پیاوچاکانو سروشو ئینجیل بە پلەی دووەم هاتووە.

**دووەم:** ئەو ئەنجامانەی لەم لێکۆڵینەوانە کەوتوونەتەوە، تا ڕادەیەکی گومان هەڵنەگر بە لای دامو دەزگاکانی مەسیحییەتو لاهوتەوە پەسەند نەبوون*.

*بڕوانە قەبالەکەی قەشە تێمپیری پاریس. گۆڤاری ڕامان- هەولێر ژمارە/ ٩٤-٩٥ ساڵی ٢٠٠٥.

بۆیە من بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی مامۆستا یوسف کەرەم** و پرۆفیسۆر جیلسونی فەرەنسایی و پرۆفیسۆر فلەش- ئەڵمانی، لەو باوەڕەدام کە ناوی مەسیحییەت پڕ بە پێستی ئەم فەلسەفە نییە، لەبەر ئەم دوو هۆیانە کە خستمانە بەرچاو کە فەلسەفەیەتی فەلسەفەی ئەم قۆناغە چ لە پەیڕەوو چ لەو ئەنجامانەی لێی کەوتوونەتەوە ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوەو تا ڕادەیەکی زۆر لە بابەت پەیڕەو جیهانبینی لاهوت و کڵێسە، وەك بابەتێکی سەربەخۆ جیای دەکەنەوە. نابێ ئەوەشمان لە یاد بچێ کە هەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، لە ڕۆژهەڵات و باشوری ئیسپانیا (ئەندەلوس) دوو فەلسەفەی تر گەشەیان کردووە، فەلسەفەی جولەکە، کەڵە فەیلەسوف و لاهوتی وەك موسا بن مەیمون، ئبن لاوی و ئیسحاق بن جەبرول[52].. هتد، بەردی بناغەکەیان داناوە.

لە ڕۆژهەڵات و باشوری ئیسپانیادا، فەلسەفەیەکی بەپێز پەیدابووەو ڕۆڵەی ئەو میللەتانەی بوون بە مسوڵمان بە زمانی عەرەبی (زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات) تۆماریان کردووە، وەك کندی بن جوو، بەیرونی ئۆزبەکی، غەزالی ئەفغانستانی، فارابی (ئازەری- تورکمان)، ڕازی ئێرانی، بن خەلدون بەربەر (ئەمازیغی)، ئبن سینا (باوك فارس و دایك تاجیکی) و ئەستێرە شوناس و ماتماتیك زان کە ناوەکەی بەخۆیەوەیەتی: خەواریزمی.. هتد. ئەم فەلسەفە، ئەگەرچی ئەم تێزەیە سەیر بێتە بەرچاو، جۆرە پرۆسەیەکی تیادا دەبینرێ، جۆرە ئەمەکێك نیشان دەدات، دوای بزوتنەوەی ناسراو بە وەرگێران سودی لە فەلسەفەی یۆنان- ئەوروپا وەرگرتووە، دوای گەشەکردن و خەت و خاڵ دانی، جارێکی تر لە لایەن جولەکەکان و عیسایییەکانەوە کراوەتەوە بە لاتینی و گەڕاوەتەوە بۆ ئەوروپا!

١٠- وەك خەسڵەتێك کە لە بابەتەکانی هەرسێ فەلسەفەی مەسیحی و ئیسلام و جولەکەدا دەردەکەوێ، بە تایبەتی ئەو بابەتانەی کە لە سروشت و دەوروبەردا هەن و دان بە بوونیاندا

---

**کرم، یوسف، تأریخ الفلسفه الاوروبیه فی العصر الوسیط دار المعارف ١٩٥٧
-Gilson, E. Der Geist der mittelalterlichen philosophie wien 1950.
-Flasch, K. Einfuehrung in die philosophie des Mittelalters. Darmstadt 1994.

[52] زۆرربەی ئەم فەیلەسوفانە بە زمانی عەرەبی و عیبری بەڵام بە پیتی عیبری نوسیویانە:

-موسی بن مەیمون: دلائل الحائرین. من تەرجەمەی ئەڵمانی ئەم کتێبەم دیوە.

-ابن اللاوی: الحجه والدلیل فی نصرة الدین الذلیل.

نراوە، دوو ڕەنگییەکی ئاشکرا بەدی دەکرێت. جگە لەوەی کە لە ئیسلامدا یەك ڕەنگیی خواو لە جولەکەدا یەك ڕەنگیی ڕەبو لە مەسیحییەتدا سێ ڕەنگیی پشت ڕاست کراوەتەوە، ئەم دوالیزمە سەرمەشقی کێشەو ناوەڕۆکی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست بووە. لە کاتێکدا پلەوپایەی ڕوحانییەت لە ڕادەبەدەر بەرز کراوەتەوە، ئەوەندەی تر مادده بە چاوێکی سوك تەماشا کراوەو ئۆباڵی تاریکیی‌و بەدکاریی خراوەتە ئەستۆی! لاهوت، ناچارەکی، ڕوخسارێکی میتافیزیکی پێ بڕ دراوە، بەسەر دەستەی زانستەکان‌و لەسەرو مەنتیق‌و دیالێکتیك‌و ڕێزمان‌و هونەر هتد.. دانراوە.

بەرامبەر بە جیهانی هەبووی سنوردار، هێزێکی سەرو سروشتی لە ڕادەبەدەرو ڕۆحانی-گیانی ڕووت بە سەلمێنەو بەڵگەی جۆربەجۆر کۆششی ساغکردنەوەی کراوە. کێشە لە نێوان ڕۆڵی ژیرو بڕواو ئیمان بەوپەڕی توندی‌و تیژیی بەرپا بووە. وەك ڕێگەچارەیەکی خۆ قوتارکردن لەو ئەنجامانەی لە فەلسەفە کەوتوونەتەوەو تا ڕادەیەکی زۆر دڵیان لە دوگماکانی کڵێسە کرمێ کردووە، بایەخ بە مەنتیق‌و بابەتەکانی دراوەو کێشەی پێنج هەمەکییەکە کە لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە (کوللیاتی خەمسە) ناسراوە[53] بە دەیان باس‌و خواسی لەسەر کراوە. جگە لە توێ توێکردنی ئەو چەمکانەی پێشتر ئەریستۆتلس لێیانی کۆڵیبۆوە، خراونەتە سەر خوانی باسکردن، وەك: چەمکی جەوهەر، چەندێتی، چۆنێتی، پەیوەندیی جێگا، کات، شوێن، ڕەوش، هەبوون، کردن، گیرۆدە.

دوو ڕەنگیی بوون، جەوهەرو ڕووکەش، هەمەکی‌و هەندەکی‌و چەمکەکان لەگەڵ بەڵگەکانی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب بە پێزترین بابەتی فەلسەفەکە بوون، ئەگەر کێشەی چارەنووس، خواستی ئازاد بخرێنە سەریان. لە زۆر بەرهەمدا لەوە کۆڵراوەتەوە ئایا گشتی‌و تایبەتی، هەمەکی‌و هەندەکی بۆ خۆیان‌و لە خۆیاندا هەن یاخود تەنیا لە بیرو مێشکی بیرمەندا وەك بوونەوەری وێنە ئاسا هەن!؟ ئایا ئەمانە جەوهەری لە شین یاخود نالەشین‌و لە شتە بەرهەستییەکان جیاواز یاخود لەواندا هەن؟ کێشەی نێوان مەنتیق‌و میتافیزیك‌و هۆکارو فۆرم‌و ناوەڕۆك بە پلەی دووەم جێگای بایەخ پێدان بوون.

---

[53] پێنج هەمەکییەکەی ئەریستۆتلس کە فورفۆریوس دواتر پەرەی پێداون ئەمانەن:
١-ڕەگەز (جنس) ٢-جۆر (نەوع) ٣-جیاکار (فصل) ٤-گشتی ٥-تایبەتی.

ئەو پرسیارانەی بە گشتی لەم بوارە جیاوازانەدا بە بیردا هاتوونو توێ توێ کراونو وەڵامیان دراوەتەوە، ئەگەرچی بلیمەتییەکی ئاشکراو بەرچاویان تیادا بەکارهاتووە بە تایبەتی لەو بەڵگەو دارشتنانەی سەلمێنەکانو ئەو ئەنجامانەی لێیان کەوتوونەتەوە، بەڵام پتر دەست رۆیشتن لە بواری زمانو بەکارهێنانی وشەدا دێتە بەرچاو، لایبنیتس وتەنی، ئەم بەرهەمو نووسینو بابەتانە کە لەو سەردەمەدا دارژاون وەك تەونی جاڵجاڵۆکە وردەکارییو وەستاییەکی لە سنور بە دەریان تیادا بەکارهاتووە، بە داخەوە دەبێ لە تەونی جاڵجاڵۆکە چ سودێك وەربگیرێو چاوەرێی چی بکرێت. پرسیارەکان سەرەرای ئەو بابەتانەی پێشتر ناویان هێنرا دەربارەی ئەوە بوون، ئایا جیهان کۆنە یان نا، سەرەتاو کۆتایی هەیە یان نییەتی؟ بوون بە گشتیو لە وردەکارییەکانیدا داهێنراوە یاخود هەر هەبووە؟ پەیوەندی داهێنەر (رەب) بە داهێنراوەکانیو بە جیهانەوە چۆنەو چییە؟

١١- ئەو بەرهەمانەی لە سەدەکانی ناوەراست کەوتوونەتەوە، کە دەکرێ ناوی فەلسەفەیان لێبنرێت بە ئاشکرا جێدەستی ئایینو لاهوتو دەوروبەریان تیادا بەدی دەکرێ، جا ئیتر ئەم بابەتە وەك پەیرەوێکی ژیان یاخود وەك بەرهەمێکی بیر سەرنج بدرێت تایبەتمەندی خۆی ساخ دەکاتەوە، ئیتر چ لە ناوەرۆکی ئەو بابەتانەدا بێ کە لێوەی کۆڵیونەتەوەو لە چوارچێوەیەکی تردا دایرشتوونەتەوە یاخود ئەو پەیرەوە بێ کە پشتی پێبەستوون یان ئەو ئەنجامانە بێ کە لێوەی کەوتوونەتەوە.

سود لە کەلەپوری هەبووی میللەتانی ناوچەکە بە ئاشکرا وەرگیراوە، پەنا براوەتە بەر فەلسەفەی یۆنانی قۆناغی دوای ئەریستۆتلس، کە ئەوسا لەو ناوچانەدا لەبەر دەستدا بوونو لە چوارچێوەی ئایینی مەسیحی بە گشتیو لە چوارچێوەی لاهوتەکەیدا دارێژراونەتەوە ئەگەرچی، دارشتنو توێ توێ کردنو ئەو ئەنجامانەی کەوتوونەتەوە، زۆر جار بە دڵی کڵێسە نەبووبێ! ئەم بابەتانە بە گشتی کە لێیانەوە کۆڵراوەتەوە، راستی ئەم بۆچوونە پشت راست دەکەنەوە.

ئایین وا بە خەڵکی وتووە کە بۆ پیادەکردنی دادو دادپەروەریی رەب لەسەر زەویو لەنێو میللەتو کۆمەڵدا هاتووە. کەوابوو، وەك لێرەدا رۆڵی فەلسەفە دەردەکەوێ، چۆن بۆ شەرو بەدکارییو نەخۆشیو هەژاریو زۆرداریی پاکانە دەکرێت؟ بۆچی دەبێ رەبی دادپەروەر

ڕێگای جەورو زۆرداری بدات؟ ئایا بوونی ئەم ڕەوش‌و دیاردانە لەگەڵ دادپەروەریی ڕەبدا دەگونجێن؟ ئایا مرۆڤ لە کرداریدا سەربەست‌و ئازادە یاخود هەموو شتێك چارەنووسە؟ لەم پرسیارەوە کێشەی قەزاو قەدەرو ئۆباڵ‌و خواستی ئازادو چاکەو بەدکاریی کەوتۆتەوە.

بنەماکانی ئاکارو ڕێ‌و شوێنەکانی ژیان هەمیشە سەرنجی مرۆڤی بیرمەندیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشاوەو بیر لەوە کراوەتەوە بۆ دەبێ ئەم بنەمایانە دانرابن‌و هۆی چییە داوا لە مرۆڤ دەکرێت پابەندی ئەم بنەمایانە ببێ‌و لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەویان بکات. هەموو کەسێك دەزانێ کە بەدکاریی‌و زوڵم‌و جەور لە ڕوانگەو بۆچوونی بنەماکانی ئاکارەوە بەدو ناپەسەندن، کەوابوو بۆچی مرۆڤ، کە خواستی ئازادی هەبێ چاکە ناکات‌و بەدکاریی هەڵدەبژێری؟ ئازادی‌و خواستی ئازاد لە بە ئازادی هەڵبژاردن‌و بڕیاردان بەو لاوە نییە، کەچی مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی بەدکاری دەکات! بە واتایەکی تر ئەگەر مرۆڤ خواستی ئازادی هەبێت‌و ئەمەش دەرفەتی هەڵبژاردن‌و بڕیاردانی سەربەست بدات بۆچی دەبێ مرۆڤ لە کاتی هەڵبژاردنی بەدکاریدا لێپرسینەوەی لەسەر بێت؟ بنەماکانی ئاکار مرۆڤ خۆی دایناون، ئایا ئەم لێپرسینەوەیە پەکی خواستە ئازادەکە ناخات؟ کێشەی خواستی ئازاد، بە هیچ لایەکدا ناکرێ بە جۆرێك لەگەڵ ژیرو مەنتیق تەبا بێ لێك بدرێتەوەو پاکانەی بۆ بکرێت. مرۆڤ هەموو شتێکی لە چارە نووسراوە، وەك گریمانەیەك، لێرەدا نە دەبێ لێپرسینەوەی لەسەر بێ‌و ناکرێ باسی دادپەروەریی بکرێت. مرۆڤ خواستی ئازادی هەیەو خۆی بڕیار دەدات‌و هەڵدەبژێرێ. لەمەوە دوو کێشەی سەخت دەکەونەوەو چارەسەر ناکرێن‌و لە تواناداا نییە بە لایەکدا بخرێن.

- ئەگەر مرۆڤ ئازاد بێ، هەرچی دڵ بیخوازێ بیکات‌و ئەوی بیەوێ دەستی لێ نەپارێزێ، نابێ لێپرسینەوەی لەسەر بێ، چونکە لێپرسینەوەکە پەکی ئازادییەکە دەخات.

-ئەگەر مرۆڤ خواستی ئازادی هەبێ، ئەو کاتە چارەنوس‌و قەزاو قەدەر دەوریان نامێنێ‌و ناکرێ هێزو دەسەڵاتی بێ سنوری ڕەب بەسەر هەموو شتێکدا لە بەرامبەر خواستی ئازادی مرۆڤ پاکانەی بۆ بکرێت‌و تێزەی داهێنان (خەلق) پەکی دەکەوێ. بۆیە دەکرێ بوترێ چارەنووس‌و دادپەروەریی ڕەب وەك مەسیحییەت باسی دەکات‌و خواستی ئازادو مرۆڤی ئازاد لەگەڵ دەسەڵاتی لە ڕادەبەدەری داهێنەرو ڕەبدا ناکۆك‌و پێچەوانە دەبن.

له فهلسهفهی ئهم قۆناغهدا، ئهگهر مرۆڤ چاو لـه هەنـدێ وردهكاریی‌و بابـهتی هەنـدەكی بپۆشێ، دوو جۆره ههڵوێست كه له دووتوێی دوو وهڵامدا خۆیان دهبیننهوه، بهرچاو دهكهون.

وهڵامێك كه پتر خهسڵهتی فهلسهفهو وهڵامێكی تر كه شێوازی ڕۆڵی ئـایین لـه بابهتهكـهدا دهردهخات. وهك بنهما ئـایین ههمیـشه هـهوڵی داوه دهسـهڵاتو هێـزو توانـای لـه ڕادهبـهدهری ڕهبو لێپرسراوی مرۆڤ بهرامبهر به كردارهكانی دووپات بكاتهوه بۆ ئـهم مهبهسـته پـتر سـود له پتركردنی وشهو چهمكو بهكارهێنانی زمان وهرگیراوه. بۆیـه كلێـسه بـه جۆرێـك سـهرنجی بابهتهكهی داوه، كه خواستی ئازادو كرداری ههڵبژاردنی ئازاد یهك شت بـن. ئهگـهر مـرۆڤ بـه ئازادی شتێكی ههڵبژاردو كارێكی كرد، دهبێ ئۆبـاڵی كارهكـهو ئـهو ئهنجامـهی لێیدهكهوێتـهوه، بگرێتـه ئهسـتۆ. خـۆ ئهگـهر هـاتو هەنـدێ جار مـرۆڤ ههڵـهی كـرد، ئـهم ههڵهكردنـه لـهلای خۆیهوه خواسته ئازادهكه پشت ڕاست دهكاتهوه، چونكه ئـهو كهسـهی ههڵهكـهی كـردووه، بـه خواسـتێكی ئــازاد كردارێكـی كــردووهو ئامــانجێكی دیــاری كــردووه، بــهڵام ئــهو ڕێگایــهی گرتوویهتییه بهرو ئهو ئامرازهی بـهكاری هێنـاوه، ههڵـهو چـهوت بـوون، بۆیـه نـهیتوانیوه بـه ئامانج بگاتو به ناكامی ماوهتهوه.

بهلای كلێسهوه، لهو ڕۆژهوه ڕهب مرۆڤی داهێناوه، ئازادی‌و ژیـرو توانـای ههڵبـژاردنی وهك بـههره پێبهخـشیوه. لـه توانایـدا ههیـه لـه دوو ڕێگا یـهكێكیان ههڵبـژێرێ، یهكـهمیان بـهرهو بهختهوهریی ههمیشهیی‌و ههتاههتایی‌و ئهوی تریان بهرهو كڵۆڵی‌و بهدبهختی دهبات.

ئهو بۆچوونهی للاسه كه وهك وهڵامو چارهسهر دهربارهی كێشهی خواستی ئازادو برایـهتی مرۆڤ له بهرامبهر ڕهبو دهسـهڵاتی لـه ڕادهبـهدهری ڕهب، كاتێـك پهسـهند دهكرێـت كـه مـرۆڤ خۆی بڕوای بـه بنـهماكانی ئـهو ئایینـه ههبێت. چونكه چارهسـهرهكه خـۆی پـشت بـه دهقـه ئایینهكانو بڕواو ئیمان دهبهستێو ههوڵی داوه ڕۆڵی ژیر له مهیدان دووربخاتهوه.

ئهو ئازادییـهی كلێـسه باسـی كـردووه، پـتر بابهتهكـهی تـهمو مـژاوی كـردووه، بـۆ نموونـه ئازادی‌و ههڵبژاردنی ئازادو كرداری ئازاد تێكهڵو پێكهڵ دهكات. جارێـك ئـازادی وهك بابـهتو جـارێكی تـر وهك كـردارو ئینجـا وهك مهبهسـتو ئامـانج بـاس دهكـات بـهبێ ئـهوهی جـۆره جیاوازییهكی بابهتییانهی پشت ئهستور به فهلسهفهو مهنتیق له نێوانیاندا بكات.

به بۆچوونی فەلسەفە، بە پێچەوانەی بۆچوونی ئایینی مەسیحییەوە، ئەو قسەیەی لە تەوراتدا دەربارەی خواستی ئازاد هاتووە، لە ڕەواکردن نایەت. لە تەوراتدا، کە بەشێکی سەرەکی ئایینی مەسیحی پێکدەهێنێ‌و لە مەسیحییەتدا بە بەشی کۆنی ئایینەکە دانراوە، وتراوە، سەرفرازی‌و پاکبوونەوە لە بەدکاریی‌و گوناه تەنیا بەو تیشکە (نورە) ئاسمانییە دەبێ، کە مرۆڤ خۆی‌و چارەنووسەکەی بەریان دەکەوێ!

بەدکاریی‌و زۆرو جەور لە کاری ڕەب ناچن‌و لەگەڵیدا ناگونجێن. خواستی ئازادو کرداری سەربەست لەم جیهانەدا هەڵبژاردن لە نێوان چاکەو بەدکاریدا کارێکە بە دەست مرۆڤ خۆیەتی‌و خۆی هەڵیان دەبژێرێ. مرۆڤ لە بیرکردنەوەو کرداریدا سەرپشکە، بۆیە ئۆباڵ دەکەوێتە ئەستۆی. ئەوەی لە ئاکاردا بە (بەدو بەدکاریی) دادەنرێ، گوناح‌و خەتاباریی بەشێك نین لە پوختەو جەوهەری مرۆڤ خۆی، بەڵکو ئەنجامن لە هەڵبژاردنی ئازادو سەرپشکانە دەکەونەوە[54] مرۆڤ دوچاری هەڵە دەبێ‌و هەڵبژاردنەکەی لە جێگای خۆیدا نابێ، ئەمە لە ئازادییەکەی کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پتر ئازادییەکەی دەردەخەن. هەر بە هۆی هێزو توانای ئاکارەکی مرۆڤەوە دەتوانرێ ئەم بەدکارییانە بخرێنە لاوەو نەکرێن‌و خۆیان لێ بپارێزدرێ. وەك هەڵوێستێکی فەلسەفەیی بەرامبەر بە لاهوت، ئەم بۆچوونە ڕەوایە ئەگەرچی زانستی نوێ دەریخستووە مرۆڤ لە زۆر شتدا دووچاری کارلێکردن‌و کارتێکردن دەبێ، ئیتر چ نەفسی‌و دەروونی بێت یاخود ئەم کارتێکرانە لە ژینگەو دەوروبەرەوە پەیدا ببێ، ناچار دەبێ لە سێبەرو سایەی بەناو ئازادی هەڵبژاردندا شتێك بکات کە دوور نییە هۆکاری ڕەوانی (نەفسی) و ناوەکی ناچاری ئەم هەڵبژاردنەی بکەن، نەك دەسەڵاتێکی دەرەکی بە تۆبزی ناچاری ئەم هەڵبژاردنەی بکات. بابەتی قەزاو قەدەر، چارەنوس‌و ناچارەکیی‌و هەڵبژاردنی ئازاد، ئەو کەرەسەیەیە کە خەسڵەت‌و کارەکتەری ڕاستەقینەی هاوکاری‌و بەیەکەوە کارکردنی فەلسەفەو لاهوت نیشان ئەدات. لەبەرئەوەی ئەم بابەتە خۆی لە ئایینەوە کەوتۆتەوە، ئایین چارەسەرێك دەداتەدەست، تەنیا بەلای ئەو کەسانەوە ڕەوا دەبێ کە بڕوایان بە ئایینەکە خۆی هەیە. فەلسەفە کە ئەقڵ‌و مەنتیقی کردووە بە سەرپشك، لەلای خۆیەوە لە توانایدا نییە کێشەکە وەك بابەت بە لایەکدا بخات،

[54] Woehler, H. U. Geschichte der inittelalterlichen philosophie S. 12.

چونکه ئەم بابەتە نەمامێکە لە پاوانی ئایینـدا شـین بـووەو لەگـەڵ فەلسەفەدا وا بـە ئاسـانی ناکرێ کۆكو تەبا بێت. ئەو وەڵامەش فەلسەفە دەیداتە دەست، لە لایـەکی تـرەوە، نـە بـە لای ئایینو ڕابەرانیەوە پەسەندەو نە دەتوانێ کێشەکە یەکجارەکی بە لایەکدا بخات.

١٢- نـەفس، گیـان، ئـەو بابەتـەی تـر بـووە کـە وەك پرپـشك ئـاگری لـە پـاوانی نـاوکۆیی فەلسەفەو لاهوت بـەرداوە. مـرۆڤ، خـۆی وای دادەنـێ کـە لـە دوو ڕەگـەزی لـە یـەکتری جیـاواز پێکهـاتووە، ڕەگــەزێکی گیــانیی- ڕوحــانی کــە بــە ڕێگــای تایبــەتی، بــە کــردارو جــۆرە بیرکردنەوەیـەك مـرۆڤ لـە داهێنـەرو جیهانی ئاسمانی (ترانـسندنتی سـەرو سروشـتی) نزیـك دەکاتەوە. لایەنی دووەم وەك ڕەگەز لەشەکە لـە مـاددە پێکهـاتووەو بـە پێـی بنـەماکانی ئـایین سەرچاوەی گونـاهو بـەدکارییو کـەمو کوڕیو تاریکییـە. بـوونی نـەفس هـیچ کاتێـك جێگـای ئەگەرو گومانلێکردن نەبووە. بەڵام هەمیشە ئەم پرسیارە بە گەرمو گوڕیی چاوەڕێی وەڵامـی کردووە: تا چەند مرۆڤ لـە توانایـدا هەیـە بـەو هێـزو توانـاو ئۆرگـانو ئەندامانـەی لەشـی کـە هەیەتی، جەوهەری تایبەتی نەفس بزانێ؟ بە واتایەکی تـر، لـە ڕوانگـەی فەلـسەفەوە، چۆنو تا چ ڕادەیەك نەفس خۆیو جەوهەرو بابەتەکەی خۆی دەناسـێ[55]. ئـەم پرسـیارە لـە بایـەخی ئەو هەوڵە کـەم ناکاتـەوە، کـە بـۆ ناسـینی نـەفس بـە هـۆی کـرداری خۆیـەوە ناسـینی خـۆیو جەوهەرەکەی خۆی لێ دەکەوێتەوە.

لـە لاهـوتی مەسـیحیدا، نەفـسی مـرۆڤ ڕەگەزێکی پاکی گیانییـە، جەوهـەرێکی نـەمرە لـە خۆیدایە بۆ خۆیەتیو سەربەخۆیە، بۆیـە نـاکرێ نـەفس خـۆی لـە خۆیـدا ببـێ بـە بابـەتێکی لێکۆڵینـەوەو توێژینـەوەی خـۆی، چـونکە خـۆی بکـەرێکی چالاکەو خۆناسـینی نـەفس هـیچ کاتێك ئەو بەشەی نەفس ناگرێتەوە، کە چالاکی خۆناسین دەکاتە ئەرکی سەرشانی خۆی.

جیاکردنــەوەی نــەفس (گیــان) لــە لــەش ئــەنجامێکی هەلومــەرجی گــۆڕانی مێــژوویی‌و کۆمەڵایـەتیو دەروونـی مرۆڤـەو بـە ئاشـکرا هەمـەڕەنگی کارەکتـەری مـرۆڤو هێـزو توانـاو چالاکییە فرە ڕەنگییەکانی دەردەخات. جیاکردنەوەی لەشو گیانو دانیان بـە دوو جەوهـەری لــە یــەکتری جیــاواز بــە هــیچ بنەمایــەکی زانــستی پــشت ڕاســت ناکرێتــەوە. چ زانایــەكو فەیلەسـوفێك، کـە گرانـەتا بگرێـت یـاخود برسـی بێـت یـان زللەیـەکی لێبـدەیت دەتـوانێ بـە

---

[55] Gilson, Etienne, Der Geist der mittelalter Lichen Philosophie, Wien, 1950. S. 251.

ڕێکوپێکی بیربکاتەوە؟ ڕاستە ئەمە، بە یەکەوە بەسترانی هەردوولا ڕوون دەکاتەوە، بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە لەلایەکی ترەوە ساغی دەکاتەوە کە گیان، نەفس لە چالاکی ئەندامە تایبەتییەکانی لەش بەولاوە نییە، کە لە چوارچێوەیەکی تایبەتیدا دادەڕێژدرێ.

## بوون و نابوون لە فەلسەفەی سکولاستیدا

١- وشەی سکولاستی قۆناغێکی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپادا نیشان دەدات. خۆی وشەیەکی یۆنانی- لاتینییە لە وشەی سکولاوە (Schola) کەوتۆتەوە، کە مانای خوێندنگا دەگەیەنێ، واتە ئەو دەزگاو دامەزراوە مەسیحییانەی ئەوسا خوێندکارو قوتابیانی ئایینی تیایاندا خوێندوویانە. وەك فەلسەفە لەسەر دەستی سانت ئەنسلم دامەزراوە، تومای ئەکوینی گەیاندویەتییە دوا قۆناغی پەرەسەندنی.

ئەم فەلسەفەیە بابەتێك بووە لەو بابەتانەی کڵێسە ڕێگای داوە لە دەزگا ڕۆشنبیرییەکانیدا بخوێنرێت، بۆیە ئەم ناوەی بەسەردا براوە. بە پێی ئەو بەرهەمانەی لەو سەردەمەدا بڵاوکراونەتەوە، کە زوربەیان وەك وانە وتراونەتەوە، دەردەکەوێ کە مۆرکی هەرە دیاری ئەم فەلسەفەیە لە سەرەتای پەیدابوونیدا، بریتی بووە لە لاوازبوونی ڕۆڵی فەلسەفەی ئەفلاتوون و ئەفلاتونیزمی نوێ (ئەفلۆتین) و وردە وردە بەهێزبوونی دەسەڵاتی فەلسەفەی سەرتاپاگیری ئەریستۆتڵس. ئەم دیاردە قۆناغ ئاساییە ئەنجامی پرۆسەیەکی درێژخایەن بووە کە بە بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی بن ڕوشدی ئەندەلوسی بە زمانی لاتینی لە ئەوروپا دەستی پێکردووەو کە بە ئەڤێرۆسی لاتینی ناسراوەو سیگەر برەبانت ڕابەرەکەی بووە. لە سەرەتادا وەك هاوکێشەیەکی فەلسەفە بڕواو ئیمان خراونەتە پێش ژیرو مەنتیق و زانینەوە، لەمەوە بابەتەکە گۆڕانی نەپساوە بەڵام هێمن بە سەریدا هاتووە. دواپلەی ئەم قۆناغە کە پاش کۆچی دوایی تۆما ئەکوینی دەستی پێکردووە ئەو فەتوایە بووە کە قەشە تیمپیری پاریس ساڵی ١٢٧٧ ز دەریکردووەو فەلسەفە بە گشتی و فەلسەفەی بن ڕوشدی لاتینی بە تایبەتی قەدەغە کردووە[٥٦].

---

[56] دەقی ئەم فەتوایەمان کردووە بە کوردی لە بەشێکی تری ئەم کتێبەدا چاپکراوە.

لە سەرەتای قۆناغەکەدا بێ سلّو پارێز بایەخ بە بابەتی مەنتیقی ئەریستۆتلس دراوە لەدواییدا هەنگاوێکی تر هاوێژراوە. بە دەسکاری کردنێکەوە کە لەگەڵ جیهانبینیو ئایدیۆلۆجی کلێسەدا بگونجێ پەنابراوەتە بەر لایەنی ئاکارو تیۆری زانینو میتافیزیك لە فەلسەفەی ئەریستۆتلسدا. ئەم لایەنانە ئەو بابەتانە بوون کە بنەماکانی لاهوتو ئایینی مەسیحی نەك پێویستی پێیان بووە، بەڵکو نەیتوانیوەو لە کردن نەهاتووە دەستبەرداریان بێت. جگە لە بابەتەکانی بڕواو ئایین بیرمەندان بێ پسانەوە سەرگەرمی توێژینەوەی بنەماکانی ئایینو دۆگمەکانی بوون، هەر لە هێنانەوەی بەڵگە بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەبو سێ ڕەنگییەکەی، سروشو مردنو ڕۆژی قیامەتو بەهەشتو دۆزەخو فریشتە. سەرەڕای چەند بابەتێکی میتافیزیکیو فیزیکی ئەو سەردەمە وەك چوار هۆکارەکەو ئەو بزوێنەرەی خۆی نابزوێو ئامانجەکەی بوونو جیهانو ڕوخسارو ناوەڕۆکو جەوهەرو ڕووکەشو ماددەو گیانو پێنج هەمەکییەکە کە لە زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلامدا بە پێنج (کوللیات) ناوبراوە.

فەیلەسوفو لاهوتییەکان جگە لەو دیاردانەی دەکەونە بەر هەستی مرۆڤ[57] و درکیان پێدەکات خەریکی لێکۆڵینەوەی چەند بابەتێکی تر بوون ئەگەر لە ڕوخساردا هەمەجۆرو بەپێز بێنە بەرچاو، ئەوا لە خۆیانو لە ڕوانگەی ئەم سەردەمەوە سەرنج بدرێت، تەنیا وشەی ڕووتو چەمکی بێگیانو چەند بۆچوونێك بوون کە هەر لە مێشکی مرۆڤی شەیدای ڕامانو سەرنجدانو لێکۆڵینەوەدا هەن.

ئەگەرچی فەلسەفەی ئەریستۆتلس دەسەڵاتێکی ئەفساناوی بەسەر بیروبۆچوونەکانی فەیلەسوفەکاندا هەبووە، بەڵام ئایینەکە لەلای خۆیەوە کەمتر بەهێزو ڕێنیشاندەری بیرمەندو لاهوتیو نووسەرەکان نەبووە، بۆیە بۆ پاکانەکردنو لێکدانەوەی چەند کێشەیەك کە لە ئایینو بڕواو دوگمەکانی کلێسەوە کەوتوونەتەوە، سودیان لە بابەتەکانی فەلسەفەی ئەریستۆتلس وەرگرتووەو ئەم سوودوەرگرتنەش تا ڕادەیەك ناچارەکی بووە، چونکە کێشەو بابەتی وەك گۆڕانو بەدکارییو دادپەروەری ڕەبو چارەنووس لە تواناڎا نەبووە بەبنەماکانی ئایین بەبێ یارمەتی فەلسەفە بەلایەکدا بخرێنو وەڵامی پرسیارەکانیان بدرێتەوە.

---

[57] Lange, F. A. Geschichte des Materialismus. Bd. I. Stw. 70.

لـه ڕوانگـەی دوو ڕەنگییـەوە کـە خەسـڵەتی سـەرەکی فەلـسەفەی سکولاسـتی بـووە، دووڕەنگییـەکی ئاوێتـەکراو بـە ئایدیالیـستییە ئایینییەکـە لـە هـەموو لایـەنو بابەتـەکانی فەلسەفەو جیهانبینییەکەی کڵێسەو بنەماکانی ئایینەکەدا دیارو بەرچاو بووە ماددەو فۆرم دوو لایـەن بـوون بـۆ لێکدانـەوەی جەوهـەری شـت پێویـست بـوون، فەلـسەفە نـەیتوانیوە لـەو سەردەمەدا دەستبەرداریان ببێت. مادده (کەرەسە) جۆرە چەمکێکە بـە هـۆی پرۆسـەو ڕەوتـی ڕوونکردنەوەوە (ئەبستراکت) دەبێ بە بۆچوونێك لـە مێشکدا. هـەر بـە هـۆی ئـەم چـەمکەوە خەسڵەتی جەوهەرێك بە ماددەکە دەبڕێت. بۆیە ماددەکە کـراوە بـە جەوهـەرو ئـەو ڕوخـسار (فۆرم)ەش کێ پێی بڕاوە بووە بە ڕووکەش، ئەم پرۆسەیە لە چەند لایەکەوە سوودو قازانجی لێکراوەو کراوە بـە بنـەماو بناغـەو کۆشـکی سیـستەمە سـەرتاپاگیرە فەلـسەفیو لاهوتییـەکانی لەسەر دروستکراوە.

لە سەرێکەوە پرۆسـەی گۆڕان بـەوە لێکدراوەتـەوە کـە مـاددەو کەرەسـەی بێـڕەنگ جـۆرە فۆرمێك، جۆرە ڕوخسارێکی پێ دەبەخشرێ یاخود پێی دەبڕێ. مەرمەڕ پەیکەری لێ دروست دەکـرێ. مەرمەڕەکـە تـەنیا کەرەسـەو ماددەیـەو شـیاوەکیو توانایـە، تـەنیا توانـای گۆڕانـە بۆئـەوەی ڕوخـسارێکی پـێ بـبڕدرێو بـبێ بـە شـتێکی ڕاسـتەقینە (لـە لای ئەریـستۆتلس لـە هێزەکییــەوە بــبێ بــە کردەکــی). هــەروەها بــەم پێیــە جەوهــەر خەســڵەتێکی نــەگۆڕاوو بەردەوامـەو سـەربەخۆی شتـەو ڕووکـەش خەسـڵەتێکی ڕێککـەوتی شـیاوەکی شـتەو بـە پێـی کاتو شوێن توانای گۆڕانی هەیە.

ئەگەر هەر لەم چوارچێوەیەدا بایـەخ بـە ئیـساگۆگی درابـێ (لـە ئیـسلامدا بـە ئیـساغوجی ناسـراوەو بریتییـە لـە پەرەپێـدانی مـەنتیقی ئەریـستۆتڵس لـە لایـەن فەرفۆریۆسـەوە) ئـەم بایەخپێدانە دوو هۆکاری هەبووە:

یەکەم: ئەم مەنتیقە ڕوخساری بێ ناوەڕۆکەو هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ئایینـەوە نییـەو هیچ کێشەو بەرەیەکی لێناکەوێتەوە.

دووەم: وەك بنــەماو پــەیڕەو ســوودی لێــوەرگیراوەو بــەکارهاتووە. بــە تایبــەتی بــۆ ساغکردنەوەی ئەو پێشەکییانەی بوونی ڕەبیان گریمانە کردووە. لـە مەنتیقـدا وەك ئاشـکرایە دراو (سەرەتا) هەیەو دوای پرۆسەیەك ئەنجام دەکەوێتەوە.

ئەم بۆچوونە دوورەنگییەی فەلسەفەو ئایدیۆلۆجیو جیهانبینییەی سەدەکانی ناوەڕاست، دوو ڕەنگی ماددەو ڕوخسار، کەرەستەو فۆرم لە بواری ئایینو سیاسەتدا پیادە کراوەو ئەنجامی زۆر نالەبارو بەدی لێکەوتۆتەوەو بە ئاشکرا پاکانەی بۆ زۆرو جەورو زوڵم کردووە. بۆ نموونە، بۆ ئەم مەبەستە هەموو جۆرە بزووتنەوەو جوولانەوەیەك لە ماددە ستێنراوەتەوە، ئەگەر ماددە بجولێتەوە، جولانەوەکەی بە هۆی کارکردەیەکەوە بۆ مەبەستی تایبەتیو دیاریکراو دەبێو ئینجا فۆرمێکی پێ دەبڕێ.

بەدکاری بە فۆرمی ماددە دانراوەو جەوهەرەکەی لەم بەدکارییە بەدوور خراوەتەوە. بۆیە، بە پێی ئەم بنەمای دوورەنگییەی فەلسەفەی هەرسێك ئایینەکە، ئەگەر بویستریَ بەدکاری زۆرو جەورو گوناه قەدەغە بکرێن، دەبێ سەنگ بخرێتە سەر فۆرمو ڕوخسارو نابێ هیچ شتێك لە ماددە لە بابەتەکە بکرێت. لە سیاسەتدا، دەبێ ماددەکە وەك سیستەمو ڕژێم دەسکاری نەکرێو تەنیا ڕوخسارو فۆرم بگۆڕدرێ[58]. ڕێبازی زانستی کەلامی تیپی (ئەل مورجیئە) ڕابەرێکی ئەم لایەنە بوونو بە هەموو شێوەیەك تاوانو زۆرو جەورو زوڵمی تاقیکار بە دەستی بەنی ئومەیەیان ڕەوا کردووە! ئەو بارودۆخەی کە هەیەو لە ئارادایە چ وەك سیستەمو ڕژێمی سیاسیو چ وەك دامو دەزگاکانی کۆمەڵایەتی، چەند جەوهەرێکی ڕاستەقینەنو نابێ بیر لە گۆڕینیان بکرێتەوە. ئەوی شیاوەکی گۆڕانەو ئەوی دەسکاریو جۆرە چاککردنێکی دەڵەمەیی هەڵدەگرێ ڕوخسارو ڕووکەشو دیاردەکانن کە بە شێوەی جۆربەجۆر دێنە پێشەوەو پەیدا دەبنو لەناودەچن. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە دەگمەن نەبێ لەم ڕێو شوێنە لادان بەدی ناکرێت!

٢- کارتێکردنی دەستیاوی نێوان فەلسەفەو لاهوت لەم قۆناغەی مێژوودا دیاردەیەکی گومان هەڵنەگرە. چەندە جێگادەستی فەلسەفە لە لاهوتەکەدا بەدەردەکەوێ ئەوەندەش ئایینو لاهوتەکە هەبوونی کردەکی خۆیانیان لە بواری فەلسەفەدا چ وەك پەیڕەوو چ وەك بابەت پیادەکردووە. بۆ نموونە ئەو بابەتانەی ناوەڕۆکی فەلسەفەی ئەم سەردەمەیان لێ پێکهاتووە:

---

[58] لەنگە، هەمان سەرچاوەی پێشوو بە ئەڵمانی (مێژووی مەتریالیزم) ل ١٧٧.

- بەڵگەهێنانــەوە بــۆ ســاغکردنەوەی بــوونی ڕەب وەك بوونــەوەرێکی ســەرو سروشــتیی دەسەڵات لە ڕادەبەدەرو کامڵو بێ کەمو کوڕیی‌و بێوێنە.

- پەیوەندی نێوان ڕەب وەك داهێنەرو یەکەم هۆکارو بزوێنـەری نـابزووتو بـە بـوون بـە گشتی‌و بە جیهانەوە بە تایبەتی چۆن بووە؟

- پەیوەندی نێوان نەفس‌و لەش چۆنەو ئایا لێپرسینەوە دوای مردن لەسـەر لەشـە یـاخود گیان سزاو پاداشت دەدرێ؟ ئایا دەگرێ نەفس نەمر بێت؟ چارەنووس چۆنە، ئایا مـرۆڤ لـەو کردارانەی دەیانکات ئـازادە یـاخود هـەموو شـتێك لـە چارەی نووسـراوە؟ ئـەم چارەنووسـە تـا چەند لەگەڵ دادو دادپەروەری ڕەبدا تەبایە؟

ئەوی لـەم بـوارەدا سەرنجڕادەکێشێ دیـاردەی لـە یەکچوونی پـەیڕەوو بابـەتی فەلسەفەی هەرسێك ئایینەکەیە. چۆنێتی داڕشـتنی پرسـیارەکان‌و ڕەنـگ ڕشـتنی کێشەو بابەتـەکان، ئـەو وەڵام‌و چارەسـەرانەی کـە لـە بارەیانـەوە پێشکەش کـراون، ئەگەرچی لـە دوو دەوروبـەری لـە یەکتری جیاوازو لە چوارچێوەی کـەش‌و هـەوای تایبـەتی بـە هـەل‌و مـەرجی هەریـەکێك لـەم کۆمەڵگایانــە چــوزەرەیان کــردووە جــۆرە لەیەکــچوونێك لــە نێــوان هەرســێك فەلــسەفەی مەسیحی‌و ئیسلام‌و جولەکەدا هەستپێدەکرێت.

ئەگەر مرۆڤ بارودۆخی ئەوسا لە بەرچاو بگرێت، بە تایبـەتی کـە ئـەو سـەردەمە ئـامرازو توانـای چاپ‌و بلاوکردنـەوە وا سوك‌و ئاسـان نـەبووە، ڕێگای پەیوەنـدی‌و هاموشـۆ ئەوپـەڕی سـەخت‌و گـران بـووە، فێربـوونی زمـانی بێگانـە، یـاخود ڕۆیـشتن بـۆ وڵاتێکـی تـر کـە داب‌و دەستورو ڕێ‌و شوێن‌و زمان‌و کولتورێکی جیاوازی هەبووە، وا ئاسـان نـەبووە ئەگـەر ئەوپـەڕی سەخت‌و گران نەبووبێ. هەرسێك ئایینەکە لە زۆر بابەت‌و خاڵی گرنگدا لە یـەکتری جیـاوازن کەچی لە نێوان لاهـوتی‌و فەیلەسـوف‌و شـەریعەتمەدارەکاندا ئـەم جـۆرە لـە یـەکتری چـوونەی بیروڕایان هەستپێدەکرێ، ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە؟ لە کاتێکـدا یـەك ڕەنگیـی خـوا بنـەمای ئـاییی ئیـسلامە، مەسـیحی، بـە پێـچەوانەوە، لەسـەر سـێ ڕەنگیـی (ڕەب ڕۆڵـەو گیـانی پـاك) پێدادەگرێ! ئەمانە چەند ڕاستییەکی گومان هەڵنەگرن. دەربارەی هۆکاری کارکردە، لـەو دوو جـۆرە، هۆکـاری دەرەکـی‌و هۆکـاری نـاوەکی بـەولاوە نـین. ئەگـەر بڵـێین هۆکـاری کـارکردەی دەرەکی لەم بابەت‌و کێشەیەدا ڕۆڵی سـەرەکی گێـڕاوە، کەسایەتی‌و تایبەتمەنـدی هـەر یـەکێك

لەم سێ فەلسەفەو لاهوتە بە کەم دەزانرێ، یاخود پشتگوێ دەخرێ. من خۆم لەو باوەڕەدام کە سەرچاوەو هۆکاری دەرەکی ڕۆڵی سەرەکی نییە، ئەوی بایەخدارو گرنگە کاردانەوەو هەڵوێستی کارلێکراوەکەیە بەرامبەر بەم کارلێکرانە. ئەم لایەش لە خۆیدا گرێکوێرەکە خاوناکاتەوە. ئەگەر تایبەتمەندی هەریەکێك لەم سێ فەلسەفەیە لەبەرچاو بگرین و ئەو لایەنەشی بخەینە سەر کە بریتییە لە بە گرنگ زانینی چۆنێتی کاردانەوەو هەڵوێست نواندن بۆچی دەبێ هەرسێك لاهوت و فەلسەفەکە بە هەمان جۆرو شێوە هەڵوێستیان نواندبێ؟

ئەم لە یەکچوونە هەندێ جار لە پاوانی لاهوتەکەش چۆتە دەرەوە، بۆ نموونە غەزالی لە زۆر بیروبۆچوونیدا لە جۆن فلیپونس (کە بە عەرەبی بە یەحیای نەحوی ناسراوە) دەچێ و لە نێوان بریکلی و دێکارت وەك یەکییەك هەست پێدەکرێت. ئەو بەڵگانەی بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب وەك بوونەوەرێکی ترانسندنتی هێنراونەتەوە لە هەرسێك فەلسەفەکەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەگەرچی لە وردەکارییەکان چاو بپۆشرێ لە پەیڕەوو ئامانج و ناوەڕۆکدا لە یەکتری دەچن.

دەورو بەرو هەلومەرجی ژیان و پەرەسەندن و زمان و ئایین لە یەکتری جیاوازن، بەڵام بیروبۆچوون و فەلسەفە لە یەکەوە نزیکن. بۆ پتر ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەی پێشوو دەڵێین، ئایا ئەم لە یەکتری چوونە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە سروشت و توانا و چارەنووسی ژیرو جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤەوە هەیە؟ ئایا قسەکەی فەیلەسوفی فەرەنسایی دیکارت[59] کە وتوویەتی، ئەگەر لە هیچ شتێکدا دادپەروەریی نەبووبێ، لەوەدا کە ژیر بەچاکترین شێوە بەسەر مرۆڤدا دابەش کراوە داد هەبووە؟ ئەوەندەی من بۆی بچم بابەتەکە پەیوەندی بە چەند لایەنێکەوە هەیە، لە سەرەتادا توانای ژیری مرۆڤی بیرمەند بە بیردا دێت، ژیر لە خۆیدا کە بە عەرەبی (ئەقڵ)ی پێدەوترێ توانا و چارەنووسی تایبەتی خۆی هەیە، لە بەرامبەر پرسیارو کێشەی تایبەتیدا، لە هەر شوێن و سەردەمێکدا بێت، وەڵام و چارەسەری تایبەتی و دیاریکراو دەداتە دەست. ژیر لە چوارچێوە گشتییەکەیدا هەر ژیرە.

---

[59] دیکارت، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی پەیڕەو. بەشی یەکەم، سەرەتا. ئەم بەرهەمەی دیکارت بە کوردی لە لایەن خانەی وەرگێڕانی سلێمانی ساڵی ٢٠٠٥ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

وەنــەبێ هــەرگیز بــەم بڕیــارە تایبەتمەنــدی ڕەگــەزو شــوێنو ســەردەم لــە چوارچــێوە تایبەتییەکەدا پشتگوێ بخرێت.

٣- لە چوارچێوەی ئەو تەفەللایەی بۆ بە یەکەوە گونجانـدنی فەلـسەفەو لاهـوت دراوە، بـە جۆرێك بنەماکانی ئایین بپارێزرێنو سوود لەو ئامرازانە وەربگیرێ کـە لـە مـەنتیق دەسـتگیر دەبێ، ڕێگای حەوت بابەت دراوە کە ئەوکاتە بە حەوت هونەرەکـە نـاوبراون. ئـەم بەرهەمانـە یاخود ئەم بابەتانە ئەمانە بوون:

دیالێکتیك، ژمێرە، زمان (ڕێزمان)، وتـار، مۆزیـك، ئەستێرەشوناسـی، ئەنـدازە. ڕاسـتە لـەم بابەتانــەدا نــاوی فەلــسەفەو لاهــوت نــەهاتوون، بــەلاّم لاهــوت بــە یەکــەم زانــست دانــراوەو دیالێکتیــك نــاوێکی تــر بــووە لــە جیــاتی مــەنتیقو فەلــسەفە بــەکارهاتووە[60]. بــە پێــی ئــەو بەرهەمانــەی لــەو ســەردەمەدا دەرکــەوتوون لــەنێو ئــەو هونەرانــەدا جگــە لــەوەی فەلــسەفەو لاهـوت پێـشکەوتووترینیان بـوون، مۆزیـكو هونـەری تـابلۆی نیگارکێـشان تـا ڕادەیـەکی زۆر پێشکەوتوو بوون، تەنانەت دیواری کڵێسەو دێـرو دەزگاکـانی ئـایینو کاتێدرالییـەکانی ئـەوروپا بـە تـابلۆی ئەوپـەڕی ڕەنگینی هونەرمەنـدان ڕازاونەتـەوە. خـۆ ئەگـەر فەلـسەفەو لاهـوت لـە لایــەن چــەندین لاهــوتیو فەیلەســوفێکەوە کــە قەشــەو (کەشــیش) پیــاوی ئــایینی بــوون نووسراونو هێنراونەتە بەر، هەندێك جاریش هـەردوولا بابـەتی لـە یەکچوویان کـردووە بـە کەرەســەی لێکۆڵینــەوە، ئــەوا هەریەکــەیان لــە لای خۆیــەوە هەمیــشە ســەربەخۆییو ســنورو قەدەغەو پاوانی خۆی هەبووە، لە بابەتو ناوەڕۆك لە ڕوخسارو ئامرازی کـارکردنو پـەیڕەوی لێکۆڵینــەوەدا هەریەکــە تایبەتمەنــدی خــۆی پاراســتووە. ئــەم دیاردەیــە چ ئــەنجامێکی لێدەکەوێتـەوە؟ ئایـا ئـەم دیاردەیـە کۆشـشی لادانـی فەلـسەفە، یـاخود بـە یەکـەوە گونجانـدنی لاهـوتو فەلـسەفەی نـاڕەوا نـەکردووە. وەك بەڵگەیـەکی پـشت ڕاسـتکردنەوەی سـەربەخۆیی فەلـسەفە، لـەم قۆناغـەدا ڕابـەرانی لاهـوت ناچـار بـوون دان بـە هـەبوونی دوو جـۆرە ڕاسـتی (هەقیقەت) و دوو سەرچاوەی گەیشتنە ئەم ڕاستییەدا بنێن:

---

[60] Woehler, H. U. Geschichte der mittelalterischen philosophie. Berlin 1990. s. 16.

یەکەم: ڕاستییەکانی ئایین کە بە ڕێگای سروش (وەحی) هاتوون ناکرێت بە سەلمێنەی فەلسەفەو ژیر پشت ڕاست یاخود پوچەڵ بکرێنەوە، چونکە ئەم ڕاستییانە بابەتی بڕواو ئیمانن‌و سنوری ژیر تێدەپەڕێنن.

دووەم: ڕاستییەکانی فەلسەفە، ئەمانە بابەتی ژیرو مرۆڤو کۆمەڵن تاوەکو بەڵگەو سەلمێنەکانی ژیرو مەنتیق نادروستیان ساغ نەکەنەوە، گومان لەم بایەخەیان ناکرێت.

گومان لەوەشدا نەبووە کە شان بە شانی ئەم تایبەتمەندییەی قەدەغەو پاوانی هەردوو بابەت چەندین کەرەسەی ناوکۆیی، کە جۆرە هاوکارییەکی هەردووکیانی نیشانداوە، لە نێویاندا هەبووە:

میتافیزیك، لەو قۆناغەدا، سەرگەرمی داڕشتنی بەڵگەو سەلمێنەی پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەب بووە، ئەمەش لە خۆیدا بابەتێکی سەرەکی ئایین‌و لاهوت بووە، بەڵام پەیڕەوەکەو جۆری داڕشتن‌و لێکۆڵینەوەو دانانی گریمانەو ئەو ئەنجامانەی لە گریمانەکان، وەك شێوازی توێژینەوە، کەوتوونەتەوە، ئەگەرچی فەلسەفەو لاهوت هەردووکیان ئەم بابەتەیان بە موڵکی تایبەتی خۆیان داناوە، لە هی لاهوت‌و ئایین جیاواز بووە.

لە لاهوت‌و ئاییندا بوونی ڕەب شتێکی سەلماوو گومان هەڵنەگرەو بابەتی بڕوایە، بۆیە هیچ پێویست بە سەلمێنەو بەڵگەهێنانەوە ناکات. سروش (وەحی) و موعجیزەکان پتر لە بەڵگەو سەلمێنەکانی ژیرو مەنتیق‌و فەلسەفە شت ساغ دەکەنەوە. بابەتی لاهوت چەند کێشەو کەرەسەیەکی سەرو سروشتین‌و سنوری مێشکی مرۆڤو ژیر تێدەپەڕێنن. بەڵام فەلسەفە شتی سروشت‌و دەوروبەرو بە هەست، ئەوانەی بابەتی هەست‌و تاقیکردنەوەو شارەزایین، دەکات بە کەرەسەی لێکۆڵینەوە، بەلای فەلسەفەوە بڕواو ئیمان کاتێك بەرگی گومان‌و ئەگەریان لەبەر دادەماڵرێ، ئەگەر بەژیرو مەنتیق پشت ڕاست بکرێنەوە، ئەو کاتەش دەکرێ، ئەم بابەتە ئەگەر ببێتە کەرەسەیەکی سروشتی، بۆ ساغکردنەوەی هەبوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتی سەرو سروشت بەکاربهێنرێت. هەرکاتێك بڕواو ئیمانی مەسیحی بە خۆیان‌و ناوەڕۆکیانەوەو بەو داوایانەی ڕووبەڕووی مرۆڤی مەسیحی دەکەنەوە بۆ ئەوەی پابەندو گوێڕایەڵیان بن، کران بە بابەتی لێکۆڵینەوە، ئەوا ئەم چالاکییە بە لاهوت ناودەبرێت. لاهوت بە شتی نوسراوە کە لە بەرهەمی تایبەتیدا هاتبێ‌و بە پەیامی ئاسمانی

دادەنـرێ، پـشت دەبەسـتێو گومـان لـەوە ناكـات كـە جیهـانی مـاددەو مـرۆڤ بابـەتو شـتی داهێنـراونو سـەرەتایان هەیـە، واتـە لـە كـاتو سـەردەمو شـوێنی دیـاریكراودا داهێنـراونو كۆتاییشیان هەیە.

بە پێچەوانەوە، فەلسەفە كە بە شایەدی هەسـتو بڕیـاری ژیـرو مـەنتیق پـشت ئەسـتورە، بە بەزانـدنی سـنوری سروشـتو ئاسایی‌و پەنابردنـە بـەر جیهـانێكی تـر بـە ڕەوا دانـانێو لـە پرۆسەی دەستبەكاربوونیدا پشت بەم بنەمایە دەبەستێ:

ئەو شـتەی نـەتوانین ناڕاسـتی‌و ناشـیاوەكییەكەی سـاغ بكەینـەوە، ڕازی دەبـین بـەوەی بـە شتێكی ڕاستو شیاوەكی دابنێین[61]، تا ئەو كاتەی بۆچوونێك، گریمانەیـەك، تیۆرییـەك، شـتێك دێتە كایەوە ناڕاستی ئەم بنەمایە ساغ دەكاتەوە. ئایا جیهان سەرەتاو كۆتایی هەیـە؟ فەلـسەفە بەو تواناو كەرەسەو ئامرازانەی لەبەردەستیدان، وەڵامی ئەم پرسیارەی پێ نادرێتەوە.

مـرۆڤ، ئەگـەر بوونـەوەرێكی داهێنـراو بـێ، وەك لاهـوت لاف لێـدەدات، بێگومـان لـە دایكبوونەكـەی، دەبـێ بـۆ مەبەسـتو ئامـانجی تایبـەتی بـووبێ، بۆیـە ناچـارە پـشت بـە بوونـەوەرێكی سـەرو سروشـتو سـروشو ئـایینو ڕێو شـوێنەكانی ببەسـتێ بۆئـەوەی ئـەم ئامانجە كە وەك لە قورئاندا هاتووە (خواپەرستنە) و كـە لـە پێناویـدا دروسـتكراوە بهێنێتـە دی. ئەم لایەنو بابەتە فراوانتر لە قەباڵەكەی پاریسی ساڵی ١٢٧٧ی زاینیدا ڕوونكراونەتەوە.

لە فەلسەفەدا، بە پێچەوانەی لاهوتەوە، دەسەڵاتو پیرۆزیی‌و سایە نییە، پشت بـە ئـەقڵو مەنتیق دەبەسترێ، لە پاوانی بیری فەلسەفەدا وشەو چەمكو بۆچوونی وەك گونـاه، سـزادانو پاداشتو كەفارەت جێگایـان نابێتـەوە. لاهـوت كـە خـۆی بـە پاسـەوانو دەم ڕاسـتی دەزگاكـانی كڵێسەو ئایین دادەنێ، پشت بە تـەوراتو ئینجیـل دەبەسـتێو ئـەوی تیایانـدا هـاتووەو وتـراوە بەهیچ جۆرێك بواری گومـان لێكردنیـان نـادات، چونكە بـە چـەند ڕاسـتییەكیان دادەنـێ، كـە گوایە لە ئاسمانەوە هاتوونو سەركێشی كردن لێیان سزادانی بەدواوەیە!

٤- ئەگەر لە سـەرەتادا سـنوری نێـوان فەلـسەفەو لاهـوت تـا ڕادەیـەك تەمومـژاوی بـووبێو بابەتی هەردوولایان لە ڕوانگـەی ئـایینیی‌و لـە سـێبەری ئـەو ڕێو شـوێنانەی كڵێـسە دانـاون، توێ توێ كرابن، لە قۆناغێكی دواتر، فەلسەفە توانیویەتی پشویەك بدات، بۆ چالاكییەكانی تـا

[61] Copleston, F. C. Geschichte der Philosophie im Mittelalter. Muenchen 1976. S. 176- 177.

ڕادەیەك دەرفەتی بەدەست هێناوە بە شارەزاییو ئەزمونی ژیانو پەیامی هەستەکانو ژێر پشت ببەستێ، بەڵام ئەو دەرفەتە ئەو مەرجەی خستۆتە بەردەم کە نابێ ناوەڕۆكو بابەتەکانی بڕواو ئایین فەرامۆش بکرێنو پێویست بووە لە سەری ئەم بابەتانە بکات بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەی ژیرو مەنتیقو بە هۆی بەڵگەو سەلمێنەی ژیرەوە نهێنییە پیرۆزەکانی ئایین پشت ڕاست بکاتەوە. دوای ئەم گۆڕانە کە بە پێی سەردەمی خۆی ناکرێت فەرامۆش بکرێت لە بواری فەلسەفەی سروشتیدا هەنگاوێکی ئەوپەڕی دلێرانە هەڵگیراوە کە کەوتنەوەی بابەتێك بووە لەم سەردەمەدا بە فیزیك ناودەبرێت، ئەگەرچی لە سەردەمی یۆنانی پێش پەیدابوونی مەسیحییەت ئەم بابەتە هەبووە. بەڵام ئەو هەنگاوە هاوێژراوە، ئەگەرچی هێمنو لەسەرخۆ بووبێ، ئەوا گران وەستاوەو بۆتە مایەی سوتاندنو لەناوبردنی کەڵە فەیلەسوفو زانای سەردەمی خۆی. لەگەڵ ئەم هەنگاوەدا لەنێو بابەتەکانی فەلسەفەدا ئەو ڕێبازە چاونەترسە خەتو خاڵی داوە کە بە ڕێبازی نۆمینالیزم ناسراوە. ڕابەرانی ئەم جۆرە فەلسەفەیە نەك هەر پیرۆزییان لە هەندێ بابەت ستاندۆتەوە، بگرە ساغیان کردۆتەوە کە ئەم بابەتانە لە خۆیاندا لە چەند ناوی بێ کاکڵو چەند چەمکێکی هەمەکی گشتی کە مێشکی مرۆڤ دایهێناون، بەولاوە نین[62].

ئەم هەنگاوەو ئەو ئەنجامەی لێی کەوتۆتەوە ئەگەرچی لە سەردەمی خۆیدا بە چاوی گومانەوە تەماشا کراوەو پڕ بە پێستی خۆیو بەڕەوایی هەڵنەسەنگێنراوە، بەڵام وەك دیاردەیەکی ڕاستەقینەو ڕیئالیستییانە لە چوارچێوەی مێژووی پەرەسەندنی فەلسەفەداو ئەمڕۆش لە سەردەمی نوێدا لە گۆڕەپانی مەنتیقی نوێو تیۆری زانیندا هەر گەرمو گوڕیو کاریگەریی خۆی لەدەست نەداوەو بایەخی خۆی هەر ماوە. ئەم ڕێبازە کە توندوتۆڵ بە ڕێبازی مرۆڤ پەروەریی (هیومانیزم)ەوە گرێدراوە، لە سەردەستی فەیلەسوفو لاهوتی بەناوبانگ ڤلهیلمی ئۆکام (١٢٨٥-١٣٤٧ ز) دوا ڕوخسارو ناوەڕۆکی پێبڕاوە.

دیاردەیەك لە فەسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستدا بۆتە مایەی ڕامان، لە کاتێکدا غەزالی بە ناوی ئایینو شەریعەتەوە هێرشی کردۆتە سەر فەلسەفەی ئەریستۆتلسو ڕێگای بۆ ئەفلاتونو ئەفلۆتین خۆشکردووە، لە ئەوروپای مەسیحیدا تۆمای ئەکوینی (١٢٢٥-١٢٧٤ ز) بە

[62] Vorlaender, K. Philosophie des Mittelalters Rowhlt. 1967. s. 54.

نـاوی ئـایینو لاهوتــەوە ئــەفلاتونو ئــەفلاتونیزمی نــوێی لاداوەو جـارێکی تـر ڕێگـای بـۆ ڕەواکردنەوەی فەلسەفەی ئەریـستۆتڵس خۆشـکردووە، هـۆی ڕامانەکە ئەوەیـە کـە فەلـسەفەی ئایدیالیـستی ئـەفلاتونو سـۆفێتی ئـەفلاتونیزمی نـوێو ئـەفلۆتین لەگـەڵ بنـەماکانی ئـایینو سـەلەفییەتدا گونجـاوو تـەبان، بـەلام ئەریـستۆتڵس وەك فەلـسەفەیەکی ژیـرو مـەنتیق بـە دەگمـەن لەگـەڵ جیهاندیـدی ئایینـدا گونجـاوە. دوو ئـایینو ڕەواکردنـی دوو فەلـسەفەی لـە یەکتری جیاوازا ئایا دەکرێ وا گریمانە بکرێت کە دوو ئایینەکە لـە سروشـتو جەوهـەردا لـە یەکتری جیاوازن!؟

تومای ئەکوینی بە ڕابەرێکی فەلسەفەو لاهوتی سکولاسـتی دادەنـرێ، هـەوڵی داوە سـنوری نێـوان فەلـسەفەو لاهـوت نەبـەزێنرێت، بـەوەدا کـە هەمیـشە لەبەرچـاوی بـووە کـە بابـەتو ئەرك‌و پەیڕەوی فەلسەفە لە لاهوتەوە جیاوازن، بەلام لە نێوان فەلـسەفەو بابەتـەکانی بـڕواو ئیمانـدا هـیچ جـۆرە ناکۆکییـەك کـە ببێتـە مایـەی ناتـەباییو لـە یـەکتری دوورکەوتنـەوەیان، بەدی نەکردووە.

فەلسەفە هەموو ئەو بابەتو زانـینو کەرەسـانە دەگرێتـەوە کـە لـە توانـای ژیـری مرۆڤـدا هەیـە بیانگـاتێو پـەیان پـێ ببـات، هـەروەها فەلـسەفەی ڕێبـازی ئەریـستۆتڵس ئەوەیـە کـە سەرکەوتووانە ئەم ئەرکەی پیادە کردووە.

ئەکوینی لە هەردوو شاکاری پوختەی لاهوت، لاهوت دژی گومڕایانو چـەند بەرهـەمێکی تــردا سیــستەمێکی ســەرتاپاگیری فەلــسەفەی دامەزرانــدووەو تیایــدا لایــەنی ئۆنتۆلــۆجی، ئەنترۆپۆلۆجی، ئاکار، زمان، تیۆری زانین، مەنتیق‌و فەلـسەفەی سروشـت بـەدی[٦٣] دەکـرێن. لـە هەردوو شاکاری لاهوتدا، ئەکوینی، وەك فەیلەسوفێکی لاهوتی تـا ڕادەیـەك پـشت ئەسـتور بـە ژیرو مەنتیق‌و پەیڕەوی ئەریستۆتڵس بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب پێنج بەلگـەی تـوێ تـوێ کردووە. لە سـەرەتادا بـە تونـدی گازنـدەی بەلگەی ئۆنتۆلـۆجی سـانت ئەنـسلمی کـردووە. لـە بەرهــەمی لاهــوت دژی گومڕایانــدا بــە ئاشــکرا جێدەســتی فەلــسەفەی ئەریــستۆتڵس

[63] Woehler, H- U. Ebenda. S. 11.

هەستپێدەکرێ[64] . بەڵام لە دووەمیاندا تایبەتمەندیو سەربەخۆیی خۆی وەك فەیلەسوفو لاهوتییەك نیشان داوە.

ئەکوینی لەو شاکارانەیدا ڕووبەڕووی دوو بۆچون دەربارەی بوونی ڕەب بۆتەوەو هەوڵی داوە لێیانەوە سەرەودەر بکات.

یەکەم: بۆچوونی یەکەم وای داناوە، بوونی ڕەب بابەتێکە لە خۆیدا ڕوونو ئاشکرایەو هیچ جۆرە گومانو ئەگەرێك هەڵناگرێت.

دووەم: بۆچوونەکەی تر لە ڕوانگەی بڕواو ئیمانەوە سەرنجی کێشەکەی داوەو بە لایەوە بوونی ڕەب تەنیا بابەتی بڕواو ئیمانەو بە هیچ شێوەو پەیڕەوو ڕێبازێکی تر ناتوانرێ پەی بەم بوونە ببردرێ یاخود بزانرێ[65]، ئەوی ئیماندار بێ بڕوای بە بوونی ڕەبو سێ ڕەنگییە یەکگرتووەکەی هەیەو پەکی لەسەر سەلماندنو بەڵگەهێنانەوە ناکەوێ!

٥- سانت ئەنسلم لە بەڵگەکەیدا کە هێناویەتییەوە، بۆچوونی یەکەمی کردووە بە بنەما، پشتی بە چەمکی جەوهەری ڕەب بەستووە، گوایە چەمكو بۆچوونی ڕەب ئەو جەوهەرە لە مێشکدا دەنەخشێنن، کە ناکرێ لەو گەورەتر بە بیرو مێشکدا بێت. بۆئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ڕەب نەك تەنیا هەروەك بۆچوون لە مێشکدا هەیە، بەڵکو لە دەرەوەی مێشکیشدا وەك بوونەوەرێکی ڕاستەقینە هەیە.

دوو جۆرە بابەت، دوو جۆرە چەمك خراونەتە دووتای یەك تەرازووەوە، لە لایەن جەوهەرەوە کە کراوە بە بەردی بناغەو، بوون، کە لە سەر بناغەی جەوهەر دامەزراوە ساغ کراوەتەوە. بنەمای ئەم بڕیارو بۆچوونە ئەو ڕایەیە کە لە ڕەبدا جەوهەرو بوون بە یەك شت دادەنێو لە یەکتریيان جیاناکاتەوە. ئەگەر جەوهەری شتێك بزانرێو پەی پێ ببردرێ، بوونەکەی مایەی ئەگەرو گومان لێکردن نابێت. ئەم بۆچوونە بەلای تومای ئەکوینەوە لەجێگای خۆیدا نییەو پەسند ناکرێت. چونکە ئەریستۆتلس وتەنی، مرۆڤ دەبێ لە بوونی شتێك دڵنیا بێت، ئینجا دەتوانێ پەی بە جەوهەرەکەی بەرێت نەك بە پێچەوانەوە[66]. ئەم

---

[64] -[10]- Thomas von Aquin, Die Gottesbeweise. Uebersetzt von Horst Seidel. Hamburg. 1982. Einleitung. S. Xv11.

[66] تومای ئەکوینی: هەمان سەرچاوەی پێشوو بە ئەڵمانی. ل: XIX.

بابەتە شتی بڕواو ئیمانـە، ئایا ئیماندارى سادەو ساکارو نەخوێنـدەوار ئـەو توانـا ژیرییـەی هەیە پەی بەم بابەتە ئاڵۆزو سەختە بەرێت؟ ئـەوی ئەنـسلم سـاغی کردۆتـەوە، تـەنیا بـوونی ڕەببە وەك بۆچوونێك لە مێشکدا نـەك وەك بـوون لـە دەوروبـەرو لـە دەرەوەی مێـشکدا. لـەم بۆچـوونو ڕوانگەیــەوە ئــەکوینی کۆشــشی کــردووە بەلگــەکانی خــۆی بخاتــە ڕوو. بــەلای ئەکوینییەوە یەکەم هەنگاو کە بهاوێژرێ، دەبێ بریتی بێ لەوەی لە سـەرەتاوە سـاغ بکرێتـەوە کە ڕەب هەیە. ساغکردنەوەی ئەم هەبوونەی ڕەب تەنیا هەر بە هۆی ئـەنجامی کارەکانی ڕەب خۆیەوە دەبێ. واتە سروشتو دەوروبەرو مـرۆڤ کـە ڕەب دایهێنـاونو بوونەکـەیان ئـەنجامێکی خواستو چالاکیو کـرداری ڕەب خۆیـەتی، ئەمـە دەکـرێ وەك بناغـەو بنـەما تـەلاری بەلگـەو سەلمێنەکانی بوونی ڕەب لە سەریان دابمەزرێن.

لـە فەسـڵی ١٣ی کتــێبی - لاهـوت دژی گومڕایـان - دا نیـشانی داوە چـۆن لـە فەلـسەفەو بەلگــەکانی ئەریــستۆتڵس ســودی وەرگرتــووەو ئــەو هەڵەیــەی کــە بــن ســینا تێــی کــەوتووە خستوویەتییە بەرچاو، لە دواییدا ئەم بەلگانە دەداتە دەست:

یەکەم: بەلگەی بزوتنەوە[67]:

پوختەی ئەم بەلگەیە وەك ئـەکوینی دایڕشـتووە بـەم شـێوەیەیە: بـە هـۆی هەسـتەکانەوە مـرۆڤ کـە جـۆرە بزوتنـەوەو جولانـەوەو جێگـۆڕکێ هەیـە. خـۆر لـە ڕۆژهـەلات هەڵدێتو لـە خۆرئاوا ون دەبێ، ئەمە بەلگەیە ڕوونی دەکاتەوە بزوتنەوە هەیە. ئـەوی دەبـزوێ لـە شـتێکی تـرەوە بزوتنەوەکـەی پـێ بـڕاوە، بزوێنـەرێك هەیـە ئـەو شـتەی بـە جولانـەوە خـستووە کـە دەبزوێتەوە. ئەم بزوێنەرە دەبێ خۆی لە خۆیەوە ببـزوێ یـاخود خـۆی لـە خۆیـەوە نـابزوێ. ئەگـەر ئـەم بزوێنـەرە خـۆی نـەبزوێ ئـەوا ئـەو ئەنجامـەمان دەسـتگیر دەبـێ کـە سـەرگەرمی بەدوادا گەڕانین، واتە: بزوێنەرێك هەیـە هـەموو شـتێك بـە بـزوتن دەخـاتو خـۆی نـابزوێو ئەمــە خــۆی ڕەببــە. بــەلام ئەگــەر ئــەم بزوێنــەرە خــۆی ببــزوێ بزوتنەوەکــەی بــە هــۆی بزوێنەرێکی ترەوەیە. بەم پێیە دوو ڕێتێچوون دێنە بـەردەم. یـان ئـەوەتا لـەو بـاوەڕەدا بـین، ئــەم زنجیرەیــە بــێ بڕانــەوەو کۆتــایی هــاتن بــەردەوام دەبــێ، ئەمــەش بــە پێچەوانەی ژیــرو

[67] تومای ئەکوینی، هەمان سەرچاوە (بە ئەڵەمانی): ل: ١٥- بەدواوە.

مەنتیقەوەیە. یاخود دەبێ زنجیرەی بزوتوو- بزوێنەر بگاتە پلەو ڕادەیەك، بگاتە بزوێنەرێك خۆی بزوێنەرە بەڵام خۆی نابزوێتەوە، ئەم بزوێنەرە نابزوتووە ڕەببە.

ئەم بەڵگەیە وەك تومای ئەکوینی خۆی دانی پیادا ناوە، داهێنانی ئەریستۆتڵسی یۆنانییە. ئەریستۆتڵس لەو باوەڕەدا بووە داهێنەر ئەو بزوێنەرەیە کە خۆی نابێ ببزوێ. بۆچی؟ داهێنەر کە بەرامبەر بە پەروەردگاری ئایینەکانە، لە هەموو بارو لایەكو ڕوویەکەوە تەواوو کامڵەو پێداویستی بە هیچ شتێك نییە، چونکە لە هیچ شتێك کەمی نییە، بۆیە نابزوێت، بزوتنەوە ئارەزوو مەیلێکە لە بێبەشبوونو نەبوونیو کەموکوڕیو پێویست بوونەوە دەکەوێتەوە. تۆمای ئەکوینی لەو دوو بەرهەمەیدا لە هەردوو ڕێبازی زانستییەکە کە ئەریستۆتڵس لە چوارچێوەی مەنتیقو توێژینەوەدا بە تایبەتی لە لێکۆڵینەوە مەنتیقییەکانیدا (شیکردنەوەی یەکەمو دووەمدا) بەکاری هێناون، سوودی وەرگرتووە:

- ئیندەکشن، لە نموونەی تاكو هەندەکییەوە، بەرەو هەمەکیو هۆکار دەچێو بە هۆیەوە بوونی هەندەکی ساغو پشت ڕاست دەکاتەوە.

-دیدەکشن، بە پێچەوانەوە لە هەمەکییەوە بەرەو تاك، بەرەو هەندەکی شۆڕدەبێتەوەو بوونی هەندەکییەکە پشت ڕاست دەکاتەوە. ئیندەکشن ڕێبازو پەیڕەوی زانستییە سروشتییەکانە، ئەوی تریان پەیڕەوی بیرکارییو ژمێرەو ئەندازەیە.

بەڵگەی دووەم: هۆکارو ئەنجام:

ئەم بەڵگەیە پشت بە سەلمێنەی یەکەم دەبەستێو[68] لە جیاتی بزوتنەوەو بزوتوو، هۆکارو ئەنجام بەکاردەهێنێ لە فەسڵی ١٣ی پوختەی لاهوت دژی گومڕایاندا بەم جۆرە ئەم بەڵگەیەی خستۆتە ڕوو:

هەر شتێك ببزوێ هۆکارێکی بزوتنەوەکەی هەیە، ئەم بزوتنەوەیە ئەنجامێکی هۆکارەکەیە. ناکرێ ئەم بزوتنەوەیە بەبێ هۆکار لە خۆیەوە بێت. مەبەست لەو بزوتنەوەیە نییە کە جۆرە توبزییەکی تیادایە. هەروەها ئەو بزوتنەوەیە نا کە سروشت ئاسا دەبزوێت، وەك زیندەوەر کە بە هۆی هۆکاری نەفسییەوە دەجوڵێتەوە. هەموو شتێك کە ببزوێت ئەم بزوتنەوەیەی لە خودی خۆیەوەیەتی یاخود لە شتێکی ترەوەیە، کە هۆکاری ئەم

[68] تومای ئەکوینی: هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی- فەسڵی ١٣، ل ١٩.

بزوتنەوەیەتی. ئەگەر ئەم بزوتنەوەیە لە خۆیدا بوو بەبێ هۆکار، دەبێ ئەم جوڵانەوەیە بە هۆی توبزییەوە بێت یاخود بە هۆی سروشتەوەیە. ئەم بزوتنەوە لە خۆدابوونە یان وەك زیندەوەر وایە یاخود لە خۆیدا نییە، وەك قورسایی‌و تیشك، بەڵام زنجیرەکە، هۆکارو ئەنجام یاخود ئەنجام‌و هۆکار ناکرێ هەتا سەر بێ برانەوە درێژە بکێشێ‌و بەردەوام بێت، دەبێ یەکەم هۆکار هەبێت کە هۆی ئەم بزوتنەوەیەیە، ئەم یەکەم هۆکارە ڕەب خۆیەتی.

سێیەم: بەڵگەی هێزەکی‌و کردەکی:

لەم بەڵگەیەدا توما جارێکی تر پشتی بە ئەریستۆتڵس بەستووە، بەڵام وا دێتە بەرچاو سوودی لە فارابی‌و بوعەلی سینا وەرگرتبێ بە تایبەتی لە دابەشکردنی بوون بە بوونی شیاوەکی‌و بوونی ناچارەکی بە عەرەبی وشەی (ممكن واجب) بەرامبەریان بەکارهێنراوە.

لە نێوان ئەو شتانەدا کە هەن، مرۆڤ چەندین شت دەبینێ کە دەکرێ هەبن‌و دەکرێ نەبن[٦٩]. واتە ئەو شتانە کە دەستی پرۆسەی گۆڕان‌و پەیدابوون‌و لەناوچوون دەیانگاتێ، ناکرێ‌و ناگونجێ ئەوی هەیە هەربێ‌و ئەوی نەبووە هەر نەبووبێ، دەبێ لەنێو ئەو شتانەی هەن، هەبوونی ناچارەکی هەبێ، ناکرێ بوونەکە تەنیا شیاوەکی بێت. بەڵگەی سێیەم، پشت بە هەردوو بەڵگەی یەکەم‌و دووەم دەبەستێ، ئەوی بوونەکەی ناچارەکی‌و پێویستە هۆکاری ئەم ناچارەکییە لە بوونەوەرێکی تری ناچارەکییەوە یاخود لە خۆیەوەیەتی. ئەم زنجیرەیە ناکرێ بێکۆتایی بێت، بۆیە دەبێ بوونەوەرێکی ناچارەکی کە بوونەکەی پێویستەو پەکی لەسەر هیچ شتێکی تر نەکەوتووە، خۆی بە تەنیا هۆکاری بوونی ناچارەکی خۆیەتی، هەبێ، ئەم بوونەوەرە ڕەببە.

چوارەم: بەڵگەی شارەزای ئەم بەڵگەیە پشت بە ئەزموون‌و تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانەو پشت بە شارەزایی دەبەستێ. مرۆڤ لەو شتانەدا کە دەیانبینێ جگە لە جیاوازی نێوانیان هەبوونی جۆرە پلەوپایە، بەرزی‌و نزمی، کامڵی‌و پتر کامڵی، چاك‌و چاکتر، هەست پێدەکات.

هەندێك شت لە هی تر چاکترو کامڵ‌و تەواوترن، هەندێکی تر ڕاست ترن.. هتد..، شتی گەرم هەیە، بەڵام ئاگر خۆی لە هەموو شتێکی گەرم گەرمترە، چونکە خۆی سەرچاوەی گەرمییە. گەرمییەکەشی هەر لە خۆیەوەیەتی، کەوابوو ئەم پلەوپایە جیاوازییە جۆرە

[69] تومای ئەکوینی، هەمان سەرچاوەو هەمان لاپەڕە بە (ئەڵمانی).

تایبەتمەندییەك دەبەخشێ، ئەم خوێندکارە زیرەكو شارەزایە ئەوی تر زیرەکترو شارەزاترە. ئەم زنجیرەیە تا ڕادەو سنورێك بڕەکات، دەگاتە بوونەوەرێك کە لە هەموو سەرێکەوە چاکەو ڕاستو تەواوو کامڵو ڕاستەقینەیە. ئەم بوونەوەرە ڕەب خۆیەتی[70]. چونکە ئەو خۆی هۆکاری هەموو بوونو چاکەو کامڵییەکەیە.

پێنجەم: بەڵگەی ئامانجەکی:

ئەگەرچی لەم سەردەمەماندا زانستو پەرەسەندنی پرۆسەی ژیان هەموو ڕەواییەکیان لەم بەڵگەی ئامانجەکییە ستاندۆتەوە، بەڵام بایەخی لاهوتیو فەلسەفەییو مێژووی خۆی هەر ماوە. ئامانجەکی وەك بەڵگەو وەك هۆکاری لێکدانەوە پتر ڕوخسارو ناوەڕۆکێکی لاهوتی هەیە. ئەم بەڵگەو لێکدانەوەیە لە لایەن لێکدانەوەو بەڵگەی میکانیزمی ڕقەبەری دەکرێت. لێکدانەوەی میکانیکی وا دەگەیەنێ بۆ هەر شتێك ڕوودەدات هۆکارێك هەبێ مایەی ڕوودانو قەومانەکەی بێت. بە پێچەوانەوە لێکدانەوەی ئامانجەکی ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو شتێك لە بوونو ڕوودانیدا ئامانجێکی* هەیە. لە سەرچاوەی ئایینی ئیسلامدا بە جوانترین شێوە ئەم لایەنە ئامانجەکییە ڕوونکراوەتەوە، لە ئایەتێکدا پەروەردگار وتوویەتی هەرچی هەیە بۆ ئەوە دامانهێناوە خوا پەرستی ( لیعبدوا ) بکەن. (وماخلقت الجن والانس الا لیعبدون: الذاریات: ٥٦).

هەر شتێك لەم جیهانەدا هەبێ هەر لە سروشتەوە تاوەکو مرۆڤ، ئامانجی تایبەتی خۆی هەیەو سەرگەرمی پێگەیشتنێتیو هەوڵی بۆ دەدات. لەم جیهانەدا، لە بووندا بە گشتی، شتی زیندوو نازیندوو گیانلەبەرو بێگیان هەیە. هەموو شتێك، هەریەکە بە پێی تایبەتمەندی خۆی، ئامانجی خۆی هەیەو، هەوڵی بۆ دەدات. شتی زیندوو سروشتی بۆ گەیشتنە ئامانجەکەیان بە ڕێککەوت کۆشش ناکەن، بەڵکو بە نیازو مەبەستی تایبەتی خۆیان بۆ گەیشتن بەو شتەی مەبەستیانە ئەم هەوڵە دەدەن. شتی نازیندوو، ئەوانەی زانینو شارەزایی

---

[70] هۆرست زایدل، لە هەردوو کتێبی لاهوتی توماوە ئەو لاپەڕانەی هەڵبژاردووە کە بەڵگەی بوونی ڕەبیان تیادا هاتووەو لە لاتینییەوە کردوونی بە ئەڵمانیو لەژێر ناونیشانی تومای ئەکوینی: بەڵگەکانی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب، هامبورگ ١٩٨٢ بڵاوی کردۆتەوە منیش لێرەدا پشتم بەو تێکستە بەستووە.

* ولترستیس: الدین والعقل الحدیث: ترجمة: د. امام عبدالفتاح، امام مکتبة مدبولي ١٩٩٨ ص٣٢.

تایبـەتی خۆیـان نییـە بـە هـۆی هۆکارێکـەوە ئاڕاسـتە دەکـرێن، ئـەو کۆشـش‌و سـەرگەرمیی گەیـشتنە مەبەسـت‌و ئامـانج لـە خـودی خۆیانـدا نییـە، هۆکـارێکی دەرەکـی هەیـە ڕابـەرییان دەکات. بۆیە دەبێ بوونەوەرێکی ژیر کە شتە سروشتییەکان بـەرەو گەیـشتنە ئامـانج ڕابـەریی دەکات، هەبێ، ئەو ژیرە ڕەببە. (پوختەی لاهوت: فەسڵی یەکەم: (٢-٣).

تۆمای ئەکوینی لەو پێنج بەڵگانەدا کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە پێنج ڕێگاکەی زانـین‌و ناسینی ڕەب ناوبراون، وەك بلیمەتی لاهـوت‌و فەلـسەفەی سـەردەمی خـۆی پـەی بـە پوختـەی بابەتەکـە بـردووەو بەوپـەڕی دەسـت ڕەنگینییـەوە کەرەسـەکەی نەخـشاندووە. پوختـەی بابەتەکە بریتی بووە لەو خاڵەی کـە نیـشانی داوە "ئـەنجام چاکتر لـە هۆکـار دەناسـرێ". زۆر جـار مـرۆڤ ئـەنجامی شـتێك دەبـینێ بـەر لـەوەی بزانـێ هۆکـاری ئـەم ئەنجامـە چییەو چۆن کەوتۆتەوە.

ئەکوینی بۆ ساغکردنەوەی بـوونی خـوا کـە ئـەو بـە (ڕەب) نـاوی بـردووە سروشـت‌و تاکە شت‌و تاکە کەسان‌و داهێنەرانی پەروەردگاری کردووە بـە بنـچینەو بنـەماو بەڵگـەکانی لەسـەر دامەزرانـدوون. وەك لە سەرچاوەکانەوە دەردەکەوێ، ئـەکوینی بـاوەڕێکی قـایمی بـەوە هـەبووە کە ئەگەرچی ئەم بابەتە لە خۆیدا بابەتی بـڕواو ئیمانـەو کەرەسـەی فەلـسەفە نییـە، ژیـر لـە توانایدا هەیە بوونی ئافەریدەکار سـاغ بکاتـەوە[71]. بێگومـان بڕواشـی بـەوە هـەبووە کـە وەحـی ساغی کردۆتەوە، ڕەب جیهان‌و بوون‌و هەموو شتێکی داهێناوە.

بە باوەڕی من ئەو بەڵگانەی ئـەکوینی چـەندە ڕێکوپێـك بـن‌و بـە بنـەمای ژیـرو مـەنتیق پشت ئەستور بن، ئەو سوودەیان نابێ کـە چاوەڕوان دەکرێـت ئەگـەر ئـەو کەسـەی سـەرنجیان دەدات خۆی بڕواو ئیمانی نەبێت. ڕاستە ئەم بەڵگانە پشت بە بڕواو هەست‌و ژیـر دەبەسـتن‌و بەوپـەڕی ڕێکـوپێکی داڕێـژراون، بـەڵام تـەنیا ئـەوە سـاغ دەکەنـەوە کـە مـرۆڤ بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییەو ئەم خەسڵەتی بـە کۆمەڵایـەتی بوونـە ئـەنجامی دیـاریکراوی لـێ پەیـدا دەبـێ. ئەکوینی سوودی لـە فەلـسەفەی یۆنـان وەرگرتـووە، بـەڵام وشـەی داهێنـان (خـەلق) کـە واتـای دروستکردن بەبێ کەرەسە لە نابوونەوە دەدات، لە کولتـوری ئەوسـای یۆنانـدا وشـەیەکی نـامۆ بووە، لێرەدا پتر خەسڵەت‌و جێدەستی ئایین دەردەکەوێ.

---

[71] Stoerig, Hans-Joachim, Kleine Weltgeschichte der Philosophie Stuttgart 1961, S 295.

له فەلسەفەی یۆنانـدا هـەموو شـتێك بـە جۆرێـك سـەرنج دراوە، كـە لـە بزووتنەوەدایـەو دەجوڵێتـەوە. ئـەم جووڵانەوەیـەی شـت دەكـرێ بـبێ بـە مایـەی گەیـشتن بـە جەوهەرەكـەیو زانـینی ئـەو خەسـڵەتە. لـەم بزوتنەوەیـەدا هـەموو شـتێك جـۆرە لاساییەكی ئـەو بزوێنـەرە نابزوتووە دەكاتەوە كە لە هەموو لایەنو بارێكەوە ئەوپەڕی تەواوو كامڵو بێگەردە.

لـە فەلـسەفەی ئایینـدا بـە گـشتیو لـە فەلـسەفەی مەسـیحی سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا بـە تایبەتی، بە پێچەوانەوە، مەبەستێكی تر لەبەرچاو گیراوە، بە جۆرێكی تر سەرنجی بزوتنـەوە دراوە، بە بۆچوونی لاهوت، شت دەبزوێتەوەو لە جوڵانەوەدایە، ئەم بزوتنەوەیـە مەبەسـتێكی تایبـەتی هەیـە، مەبەسـتی كـامڵبوون، هـەبوونو تـەواوكردنی خـۆی. ئەگـەر شـت بـەم بزووتنەوەیـەی، سروشـتو پوختـەو جەوهـەری خـۆی كامـڵو تـەواو بكـاتو بیگەیەنێتـە ئەوپەڕی پلەی بێ كـەمو كـوڕیی بـەم كۆشـشو چالاكییەی خـۆی لـە پـەروەردگارە داهێنـەرە بـەرزو شـكۆمەندو ئەوپـەڕی كامڵەكـە نزیـك دەكاتـەوە. سروشـت، مـاددە، بوونـەوەران لـە بەرامبەر پایەبەرزییو تەواوەتیو پەروەردگاردا ناتەواوو نوقستانو كەمو كوڕنو داهێنـراون. جیهـان لـە خۆیـدا هێزەكییـە، چـاكی تیادایـە، بـەڵام مـرۆڤ، بـوون، بـەو كۆشـشەی دەیكـات بوونەكەی خۆی كامڵو تەواوەتی بكات هەوڵی گەیشتنە چاكییەتیو كـامڵی خـۆی دەدات. ئـەم بۆچوونە ئامانجەكییە كە لە سەدەكانی ناوەڕاستدا باوبووە لەبەرئەوە بووە كە ئـایینو لاهـوت بەسەر ژیانو بیروبۆچوونی بیرمەنداندا زاڵ بووە، بۆیە وایان داناوە كە مەبەستو ئامـانج لـە پێشەوەنو ڕووداوەكان بـەرەوپێش كـێش دەكـەن. لـەم سـەردەمەماندا زانـست جێگـای ئـایینی گرتۆتەوەو بـە جـۆرێكی تـر ڕووداوو بزوتنـەوەو فاكتـەرەكان لێـك دەدرێنـەوە. ئەگـەر لـە لای لێكدانەوەی ئامانجەكی هۆكار لـە پاشـەڕۆژدا بێـت، ئـەوا لـە لێكدانـەوەی میكـانیكی هۆكـار لـە ڕابوردوودا بووەو وای لە شت كردووە لە سەردەمی داهاتودا بقەومێ[72].

٦- ئەگەرچی تیۆری زانین وەك بابەتێكی سەربەخۆو ڕێكوپێك لە چوارچێوەی فەلـسەفەدا جۆن لۆك (١٦٣٢-١٧٠٤ ز) ڕوخسارو ناوەڕۆكێكی ڕێكوپێكی پـێ بەخـشیوەو هـەوڵی داوە وەڵامـی ئـەو سـێ پرسـیارە بداتـەوە، كـە پوختـەی تیۆرییەكـە پێكـدەهێنن، لـە سـەردەمی یۆنـانو لـە

[72] Gilson E., Der Geist der mittelalterlichen Pilosophie. Wien 1950. s. 161.

فەلسەفەی مەسیحیدا چەند بەرهەمێك دەبینرێن کە دەکرێ بە جۆرە بەشدارییەك لەم بوارەدا دابنرێن. تیۆری زانین وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە:

یەکەم: چۆن ئەو شتانەمان زانیون کە ئێستاکە دەیانزانین؟

دووەم: سەرچاوەکانی زانین کامانەن؟

سێیەم: تا چ ڕادەیەك دەکرێ لەو شتانە دڵنیابین کە دەیانزانین.

.لە فەلسەفەی یۆناندا بە تایبەتی لەلای ئەفلاتونو ئەریستۆتڵس هەوڵدراوە هەستو ژیر، هەستو گیان (نەفس) وەك دوو سەرچاوەی زانین لێك جیابکرێنەوە، ئەو ڕۆڵەی هەریەکەیان لە کرداری زانیندا دەیگێڕن، دەستنیشان بکرێت. تا ڕادەیەکی زۆر لە فەلسەفەی یۆناندا ئەو بۆچوونە باو بووە کە پەیبردنی هەستەکی بە شت (شت زانین بە هۆی هەستکردنەوە) سەرچاوەی زانینی مرۆڤە. ئەریستۆتڵس وای داناوە ژیر (مێشك- فام- تێگەیشتن) لە هەستەکانەوە جیایە، بەڵام نەفس - گیان- تێگەیشتن لەنێو خۆیاندا وا بە ئاسانی لە یەکتری جیاناکرێنەوە. ئەم فەیلەسوفەی یۆنان یەکەم بیرمەندە لە مێژووی فەلسەفەدا بە وردی لە سروشتو چالاکی نەفس (دەروون)ی هەستیاری کۆڵیوەتەوەو جەوهەرو پوختەکەی دەرخستووە[73]، ڕوونی کردۆتەوە لەش خۆیو ئەندامەکانی هیچ کارێك لە — نەفس - ژیر ناکەن چونکە هەردوولا سروشتی لە یەکتری جیاوازیان هەیە. مێشك - نەفس بریتییە لە توانایەکی ناماددەیی ئەرکی سەرشانی بیرکردنەوەیە، لەو چالاکییەیدا پشت بە هیچ ئەندامێکی لەش نابەستێ.

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لەلای سانت ئۆگۆستین دوو جۆرە زانین لە یەکتری جیاکراونەتەوە کە پتر ڕەوتە دوو ڕەنگییەکەی ئایین تیایدا ڕەنگی داوەتەوە. زانینی ژیرەکیو زانینی هەستەکی. زانین بە هۆی ژیرەوە لەبەر دوو هۆکار لە هەستەکانەوە پەیدا نابێو ڕاستییو ڕاستەقینەش بە هۆی هەستەکانی لەشەوە دەستگیر نابێت:

یەکەم: ئەوی دەکەوێتە بەر هەستەکانی لەشو بەم ڕێگایەدا پەی پێ دەبردرێو دەزانرێ، هەمیشە دەگۆڕێو بێ پسانەوە لەسەر بارودۆخێك نامێنێ. ئەو شتەی دەگۆڕێ مرۆڤ ناتوانێ بە تەواوەتی تێی بگاتو نابێت بە کەرەسەو بابەتی زانینی ڕاستو دروست.

---

[73] Capelle, w, Die griechische Philosophie. Bd. 2. Berlin 1971. s. 66.

دووەم: ئەو شتەی بە هۆی هەستەکانەوە دەیزانینو پەی پێدەبەین وەك ئەو وێنانە وان کە لە خەونداو لە کاتی لەرزو تا لێهاتندا لە ناخو دڵو دەروونماندا دەنەخشرێن، ناتوانین بە هۆی هەستەکانەوە بڕیار بدەین ئایا ئەم وێنە نەخشراوانە وێنەی هەستەکیو هەستپێکراون یاخود وێنەی ناڕاستن[٧٤].

ئۆگۆستین، وەك فەیلەسوفەکانی یۆنان لەو باوەڕەدا بووە لەشو ئەندامەکانی لە توانایاندا نییە کار لە گیانو نەفس بکەن، ئەم بۆچوونەی خۆی بەوە پشت ڕاست کردۆتەوە کە گیانو نەفس لە لەش پایە بەرزترن. ئەوی کار لە شت دەکات، هەمیشە پایەبەرزترە لەو شتەی کاری تێدەکاتو بەهۆی ئەم کارتێکردنەوە پەیدا دەبێ. مرۆڤ شتی وا بە بیرو ئەندێشەیدا دێت لە توانای هەستەکاندا نییە پەییان پێبەرن، هیچ کاتێك ناکرێ ئەنجام لە هۆکار کاریگەرتر بێتو لەو پتر برِ ناکاتو بەهێزتر نییە. بۆیە ناکرێتو ناگونجێ چاوەڕێی زانینی ڕاستو ڕاستەقینەو دروست لە هەستەکانەوە بکرێت.

بەلای تۆمای ئەکوینەوە لێکۆڵینەوەی ڕاستیو ڕاستەقینە هەر بە تەنیا بابەتی فەلسەفە نییەو لە چوارچێوەی سروشو لاهوتو دوگمای ئاییندا گیری نەخواردووە. شارەزایی سروشتیو تاقیکردنەوەو ئەزموون دەکرێ ببن بە سەرچاوەی زانین. ژیر، مێشك، بە تایبەتی مێشکی مرۆڤ بیرمەند بە ڕێکوپێکی وێنە هەستییەکان لەم سەرچاوە ناوبراوەوە وەردەگرێ مشتو ماڵو پوختیان دەکاتو ئەو بیرو بۆچوونو چەمکە گشتییانەیان لێ دادەڕێژێ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە پرۆسەو کاری زانینو ژیندا پشتیان پێ دەبەسترێ، بۆیە ڕاستیی لە بەیەکەوە گونجانو تەبابیو هارمۆنی نێوان بیرو - بوون- بەولاوە نییە[٧٥]. لە زۆر شتدا، لە بارەی تیۆری زانینەوە تومای ئەکوینی وەك جۆرە ڕیالیستێکی ئەزموونەکی دێتە بەرچاو، بەتایبەتی لەوەدا کە وتوویەتی: کەرەسەو بابەتی زانین مادده ئاسا بە هۆی هەستو هەستکردنو ئۆرگانەکانی هەستەوە دەستگیر دەبن، دوای شەنو کەوکردن، بۆ دارشتنەوەی ئەم بابەتە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك رۆڵی ژیر دەستپێدەکات. ئەم بۆچوونەی تومای ئەکوینی لە سەدەی هەژدەهەمدا لەلای فەیلەسوفی ترانسندنتالی ئەڵمان کانت (١٧٢٤-١٨٠٤ز) بە تایبەتی

[74] Rolfees, E, und Bormann (Hrsg). Die Philosophie des tho. Von Aquin. Hamburg 1977.
[75] Vorlaender, K. Philosophie des Mittelalters, Row. 1917. s. 88.

لــه مــەڵۆی تیــۆری زانینــدا بــووە بــە بنــەماو بــەردی بناغــەی فەلــسەفە ڕەخنەگرییــە سەرتاپاگیرەکەی.

بەلای توماوە سێ شت فەرامۆشیی بە نەفس دەبەخشن:

یەکەم: ئەو شتە بزانرێت کە دەبێ بڕواو ئیمانی پێ بهێنرێت.

دووەم: ئەو شتە بزانرێت کە دەبێ هەوڵی بۆ بدرێتو مرۆڤ سەرگەرمی بە دواگەڕانیدا بێت.

سێیەم: ئەو شتە بزانرێت کە پێویستە لەسەر مرۆڤ بیکات[٧٦].

ئەگەر بە وردی مرۆڤ سەرنج، لەم سێ خاڵە بدات، دوو شتی بۆ ڕوون دەبێتەوە.

یەکەم: ئەمانە هەرسێکیان سێ بنەماکەی ئایینی مەسیحی نیشان دەدەن: بڕوا (ئیمان)، خۆشەویستی، هیوا.

دووەم: جگە لەوەی کانت لەم سێ خاڵە سودی وەرگرتووەو بە شێوەیەکی مۆدێرن دایڕشتوونەوە، توما بەم سێ خاڵە ئاکار وەك زانستو تیۆری زانین تێکەڵاوی یەکتری کردوون، ئەگەرچی جۆرە هەستێکی سۆفێتی تیایدا خۆی نیشان دەدات، بە تایبەتی لەوەدا کە لەلای توما زانین پلە بە پلە لە خوارەوە بەرەو سەرەوە، لە ژێرەوە بەرەو ژوور دەچێ، لە ئەنجامەوە دەستپێدەکاتو لە لای هۆکار کۆتایی دێت.

زانین وەك بابەتو شت زانین بە تایبەتی کێشەیەك بووە لە کێشە سەرەکییەکانی ژیان. مرۆڤ لە جیهاندا، وەك بوونەوەر بەوە ناسراوە خاوەن هەستی جۆربەجۆرو هەمە ڕەنگە، فۆرمو ڕوخساری شت، نەك جەوهەرو پوختەکەی، ناوەڕۆکە هەستەکیو گیانییەکانیان مەبەستەکی لە مێشكو ناخو دەروونیدا تۆمار دەکات، وەگ گەنجینەیەك لە ژیانی ڕۆژانەی ئێستاو دوارۆژدا سودیان لێوەردەگرێت، هەر ئەم زانینەیە هاندەری جۆری بیرکردنەوەو کردارەکانیەتی.

کەچی لە سەرچاوە مێژووییەکانەوە وا دەردەکەوێ کە ئەم زانینە لە خۆیدا هەر لە سەرەتاوە مایەی کلۆڵیو بەدبەختی مرۆڤ بووە. ڕێکوپێك ترین سەرچاوەیەك کە لەم بارەیەوە لەبەردەست دابێ، تەوراتی جولەکەیە. بێگومان توما باش ئاگاداری تەورات بووەو

[76] شتووریگ، ه. ی: هەمان سەرچاوەی پێشوو بە ئەڵمانی ل: ٢٩٧.

بڕوای پێی بووە چونکە بە کتێبێکی پیرۆزی ئاسمانی داناوە. لە تەوراتدا باسکراوە، مرۆڤ لە سەرەتای ژیانو بووندا (ئادەمو حەوا) لە بەهەشتدا بوون، فرمانیان پێ دراوە لە هەموو شتێك بخۆن تەنیا لە بەری درەختی زانین نەبێ، چونکە بە هۆی زانینەوە مرۆڤ لە بوونەوەرێکی سادەو ساکار تێدەپەڕێو پلەو پایەبەرزی ترانسندێنتی پێدەبڕێ. ئەگەرچی هەرسێك ئایینە جیهانییەکە بە تەواوەتی بڕوایان بەم سەرگوزشتەیە هەیە، سەرگوزشتەی قەدەغەکردنی پاوانی خواردن لە بەری درەختی زانین، کەچی هەرسێکیان لە لای خۆیانەوە، هەریەکە بە پێی هەلومەرجی تایبەتمەندی خۆی، ئەگەر تەنیا هەر قسە بێتو کرداری لەگەڵدا نەبێ، هانی زانینو زانست دەدەن!.

زانین چالاکیو پرۆسەیەو لە سێ لا پێکهاتووە، هەرسێکیان یەکەی یەکگرتوویان پێکهێناوە:

یەکەم: بابەتی زانینەکە، واتە ئەو شتەی دەزانرێو دەبێت بە کەرەسەی زانین.

دووەم: ئەو کەسە شتە کە دەزانێ وەك خۆ.

سێیەم: چالاکی شت زانینەکە لە خۆیدا.

لەم پرۆسەیەدا چەندین لایەنو ئۆرگانو ئەندامێکی لەش بە شێوەی جیاجیا بەشداری دەکەن، زۆرجار ئەم بابەتە خۆی لەسەر شێوەی لەیەکچووندا، تا ڕادەیەك بە جۆری بوون بە یەکی پرۆسەی زانینو بوونی شتی زانراو خۆی دەنوێنێ.

زانین لە سەرەتاوە، وەك هەنگاوی یەکەم کە هەڵدەگیرێ، لە هەستەکانەوە دەستپێدەکات. ئەگەر چاو شت نەبینێ، دەست بەر شت نەکەوێ، لوت بۆنی نەکات، گوێ نەیبیستێو زمان چێژی نەکات کارەکە نایەتە دیو بەڵام ئەم زانینە هەستەکییە تەنیا شتی بچووكو هەندەکی دەگرێتەوە، وێنەکە بە شێوەی بابەت لەم ئاستەدا خەتو خاڵ نادات و نانەخشێ.

مرۆڤ، بمانەوێو نەمانەوێ لە دوو بەش پێکهاتووە، لەشی ماددەیی (گۆشتو ئێسقانو خوێن.. هتد) و لە نەفس (دەروون- گیان) پێکهاتووە. بۆیە سەرەڕای پێنج هەستەکە نەفس- گیان- ژیر لە ئەم ئەرکە سەختو ئاڵۆزو وردەدا بەشداری دەکەن. بە واتایەکی ڕوونتر، هەستو ژیر دوو بنەمای سەرەکی لێك نەترازاوی توانای شت زانینن، بە هۆی تواناو چالاکی هەردووکیانو بە هۆی توندوتۆڵ بە یەکەوە بەسترانەوەی هەردووك لایان ئەم وێنەیە وەك

یەکەیــەکی جیهــانبینی لەســەر شــێوەی نــاوەڕۆکی بابــەتی زانــینی جیهــان دەنەخــشێو پێکدەهێنرێ.

وەك لاهوتییەكو ئیماندارێك تومای ئەکوینی گومانکار نەبووە، بـە دڵنیاییـەوە بـڕوای بـە هەبوونی جیهانی ڕاستەقینە، جیهانی دەوروبەر کە داهێنـانێکی پـەروەردگارە، هـەبووە. بۆیـە پەی بردنو زانینی ئەم جیهانـە بـە لایـەوە هـیچ ئەگـەرو گومـانێکی هەڵنـەگرتووە. بـە پێـنج هەسـتەکان مـرۆڤ شـتی تـاكو هەنـدەکی جیهـان لـە کـاتو شـوێنی دیـاریکراودا دەزانـێ ئـەم هەستانە لە نێوان جیهانی دەوروبەرو جیهانی بابەتیو هۆشی شت زانـدا پـردی پەیوەنـدین[77]. هەر هەستە بە ئەندامێکی لەشەوە بەندە، بریتییە لە توانایەکی هێزەکی شـت وەرگـر، کاتێـك شتێکی جیهانی دەوروبـەر دەکەوێتـە بـەر هەسـت، ئـەو شـتەی بـە بابـەتی زانـین ناودەبرێـت، جۆرە گۆڕانێك لەسەر شێوەی هەستپێکردن بە سەریدا دێت. توانای وەرگرتنی شـت لـە لایـەن ئەندامـەکانی هەسـتەوە لەگـەڵ توانـای نامـاددی لەشـدا لـە چوارچـێوەی پرۆسـەی زانینـدا دەکەونەکار. ئەو کەرەسە خاوە کە لـە دەرەوە لەسـەر شـێوەی هەسـت لـە شـت کەوتۆتـەوە لـە چوارچێوەی ڕوخسارو فۆرمی کاتو جێگادا پوختەو شەنو کەوو تۆمار دەکرێت. هەر هەسـتە بابەتی تایبەتی خۆی هەیـە، بـە هـۆی هەسـتپێکردنەوە پـەی پێـدەبات. پرۆسـەی زانـین، بـەم پێیە، لـە ژێـرەوە بـۆ سـەرەوەو لـە دەرەوە بـۆ نـاوەوە دەسـتپێدەکات، بـەڵام ئـەم چالاکییە لـە سـنورو پـاوانی هەسـتەکان تێدەپـەڕێ تـا ئـەو ڕادەیـەی دەگاتـە زانـینی ڕاسـتیی، ئـەم زانـینی ڕاستییە لە خۆیدا بڕیاردانە کە بە ئەڵمانی (Das Urteilen)ی پێدەوترێو واتاکـەی جـۆرە چالاکییەك دەبەخشێ کە لە نێوان (حوکم) دانو بڕیاردایـە. واتـە بابـەتی کردنـی ئـەو شـتەی پەی پـێ بـردراوەو زانـینی ئـەو فاکتانـەی کـە بەرهەسـتی نـین. زانـین بریتییـە لـە بڕیـاردان، بڕیاردانیش وەك پێناسەکردن، پشت ڕاستکردنەوەی شتێك (لایـەنێك) و بـە لاوەنـانی شـتێکی تره. پشت ئەستور بەو جیاوازییەی ئەریستۆتلس لە نێوان ڕوخسارو ناوەڕۆکدا کردوویـەتی، ئەکوینی ئەو باوەڕەی نیشان داوە کە لە دوا قۆناغی شت زانیندا بە هۆی چالاکی ڕووتکـردنو ئەبستراکتییەوە، بە هۆی جیاکردنەوەی فۆرم لە ناوەڕۆکەوە وێنەو چـەمکە گشتییەکان دەبـن

[77] Meyer, H. Abendlaendische Weltam schaung. Bd. 2 Paderboren 1965. 3. Auflage. S. 207.

به بابەتی زانینی ڕاستو گومانلێنەکراو. ئەم پرۆسەی ئەبستراکتەی جیاکردنەوەی فۆرم لە ناوەڕۆك سێ پلەی جیاوازو لە هەمان کاتدا بە یەکەوە بەستراوی هەیە کە بەم شێوەیەن:

یەکەم: لەم پلەیەدا فام- ژێر ڕوخساری شتە سروشتییەکان لە کەرەسە (مادە) تاکییە هەندەکییەکان جیادەکاتەوەو دادەبڕێ[٧٨].

لە سروشتەوە مرۆڤ توانایەکی گیانی - ژیریی شت زانینی هەیە. ئەم توانایە یاخود ئەم تێگەیشتنە شیاوەکیو هێزەکییە، بۆئەوەی ببێ بە کردەکیو پیادە بکرێت، پێویستی بە بنەمایەکی کاریگەرو چوستو چالاك هەیە. وێنە هەستپێکراوە بەرهەستییەکان، بە ناوەڕۆکە تایبەتییەکانیانەوە دەگەیەنرێنە هەستی ناوەکی. لەوێدا، لەم ناوەڕۆکانە، وێنەیەکی بۆچوونی گشتی دادەڕێژرێت. بەڵام وێنە هەست پێکراوە هەستییەکان بابەتو کەرەسەی هەستنو ناتوانن کار لە نەفس- گیان- فام بکەنو ئەوی پایە نزمە ناکرێو ناشێ کار لە پایەبەرزتر لە خۆی بکات. بۆیە بەرهەمی پایەبەرزی زانین واتە زانینی جەوهەر تەنیا هەر لە هێزو توانای فامەوە Verstand دەکەوێتەوە. لەم پلەو قۆناغەدا جەوهەرە هەمەکییە گشتییەکان کە چەمکی ڕوونو کە پێشتر لە شتە بەرهەستییەکانەوە وەرگیراون، لە شتەکان جیادەکرێنەوە.

دووەم: پلەی دووەم وەك قۆناغێك فام (تێگەیشتن) ڕاستییەکانی بیرکاری (ماتماتیك) تێدەگاتو پەییان پێدەبات. لەم پلەیەدا لە هەموو ناوەڕۆکێکی کەرەسەییو مادده چاوەپۆشرێو وێنەو ڕوخسارو فۆرم لە شتە تاکییەکاندا لە ناوەڕۆك دادەبڕدرێن. مێشك (تێگەیشتن) ڕەنگی بیرۆکەو چەمکە ماتماتیکییەکان دەڕێژێ کاتێك کە چەندێتی (ژمارە) لە ماددەی بەرهەستو خەسڵەتەکانی تری دادەبڕێو جیادەکاتەوەو تەنیا ئەوەی وەك چەندێتی دێتە بەرچاو دەکات بە بابەت. لەم پرۆسەیەدا ژێر تەنیا سەرگەرمی سروشتی چەندێتییەو مەبەستییەتی ڕەگەزە جەوهەرییو قانونە جەوهەرییەکان تەنیا هەر وەك چەند چەمکێکی هەمەکی گشتی پەی پێ بەرێتو تێبگات.

[٧٨] مایەر، هانز: هەمان سەرچاوەی پێشوو (بە ئەڵمان). ل: ٢٠٩ بەدواوە.

لەم دابەشکردنەدا، کە توما کردوویەتیو بە تێگەیشتنی ژێری سپاردووە، ئـەو بۆچوونەی ئـەفلاتون دێتـەوە یـاد، کـە لـە کتـێبی (دەوڵـەت/ کۆمـار)دا دەربـارەی پرۆسـەی پەرەسـەندنی زانینی مرۆڤ خستویەتییە بەرچاو.

سێیەم: لەم پلەیەدا، ڕوخسارو ناوەڕۆك لە چوارچێوەی پرۆسەی ئەبستراکت کردنـدا بـەم پێیە لێك دادەبڕدرێن.

فام- ژێـر لـە پرۆسـەی زانـینی میتـافیزیکی جەوهـەردا کەرەسـەی ژێرەکی جیادەکاتـەوە، چەمکە هەمەکییەکان: بوون، یەك ڕەنگیی، هێزەکی، کردەکی.. دادەڕێژرێ.

بـە پێـی سیـستەمی زانـین، ئەبستراکتی میتـافیزیکی بـە پلـە لەسـەرو هـەموو لایەنـەکانی ترەوەیە، زانینی چەمکی ژوورو- بوون- و چەمکی قانوونی بوون ئەگەر لە سـەرەتادا نـەبن بـە پلـەی یەکـەم لـە پـێش شـتی تـرەوەن. چـەمکی بـوون یەکـەم چـەمکەو بنـەمای هـەموو چـەمکەکانی تـرە. چـەمکەکانی تـر کاتێـك کـە پابەنـدی بـوون دەبـنو دەدرێنـە پـاڵ بـوون، پەیدادەبنو دەکەونەوە. بـە هـۆی بـەراوردکردنی چـەند چـەمکێك- وەك پرۆسـەیەکی زانـین، ئەریـستۆتلس وەك قانونــەکانی بــیر بــەکاریهێناون، بنــەما ســەرەکییەکان پەیــدا دەبــنو دەکەونەوە. بنەمای بێ ناکۆکیو بنەمای خۆیەکیو بنەمای سێیەمی لە کردن نـەهاتوو بەڵگە نەویستەکانی ماتماتیكو ئەندازە بۆ نموونە: هەمەکی لە بەشەکانی گـەورەترە، بـەو پرۆسـەیە بە دەست هێنراون.

ئەم بەشەی فەلسەفەی توما ئەگەرچی ئەوپـەڕی دەسـتڕەنگینییو وردەکارییو بیرتیـژیی تیادا بەکارهاتووە، بەڵام بڕوابوون بە بوونی بوونەوەرێك، بە بوونی شـتێك هـیچ کاتێـكو بـە هیچ جۆرێك بوونی ئەو بوونـەوەرو شـتە سـاغ ناکاتـەوەو بـڕوا پێنەبوونەکـەش ئـەم بوونـەی بوونـەوەرە ناکـات. لـە هـەردوو لادا بابەتەکـە بـە بـڕواو بـاوەڕ تـەواو نابێـتو پێویـستی بـە لێکۆڵینەوەی وردی پشت ئەستور بە فەلسەفەی ژێرو مەنتیق هەیـە. ئەگـەر بـوترێ ئەمـە لـە خۆیدا کەرەسەی بـڕواو ئیمانـەو هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ژێـرو مەنتیقـەوە نییـە! ئـەو کاتـە خەسڵەتی دڵنیایی لەو بابەتە دەستێندرێتەوەو تـەنیا بابـەتێك دەبێت کـە بـە پـێ بـڕواو بـێ بڕوایی خودی کەسانێك کە پەیوەندییان بە کێشەکەوە هەیە، بڕیار دەدرێت.

٧-لاری لەوە نییە کە ئەو قۆناغانەی سێ ئایینە جیهانییەکانیان تیادا دەرکەوتووە، بەشێکی گرنگی مێژووی شارستانی مرۆڤیان لێ پێکهاتووە. ئایین خۆشی ڕۆڵی سەرەکی هەبووەو لە سەردەمی دیاریکراودا وەك شاهۆکار ڕۆڵی خۆی گێڕاوە. بەڵام ئەو بیرو بۆچوونەی دەڵێ ئایین پێویستییەکە ژیان خۆی سەپاندوویەتیو بەشێکی جەوهەریی ژیانی مرۆڤە، لەم سەردەمەدا چ وەك بنەماو چ وەك ئەنجام ڕەوایی خۆی لە دەست داوەو لەنێو بیرمەندانـدا لایەنگیرانی زۆر کەم بوونەتەوە. مرۆڤ لە خۆیداو لە سروشتەوە بوونەوەرو جەوهەرێکی کۆمەڵایەتیو سیاسەتی داهێناوە، سیاسەت بە پێچەوانەی ئایینەوە، ژیانی ئەمرۆ، ژیانی سەرزەمین ژیانی ڕۆژانە، ژیانی کۆمەڵایەتیو دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی کاروباری جیهان (دنیا) لەبەرچاو دەگرێتو دەیانکات بە بابەت. دوای مردن لە ژیانێکی تردا چ ڕوودەداتو چ شتێك چاوەڕوانی مرۆڤ دەکات، بایەخێکی ئەوتۆی نییە. بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی کڵێسەی مەسیحییەوە، ئەو زانستو فەلسەفەیەی پەرەیان سەندووە، ساغیان کردۆتەوە کە مادده لە هیچەوە پەیدا نەبووەو لەناو ناچێ. ئەم دۆزینەوە زانستییە تا ڕادەیەکی زۆر دڵی ڕووناکبیرانی لە زیندووبوونەوەی دوای مردن کرمێ کردووە.

مرۆڤ وەك جیهانێکی بچوکی هەندەکی لە بەرامبەر جیهانی گەورەی هەمەکیدا وەك تاکە کەس بە بێ یارمەتی بڕواو سروشو ئایینو پشت ئەستور بەو ژیرەی پێی بەخشراوە، لە توانایدا هەیە ڕاستیی بزانێو درك بە جیاوازی نێوان چاکەو بەدکاری ببات. ئەو گوناه و خەتایەی گوایە لە باپیرە گەورەوە (ئادەم) بۆ مرۆڤ ماوەتەوە، وەك ئۆباڵ لە ئەستۆی دایەو بۆتە مایەی ئەوەی مرۆڤ بێدەسەڵات بێت، نەیتوانیوە ژیری مرۆڤ تا ئەو ڕادەیە بارگران بکات نەتوانێ ڕاستیی بزانێتو چاکەو بەدکاریی لە یەکتری جیابکاتەوە[٧٩].

بەڵگەکانی لاهوتییەکان دەربارەی ساغکردنەوەی بوونی بوونەوەرێکی ترانسندێنتی سەرو سروشت، لە پاوانی فەلسەفەی پشت ئەستور بە ژیرو مەنتیقدا ڕووبەڕووی ئەگەرو گومان بوونەتەوە. مرۆڤ لە ناخو مێشكو دەروونیدا بۆچوونێکی دەربارەی بوونەوەرێکی سەرو سروشتی هەیە، بەڵام ئەمە تەنیا چەمكو بۆچوونەو نابێتە مایەی ساغکردنەوەی بوونی ئەم بوونەوەرە لە دەرەوەی مێشکدا. ئەگەر مرۆڤ بە زمان لە ڕستەیەکدا باسی ئەم

[79] Flasch, K. Einfuehrung in die Philosophie des Mittelalters. Darmstadt. 1994. s. 72. ff.

بوونەوەرە دەکات "ئەوا مرۆڤ باسی بکەرێك دەکات کە تەنیا هەر لە ڕستەی زماندا ناوی هاتووە"[80]، نەك لە دەرەوەی ئەم ڕستەیەدا. ئەم بوونەوەرە بریتییە لە چەمکی بکەرێك کە مرۆڤ بە هۆی ئەندێشەو بیرو ڕستەی زمانەوە دایهێناوە. ئەم هاوارە کاتی خۆی لە نێوجەرگەی کلێسەی مەسیحی لە لایەن مارتن لوتەری ئەڵەمانەوە هەستاوە[81]. لوتەر هەوڵی داوە تەپو تۆزی ڕۆژگار لە دەزگاکانی کلێسەو ئایین بتەکێنێ.

٨- مێژووی بە پیتو پێزی فەلسەفە بریتییە لە مێژووی پەرەسەندنو گەشەکردنی بیری مرۆڤ، مێژووی ئەو بەرهەمەی بە شێوەیەکی ڕێکوپێك، سیستەم ئاسا، پشت ئەستور بە ژیرو مەنتیقو دیسپلین، لە بیرو بیرکردنەوەی مرۆڤ کەوتۆتەوە، لە چوارچێوەی بۆچوونو جیهانبینییەکی سەرتاپاگیری هەماهەنگی ڕێکوپێکدا داڕێژراوە. جیهانبینییەك بە پێی شوێنو قۆناغ، بە پێی سەردەمو هەلومەرجی خۆیەکیو بابەتی مۆرکی هەمەکیو تایبەتیو تایبەتمەندی خۆی پێوە دیاربووە.

ئەم پرۆسەو گەشەکردنە، ئەگەرچی پتر لە بەرەوپێشچوندا خۆی بینیوەتەوە، با لە قۆناغێکیشدا، وەك سەدەکانی ناوەڕاست سستو لەسەرخۆ بووبێو دووچاری دەستی پاشەکشییەکی کاتەکی بووبێ، هەر لە برەودابووەو لاسەنگییەکەی بە لایەکدا خستووەو ڕەوتە سروشتییەکەی خۆی پێ بڕاوەتەوە.

هەر قۆناغێك لەو قۆناغانەی پرۆسەی پەرەسەندنی فەلسەفە تایبەتمەندی خۆی هەبووە چ بە هۆی ئەو بابەتانەی باسی کردوون یاخود بە هۆی ئەو فەیلەسوفانەی ڕابەرییان کردووە. ئیتر ئەو بابەتو فەیلەسوفانە خەسڵەتو ناویان بەو سەردەمو قۆناغە بەخشیوە.

بابەتێکی بەرچاو کە لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕوخسارو ناوەرۆکی بە ڕەوتی پرۆسەی فەلسەفە بەخشیوە، کێشەی نێوان نۆمینالیزمو ڕێئالیزم بووە. ئەم کێشەیە تا ڕادەیەکی زۆر لە کلۆمکردنی دەروازەی سەدەکانی ناوەڕاستدا ڕۆڵی چارەنووسسازی گێڕاوە.

ڕێئالیزم بە مانای ئەوسای لە مانای ئەم سەردەمەمان زۆر جیاوازتر بووە. ئەمڕۆ فەیلەسوفو بیرمەند ئەگەر بڕوای بە بوونی ڕاستەقینەی جیهانی نامن، بوونێکی

---

[80] فلاش، هەمان سەرچاوە بە ئەڵەمانی ل (٧٥).

[81] **Hegel, G. W. F. Werke q. Surkamp 1986. S 502 (Vorle sungen ueber die Geschichte der Philosphie. 2. Teil Mittelalter).**

سەربەخۆو یەك لەسەر شایەدەكانی هەستەكانەوە نەكەوتوو هەبێ، بە ڕێئالیست ناودەبرێ. لە سەدەكانی ناوەڕاستدا بە پێچەوانەوە، ئەو فەیلەسوفو لاهوتییەی بڕوای بە هەبوونی سەربەخۆو ڕاستەقینەی پێنج هەمەكیو چەمكە گشتییەكان هەبووبێ[82]، بە ڕێئالست ناوبراوە. ئەم بیرمەندانە بوونی ئەم وشەو بۆچوونانە كە تەنیا هەر لە مێشكدان چ چەمكی گشتی وەك چەندێتیو فرە ڕەنگو پەیوەندی، چ هەمەكییەكان وەك جەوهەرو ڕووكەش بە شتی ڕاستەقینە داناوە. بەڵام ئەو كەسانەی ئەمانەیان بە چەند وشەو چەمكێك دانابێ، كە تەنیا هەر لە مێشكدا هەن، لە شتی تاكو هەندەكییەوە كەوتوونەتەوەو ئامرازێكی یاریدەدەرن لە چالاكی بیریو مەنتیقیدا پشتیان پێ دەبەسترێ بە نۆمینالیست ناوبراون. ئەم ڕەوتو جیهانبینییە فەلسەفییە كێشەیەكی سەختی بۆ جیهان دیدیو لاهوتو بڕوای مەسیحی دروست كردووە. دۆگمەكانی ئایین كە تا دوێنێ بە پیرۆز دانرابوون، ئەمرۆكە بوون بە چەند ناوو چەمكێكی هەمەكیو بێناوكو وەك توێكڵ سەرنج دراون.

ئەم بڕیارە ئەو بەڵگەو سەلێنانەشی گرتۆتەوە كە بۆ داكۆكیكردن لە بنەماكانی ئایینو ڕێو شوێنەكانی كڵێسەو بوونی ڕەب جاران پشتیان پێ بەستراوە.

جگە لە ڕێبازی ڕێئالیزمو نۆمینالیزم، لە چوارچێوەی پرۆسەی بەرەوپێشچونی كۆمەڵو شارستانییەتدا دۆگمو ڕێو شوێنو بنەماكانی ئاكار كە كڵێسە داكۆكی لێدەكردن وردە وردە دڵیان لێ كرمێ دەبوو. كەسانی سادەو بیرمەند گەیشتبوونە ئەو ڕادەیەی هەست بەوە بكەن كە ئەو ئایینەی عیسا لە ژیانیداو بە هۆی دادگاییكردنیو چوارمێخەكەكێشانیەوە ڕەنگی ڕشتبوو لەو مەسیحییەی سەدەكانی ناوەڕاست زۆر جیا بووە. بنەماكانی ئایین بە گشتی تەنانەت ئەوانەی لە تەوراتەوە وەرگیرابوون وەك جاران بە چاوی پیرۆزكردنەوە تەماشانەكراون.

ئادەم لە بەهەشتدا ژیاوە، سەركێشی لە فەرمانو خواستو ئیرادەی ڕەب كردووە! لە بەری درەختی زانینی خواردبێ، مرۆڤێك نەفسێكی هەبێ هەموو كاتێك ڕێو شوێنی بەدكاری نیشان بدات، بوونەوەرێك بزانێ لە هەموو ساتو شوێنێكدا گیانلەبەرێكی لە سروشت بەدەر (شەیتان) دوژمنیەتیو لێی لە سەنگەردایەو هەوڵی لە ڕێلادانو بە تەفرەبردنو بە

[82] Deussen, Dr. Paul, Allgemeine Geschichte der philosophie. Bd. 2. Abt. 2. Leipzig 1920. s. 378.

هەڵەچوونی دەدات، چۆن بڕوای بە شانۆیەك دەبێت، کە بە هیچ جۆرێك بنەمایەکی ژیریو مەنتیقی نییە؟ ڕەبی مەسیحییەکان، لەوە دەچێ بەندەکانی خۆی باش نەناسێو سەرگوزشتەکەی ئادەمو حەوای لەبیر چووبێتەوەو دەربارەی شەیتانو (نەفسی (الامارة بالسوء) شتی نەبیستبێ بۆیە خۆی هێناوەتە سەر شێوەی مرۆڤێکی ئاسایی (وەك مەسیحییەکان دەڵێن: لە خوێنو گۆشت پێکهاتووە) و لە پەردەیەکی دڵتەزێنی ئەم سەرگوزشتە شانۆ ئاساییەدا خۆی بە لە سێدارەدان (چوارمێخەکەکێشان) دەدا، گوایە ئەم قەوماوە شانۆییە دڵی مرۆڤ نەرم دەکاتو بڕوای پێدەهێننو دەستبەرداری تاوانو دوژمنایەتیو دزیو درۆزنیو بەدکاریی دەبن!!

بۆیە بە بۆچوونی من ئەو پرسیارە: ئەوە چۆن بووە قۆناغی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست کۆتایی هاتووە؟ ڕەوایی خۆی لەدەست دەدات، چونکە ئەم قۆناغە هەروەك سەرەتای هەبووە، دەبوو کۆتایی بێت. وەك هەموو بوونێك لە سەرەتای پەیدابوونی ئەم ئایینەو قۆناغو دەزگاکانی کڵێسەکانیەوە تۆو هۆکاری ژینو پەرەسەندنو گۆڕانو لەناوچوونی خۆی تیادا بووە. لاهوت بە پشتیوانی فەلسەفە توانیویەتی لە سەرەتای پەیدابوونی ئایینی مەسیحیو بڵاوبوونەوەیدا (لە نێوان ساڵانی ١٠٠-٣٢٥ز) دۆگمو بنەما جەوهەرییەکانی خۆی دەستنیشان بکات، لە قۆناغی دووەمدا (لە نێوان ساڵانی ٣٢٥-٨٠٠ز) لەو دۆگمو ڕێو شوێنانە توانیویەتی سیستەمو ڕێکخراوو جیهانبینییەکی تێروتەسەل ڕەنگ بڕێژێ، هەر ئەم چالاکییانە لەنێو خۆیاندا ڕێگایان بۆ دەرکەوتنی قۆناغی سکولاستی خۆش کردووە.

ئەم پرۆسە تێروتەسەلو سەرتاپاگیرە بە سەرکەوتنو تێشکانییەوە، بە سڕبوونو بەرەوپێشچوونیەوە، لایەنی لە بارو نالەباری هەبووە، لە لایەکەوە پرۆسەکە سودبەخش بووەو بە سودو قازانجی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵو ژیانو شارستانیو سەربەخۆ بوونی فەلسەفەو بە زیانی کڵێسەو دەزگاکانی تەواو بووە. لایەنە لەبارو سوودبەخشەکەی بریتی بووە لە ڕزگاربوون لە دەسەڵاتو هێزی بەناو "پیرۆز"ی پەیوەست بە سەرو سروشتەوە. هەر ئەو پرۆسەیە بووە چاوی مرۆڤی کردۆتەوەو سەرنجی بۆ ئەو لایە ڕاکێشاوە کە دەڵێ:

یۆنـــانو ڕۆم بـــەبێ ســـروشو بـــەبێ ئـــایینی ئاسمـــانی، بەختـــەوەر ژیـــاون، ڕاســـتیو ڕاستەقینەیان زانیوەو لـە سیاسـەتدا بـە ئـازادی ژیـاونو لـە ژیـانی ڕۆژانـەو کۆمەڵدا ئـازادیو دیموکراتیو دادیان پیادەو جێگیر کردووە.

## نۆمینالیزمو ڕیئالیزم

١- لە مێژوودا هەندێك ڕووداوی سەرنجڕاکێش هەن دەبنە مایەی بیرلێکردنەوەو ڕامـان. چونکە ئـەنجامی وایان لێکەوتۆتەوە، دەکرێ بە نائاسایی دابنـرێن، ڕووداوەکـان دوای ئـەوەی ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە، لەبیرچوونەتەوە، ئەنجامەکانیان ماونەتەوە، بـەڵام بـە شـێوەیەکی جیـاواز لـە سـەرەتاکەیان گـۆڕاونو بـوون بـە شـتێکی تـر. ئەسـافەو نایلـە لـە عەرەبـــستانی ســـعودی ئـــەم ســـەردەمەو حیجـــازی جـــاران، ئـــایینی مەســـیحی دوای چوارمێخەکەکێشانی عیسا دوو نموونەی بەرچاوی ئەم جۆرە ڕووداوانەن.

وەك لە سەرچاوەکان بە گشتی دەردەکەوێ، عیسا دوای چوارمێخەکەکێشانی، تـا ئـەم دوا وێنەی ئێستای پێ بڕاوە چەند جارێك سانسۆر کراوە. ئایینەکەش گـۆڕانی سـەرتاپاگیرانەی ئـەوتۆی بەسـەردا هێنـراوە لەگـەڵ ئـەو مەسـیحییەتەی لـە ئۆرشـەلیم دەرکـەوتووە، زۆر جیاوازە.

ئێستاکە تەنیا چوار ئینجیلی دانپیـادانراو هەیـە. پـاولۆسو پـیترۆس ڕەنگـی سیستەمو سـەرخانو ژێرخـانی ئاییەنکـەیان ڕشـتووە. دوای دابەشـبوونی مەسـیحییەت بـە هـەردوو ڕێبازی کاتۆلیكو پرۆتستانت، ئەم دوا ڕوخسارو ناوەڕۆکەی ئێستا هەیەتی، پێی بڕاوە.

پەیامەکانی پاولۆس، هـەواڵو ئامۆژگاریو گێڕانـەوەکانی پـیترۆس دەکـرێ وەك بـەردی بناغەو بنەمای ئایینی مەسـیحی دابنـرێن. چۆن ئـەم دوو کەسـە وا پـشتیان پـێ بەسـتراوە، قسەو وتارو باسو خواسیان کراون بە پەیڕەوو ڕێنیشاندەر؟!

وەك لـە ئینجیلەکانـدا نووسـراوە، ئەگەرچـی جـۆرە جیاوازییـەك لـە نێـوان گێڕانـەوەی ڕووداوەکـە لـە ئینجیلەکانـدا هەیـە، عیسـا هـەر لـە سـەرەتاوە بـڕوای بـە پـیترۆس نـەبووە.

پیترۆس لە چەند بۆنەیەکدا دڵسۆزی خۆی بۆ عیسا دەربڕیوە کەچی عیسا، وەك هەر چوار ئینجیلەکە دووپاتیان کردۆتەوە، بە گازندەکردنو بڕوا پێنەبوونەوە پێی وتووە!

پیترۆس پێش ئەوەی کەڵەشێر بخوێنێ (بقوقێنێ) سێ جار حاشام لێدەکەی، واتا حاشا دەکەی لەوەی من بناسی! هەر بۆیە لەسەر گومەزی کڵێسەی کاتۆلیکەکان وێنەیەکی کەڵەشێر لە ئاسن دروستکراوە، وەك نموونەیەك قسەکەی عیسا وەبیر لایەنگیرانی دەهێنێتەوە.

پیترۆس بە پیشە ماسیگر بووە، چۆن دوای چوارمێخەکێشانی عیسا دەستبەجێ بوو بەو پیاوە پاكو دڵسۆزو ڕابەرو دامەزرێنەری بنەماو دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی[83]؟ لە سەرانسەری جیهانی مەسیحییەتدا ئەم مرۆڤە بۆ پلەوپایەی پەیامبەری عیسا بەرزکراوەتەوە.

بە درێژایی مێژووی ئایینی مەسیحی، بیرمەندان نەیانتوانیوە بە پێودانگی ژیرو مەنتیق بنەماو دۆگمەکانی مەسیحییەت پشت ڕاست بکەنەوە. کاتێك مەسیح (عیسا) چوارمێخەکێشراوە، لەسەر دارەکەی هاواری کردووە: ئیلۆئیم: واتە هۆ ڕەبی من. ئەم قسەیە لە خۆیدا وەك بەڵگەیەکی گومان هەڵنەگر ساغی کردۆتەوە کە پەیوەندی نێوان (باوكو ڕۆڵە)ی مەسیحییەت هیچ بنەمایەکی ئایینی نییە. هەر لە ئینجیلی یۆهاندا بە ئاشکرا هاتووە گوایە عیسا وتویەتی: (ئەوی بڕواو ئیمان بە من بهێنێ، بڕوا بە من ناهێنێ، بەڵکو بڕواو ئیمان بەوە دەهێنێ کە منی ناردووە)[84] کەوابوو عیسا پەیامبەری ڕەبە نەك کوڕو ڕەوای پەروەردگارە. بابەتی سێ ڕەنگیی ڕەب لە مەسیحییەتدا بە باوەڕی من شانۆیەکە دواتر ڕەنگی بۆ ڕێژراوە، مەبەستیش لەم شانۆیە ئەوە بووە لە نێوان مەسیحییەتو ئایینی جولەکەدا جۆرە جیاوازییەکی بەرچاو هەبێت سەربەخۆییو کەسایەتی تایبەتی ئایینی مەسیحییەت دووپات بکاتەوە.

پاولۆس، لە سەرەتادا دوژمنێکی سەرسەختی عیسا بووە، خۆی جولەکە بووە، ساڵی ٦٧ ز لە ڕۆم فەرمانی کوشتنی بەسەردا دراوەو سەربڕاوە، دوای چوارمێخەکێشانی عیسا گوایە لە

---

[83] ئینجیل (بە ئەڵمانی): مەتتا: ٢٦-٣٤، مارکۆس: ١٤- ٧٢، لوکاس: ٢٢-٣٤، یۆهان: ١٣- ٣٨.

[84] هەمان سەرچاوە: یوهان: ١٢- ٤١.

ڕێگای گەڕانـەوەی لـە دیمەشـق سـاڵی ٣٤ ز چـەند موعجیزەیـەکی دیـوەو لـە پـڕ ڕەب بـڕواو ئیمانی خستۆتە دڵیەوە!! ئیتر دەستی لە ئایینی جولەکە هـەڵگرتووەو دەسـتبەجێ بـووە بـە ڕابـەرو پەیامبـەرێکی هـەرە دڵسۆزی عیـساو لەگـەڵ کەسـانێکی تـردا بـەردی بناغـەی ئـەو مەسیحییەتەی کە ئەمڕۆ هەیە، داناوە. ئەم گۆڕانە لە ناکاوەو لە پڕ بوون بـەو مەسـیحییە دڵـسۆزو ڕابـەرە، لـە شـانۆیەکی سیاسـی دەچـێ!، کەچـی وەك گرێیـەك تـا ئێـستا خـاو نەکراوەتەوە.

پاولوس لـە تـەوراتو ئـایینی موسا شـارەزا بـووە. لەو پـەیامو نامانـەدا کـە نووسـیونی، شـارەزاییەك لـە فەلـسەفەو بـە تایبـەتی لـە فەلـسەفەی سـتۆوا بەدەردەکـەوێ. بـەبێ هـیچ ئەگەرو گومانێك ئەم بن جووە لە فەلسەفەی یۆنان شـارەزایە، بارەکـەی گۆڕیـوە، بـووە بـەو ئەندازیارەی ڕەنگـی کۆشـكو تـەلاری ئـایینی مەسـیحی ڕشـتووەو دەسـتبەجێش پلەوپایـەی پەیامبەری عیساو دەم ڕاستی ئاینەکەی پێبڕاوە. پاولۆس لە چەند شوێنێکی نامەکانیـدا بـۆ داکـۆکیکردن لـە قـسەکانیو پـشت ڕاسـتکردنەوەی دروسـتیی ئامۆژگارییـەکانی پـەنای بـۆ فەلـسەفەی سـتۆوا[85] بـردووەو بـە جـۆرە مـشتومالێ کردنێکـەوە بـە پـوختی خـستونییەتە بەرچاو[86]. بە باوەڕی مـن ئـەو قـسەیە هەڵەو چـەوتە کـە دەڵێ، ئـەم بـارگۆڕینو پلەوپایـە بەدەسـتهێنانە لـە هـەموو ئایینەکانـدا دیاردەیـەکی ئاسـایی بـووە. بـۆ نموونـە عومـەری خەتتاب، خەلیفەی دووەم لە پێش ئیسلامبوونیدا دوژمـنی سەرسـەختی ئیـسلام بـووەو بـە توندی ئازاری ئەسحابەکانی داوە، پەیامبەری ئیسلام لەبـەر پـەروەردگار پاڕاوەتـەوە "اللهم انصر الاسلام بأحد هذين العمـرين" ئیـتر پاڕانەوەکـە گیرابـووەو بـڕوای ئـایینی نـوێ چۆتە دڵو دەروونـی عومـەرەوەو بـووە بـە مـسوڵمانو لـە دواییـدا پلـەی دووەمـین خەلیفـەی پـێ بڕاوە. بە باوەڕی مـن ئـەم بابەتـەی عومـەر شـتێکی تـرەو زۆر لـە سەرگوزشـتەی پـاولۆسو ئایینی مەسیحی جیایەو ناکرێ عومەرو پاولۆس لەگەڵ یەکتریدا بـەراورد بکـرێنو بخرێنـە نێو دووتای تەرازووەوە.

---

[85] Pohlenz, m, paulus u. die Stoa.Darmstadt 1984. s. 8- 18. 30.

[86] دەربارەی ڕۆڵی فەلسەفەو ئایینی جولەکە لە دانانی بناغەی مەسیحییەتدا بڕوانە:

-Bultmann, R., Das Urchristentum im Rahmen der antiken Religionen. Zurich 1949.

ئایا ئەمە چارەنووسی ئایینەکانە بە گشتیو چارەنوسی ئایینی مەسیحی بووە بە تایبەتی؟ یاخود ئەمە وەك دیاردەیەك لە بابەتی ئایین خۆیو لەو هەلومەرجانە کە تیایاندا سەریانهەڵداوە کەوتوونەتەوە؟

وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە، هەر لە سەرەتاوە هەست بە ڕەوشو دیاردە کراوەو سەرنجی بۆ ڕاکێشراوە[87]. گوایە ئاشکرابووە کە دەوروبەری ساڵی ١٦٠ ز مشتومڕێکی زۆر لەم بارەیەوە کراوە، بەڵام لەوە ناچێ ئەنجامێکی ئەوتۆ لەم سەرنجڕاکێشانو مشتومڕانە کەوتبێتەوە.

هەروەها ئەو قسەیە ڕەوایی خۆی لەدەست دەدات کە وتوویەتی: ئەوسا زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤی سادە بڕوایان بە ڕێو شوێنو پەیڕەو بنەماکانی ئایین هێناوە، ئەوی ناڕازی بووە، ئەوی گازندەی کردووەو ڕەخنەی گرتووە چەند کەسانێکی کەم بوون، ئایینی مەسیحی ماوەتەوەو ئەو کەسە ناڕازییانە لەناوچوون!؟

بە باوەڕی من ئەمە نە ڕەخنەیەو نەپاکانەکردنە، بەڵکو قسەیەکە زۆر لە گیانی زانستییەوە دوورەو بە هیچ بنەمایەکی فەلسەفەو ژیرو مەنتیق پشت ئەستور نییە. لە جیاتی دەست خستنە سەر شوێنی ئێشو ئازارەکە، سەرپێیانە بە لای کێشەدا ڕەت دەبێت.

ئەوانەی ڕەخنەگر بوونو گازندەیان کردووە، کەمینە بوونو ئایینەکە ماوەتەوەو جێگیر تر بووە، لایەنگیرانیشی کەمتر نەبوون. ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیرو مێشکدا دێت: ئایا لە بارودۆخو ڕەوشی دیاریکراودا لە هەلومەرجی تایبەتیدا زۆرو بۆر، زۆرینەی کەسان بە شێوەیەکی ڕاستو دروست بۆچوونو هەڵوێستی ڕاستەقینەی کۆمەڵانی مرۆڤ نیشان دەدەن؟

لەو شوێنەدا کە ئایینی مەسیحی دەستبەکار بووە شارستانییەت، ئەگەر بە هەنگاوی سستو لەسەرخۆ بووبێ، پەرەی سەندووە. لە سێبەری دەزگاکانی کڵێسەدا زانکۆو مەڵبەندەکانی خوێندن کراونەتەوە، هەر لەو ئەوروپایەی مەسیحییەت تیایدا فەرمانڕەوا بووە، پایەی سیستەمو ڕژێمی دیموکراتیو ژیانی ئازادو داد جێگیر بووە، بە پێچەوانەی ئایینەکانی ترەوە، لەو شوێنو جێگایانەی کە تیایدا بڵاوبوونەتەوە، وشەی بەختەوەرییو

[87] Deussen, Dr. Paul., Allgem. Geschichte d. philosophie. Bd. 2. Ab. 2. Leipzig 1920. s. 191.

لـەش سـاغیو خوێنـدەواریو پێـشکەوتنو شارسـتانیو ئـازادیو دیمـوکراتیو داد چـەند وشەیەکی بیانیو نامۆن! لە فەرهەنگی ژیاندا بە دەنگێکی ناساز بەرگوێ دەکەون.

ئەگـەر لـە کـاتی خۆیـدا خـەڵك خوێنـدەوار نـەبووبنو کوێرانـە ئـایینی مەسـیحییان پەسەند کردبێ، ئـەی بۆچـی لـەم سـەردەمەماندا سـەردەمی زانـستو شۆڕشـی تەکنـەلۆجی ساڵانە بە هەزاران ژنو پیاوی ڕۆشنبیر لە شوێنی جیاوازی جیهانەوە بۆ زیارەتو حەج دێن بۆ ئۆرشەلیمو بێت لەحمو شوێنەکانی تری مەڵبەندی ئایینی مەسیحی لە ئیسرائیل!

ئـەم قـسەیە لـە ڕەخنەکـەی پێـشەوە لادەداتو هـیچ وەڵامێکـی نەداوەتـە دەسـتو هـیچ لایەنێکی پرسیارەکەی ڕوون نەکردۆتەوە.

بڕوابـوون لـەم سـەردەمەماندا بـە ئـایین لـەوەوە نییـە کـە بنـەماو ڕێو شـوێنو جیهانبینییەکەی ئایین ڕاستو دروستن، بەڵکو ئیمانەکە پـتر پەیوەنـدی بـە چـەند هۆکـارو لایەنێکی ترەوە هەیە، وەك بارودۆخو ڕەوشی دەروونیو کۆمەڵایەتیو ژیان خۆیەوە.

بە باوەڕی من لە سایەی ڕژێمی سەرتاپاگیری تۆتالیتێری پـڕ زەبروزەنگدا هـیچ کاتێـك شـاباشو هوراکێـشانی زۆرینـەو هاتوهـاواری زۆربـەی کەسـان نیـشانەی ڕەزامەنـدیو پەسەندکردنی بارودۆخە کۆمەڵایەتیو سیاسییەکە نییـە. ئـەو کەمایەتییـە کەمینـەی لـەم هەلومەرجـە ناهـەموارەدا بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان نـاڕەزایی خـۆی دەربـبڕێ، ئـیتر ئـەم دەربڕینە بە نووسین بێ کە لە دوای مردنـی بڵاودەبێتـەوە یـاخود بەهـەر شـێوەیەکی تـری دەربڕین، نموونەی ڕاستو ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆنو ڕەقەبەری ڕاستو ڕەوایە. ئەوەندەی بابەتەکە پەیوەندی بە سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەبێ، ئەو چەند بەرهەمانەی کە ئەوسا لـە ڕوانگـەی گازنـدەو ڕەخنـەو ناڕەزاییـەوە نووسـراون لـە چـاو ئـەو نووسـینانەی لایـەنگرانی کڵێسە بە لێشاو پێشکەشیان کردوون، بـا کەمینـە بـووبن، بـە پێـی هەلومـەرجی ئەوسـا کـە خوێندەواری بە دەگمەن بووە ڕاستیو پوختەی ڕەوشەکە نیـشان دەدەن. بـن ڕاوەنـدی سـەر بە ڕێبازێکی موعتەزیلە دەکرێ لە ڕۆژهەڵاتـدا وەك نوێنـەری کەمینەیـەکی زانایـانی کـەلام بـە ڕقەبـەری ڕاسـتەقینە دابنـرێ، بەرامبـەر بـە لێـشاوی ئـەو نووسـینە جۆربەجۆرانـەی جەورو نادادی کاربەدەستانی بەنی ئومەیەو عەبباسییەکانیان ڕەوا کردووە!

له هەلومەرجی تایبەتیدا، لە بارودۆخو ڕەوشی دیاریکراودا کەمایەتی ڕقەبەر نوێنەری ڕاستەقینەی ڕەوتو پرۆسەی پێشکەوتنو پەرەسەندنو ئازادییە، جێگیرکردنی پایەکانی دادو دیموکراتی بە مانا جۆربەجۆرەکانییەوە دەگرێتە ئەستۆ. لە سێبەری ڕژێمی زەبروزەنگدا ئەو هەزاران هەزارەی لە ترسەوە بێ یاخود سوودو قازانج هانی دابن، بە هوراکێشانو دروشمی جۆربەجۆر دادان ڕووی ڕاستەقینەی ڕەوشی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو ئایینی دەرنابڕنو بەدەرناخەن. ئەم دیاردەیە لە بۆنەی دیاریکراوو تایبەتیدا لە ڕۆژهەڵاتدا شتێکی ئاسایی ژیانە!

٢- سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، قۆناغی دەستبەکاری ئایین بوون. بۆیە مۆرکو خەسڵەتی تایبەتی ئەو ئایینانەیان پێوە دیارە. بە سەدەی لاهوتو فەلسەفە (میتافیزیك) ناسراون، بابەتی بڕواو ئایینو دۆگمو میتافیزیكو بەڵگەو سەلمێنەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب کەرەسەی سەرەکی ئەم فەلسەفەو لاهوتە بوون.

لە سەرەتا بیرمەندان بەوپەڕی پەرۆشەوە سەرگەرمی لێکدانەوەی ناوەڕۆکی کتێبە ئایینییەکان بوون، بۆیە لێکۆڵینەوەی بابەتی زمانو ڕێزمان پەرەیان سەندووەو پێشکەوتوون، ئەمە هاندەرێك بووە جارێکی تر بایەخ بە مەنتیق بدرێتەوە.

لەم قۆناغەی پەرەسەندنی فەلسەفەدا سێ بابەت ئاوێتەی یەکتری بوونو بە پێی هەلومەرجی ڕەوشی قۆناغەکان لە یەکتریدا ڕەنگیان داوەتەوە، بابەتی فەلسەفەی یۆنان، ئایینی جولەکەو مەسیحی، ئایینی ئیسلام. بە ئەم جۆرە دەستنیشانکردنە مەبەستمان ئەو سێ فەلسەفەیە کە ناوی فەلسەفەی جولەکەو مەسیحیو فەلسەفەی ئیسلامیان بە ناهەق بەسەردا بڕاوە. نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ کە کولتوری دێرینی ناوچەکان ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان لەم بوارەدا گێڕاوە. بۆ نموونە تەوراتی جولەکەو ئینجیلەکانی مەسیحی، وەك لە دواییدا دەرکەوتووە، هەموو بابەتو فۆلکلۆرو کولتوری ناوچەکەی خۆیانیان گرتۆتە خۆو لە بۆتەو چوارچێوەی خۆیاندا بە شێوەیەکی پێشکەوتووتر کە لەگەڵیاندا بگونجێ ناوەڕۆكو ڕوخسارێکی تریان بە بەردا کردوون، بۆ نموونە تەوراتی جولەکە، کە لە لایەن لایەنگیرانییەوە بە پەیامێکی ئاسمانی دانراوەو بۆ موسا هاتۆتە خوارێ، چەند لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە ساغیان کردۆتەوە کە تەورات هەرچی فۆلکلۆرو کەلەپورو

ئەدەبی میللی پێش خۆیو ناوچەکەو سەردەمی خۆی بە جۆرێکی پێشکەوتووتر لە بۆتەی جیهانبینییە سەرتاگیرییەکەی خۆیدا دەستڕەنگینانە داڕشتۆتەوە[88].

ئەم سێ کتێبە ئایینییە جیهانییە وەك لایەنێکی لەبار ناوەڕۆكو بابەتی فەلسەفەیان بە پیتو پێز کردووە. لە لایەکی ترەوە خۆیشیان بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بنەماو دۆگمو ڕێو شوێنەکانیان سودیان لەو ئامرازانە وەرگرتووە، کە فەلسەفە داویەتە دەستیان، بەتایبەتی مەنتیقو بنەماو قانونەکانی.

ڕەوش کە لە سێ ئایینەکەدا بە ڕێگای ڕاستەقینە دانراوە، ئەو ڕێگایەی ڕاستیی پەیامی پەروەردگاری پیادا هاتووە، لە لای فەلسەفە کێشەیەکی بەرپا کردووە کێشەی زانینو کامیان، بڕوا یاخود ژیر ڕێگای ڕاستی گەیشتنە ڕاستین؟

ئەوی پەیوەندی بە جۆری زانینی مرۆڤەوە هەیە، لە چوارچێوەی بابەتی تیۆری زانیندا، دوو جۆرە ڕێباز بەدی دەکرێن. هەندێك فەیلەسوف بەرچاو دەکەون سروشت ئاسا بەلای لایەنی گیانیدا دەشکێنو داکۆکی لە بیرو بۆچوونو جیهانبینی نموونەیی - ئایدیالیستی دەکەنو لە ناخی مرۆڤدا لایەنێك دێننە بەرچاو، کە پتر بە لای زانینی نامادەییدا دەچێو سەرگەرمی زانینی جەوهەری گیانین.

هەندێك فەیلەسوفی تر، بە پێچەوانەوە، ڕۆڵی شارەزاییو تەجرەبەو ئەزموونی بەرهەست بە گرنگو بایەخدار[89] دادەنێنو لە ئەنجامدا بە لایەکی تردا هەنگاو دەنێن.

ئەریستۆتلسی یۆنانی لە بەرهەمەکانیدا بە تایبەتی لە مەنتیقو فیزیكو میتافیزیکدا سودێکی زۆری بە فەلسەفەی سکولاسی گەیاندووە، مەنتیقەکەی کە لە لایەن فەرفۆریۆسەوە پەرەی پێدراوەو ناوی دەروازە (ئیساگۆگی) لێنراوە، لە هەرسێ ئایینەکەدا بڕیاردراوە لە کەنیسەو کڵێسەو حوجرەی مزگەوتەکاندا بخوێنرێت. بابەتی بزوتنەوەو بزوێنەری یەکەم کە خۆی نابزوێت، هۆکارو ئەنجام، جەوهەرو ڕوکەش یەك تاو فرە ڕەنگیی، هێزەکیو کردەکی، ماددەو گیان - نەفس، ناوەڕۆكو ڕوخسار ئەمانە لەگەڵ

---

[88] پرۆفیسۆر دکتۆر ڕیچارد ئیلیۆت فریدمان بە تێروتەسەلی لە کتێبی: چ کەسێك تەوراتی داناوە، ئەم لایەنەی ڕوونکردۆتەوە. بڕوانە:

**-Friedmann, R. E. Wer schrieb die Bibel? 2. Aufl. Wien 1993 S. 25 ff.**

[89] **Steenberghen, F. van. Die Philosophie im 13. Jahr hundert. Wien. 1977. s. 39.**

بیروبۆچوونو دۆگمی ئاییندا ئاوێتەی یەكتری كراونو بوون بە پوختەی فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاست. ئەریستۆتلس پتر لە ئەفلاتون، بە پێی سەردەمی خۆی، بەلای توێژینەوەی زانستییانەدا چووە، سەرگەرمی بەدوادا گەڕانی بنجو بناوانی جەوهەرو سەرچاوەی بابەتەكانی نەبووە، بەڵكو ویستوویەتی ئەو بنەماو قانونانە كە كۆنترۆڵی جموجوڵیو قەومانو ڕەفتاری شتو بابەتەكان[90] دەكەن بدۆزێتەوەو دایان بڕێژێ.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت، چۆن لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، كە سەدەی دەستبەكاری ئایین بوونو لە چاو سەدەكانی پێشتر قۆناغێكی جیاواز بوون، سوود لە كولتووری نائایینی یونان - ڕۆم وەرگیراوە؟ كام لایەنەیان پشتگوێ خراوەو كامەیان بوە بەبابەتی سەرەكی لە فەلسەفەی ئەم سێ ئایینەدا؟

دەستنیشانكردنی ڕەوتو پرۆسەی گیانییو ڕۆشنبیری قۆناغو سەردەمێك هەروا سووكو ئاسان نییە، زانینی ئەو ڕۆڵەی كە لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا گێڕاویەتیو دەیگێڕێ، كەمتر گران نییە.

هەموو ڕێكخراوو دەزگاو سیستەمە بیریو ئایدیۆلۆجیو فەلسەفییەكان ئەنجامو تیشكدانەوەو دەربڕینی كولتوری قۆناغی تایبەتیو دیارن. بەڵام ئەم دەزگاو دامەزراوو ڕێكخراوانە خۆیان كە جاران ئەنجام بوون لە ڕەوشێكی دیار كەوتوونەتەوە، جارێكی ترو لە سەردەمێكی پێشكەوتووتردا دەبن بە هۆكارێكی تری جەوهەریی گۆڕانو پتر پەرەپێدانو بەرەوپێشبردنی ئەو كولتورە خۆی. ئەگەر شت هەندێ جار بە هۆی هۆكارەوە لێك بدرێتەوە ئەوا بۆ تێگەیشتنی ئەو شتە خۆیو زانینی ئەنجامەكانی كە لێوەی كەوتوونەتەوە پێویستو گرنگن.

٣- لە سەدەی سیانزەهەمدا، لە ئەوروپاو لە گۆڕەپانی لاهوتو فەلسەفەدا بە هۆی ئەو ئەنجامانەی كەوتوونەتەوەو كە لە بەرهەمەكاندا نیشان دراون، دەركەوتووە كە جۆرە گۆڕانو پەرەسەندنێك لە ئارادا بووە، هۆكاری سەرەكی گۆڕانەكە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەزگا ئایینەكانیشدا، ئەگەر لەگەڵ هۆكاری دەرەكیدا بەراورد بكرێت، تا ڕادەیەكی زۆر پتر ناوەكی بووەو لە ناوجەرگەی خۆیدا سەریهەڵداوە.

---

[90] Steenberghen. F. van, Ebenda. S. 41.

پەرەسەندن وردە وردە شێلگیرتر بووەو بەوەدا کە چەند تایبەتمەندییەکی لە بابەتەکاندا نیشان داوە:

یەکەم: جاران ئەگەر بڕواو لاهوت لە پێشەوە بووبن‌و بیری مەنتیقی ژێر خرابێتە دواوە، وردە وردە وەك بەرەوپێشچوونی بایەخ‌و ڕۆڵی ژێر لە ژیانی ڕۆشنبیری‌و لێکۆڵینەوەی زانستیدا بایەخ بە مەنتیق دراوە، مەنتیق بابەتێکە لە چوارچێوەی چالاکی‌و پرۆسەی ژیردا پیادە دەکرێت. ژیریش لەلای خۆیەوە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ بنەماو ڕێ‌و شوێنەکانی ئایین‌و بڕواو لاهوتدا تەباو کۆك نییە. لە بەرهەمەکانی ڤیلهێلمی ئوکامیدا ئەم بایەخدانە بە مەنتیق هەست پێدەکرێت.

دووەم: ئەوی جاران وەك بنەما بە تایبەتی بابەتەکانی بڕواو ئیمان‌و دۆگمەکان گومان هەڵنەگر بوون، وردە وردە تیشکی ئەگەریان خراوەتە سەر لە ڕوانگەی مەنتیقەوە سەرنج دراون بە پێودانگی ژێر هەڵسەنگێنراون‌و لە جاران پتر شەن‌و کەو کراون. بەڵگەکانی سەلماندنی بوونی ڕەب بەشی زۆری ئەم گومان‌و ڕەخنەو گازندەیان بەرکەوتووە. ئەم دیاردەو ڕەوشە بە پێچەوانەی خواستی دەزگاکانی ئایینەوە دەستبەکار بوون. دەزگاکانی ئایین کە پێشتر وایان بڵاوکردبۆوە گوایە ئەو شتانەی سەر بە دەزگاو ڕێ‌و شوێنەکانی ئاین‌و بە سروش پشت ئەستورن، بە هیچ جۆرێك بواری ئەگەرو گومان لێکردن نادەن. ئەو ئەنجامانەی لەم گومان کردنەوە کەوتبۆوە کێشەیەکی ئاڵۆزی بۆ لاهوت دروست کردووە.

هۆش‌و هۆشیاریی تاکەکەسان، نەك دۆگم‌و بنەماکانی ئایین‌و ڕێ‌و شوێنی کڵێسە، سەنگی محەکی دڵنیایی‌و گومان کردنن، بۆیە جارێکی تر بایەخ بە تاکەکەسان دراوەتەوەو سەرگوزشتەی ئادەم پشتگوێ خراوەو بابەتی بە گرنگ زانینی تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ وەك سەرکەوتوو لەم کێشەیەدا هاتۆتەوە مەیدان.

سێیەم: ئەو هێزو توانای تێگەیشتن‌و فام‌و ژیری مرۆڤ هەیەتی، ئەو هەستانەی بە هۆیانەوە پەی بە شت دەبات‌و دەرك بە بوونی خۆی‌و دەوروبەری دەکات، دەستەبەری ئەوە دەبن مرۆڤ، بەبێ پشت بەستن بە ڕێگایەکی سەرو سروشت، شت بزانێ‌و بگاتە ڕاستی‌و ڕاستەقینە، بە ڕاستی‌و دروستی بڕیار بدات‌و شت هەڵبژێرێ، چاکە لە بەدکاریی

جیابکاتەوە، سوود لە ئازادیی تاکەکەسی خۆی وەربگرێ. ئەم ڕەوشە لە خۆیدا دڵ کرمێ بوونێک لە ڕاستییەکانی ئایینی مەسیحی نیشان داوە. لە نێو فەلسەفەی هەردوو ئایینەکەی تردا ئەم دیاردەیە ئەگەر لە ڕوخساردا هەروا بووبێ، ئەوا لە ناوەڕۆکدا تایبەتمەندییەکی تری پێوە دیاربووە.

٤- لە سەدەی سیانزەهەمدا لە چوارچێوەی جیهانبینیو فەلسەفەی مەسیحیدا سێ ڕێبازی جیاوازی فەلسەفە دەستبەکار بوونو ڕقەبەریی یەکتریان کردووە:

یەکەم: فەلسەفەی سانت ئۆگۆستین.

دووەم: فەلسەفەی بن ڕوشدی لاتینی بە سەرۆکایەتی سیگەر برەبانتی.

سێیەم: فەلسەفەی تومای ئەکوینی[٩١].

لە مێژووی فەلسەفەدا ئۆگۆستین بە باوکو ڕابەری کڵێسە ناوبراوە، زۆربەی نووسینەکانی لاهوتینو بابەتەکانی ئایینیان ڕوون کردۆتەوە. بەرهەمەکانی پتر پەیوەندییان بە ساتو سەردەمی خۆیانو بەو کێشانەوە هەیە، کە لە کاتی ژیانو چالاکیو دەستبەکاربوونی ئەم کەڵە لاهوتییە لە ئارادا بوون. بۆیە بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە سەرگەرمی کێشەو بابەتی بڕواو ئایینن بایەخێکی لاهوتی -مێژوویی- ئایینیان هەیە.

بەرهەمی سەرەکی ئەم لاهوتییە، ئەوەندەی پەیوەندی بە فەلسەفەوە هەبێ کتێبی دان پیادانانە. لەم بەرهەمەدا نووسەرەکەی وەك فەیلەسوفێکی شارەزاو خامە ڕەنگین کە لەڕوانگەی بڕواو ئیمانەوە سەرنج دەدات، بابەتەکانی توێ توێ کردووە، لێیانی کۆڵیوەتەوە بابەتەکانی ئایینی لەسەر شێوەی پرسیار خستۆتە ڕوو و بڕیاری وەڵامدانەوەی داون، وەڵامەکانیشی ئەگەرچی پتر لە ئایینەوە سەرچاوەیان گرتووەو بنەمایەکی ژیریو مەنتیقییان نییە، بەڵام دووربینیو وردەکارییو شارەزاییەکی باشیان تیادا دەردەکەوێ.

لە بواری تیۆری زانیندا ئۆگۆستین کە لایەنگیرێکی ڕێگای سروشو ڕێو شوێنەکانی کڵێسە بووە، گومانی لە شایەدی هەستەکان کردووە. بەڵام جۆرە لێکدانەوەو بۆچوونێکی هەبووە، دەکرێ بە ڕابەرێکی فەلسەفەی ئێگزیستیانشیالیزم دابنرێت. ئەو لەو باوەڕەدا بووە کە ڕاستیی لە ناخی مرۆڤدایە، بۆیە پێویست ناکات مرۆڤ لە دەرەوەی خۆیدا

---

[91] **Pieper, J., Thomas von Aquin. Hamburg 1957. s. 24.**

لەم کتێبەدا پرۆفیسۆر پیپەر تێکستی هەمەچەشنەی ئەکوینی لە لاتینییەوە کردووە بە ئەڵمانی.

بەدوایدا بگەڕێت بۆ ئەوەی ئەمەی بۆ دەربکەوێت. دەبێ ڕاستیی بەلای ئەم لاهوتییەوە چی بێت؟ ڕاستییەکانی ئایینو لاهوت مەبەستیەتی؟! چۆن مرۆڤ دەتوانێ لە ناخی خۆیدا ڕاستیی بدۆزێتەوە لە کاتێکدا بە چاوی گومان سەرنجی توانای هەستەکانی بدات؟ ئەگەر گومانو ئەگەر دڵ کرمێ بوون لە ئارادا بن پریشکێکیان بەر ڕاستییەکەش ناکەوێ؟ لەوە دەچێ ئۆگۆستین هەستی بەم لایەنە کردبێ، بۆیە بە جۆرێك قسەی کردووە ڕێگای بۆ دێکارت خۆش کردووە[92]. بەلای ئەم ڕابەرەی کڵێسەوە مرۆڤ جۆرە دڵنیابوونو بڕوا بە خۆبوونێك لە ناخی خۆیدا هەستپێدەکات. چونکە ئەگەر مرۆڤ گومان بکات، هەڵەش دەکات، بۆئەوەی مرۆڤ توانای گومانو هەڵەکردنی هەبێت، دەبێ خۆی هەبووبێت، بوونەوەر بێت. ئەوی گومان دەکات دەزانێ کە ئەو شت دەبینێ، هەست بە شت دەکات شتی بەسەر دێت، شارەزا دەبێت، شت دەخوازێو بە دوای پێودانگێکی هەڵسەنگاندنی ڕاستیدا دەگەڕێ. ئەم گومانکردنە بەڵگەیەکە ساغی دەکاتەوە مرۆڤ بە دوای پێوانەیەکی ڕاستیدا دەگەڕێو سەرگەرمی زانینی ڕاستیو ڕاستەقینەیە، ئەم ڕاستییە لە دەرەوەی سنورو توانای هەستەکاندایەو بە هۆی توانایەکی تایبەتی بیرەوە بە دەستدێت کە لە مرۆڤدا بەرجەستەیە، توانای ڕامانو سەرنجدانو بیرکردنەوە بۆ گەیشتنە ڕاستییو دەرك بە ڕاستیو ڕاستەقینە بردن.

ئۆگۆستین وەك لاهوتییەکی ڕابەری فەلسەفەی ئایدیالیزم بە ڕوونو ئاشکرا بڕوای بە دوو جەوهەر هەبووە[93]. لەشو گیان (نەفس). دووەمیانی کردووە بە بنەماو بنچینە. هەر بۆیە لەو باوەڕەدا بووە کە زانینی گیانییو ژیرەکییانە هیچ پابەندی هەستەکان نییەو پەکی لەسەریان ناکەوێ.

تۆمای ئەکوینی، بە پێچەوانەی سانت ئۆگۆستینەوە وای داناوە کە گیانو لەش توندوتۆڵ بەیەکەوە بەندنو یەکەیەکی ڕاستەوخۆی بوونو هەبوون پێکدەهێنن، زانینی مرۆڤ ناکرێو ناتوانرێ دەستبەرداری یارمەتیو چالاکیو ڕۆڵی هەستەکان ببێ، لایەنی گیان - نەفس تەنیا ئەو لایەنە نییە کە زانینو گەیشتنە ڕاستیی دەستەبەری دەبن، بەڵکو مرۆڤ خۆی بە گیانو لەشەوە، بە کۆمەکی هەر پێنج هەستەکانیشەوە ئەم ئەرکە پیادە

[92] Vorlaender, K., Philosophie des Mittelalters. Rowohlt. 1967 s. 39.
[93] Russell. B., Philosophie des Abendlandes. Wien 2000. S. 367.

دەكات. ئەم جیاوازییە دیارو ئاشكرایەی بابەتی زانینی ئەم دوو لاهوتیو فەیلەسوفە ئەوە دەردەخات كە یەكەمیان ڕێچكەی فەلسەفەی ئەفلاتونی گرتۆتەبەرو تۆمای ئەكوینی لایەنگری فەلسەفەی ئەریستۆتلس بووە.

لەنێو بیشەلانی ئالۆزو چڕوپڕی ئەم قۆناغەی سەدەكانی ناوەڕاستدا دوو بیرمەند، لاهوتیو فەیلەسوف دەركەوتوون دانتێو كۆمیدییە خواوەندییەكە، ڤیلهێلمی ئۆكامی. هەردووكیان لە ڕەوتی ئاسایی سەدەكەو دەوروبەری خۆیان لایانداوە.

یەكەمیان بە جۆرێكی تەوسو گاڵتەجاڕییەوە باسی بەهەشتو دۆزەخی كردووە. دووەمیان بایەخی بە ژیرو مەنتیق داوەو خستوونیەتە پێش بڕواو ئیمانەوە. ئایا ئەم دیاردەیەی دەركەوتنی ئەم دوو بیرمەندە، وەك هەندێك نووسەر وتویانە، نیشانەیەكی ئەو قەیرانو تەنگژەیە بووە كە سەدەكانی ناوەڕاست بە سەرخانو ژێرخانیەوە دووچاری بووە[94]؟ یاخود بە پێی هەلومەرجی سەردەمی خۆی بەرەوپێش چوون، گۆڕانی چاوەڕوانكراو بووە؟

ئەم بزوتنەوەیە لە چوارچێوەی پرۆسەی گەشەكردنی بیری فەلسەفەدا ئەگەرچی، وەك ڕاستییەكی گومان هەڵنەگر، لەنێو ئەو فەیلەسوفە لاهوتیو بیرمەندانەدا بووە كە لەنێو چوار دیواری دەزگاكانی كڵێسەدا گۆش كرابوون، ئەوا بزوتنەوەكە كە تا ڕادەیەك جێگیرو دەست ڕۆیشتوو بووەو ئەنجامی لەباری داوەتە دەست، لە ڕوخسارو ناوەڕۆكدا لە بابەتو جۆری توێ توێ كردنی پرسیارو پێشكەشكردنی وەڵامەكاندا چەندین تایبەتمەندییەكی بایەخداری نیشان داوە. خۆ ئەگەر لەم بەرهەمانەدا جاروبار قسەو پەندو بڕگەو تێكستو وشەی نووسراوە ئایینییەكان خوازرابنەوە. یان وەك بەڵگە هێنرابنەوە، ئەوە شتەكە هەر ڕوخسارەكی بوەو گەرمو گوڕییو پێداگرتنەكەی پێشوو جارانی پێوە دیار نەماوە. ئەم بزوتنەوەیە لە كۆڕو كۆمەڵە فەلسەفەییەكاندا بە ڕێبازی نۆمینالیزم ناوبراوە، بەم تایبەتمەندیو خاڵانە لەوانی تر جیاكراوەتەوە:

---

[94] **Ockham, W., Texte zur Theorie der Erkenntnis und der Wissenschaft. Reclam. 1996. Ueber setzt von Ruedi Imbuch. Vorwort. S. 5-6.**

یەکەم: بایەخ بە مەنتیق دراوەو بابەتەکانی لە چوارچێوەی زماندا پەرەیان پێدراوە. ئەم پەرەپێدانە لە شیکردنەوەی ڕستەکانی زمانەوە کەوتۆتەوە، بەڵام بە شێوەیەك بووە کە لە پەیڕەوو ڕێبازی زانستی ڕێزمانی زمان جیاواز بێت.

لەم مەنتیقەی زماندا کە خۆی لە بایەخدان بە زمانی تێکستە ئایینەکانەوە پەیدابووە، چ لە ناوەڕۆك‌و ڕوخسار (١) چ لە پرۆسەی پیادەکردنی ئەرکەکەدا بایەخ بە ڕوخساری داڕشتنی ڕستە دراوەو ناوەڕۆکەکەی پشتگوێ خراوە لە جیاتی (بکەر- ناو) بنەما لە جیاتی (خەبەر) ڕۆڵی (بار) بایەخیان پێدراوەو شیکراونەتەوە[95]. ئەم بابەتە بە شێوەیەکی تر لە ڕۆژهەڵاتدا هاتۆتە پێشەوە. مسوڵمانان کە عەرەب نەبوون بۆ تێگەیشتنی قورئان‌و حەدیس‌و ئایینی ئیسلام هەوڵی فێربوونی زمانی عەرەبییان داوە لەوەوە فارسەکان ڕێزمانی زمانی عەرەبییان داناوە. دوای دانانی ڕێزمان‌و شیکردنەوەی ڕستەکانی کتێبە ئایینییەکان بە هۆی کتێبە مەنتیقییەکانی ئەریستۆتڵس کە لە لایەن فەرفۆریۆسەوە بووە بە ئیساغوچی بۆ نێو جیهانی مەنتیق پەڕیونەتەوە.

دووەم: ئەم بایەخدانە بە ڕستە، لە مەنتیقدا، کێشەیەکی گەورەی بۆ لاهوتییەکان بەرپا کردووە. فەیلەسوفەکان پشت ئەستور بە ڕێ‌و شوێن‌و پەیڕەوی بنەماکانی مەنتیق ڕستە داڕێژراوەکانی بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی سانت ئەنسلم‌و بەڵگەکانی ئەکوینییان ورد شیکردۆتەوەو لایەنی لاوازیان دەرخستووە لەمەوە لە ڕاستیی‌و دروستی بەڵگەکان کە بۆ ساغکردنەوەی بوونی ڕەب پشتیان بە چەند ڕستەیەکی زمان بەستووە، گومان کراوە. ئەوی جاران بە دۆگم‌و بنەمای گومان هەڵنەگری بڕوا دانرابوون، کراون بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو تیشکی ڕەخنەیان خراوەتە سەرو توێ توێ کراون. ئەو میتافیزیکە لاهوتی‌و ئایینییەی کڵێسە پشتی پێیان قایم بووە، لە هەموو خاڵێکدا بە توندی لە بێژنگ دراون‌و گازندە کراون، ئەو پێنج هەمەکییەی پێشتر وەك سەربەخۆیان نییە، بەڵکو چەند ناوێکی بێ ناوکی هەمەکین، بۆچوونی تەنیا لە ڕستەو لە نێو مێشکی مرۆڤدا هەن. هەر بۆیە ئەم ڕێبازە ناوی نۆمینالیزمی لێنراوە، ئەم وشە لاتینییە لە وشەی ناو کەوتۆتەوە.

---

[95] Copleston, F.C,Geschichte der philosophieim  mittelalter.

٥- مەبەستی ئەو ڕەخنەگرانە کە سەدەی سیانزەهەمو چواردەهەمیان بە قۆناغی پاشەکشێو پاشاگەردانی داناوە ڕوون دەبێتەوە ئەگەر بێتو بزانرێ ئەوان چۆن لە فەلسەفە گەیشتوونو فەلسەفە بە چی دادەنێن؟

بە بۆچوونی من ئەم ڕەخنەگرانە بەهەر جۆرێك وەڵامی ئەم دوو پرسیارەیان دابێتەوە، ئەو دیاردەیە لە لایەکەوە تەنگژەو قەیران بووە، کۆنییو بە ساڵاچوون، تا ڕادەیەك پەك کەوتەیی بۆچوونو جیهانبینییە ئایینییەکەی سەدەکانی ناوەڕاستی نیشان داوە. کێشەکە لەخۆیدا بە ڕاستی هەروا بووە، چونکە ئەگەر تەنگژە نەکەوێتەوە، گۆڕانو جمین پەیدانابن، بە بێ ئەم قەیرانە شتی نوێ لەسەر کۆتەرەی کۆنەکە دانامەزرێتو سەرهەڵنادات.

لە لایەکی ترەوە کێشەکە وەك بابەتێکی بەرەوپێشچوونو گەشەکردن بووە، بەڵام نەك بەو جۆرە ڕەخنەگران تێی گەیشتوونو مەبەستیان بووە. لە کۆتایی سەدەی سیانزەهەمدا فەلسەفە لەسەر دەستی ئۆکامی گەشەی کردووە، بەڵام گەشەکردنەکە بەو جۆرە نەبووە کە ئایینو کلێسە ویستبیانو لێی ڕازی بووبن، بەڵگەش ئەو فەتوایەیە کە پاش ساڵێك دوای مردنی ئۆکامی لە پاریس دەرچووەو فەلسەفەی قەدەغە کردووە. دەرچوونی ئەو فەتوایە، ئەگەرچی نەیتوانیوە فەلسەفە لەناوبەرێت، بەڵام ساغی کردۆتەوە کە ئەوسا سەرخانو ژێرخانی کۆمەڵایەتیو بیریو فەلسەفەییو لاهوت لەبەر یەکتریدا بوونو هیچی تر پێکەوە کۆك نەماون، هەروەها ئەم فەتوایە بە چاکترین شێوە ئەو قەیرانو تەنگژەیەی بەرجەستە کردووە، کە ئەوسا ئایدیۆلۆجییو بڕواو جیهانبینی دەزگاکانی ئایین دووچاری هاتبوون. ئایا دەکرێ وا بە ئاسانی ڕۆڵی کاریگەری ئایینی مەسیحی تا ئەو ڕادەیە بە کەم دابنرێو وەك کۆسپو تەگەرە لە بەردەم ڕەوڕەوەی بەرەوپێشچوونی شارستانی سەرنج بدرێت؟

ئایا هەر ئەم ئایینەی مەسیحییەتە بە کلێسەو کاتیدراو دۆمەکانییەوە ئەو فاکتەرە نەبووە کە لە ئەورووپا گەورەپیاوانی زانستو فەلسەفەو ئەدەبو هونەری گۆش کردووە؟ هەر ئەم ئاینە خۆی زانکۆی پاریسو کۆلۆنیاو ئۆکسفۆردی دامەزراندووە، کەس لاری لەوە نییە کە پیاوە ئایینییەکان بۆ خوێندنەوەی چوار ئینجیلەکان هانی خەڵکیان داوە فێری خوێندەواری بن. ئەوە نییە جولەکەکان لاف لێدەدەن کە تەورات (سەرچاوەی ئایینی

مەسیحی) بۆتە مایەی پەرەسەندنی هەموو زانستەکانو ڕەنگی دامەزراندنی تەلاری شارستانی ڕشتووە؟ ئەگەر تەورات باسی هەرەمەکانی میسرو شارستانی بابلی نەکردبایە زانستی شوێنەوارو مێژوو وەك بابەتی سەربەخۆ پەیدا نەدەبوون. ڕاستە مەسیحییەت وەك هەموو دیاردەیەکی تری کۆمەڵایەتی لایەنی لە بارو لایەنی نالەباری هەیە. ئەگەر لایەنە نالەبارو جەورو ستەمەکانی نەبوونایە، ئەگەر سیستەمی دەرەبەگایەتی کە لەمندالدانی ئاییندا پێگەیشتووە، نەبوایە، شۆڕشی سەرتاپاگیری فەرەنسا بەرپا نەدەبوو، خۆری سەدەی ڕاپەڕین — ڕێنیسانس - لە کەل دەرنەدەکەوت. هەروەها دوور نییە بوترێ ئەگەر تەورات باسی ئادەمو حەواو داهێنانی نەکردبایە، تیۆری پەرەسەندنی داروین پەیدا نەدەبوو، چونکە دەکرێ بوترێ داروین بەو کۆششەی ویستوویەتی تیۆری داهێنانی تەورات مایە پوچ بکاتو ساغی بکاتەوە کە کێشەکە بریتییە لە پەرەسەندنێکی درێژخایەن.

٦- ئەو پریشکەی ئاگری لە پاوانی سەدەی چواردەهەم بەرداوە، لە چەکی لاهوتیو فەیلەسوفی بەناوبانگی ڕەچەڵەك ئینگلیز ڤیلهێلمی ئۆکامی[٩٦] کەوتۆتەوە. ئەم لاهوتییە هەروەك لە بەرهەمەکانیدا دەرکەوتووە، هیچ سەرگەرمی میتافیزیك نەبووە، خۆ ئەگەر باسی لاهوتو فەلسەفەی سروشتو بەلگەکانی ساغکردنەوەی بوونی ڕەببی کردبێ، ئەوا باسکردنەکە پتر لە ڕەخنەگرتنەوە بووە، ڕەخنەگرتنێکی بە ژیرو مەنتیق پشت ئەستور. ئەم هەڵوێستە لە زانستدا بە هەڵوێستی نالەبار (نێگاتیف) دادەنرێت. لە سەردەمی ئۆکامیدا سەرەڕای بابەتەکانی مەنتیق بابەتی زانین لە برەودا بووە، دوو کێشە سەرنجیان ڕاکێشاوە کە ئاسان نەبووە بە جۆرێکی تر بە لایەکدا بخرێن:

یەکەم: کێشەی دووڕەنگیو دوو بابەتیی، هەرچی هەیەو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەست بە بوونی بکرێت، دووڕەنگییەك نیشان دەدات، یاخود جۆرە دووڕەنگییەکی تیادا دەردەکەوێت: هەر لە ژیانەوە تا دەگاتە سروشتو سەرو سروشت. سیاسەت خۆی لەم دوو ڕەنگییە بەدەر نییە. لە لاهوتو فەلسەفەی مەسیحیدا بە ئاشکرا بایەخ بە ڕەنگێك دراوەو ئەوی تر خراوەتە دواوە. مرۆڤ دوو ڕەنگەو لە گیانو لەش پێکهاتووە. گیان شتێکی

---

[96] لەنێو کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی فەلسەفەدا وا باوە کە ئینگلیز سروشت ئاسا ئەزموونیو فەرەنسایی پۆزێتیڤیستو ئەڵمان ئیدیالیستین.

نامادەی پیرۆزو پاكو ئاسمانییە. لەش ماددەیەو ئەمەش سەرچاوەی بەدكاریی‌و كەم‌و كورتییە. دوو ڕەنگیی دەسەڵاتی كڵێسەو قەیسەر، بەهەشت‌و دۆزەخ، زەوی و ئاسمان ناوەڕۆكی ئەم دوو ڕەنگییەن.

دانتێ لە بەرهەمی كۆمیدی خواوەندیدا ڕەخنەی لەم لایەنە دوو ڕەنگییە گرتووە. ئەگەر مرۆڤ بە هۆی بەشە گیانییەكەیەوە ئامانجی تایبەتی ئەودیوی سروشتی هەبێ‌و بە ڕێگای سروش ڕاستیی بۆ هاتبێ، بە لای دانتێ وە، هەر مرۆڤ خۆی لایەنێكی تریشی هەیە كە ئامانجەكانی سروشتین‌و لەم ژیان‌و جیهانەدا پێیان دەگات. فەلسەفە ئەو ئامرازەیە ڕێگای گەیشتنە ئەم ئامانجە جیهانییانە لە ژیاندا خۆش دەكات[97]. ئەگەر مرۆڤ بوونەوەرێك بێ پێویستی بە بڕواو ئیمان هەبێ، هیواو ئاواتیشی هەیەو خۆشەویستی لە ناخیدا دەبزوێ.

ئەم بۆچوونانەی دانتێ‌و چەند فەیلەسوفێكی تر ئەو ڕەوشە بەرجەستە دەكەن كە گۆڕان، ئەگەرچی لە سنورێكی دیاریكراویشدا بووبێ، بەسەر ژیانی ڕۆشنبیری‌و هەڵوێست‌و جیهاندیدی كۆمەڵانی خەڵكدا هاتووە. ئەم گۆڕانە بریتی بووە لەوەی جارێكی تر هەوڵ دراوە ژیانی ئێستا لەسەر زەوی بایەخی پێ بدرێت‌و بە هەند بزانرێت، مرۆڤ وەك تاكەكەسی سەربەخۆی خاوەن ژیان‌و هەڵوێست‌و هەست‌و نەست‌و هۆش ڕەفتار لەبەرامبەریدا بكرێت. ئایا مرۆڤ بەندو كۆیلەیە؟ بەندو كۆیلەی ڕەبیە یاخود كۆیلەی بارۆن‌و خانەدانەكانە؟ ئەم بایەخدانە بە مرۆڤ پتر لە تیوری زانیندا ڕەنگی داوەتەوەو ئەم بیرە جێگیر بووە كە مرۆڤ دوو ئامانجی هەیە، جیهان‌و قیامەت، ژیرو بڕوا كڵێسەو دەوڵەت دوو شتی سەربەخۆی لە یەكتری جیاوازن.

دووەم: كامیان سەرچاوەی زانینی ڕاستەقینەیە: ژیر یاخود هەست، كە جاران سروشت لە جێگای ژیر دانرابوو؟ كام زانینە، زانینی گشتی‌و هەمەكی یاخود زانینی هەندەكی‌و تاك جێگای بڕواو دڵنیایی كردنە؟

[97] Gilson, E., Dante und philosophie. Freiburg 1953. S. 224.

ئەریستۆتلس، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا چۆن گۆڕان ڕوودەدات، دەگاتە ئەوەی کە هەمەکی بابەتی ژیرە، شتی دیارو کۆنکرێت بابەتی ئەزموون ئیمپریین[98]. بیر، ژیر پەیوەندییان بە زانینی هەمەکی -گشتییەوە هەیە، هەستەکان تەنیا زانینی شتی تاكو هەندەکییان لێ پەیدا دەبێت. ئەم بۆچوونە لە لای فەیلەسوفو لاهوتییەکانی مەسیحی تاوەکو سەدەی سیانزەهەم بنەمایەك بووە هیچ ئەگەرێکی هەڵنەگرتووە. لەسەرەتای سەدەی چواردەهەم جارێکی تر ئەم بنەمایە توێ توێ کراوەتەوەو بایەخ بە ڕۆڵی تاکەکەسانو زانینی شتی تاکیی دراوەتەوە. هەمەکییەکان بە جۆرێك کە هیچ بوونێکی هەمەکی- گشتییان نییەو لە چەند ناوێك بەولاوە نین، سەرنج دراون. ئۆکامی لەم بوارەدا ڕۆڵی سەرەکی گێڕاوە. وتوویەتی: وەڵامی من دەربارەی ئەم کێشەیە بەم جۆرەیە:

یەکەم: نیشانی دەدەم کە تاکەکان بە هۆی ژیرەوە پەیان پێدەبرێتو دەزانرێن.

دووەم: یەکەم جار زانینی شتە تاکییەکان زانینێکی ڕاستەوخۆیە.

سێیەم: لە سەرەتادا شتی تاك دەزانرێتو هەستی پێدەکرێت[99].

ئەم هەنگاوەی ئۆکامی کە لە سەردەمی خۆیدا دەشێ بە دلێرانە ناوبرابێ، دروستبوونی چەمكو پەیدابوونی هەمەکییەکانی بەم شێوە ڕوون کردۆتەوە: وای دادەنێین یەکەم جار، لە سەرەتادا، مرۆڤ، وەك پرۆسەی شت زانین، شتی تاكو هەندەکی دەزانێو ڕێ پێدەبات، کەوابوو چۆن چەمکی گشتی- هەمەکی پەیدابوون؟ مرۆڤ بە هۆی هەستەکانەوە چەندین شتی تاکی وەك یەكو لە یەکتری چوو دەبینێ، هەست بە هەردوو لای لە یەکچوونو جیاوازی نێوانیان دەکات، بۆ نموونە، مرۆڤ ئەسپی جیاواز، ڕەنگ جیا دەبینێ، بۆچوونی ئەسپ لە دیتنی ئەسپی تاکەوە دادەماڵێو ئەبستراکتی دەکات (ئەبستراکت خۆی بریتییە لە پرۆسەیەك، لە مێشکدا ڕوخسارو وێنەی شتێك لە ماددەکەی جیادەکرێتەوە). بۆچوونی ئەسپ بەم پێودانگە دەبێ بە بیرو وێنەیەکی هەمەکی ئەسپ[100] کە تەنیا هەر لە مێشکدا هەیە، لەم پرۆسەیەدا بێگومان لایەنی جیاوازو لە یەکتری چون لەبەرچاو گیراوە. هەمەکییەکان هەر دەبێ وەك بۆچوونی بێ ماددەو کەرەسە بزانرێنو پەیان پێ ببردرێ،

[98] Aristoteles, Physikvorlesung. Darmstadt 1979. 3. Auflage. Uebersetzt von: Wagner, H. S 19. 20. B. T. 189. a.

[99] Wilhelm von Ockam, Texte zur Theorie der Erkenntnisu. D. Wissenschaft Reclam 1996. S. 171.

[100] Ockam, Ebenda. S. 173.

چونکه خۆیان بە هۆی هێزو توانای ئەندامێك، ئۆرگانێکەوە دەزانرێن کە لە ماددەو کەرەسەوە دوورە. بە چالاکی هەستەکان شت دەزانرێ، بەلام ئەم زانینە زانینی شتی تاکەو ئەو وێنەیەی لێی پەیدا دەبێ لە خۆیدا شتێکە لە کەرەسەو ماددەی بابەتە زانراوە جیاکراوەکەیە.

بەهۆی هێزی ناوەکی ناخەوە بۆچوون پەیدا دەبێت. ئەگەر مرۆڤ باسی شتی کۆنکرێتو شتی ئەبستراکت دەکات، باسی دوو شتی هەبوو یاخود باسی دوو بوونەوەر ناکات چونکە ئەمانە شتی تاكو هەمەکی نین، بەڵکو هەلومەرجو ناوو خەسڵەتو نیشانەی چەمكو بۆچوونن.

زانین لە خۆیدا پرۆسەو چالاکییەکە لە سێ لا پێکدێت:

- ئەو خۆیەی شتەکە دەزانێ.

- لایەنێکی کاریگەر، مەبەست لەو شتانەی دەوروبەرن کە کار لە هەستێك لە هەستەکانی مرۆڤ دەکەن ئەم کارلێکردنە بە لایەنی کاریگەر دادەنرێت.

- لایەنی کارتێکراو. هەستەکان ئەم کارە تۆمار دەکەن.

پێش ئۆکامی لە ئەم پرۆسەیەدا تەنیا دوو لایەن پەسەندکراوە، چونکە لاهوتییەکان تەنیا ڕەبیان بە بکەرو کاریگەری ڕاستەقینە داناوە. ئۆکامی بۆ ڕەواندنەوەی گومانو دڵ کرمێ بوونی دامو دەزگاکانی کڵێسەو ئایین ناچار بووە لە هەندێك بیروبۆچوونی لاهوتی سەردەمی خۆی دەستبەردار نەبێت، بۆیە دوو بنەمای پێشنیاز کردووەو داکۆکی لێکردوون:

یەکەم: هێزو تواناو دەسەڵاتی لە سنور بەدەری ڕەب.

دووەم: بنەمای گوێزانی تراش کە لە لای ئیرنست ماخ بووە بە بنەمای ئابوریو دەستپێوەگرتن.

بنەمای یەکەمیان بە لای لاهوتدا دەشکێنی. لەو بەشەی بەرهەمەکانی ئۆکامیدا بە تەواوەتی لایەنی بڕواو ئایین دەردەکەوێ. من لەو باوەڕەدا نیم کە ئۆکامی لە ترسی سزاو ئازاردان ئەم بابەتانەی نوسیبێ ئەگەرچی خۆی دوای ماوەیەك لە دەست کاربەدەستانی کڵێسە ڕای کردووەو پەنای بۆ شازادەی بایەرن (باڤاریا) بردووە، لەوێوە دژی پاپاو ڕابەرانی کڵێسە لەسەر دەسەڵاتی دنیایی ئەم شازادەیەی کردۆتەوە. ئۆکامی لەو بەرهەمانەیدا کە

دەربارەی بنەمای یەکەم نووسیونی، دەرکی بەو ڕاستییە بردووە کە ئەو ڕەببەی کلێسە کە بوونەکەی بە سەلمێنەو بەڵگەی فەلسەفە ساغ دەکرێتەوە لەو ڕەببە جیایە کە بابەتی بڕواو ئیمانی مەسیحییەکانە[101]. ئەگەر ئەم بڕیارەی ئۆکامی پەسەند بکرێت کە ڕەببی فەیلەسوفەکان لەو ڕەببەی کە بابەتی لاهوتو بڕوای مەسیحییەتە جیاواز بێ، ئەم جیایە لەوەوە پەیدا بووە کە ڕەبی فەلسەفە بابەتی ژیرو مەنتیقەو ئەوی تریان ترانسندێنتییەو بایەخی ناخو دەرونو بڕوایە. ئەم بۆچوونە هەر لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحییەوە لەو بنچو بناوانەوەی سەرچاوەی گرتووە کە بڕواو ئیمانی مەسیحی بە هیچ جۆرێك پەکیان لەسەر بنەماو پشت ڕاستکردنەوەی فەلسەفەیی نەکەوتووەو پێویستییان بە سەلمێنەو بەڵگەهێنانەوە نییە، چونکە بڕوا هەستو سۆزو دڵنیاییو بڕوابوونێکی ناخی ناوەکییەو مرۆڤی ئیماندار – بەبڕوا - گوێ لە بەڵگەی ژیرو ناژیری ناگرێو پێویستی بەسەلمێنەی ساغکردنەوەی دۆگمو بنەماکان نییە.

بڕوا بە واتا ئایینییەکەی بێت یاخود بە واتا گشتییەکەی ئیتر هەستو چالاکی بێت یاخود هەڵوێست بێ، هەمیشە لە هەردوو بواردا لە سنوری خۆی تێدەپەڕێو ئامانجەکی بەرەو بابەتێك هەنگاو دەنێ. بڕوا هەمیشە ناوەڕۆكو بابەتی تایبەتی خۆی هەیەو ناکرێو نابێ تەنیا بە چەمکی ڕووتو بۆچوونو هەستی دەروون دابنرێت. بڕوا هەمیشە ئامانجەکییە دەوروبەری خۆی دەبەزێنێ بۆ ئەوەی ئەو ئامانجە بە دەستبهێنێ کە ناوەڕۆکە ڕاستەقینەکەی پێدەبەخشێ. کە دەڵێی فلانە مرۆڤ ئیماندارە، ئەم قسەیە مانای ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو کەسە بڕوای بە شتێك هەیە. بڕوا هیچ کاتێك بەبێ ناوەڕۆك نابێت ئەو شتەی بڕوای پێ دەهێنرێتو بابەتی بڕواو ئیمانەکەیە ناوەڕۆكو جەوهەرو پوختەی بڕوا پێکدەهێنێ.

لە لایەکی ترەوە ئەو شتە، ئەو بابەتەی ناوەڕۆکی بڕواکە پێکدەهێنێو ئیمانەکەی لێ پێکدێت، بە پێی ئەو بڕواپێهێنراوە کە بڕواکەی پێ هاتووە دەگۆڕێ. یاخود بە پێی جۆری بڕواو بڕوابوونەکە جیاوازەو جیا دەبێ. بڕوا لەو چالاکییانەیە کە ناکرێو ناگونجێ وشەی بێ ناوكو بێ بابەتو ناوەڕۆك بێت، بڕوا خۆی لە خۆیدا وشەو بابەتێکی مەبەستەکییە.

---

[101] Copleston., Ebenda. S. 226.

بۆ نموونە ڕەبو لایەنەکانی تری ئایینی عیسایی بابەتی بڕوای مرۆڤی مەسیحی ئیماندار پێکدەهێنن.

بنەماکەی تری ئۆکامی کە بە گوێزانی تراش ناسراوە، بووە بە بنەمایەکی گرنگی جیهانبینی فەیلەسوفو زانای ئەڵەمان ئێرنست ماخ. ماخ ئەم بنەمایەی بە بنەمای ئابوریو دەستپێوەگرتن ناوبردووە. بەڵام هەردووك لایان تا ڕادەیەکی زۆر کاتی بەکارهێنانی ئەم بنەمایە بۆچوونو بیری لە یەکتری نزیکیان هەبووە.

ئەم بنەمایە بە گریمانەیەکەوە کە جۆرە مەبەستێکی تایبەتی نیشان دەدات، بەندە. گوێزانی تراش بۆ مەبەستی تایبەتی، بۆ ڕیش تاشین، بۆ موولێکردنەوە بەکاردەهێنرێت. ئەم بنەمایە لە لای هەردووك فەیلەسوف وەك پەیڕەو لەسەر ئەوە پێدادەگرێ، نابێ شت لە پێویست پتر بکرێتو لە ڕاددە تێبپەڕێت. ئەمە لە خۆیدا بنەمایەکی ئیمپریستی، ئەزموونەکییە[102]. پێویست ناکات شت زۆرو بۆر بێ، باشتر وایە کەمو پوخت بێت. ئەم هەڵوێستەی ئۆکامی بەرامبەر بە فەلسەفەو بابەتەکانی لاهوت بایەخی خۆی هەبووە: بۆ ڕوونکردنەوەی بنەماکانی جیهانی بەرهەستو ئەزموونییو جیهانبینی بە گشتی، ئۆکامی وتەنی، نابێ شت، خەسڵەت لە پێویست بەدەر پتر بکرێن. ئەم شتە زیادانە دەبێ بە گوێزانێکی تیژ لە بنەوە ببڕدرێنو وەك ڕیش بتاشرێن.

ئۆکامی وای بۆچووە، لاهوتو بیری فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست شتی ئەوتۆیان وتووەو کەرەسەی ئەوتۆیان کردووە بە بابەت بە هیچ جۆرێك سودبەخش نەبوون، زۆرو بۆر بوونو لە پێویست پتر بوون، ئەو بە (جەوهەرە پتر لە پێویستی)یەکان ناوی بردوون. ئەم بابەتە لقێکە لە کێشەی هەمەکییەکانەوە چوزەرەی کردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە جارێکی تر نموونەی ئەسپەکە دێنینەوە یاد. بەلای ئۆکامییەوە بۆچونی ئەسپ جەوهەر نییە، بەڵکو تەنیا بیرو وێنەی ڕووتە هەر لە مێشکدا هەیەو لە وێنەی ئەسپی تاکەوە کەوتۆتەوە بۆیە هیچ پێویست ناکات باسی بۆچوونی ئەسپ بکرێت کە گوایە جەوهەرەو شان بە شانی تاکە ئەسپی ڕاستەقینەکە لە جیهاندا هەیەو دەبینرێ، هەست بەبوونی ڕاستەقینەی دەکرێت بوونی سەربەخۆی هەبێ! ئۆکامی ئەگەر لەو باوەڕەدا

---

[102] Kola kowsk., L, Die philosophie des Positivismus. Pieperverlag 1971. S. 135

بووبێ کە لە سەردەمی خۆیدا شتی وا باسکراوەو بایەخ بە جۆرێك بە هەندێ بابەت دراوە پتر بووە لەوەی پێویست[103] بووبێ ئەمەش کێشەکەی پتر ئاڵۆزتر کردبێو باری سەرشانی سەختتر کردبێ، لە سەرێکەوە ڕاستو ڕەوایەو لە سەرێکی تر چاونوقاندنە لە بەرامبەر ڕەوشو هەلومەرجی شارستانی ئەو سەردەمە. بە دووری نازانم ئۆکامی ئەگەرچی نەیتوانیبێ بە ڕاشکاوی بدوێ، بە شێوەیەك ڕایگەیاندووە یاخود نیشانی داوە کە مرۆڤ ناتوانێ بەهۆی بیرکردنەوەوە، بە هۆی هەستکردن بە بوونی جیهانی دەوروبەر، بە هۆی زانینی دەوروبەرەوە هەرگیز بگاتە ئەو ڕادەو پلەیەی، بە جیهانی سەرو سروشت، بە جیهانی ترانسندێنتیو بە جیهانی ڕەبو جەوهەرو دۆگمەکانی کلێسە پەی بەرێت. پەیبردن بە بوونی ئەم بابەتانە کە ناویان هێنرا بابەتی بڕواو ئیمانن، ئەم دووانەش بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە ژیرو زانستو مەنتیقەوە نییە. ئەو جەوهەرو بابەتو خەسڵەتانەی لەم بوارەدا لە پێویست پترن، دەبێ گوێزانە تیژەکەیان لێ بخرێتە کار، ببڕدرێنو دووربخرێنەوە.

دەبێ ئۆکامی بەو بیروبۆچوونانەی، بەو بایەخەی بەڕستەکانی زمانی داوە، ڕستەکانی زمان دوور لە ڕێزمانەوە، وەك بابەتو کەرەسەی مەنتیق مەبەستی ئەوە نەبووبێ کە بوونی شت لە ڕستەی زماندا لەگەڵ بوونی ڕاستیو ڕاستەقینەی شت تێکەڵاو کراون. ئایا ئەو قسەیەی ڤتگنشتاین لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییە مەنتیقییەکەیدا کردوویەتی، ئەو بۆچوونەی ئۆکامی بە پوختی دەرنەبڕیوە، کە وتوویەتی:

"سنورەکانی زمانی من واتای سنورەکانی جیهانی من دەبەخشن"[104] لەم ڕستەیەدا، ئەگەر بکرێ لێکی بدەینەوە، پەیوەندی دووسەرەی نێوان جیهانی ئێمە، ئەو جیهانەی مرۆڤ ژیانی ڕۆژانەی تیادا بەسەر دەبات لەگەڵ ئەو زمانەی وەك ئامرازێك بۆچوونی خۆی دەربارەی ئەم جیهانە پێ گەلاڵە دەکاتو دەردەبڕێ، نیشان داوە. هەندێ جار شتێك وەك وشەو چەمكو بابەت لە ڕستەیەکی زماندا دێت، ڕەوشی تایبەتی بە هەموو هەلومەرجو ڕەنگەکانییەوە مرۆڤ وا لێدەکات وا بزانێ ئەم وشەو چەمكو بابەتانە شتی ڕاستەقینەنو لە جیهانی نا من لە جیهانی دەوروبەردا وەك بوونێکی سەربەخۆ هەن.

---

[103] Hahn, Hans., Empirismus, Logik, Mathematik. Stw 645.
[104] Wittgenstein, L., Traktatus- Logiko philosophikus: 5.6.

ئەوی هەردوو فەیلەسوفەکە دەخاتـە دوو تـای تـەرازووەوەو وا لـە مـرۆڤ دەکات لەگـەڵ یەکتریدا بەراوردیان بکات ئەوەیـە هـەردووکیان داوایـان کـردووە، کۆشـشیان کـردووە پێیـان لەسـەر ئـەوە داگرتـووە کـە پێویـستە بـە شـێوەیەکی سـەرتاپاگیرانە جـارێکی تـر چـاو بـە ناوەڕۆك‌و بابەت‌و ئەرکی فەلسەفەدا بخشێنرێتەوەو مـەنتیق لـە نێـوان بابەتەکانیـدا بکـرێ بە شالق‌و سەرپشك.

٧- تاك‌و کۆ، هەندەکی‌و هەمەکی، یـەك ڕەنـگ‌و فـرە ڕەنـگ، ئەگەرچـی لـە بوونـدا وەك یەك نەبن، توندوتۆڵ بە یەکەوە بەندن. هیچ کاتێك ناکرێ مرۆڤ وای دابنێ‌و وای بـۆ بـچێ کە هەمەکی بەبێ هەندەکی‌و کۆ بە بێ تاك هـەبوو دەبـن ئەگـەر لـە بـوونی هەمـەکی وەك جەوهەرێکی سەربەخۆ گومان بکرێت، گومان لەوەدا نییە ئـەم هەمەکییـە بـەبێ هەنـدەکی نابێت، ئەگەر هەنـدەکی نەبووبایـە، نـەدەکرا بۆچـوونی هەمـەکی بکەوێتـەوەو پەیـدا بـبێ. ئەم بۆچوونە بە گشتی بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی فەلسەفەی مەسیحی ئەوساوەیە.

ئۆکـامی بـۆ ئـەوەی کلێـسە ئـاڵۆز نـەکات‌و پیـاوە ئایینییـەکان نـەوروژێنێ، زیرەکانـە ڕەخنـەی لـە بنـەماو دۆگـم‌و ڕێ‌و شـوێنەکانی لاهـوت‌و ئـایینی مەسـیحی گرتـووە. لـەم ڕەخنەگرتنەیدا پەنای بردۆتە بەر مەنتیق بۆ توێ توێ کردنـی ڕسـتەکانی زمـان‌و نیـشانی داوە کە ئەم بنەمایانە کە بـە چـەند وشـەیەك لـە چـەند ڕسـتەیەکدا دەربـڕاون، لـە چـەند چەمکێکی هەمەکی- گشتی بەولاوە نین.

هەستەکان، ئەزموون، تاقیکردنەوە، شارەزایی تاکەکەسیی ئـەو ڕێگایانـەن مـرۆڤ شـتیان پێـدەزانێ. تـەنیا هـەر ئـەو شـتانە ڕاسـت‌و ڕاسـتەقینەن، کـە مـرۆڤ بـە هـۆی ئامرازێـك، ئۆرگانێك لەم ئۆرگانانەوە درکیان پێبکات‌و بیانگاتێ.

بۆ ئارام کردنەوەی کلێسە، ئەگەرچی ئۆکامی لـەم هەوڵەیـدا ناکـام[105] بـووە، وای دانـاوە، یاخود ناچار بووە وا دەربببڕێ ڕەب وەك بوونـەوەرێکی هێـزو دەسـەڵات لـە سـنور بـە دەرو پەروەردگار، دۆگم‌و بۆچوونەکانی ئایین بابەتی فەلسەفەو زانست نین، بەڵکو ئەمانـە تـەنیا بابەتی لاهوتن، بۆیە ئەوی فەلسەفە بیلێـت‌و بیگـاتێ، کـار لـە بۆچـوون‌و دۆگمـەکانی ئـایین

---

[105] لە دەست کلێسە ڕای کردووەو قەیسەری باڤاریا پاراستوویەتی. ئۆکامی بەم قەیسەرەی وتووە: تۆ بـە شمشێر لە سەرم بکەرەوە منیش بە خامە لەسەرت بە جواب دەبم.

ناکـەن! لاهـوتو ئـایین بابـەتی بـڕواو نـاخی دەروونو هەسـتو سـۆزنو هـیچ جـۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ژیرو مەنتیقەوە نییە.

میتافیزیـك بابـەتی سـەرەکی فەلـسەفەی ئـەم سـەردەمە بـووە، ئەریستۆتڵـسی یۆنـانی داهێنەرەکەی بووە. ئەم بابەتە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕانی گەورەی بەسەردا هێنـراوە، ئاوێتـەی لاهـوتو بنـەماکانی ئـایین کـراوە. ئۆکـامی لـە لای خۆیـەوە هەڵوێـستی تایبـەتی بەرامبەر بە بابەتەکانی میتافیزیـك هـەبووە. ئایا مـرۆڤ لـە توانایـدا هەیـە شت دەربـارەی ژیانی دوای مردن، ژیانی سەرو سروشتی[١٠٦] بزانێ؟ بەلای ئۆکامییـەوە ئـەم پرسـیارە بابـەتی سەرەکیو پوختە میتافیزیك بووە.

ئەریستۆتڵس لە سەردەمی خۆیدا مەنتیقی بە دەروازەی زانین زانیـوە. بابـەتو ڕسـتەو کەرەسەی مەنتیق بە پێچەوانەی ڕێزمانی زمانەوە، چـەند فـۆرمو ڕوخـسارو بوونـەوەرێکی مێشکی بوون، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە تایبەتی لە لای نۆمینالیـستەکان بابـەتی مـەنتیق وەك زانستێك بە واتای ئەو سەردەمە فراوانتر کراوە (ئەگەرچی ئەم شێوە فراوانبوونە لـەم سەردەمەماندا پەسـەند نییـە) تـا ئـەو ڕادەیـەی لەگـەڵ بابەتـەکانی دەرەوەی بـیرو مێـشکدا جـۆرە پەیوەندییـەکی پەیـدا کـردووە، چـونکە ئـەم ڕێبـازە بـە تایبـەتی ڕابـەرەکانی لـەو باوەڕەدا بوون بیرو مێشكو زمان هەمیشە خەسڵەتێکی ئامانجەکیو مەبەستییانەیان هەیە، هیچ کاتێك بەبێ ناوەڕۆك نابن. ئەو ناوەڕۆکەش لـە شـتێکەوە کەوتۆتـەوە کـە لـە دەرەوەی خۆیاندا، لە جیهانی دەوروبەردا هەیە. بۆیە نابێ مەنتیق بە تەنیا تاکە هونەرێك بێـت کـە مێشك لە هەڵەو بە تەفرەچوون بپارێزێ، بەڵکو دەبێ وەك ئامرازێکی زانینو زانست پـشتی پێببەسترێت، ئامرازێك بێت جۆرە زانینێك دەستەبەر ببێ پێودانگێك بێ بۆ ڕەخنـەگرتنو لـە شـەنو کـەودانی بابەتـەکانی زانـین سـوودی لێـوەربگیرێ. وەك لـەو بۆچـوونەی نۆمینالیستەکان دەربارەی مەنتیق دەردەکەوێ ئەرکێك بـەو بابەتـەی فەلـسەفە سـپێردراوە کە پـتر لـە پـاوانی تیـوری زانـین نزیکـی کردۆتـەوەو تێکـەڵ بـە میتافیزیـك کـراوە. گومـان لەوەدا نییـە کـە بـۆ دارشـتنی جیهانبینییـەکی تێـرو تەسـەل کـە بـریتی بـێ لـە بۆچـوونی سەرتاپاگیرانە دەربارەی ژینو مرۆڤو سروشتو دەوروبەر، لە توانادا نییە پشت بـەم جـۆرە

[106] Lammert, Marie de Rijk., War Ockam ein Antimetaphysiker? S. 315. In: Jan p. Beckmann (Hrsg) Philosophie im Mittelalter,. Hamburg 1987.

مەنتیقـە ببەسـتڕێ، بـەڵام لـەم کۆششەدا بلیمەتییـەکی ئۆکـامی دەردەکـەوێ کـە دەرکـی پێکراوە ئەم زانینە تەنیا زانینی شتی تاك و هەندەکی دەبێت و پەیوەنـدی ڕاستەوخۆی بـە چـەمکی گـشتی و هەمەکییەکانـەوە نابێـت، دەکـرێ تاکەکەسـان، شـتی تـاك و بـوونی ڕەب و خەسـڵەتەکانی بـبن بـە بابـەتی میتافیزیـك، بـەڵام ئـەو میتافیزیکـەی بایـەخ بـە سـەرو سروشـت و بوونـەوەری ترانـسندێنتی دەدات و لـە فەلـسەفە دووردەکەوێتـەوەو دەچـێتە نـاو چوارچێوەو پاوانی لاهوتەوەو پەیوەندی بە ژیرو مەنتیقەوە نامێنێ.

٨- وەك سەرچـاوەکانی مێـژووی فەلـسەفەی سـەدەکانی ناوەڕاسـت باسـیان کـردووەو لـە بابەتەکانی فەلـسەفەی ئـەم قۆناغـەدا دەرکـەوتووە، دوو خـاڵ بـێ پـسانەوە جێگای کێشەو بەرە بوون و بە یەکتری هەڵبژاردنی لاهوتی کلێسەو فەلسەفەی لێکەوتۆتەوە:

یەکـەم: دڵنیـایی کـردن لـە ڕاسـتی بۆچـوونێك لـە ڕوون و ڕەوانـی و ئاشـکرایی بـیرو بۆچوونەکە خۆی دەکەوێتەوە.

دیکارت لە میتافیزیکەکەیدا ئەم خاڵەی کردووە بە بەردی بناغـەی فەلـسەفەکەی. ئـەم پێداگرتنـە لەسـەر دڵنیـایی بـوون و ڕوون و ئاشـکرایی، لـە لایـەن هەنـدێك فەیلەسـوف و لـە مەیدانی بڕواو ئیمانی مەسیحییەتدا بەدی نەکراوەو پشتگوێ خراوە. چۆن دەکرێ بنـەمای بڕوای ئایینیك کە پشت بە موعجیزە ببەستێ داوای ڕوون و ئاشـکرایی لێبکرێـت؟ فەلـسەفە بـە پێـچەوانەی لاهوتـەوە هـەوڵی داوە ڕوون بکرێتـەوە تـا چ ڕادەیـەك دەکـرێ بڕواهێنـان و ئیمان بە بێ ئەم لایەنە ڕەوا دەبێت؟ چۆن مـرۆڤ بـڕوا بـە شـتێك بهێنێ ئەگـەر ئـەم شـتە لەخۆیدا جێگای دڵنیایی نەبێت و لە ڕوون و ئاشکراییەکەی دڵ ئـاو نەخواتـەوە؟ بـە هـەمان شێوەو گەرمەو گوڕی دەکرێ پرسیارەکە بە بارێکی تردا بکرێت و بوترێ چ ئیمانـدارێك ڕێگا دەدات بڕواو ئیمانەکەی بکرێن بە بابەتی پرسیار؟ لە هـەردوو بـواردا جـۆرە گومانکردنێـك لە باوەڕو ئیمان دەردەکەوێ، ئەمـەش بـە بۆچـونی مـن بـە هـیچ بارێکدا ڕەوا نییـە. بـڕواو ئیمان بابەتی فەلسەفە نین و بە هیچ جۆرێك ناکرێ بە پێوانـەی فەلـسەفە شـتیان لەگەڵـدا بکرێت. سەدان بەڵگەو سەلمێنەی ژیرو مەنتیق ناتوانن بـڕوای ئیمانـدار لـەق و لاواز بکـەن و ناتوانن وا لە مرۆڤی بێ ئیمان بکەن بڕوا بهێنێ.

ئەم پرسیارە کێشەیەکە لە گێژاوێك دەچێ مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ سەرەودەر بکات. ئەگەر بوترێ، ناکرێ ئەم جۆرە پرسیارانە دەربارەی بڕواو ئیمان بکرێت، لە سەرەتادا دەوترێ کە بڕواو ئیمان هیچ جۆرە خەسڵەتو بنەمایەکی ژیرو مەنتیقیان نییە، هیچ ئیماندارێك بەو قسەیە ڕازی نابێت! دەبێ ئیماندار چ مرۆڤێك بێت بڕوای بە شتی وا هەبێت کە بە پێوانەی ژیر پشت ڕاست نەکرێنەوە؟ ئەمەش دووبارە گەڕانەوەیە بۆ سەرەتاو هیچ ئەنجامێکی لێناکەوێتەوە. ئەم بابەتە سەرگەردانییەکی شەهرستانی بە دەست (عیلەی تامە)وە دێنێتەوە یاد کە هاواری لێ هەستاوەو ئەم کێشەیەی بە (الواهیە الدهاء والمعضلة الزباء) ناوبردووە.

دووەم: ئەگەرچی وەك ئەنجامێك لە خاڵی یەکەم کەوتۆتەوە، بەڵام تەواوکاری یەکەمەکەیەو بیرو مێشكو خامەی لاهوتیو فەیلەسوفەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپای مەسیحی پێوەی خەریك بوون.

تا چ ڕادەیەك دەکرێ، بەو ڕێگا سەرو سروشتییەی بۆ گەیشتنە ڕاستیو ڕاستەقینە بڕواو ئیمان پەنای دەبەنەبەر، پشت ببەسترێ؟! ئایا دەگونجێ مرۆڤ دڵنیابێت بەم ڕێگایەدا دەگاتە ڕاستیو ئەو شتەی بڕوای پێهێناوە، ڕاستو ڕەوایەو چۆن دەتوانێ دڵنیا بێت لەوەی بڕواکەی ساغەو بنەمایەکی ڕاستو دروستی هەیە؟ دوور نییە لە سەدەکانی ناوەڕاستی مەسیحیدا بە پێی هەلومەرجی ئەوسا ئەم پرسیارانە لە زۆر کۆڕو کۆمەڵدا ڕەوا نەبووبن، بەڵام ئەمڕۆ لەم ڕەوشەی سەردەمەدا ناکرێ مرۆڤ گرنگترین شت لە ژیانی ڕۆحی - گیانی خۆیدا کە بڕوایە لە ژیر بەدەر بکات. ئاڵۆزیو تەمو مژاوی ئەم بابەتەو وا بە ئاسانی وەڵام نەدرانەوەی بابەتێکی تری هێناوەتە کایەوە، کە کەمتر سەخت نەبووە، بابەتی کێشەی دوو ڕاستیی، ئەو ڕاستییەی بابەتی ژیرەو ڕاستیی بڕواو ئیمان. ئەم بابەتە لە خۆیدا دانی پیادا دەنێ زانین، بەتایبەتی ئەو زانینەی بەشێکی گرنگی ژیانی مرۆڤە بەگیانەوە، بەبێ خەسڵەتی دڵنیایی لێکردن، بەبێ ڕوونو ڕەوانی، زانین نامێنێو جەوهەری خۆی لەدەست دەداتو ناکرێو ناگونجێ. ئایا دەکرێ لە چوارچێوەی ئەم بابەتەدا بڕوا لەم زانینە دابڕدرێ بەو بیانوەی زانین خۆی شتێکەو بڕواو ئیمان شتێکی تر؟! ئەگەر بڕوا وەك کڵێسە وتوویەتی، چاکەکارییەك بێت لە ڕیزی چاکەکارییەکانی تر،

دەبێ پەیوەندی بە زانینەوە نەبێ! ئایا دەگونجێ داوا لە مرۆڤی دەست ڕەنگینی ژیرو دانا بکرێت ئەم خەسڵەتە لە چاکەکارییەکانیدا هەبێت؟ کێشەی بڕواو ئیمان هەر وایە. تۆ بڵێی ئەم بابەتە خۆی زڕە بابەت نەبێتو پرسیارەکەش کە کراوە بە چەوتی دانەڕێژرابێ بۆیە بابەتێکی لێکەوتۆتەوە وەك وەڵامەکەی لە جێگای خۆیدا نییە؟ بەبێ سێو دوو لێکردن بابەتەکەو پرسیارو وەڵامەکە لە دوورو نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە فەلسەفەوە نییە، بە ناوی فەلسەفەوە دەربارەی بابەتێك کە پڕ بە پێستی لاهوتە پرسیارێك کراوە بۆیە لە جێگای خۆیدایە پەنا بۆ گوێزانە تیژەکەی ئۆکامی ببردرێو ئەم شتە زیادانەی پێ بتاشرێو لە گۆڕەپانو پاوانی فەلسەفە دەربهاوێژرێن.

بەپێی بۆچوونی من ئەم گوێزانەی ئۆکامیو ئەوەی لێرەدا بە چارەسەر دانرا، دوولایەنی لێ دەکەوێتەوە کە جارێکی تر دەبنەوە مایەی سەرقاڵیو کێشەو بەرە:

یەکەم: خۆبەدەستەوەدانو دان پیادانان گوایە ئەم کێشەیە هیچ وەڵامو چارەسەرێکی نییەو پرسیارەکەش کە لە بارەیەوە کراوە، بێ وەڵامە!

دووەم: بە ئاشکرا پێی لێدەنرێت کە لاهوت زانست نییە، پوختەو جەوهەرەکەی ناکرێ ڕوونو ئاشکراو ڕەوان بن، ژێر نایانبڕێت. لاهوت بابەتی بڕواو ئیمانە. ئەگەر بێتو لاهوت ببێ بە کەرەسەو بابەتی بڕواو ئیمانی پێ بهێنرێت، ئەمە لە خۆیدا، ئەم پرۆسەی بڕواپێهێنانەی پێودانگو نیشانێکە جەوهەرەکەی دەردەخات! بۆیە لە ڕاستی دوورناکەوینەوە ئەگەر بڵێین تایبەتمەندی فەلسەفەی یۆنانیو فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست لەم لایەنەوە دەرکەوتووە:

فەلسەفەی یۆنانی سەرگەرمی توێژینەوەی شتو مرۆڤو دەوروبەر بووە. فەلسەفەی مەسیحی ئەم بابەتانەی خستووتە لاوەو لەجێگایاندا چەندین ڕێبازو دۆگمو ڕێو شوێنو بڕوای داناوەو سەرگەرمی ڕێکخستنی ئەم دوگمانە بووە بۆ ئەوەی بیانباتەوە سەر بنجو بناوانی دیاریکراوو تایبەتی.

فەلسەفە هەمیشە بریتی بووە لە ئازادی مێشكو بیرو ژیر. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەم ئازادییەی لێ زەوت کراوە، بۆیە ناچار کراوە خزمەتکاری لاهوتو ئایین بێت.

دامودەزگاکـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت پێـچرانەوە، فەلـسەفەو لاهـوت لـە یـەکتری جیابوونـەوە، هـەروەك پێـشبینییەکەی عیـسا هاتبێتـە دی کـە ڕایگەیانـدبوو نـاکرێ مەملەکەتی ڕەبو قەیسەر بە یەکەوە هەڵبکەن!

فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست ئەگەرچی ئەمڕۆ بووە بە بەشێك لە مێژوو، هەرگیز ناکرێ بە چاوێك سەرنج بدرێت کە لە بایەخو ڕۆڵە مێژووییەکەی کەم بکاتەوە. ئەگەر ئەو شتانەی مەسیحییەت هەوڵی جێگیرکردنی دابن ئەمڕۆ بە نائاسایی‌و سەیر بێنە بەرچاو، چۆن مرۆڤ دەتوانێ لێکی بداتەوە کە بە هەزاران هەزار مرۆڤی ڕەش‌و ڕوت ئامادە بوون بە هەژاری بژین‌و گیانی خۆیان لە پێناو ئامانجەکانی ئەم ئایینەدا بەخت بکەن ئەگەر ئەو بەڵگەو سەلمێنە جیاوازانەی بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەبو بنەماکانی ئایین بنەمای زانستی‌و ژیرییان نەبووبێ ئەوا قسەکەی هیگڵ هیچ کاتێك گەرم‌و گوڕییەکەی خۆی لەدەست نادات:

بوونەوەرێك ئەو هەموو پلەوپایەی پێبەخشرابێ، ئەو هەموو مێشك‌و دەروونە پێوەی خەریك بووبن، بابەتی هەموو ئایینەکان بووبێت، بە هەزاران مرۆڤ کڕنوشیان بۆ بردبێ‌و کردبیان بە وێردی سەر زمانیان، دەبێ بۆچی مافی ئەوەی نەبێ خەسڵەتێکی بچوکی وەك "بوون"ی پێبدرێت؟!

## دیاردەی دوورەنگیی:

١- دەستنیشانکردنی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست چ لە بابەتو چ لە ڕوخساردا بەوەی ئەو بەرهەمو کەرەسەیەی بیری ئەو فەیلەسوفو لاهوتیو بیرمەندانە بووە، کە لە سێبەری ئایینو لە چوارچێوەی کلێسەو دامودەزگاکانیدا هاتۆتە بەر، دەستبەجێ ئەو پرسیارە دەوروژێنێ، ئایا فەلسەفەیەك کە خۆی لە خۆیدا نەمامێکە لەبەر خۆری ئازادی شین دەبێو دێتە بەر، چی لە توانادا بووە کردبێتی کە لە هەموو لایەکەوە بە کەشیشو دەزگاو ڕێکخراوە کلۆمەکانی کلێسە دەورە درابێ، لە بیرکردنەوەدا سنورو پەرژینی بەدەوردا کێشرابێ؟ دەبێ ئەو بابەتانە چی بووبن کە لە سایەی لاهوتدا پەیدا بووبن؟

ئەم دوو پرسیارە، لە هەردووکیاندا دوو بڕیار لەسەر شێوەی ئەگەرو گوماندا نیشان دەدەن. یەکەمیان ڕاستەو لاری لێکردن هەڵناگرێت. بەڵام دووەمیان بە ئاشکرا چاو لە هەندێ ڕاستیی دەپۆشێ.

فەیلەسوفو زاناو هونەرمەندو نووسەرو بیرمەندان بە گشتی لەنێو کلێسەو لە باوەشی دامودەزگاکانی ئەو سەردەمەدا پێگەیشتوون، لە تەوراتو ئینجیلو ڕێو شوێنەکانی ئایین شارەزایی باشیان هەبووە. ئەگەر بشێ وشەیەکی کلاسیکی بۆ پێناسەکردنی ئەم زاناو فەیلەسوفانە بەکاربهێنین، دەڵێین هەموویان بێ جیاوازی (ڕۆحانی) بوون.

خۆ ئەگەر بۆچوونەکەی مارکس دەربارەی ئایین بە ڕاست دابنرێ کە لەو باوەڕەدا بووە، "ئایین داهێنانو دەستکردی مرۆڤەو مرۆڤ خۆی ئایینی دروست کردووە نەك ئایین مرۆڤی دروست کردبێ"[١٠٧] ئایین بە گشتیو لە پوختەیدا هۆشیاری خۆیەتیی مرۆڤەو هەستو نەستی خۆیەکی خۆی بێت، ئەم بۆچوونە بە هیچ جۆرێك لە ڕۆڵی ئایین کەم ناکاتەوە.

ئایین وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە قۆناغێکی دیاریکراوی پەرەسەندنی کۆمەڵی شارستانیدا دەرکەوتووە. وەك ئایینەکە خۆی باسیکردووە بۆ جێگیرکردنی دادپەروەریی

---

[107] مارکس ـئینگلز: تێکڕای بەرهەمەکانیان (بە ئەڵمانی). بەرلینی ڕۆژهەڵات ١٩٣٢، بەندی یەکەم ل ٦٠٧.

ڕەب لـە سـەر زەوی هـاتووە، ئـەو دادپەروەرییـەی دەبێتـە مایـەی لابردنـی زۆرو جـەورو پیادەکردنی یەکسانیو نیشاندانی ڕێگای ڕاست.

مەسیحییەت دوای بە یەگجاریی بەجێهێشتنی ئۆرشەلیمو ڕۆهەڵاتو جێگیربوونی لە هەواری نوێ، لە ئەوروپا توانیویەتی بە یارمەتی دامەزراوو دامو دەزگاکانی کڵێسە جۆرە پەیوەندییەکی تەرازو ئاسا لە نێوان جیهانبینی فەلسەفەو هەلومەرجو بارودۆخو ڕەوشی کۆمەڵایەتیو سیاسی سەردەمی خۆی بنیات بنێو بە هۆیەوە بەسەدان ساڵو پتر لە کۆمەڵگاکانی ئەوروپادا ئاغایەتی بکات. بە درێژایی ئەو ماوەیە، توانیویەتی هەموو لایەنەکانی ژیان دیارو دەستنیشان بکات، بە هۆی ئەو بڕواو ئیمانەوە کە لەشکرەکەی بە ڕادەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەی چینی هەژارو نەدارو ڕەشو ڕووت پێکهاتبوو، ببێ بە خاوەن گەورەترینو بەهێزترین دەسەڵاتو سامانی ئەوسای ئەوروپا.

لە گۆڕەپانی فەلسەفەدا، دوای دەیان ساڵ بگرەو بەردەو دادگای پشکنینو جەنگی دەستەویەخەی بیروخامەی کۆنەپارێزو پێشکەوتنخواز، ئەگەر بشێ ئەم دوو وشەیە لە جیهانی سیاسەت بخوازینەوە، فەیلەسوفەکان بە خامەی پاراوو بیری تیژ بەردی بنەمای ئەو ئەوروپایەیان داناوە، کە دوای زنجیرەیەك شۆڕشی ناوەڕۆكو ڕوخسار جیاواز هاتۆتە دی، ئەمڕۆ مرۆڤ دەستی ڕێزی بۆ بە سینگەوە دەگرێت.

فەلسەفە لەو سەردەمەدا ناچار کراوە لە سێبەری لاهوتدا چالاك بێت، چەندین بیروبۆچوونی بەسەردا سەپێنراوە کە لە ڕەوتی دوو ڕەنگییەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم دیاردەیە، بە پێی هەلومەرجی ئەوسا شتێکی ئاسایی بووە. ئایین پێویستی بە ئامرازێك هەبوە بەڵگەو سەلمێنەی بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بنەماکانی لێ بخوازێتەوە.

٢- فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست، بەوپێیەی ئەوسا ئایین شاهۆکاری هەموو شتێك بووە، بیرۆکەی (ڕەب)ی کردووە بە بابەتی سەرەکی سەرنجدانو لێکۆڵینەوەو بیر. لەسەر بنەمای ئەم بیرۆکەیە جیهانبینییە فەلسەفەییو گەردوونیەکەی گەڵاڵە کردووە، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی تر کە لەم بابەتە کەوتوونەتەوە، داوە. ئەم بیرۆکەیە، ئەگەرچی بە پێودانگی ئەمڕۆ ئەو گەرمو گوڕییەی نەبووە، ئەم هەموو کاتو کۆششەی بۆ بکرێو بۆ دابنرێ، بووە بە بنەمای بنەماکان، بەم پێیە یەکەم هۆکار کە

ڕەببە، داهێنەری سەرجەمی بوونو مرۆڤە، پەیوەندی تایبەتی بە مرۆڤەوە هەیە، دوێنێو ئەمڕۆو سبەینێی دەستنیشان کردووە.

ئەگەرچی داهێنەرانی ئەم فەلسەفەیە مالومو کەشیش بوونو لە کەنیشتەو کلێسەدا پێگەیشتوونو کاریان کردووە، سودیان لە فاکتەری دەرەکیش وەرگرتووەو توانیویانە بە دەست ڕەنگینیی بۆچوونی ڕێكو پێك دەربارەی بابەتی جەوهەری باڵاو خەسڵەتەکانی، مرۆڤ، گیان، نەفس، مادده، لەشو چارەنووسو خواستی ئازاد گەڵاڵە بکەنو مرۆڤ بە چی لە داهێنان دەگاتو دەربارەی شێوەکانی چالاکی گیانو نەفسی مرۆڤ بە وردی دواون[١٠٨].

ناوی زانست تەنیا لە لاهوتو دۆگمو بۆچوونە ئایینییەکان نراوە، ئەو وێنە زانستییەی کە زانستەکان بە هۆی زاناکانی ئەو سەردەمەوە دەربارەی هەبوونو جیهانو گەردوون ڕەنگیان ڕشتووەو کە بە وێنەی جیهان ناودەبرێت، تەنیا لە چوارچێوەی ئەو بازنە لاهوتییەدا کە پێشەکیو پێشتر دەزگاکانی ئایین سنوریان بۆ کێشاوە، ڕێگای چالاکیو دەستبەکاربوونی دراوە. لە هەموو سەرنجدانو بیرکردنەوەو جیهاندیدێکدا دووڕەنگی دیارو بەرچاو بووە. مرۆڤ لە نەفسو لەش پێکهاتووە، لەو بەشەدا کە لەشو مادەیە، سەر بە جیهانی ئێمەیەو داهێنراوەو لەناودەچێ سەرەتاو کۆتایی هەیە. لەو بەشەیدا کە نەفس (گیان)ە، سەر بە جیهانی گیانی (ڕۆحانی)یە. نەفس لە لایەن ڕەببەوە داهێنراوەو نامادییەو جەوهەرێکی گیانییە، بۆیە نەمرە. هیچ لاهوتیو فەیلەسوفێکی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاست گومانی لە هەبوونی نەفس یاخود گیان نەکردووە. بەڵام ئەو پرسیارەی لەم بارەیەوە کراوەو خۆی لە چوارچێوەی کێشەدا نیشانداوە، بریتی بووە لەوەی ئایا تا چ ڕادەیەك دەکرێ مرۆڤ بەو توانایەی هەیەتیو بە یارمەتی ڕێو شوێنەکانی ئایینو کلێسەو جەوهەری نەفس بزانێ چییە؟ ئایا نەفس خۆی ئەو توانایەکی هەیە خۆی بناسێو پەی بە جەوهەری گیانیی خۆی بەرێت؟ ئەگەر وەڵامەکە بە نا بێت، ئایا نەفس ڕەوشی تایبەتمەندی خۆی هەیە کە بکرێ بە هۆیەوە جەوهەری خۆی بزانێو بناسێ؟ یاخود ئەم زانینە پێویستە چالاکییەکانی نەفس خۆی بیکات بە بابەت؟

---

108 Gilson . E. Der Geistder Mittelalter Lichen Philosophie Wien 1950 .S.49

ئایا نـەفس جەوهـەرێکی سادەیە یـاخود لـە چـەند پارچـەیەك پێکهـاتووە، ئایـا نـەفس لەگەڵ جەوهەرەکەیو کردارەکانی یەکەیەك پێکدەهێنێ یان نـا؟ ئـەو وەڵامانـەی دەربـارەی ئەم پرسیارانە دراونەتەوە، تـەنیا لـە نێـو بازنـەی بۆچـوونە ئایینییەکـەی کڵێـسەدا گیریـان خواردووەو سنوری ڕێو شوێنەکانی دۆگمی لاهوتیان نەبەزاندووە.

نەفس یاخود گیان جەوهـەرێکی نـەمرە سادەو سـاکارەو هـیچ پارچـەدار نییـە، دابـەش نابێت، نافەوتێو لەناو ناچێت. لە توانادا نییە بزانرێ نەفس چییە؟ چونکە ناشێو نـاکرێ نەفس ببێت بە بابەتێكو نەفس خۆی لە خۆی بکۆڵێتەوە، چونکە خۆی گیانی- ڕۆحانییە. هەروەك لە ئایینی مەسیحیدا لەلای فەیلەسوفە لاهوتییەکان ئەم ڕسـتەیە "الـروح مـن امـر ربی" ڕەچاو کرابێ، وا دێتە بەرچاو.

گیـان کـە لەگـەڵ نـەفس بـە یـەك شـت دانـراوە، جەوهـەرێکی ترانـسندێنتییە لەسـەرو توانـای تێگەیـشتنی مرۆڤەوەیـە، ئـەم بۆچـوونە دەربـارەی نـەفس بـە درێـژایی سـەدەکانی ناوەڕاست بنەمایەکی نەگۆڕاو بووەو پەیڕەو کراوەو داکۆکی لێکراوە.

٣-گومان لـەوەدا نییـە کـە فەلـسەفە بەرهـەمی بـیری ئـازادە، سـەدەکانی ناوەڕاسـتیش تـا ڕادەیەکی بەرچاو سنوری بۆ ئەو ئازادییە کێشاوە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەلومەرجـە سـەختەدا فەلسەفەیەکی بە پێزی میتافیزیکی لاهوتی چـرۆی کـردووە. پێویـست بـە سـەلمێنەو بەڵگـە ناکـات سـاغ بکرێتـەوە کـە ئـەم فەلـسەفەیە لـەو سـەردەمەدا بـریتی نـەبووە لـە کۆیـەکی کۆکراوەی بابەتی وشکی بـێ گیـانو بـێ نـاوەڕۆکی لـە کـاتو سـەردەمی پەیـدابوونی دابـڕاو بووبێ.

ئەم فەلسەفەیە تیۆرییە هەمەڕەنگییـە میتافیزیکییـە لـە سـەردەمێکدا سـەری هەڵداوە فەلسەفەی یۆنان لەسەر دەستی ئەفلۆتین (Plotin) ئەوپەڕی گۆڕانی بەسـەردا هێنرابـوو. جەنگو کوشتارو قڕانو سەرگەردانیو نەخۆشیو ڕەشـە گرانـەتا رەوشـی ژیانیـانی سـەخت کــردووە. بۆیــە لــەم ڕەوشو دۆخــە نالــەبارەدا ئــەم ئــایینی مەســیحییە توانیویــەتی سەرکەوتووانە سودو قازانج لەم هەلومەرجانە بکاتو ببێ بە بـڕواو ئـایینی زۆربـەی هـەرە زۆری مرۆڤی ئەو سەردەمەو ئەم فەلسەفەیەی داهێناوە کە لەم سەردەمەماندا مشتومڕێکی زۆری لەسەر دەکرێ.

هەروەك ئـەفلۆتین فەلـسەفەی یۆنـانی مـشتومالْ كـردووە، مەسـیحییەكان، بـە لاهـوتیو فەیلەسوفو باوكانی كلێسەوە جیهانبینییە فەلسەفەییەكەی ئەفلۆتینیان بە جۆرێك شەنو كـەو كـردووە لەگـەڵ ڕێو شـوێنو دۆگـمو جیهانـدیـدی ئایینەكـەدا بگـونجێ. ئـەم گـۆڕانو سـودوەرگرتنە لـە فەلـسەفەو شارسـتانی دەوروبـەرو سـەردەم، وەك لـە بەرهەمەكانـدا دەركەوتووە، وەنەبێ تۆماركردنێكی بێگیانی میكانیكی ئاسا بـووبێ، بـەڵكو كۆشـشێك بـووە دەست ڕەنگینیو كاریگەریی ئەم بیرمەندانەی پێوە دیاربووە.

زانـین، بـیر، ئایـدیۆلۆجیو لەگەڵیانـدا دیـاردە كۆمەڵایەتییـەكانی ژیـان، بـە تایبـەتی لـە لایەنــە تیۆرییــە - گیانییەكانیانــدا ڕەنگدانەوەیــەكی كاریگــەرو زینــدوو (دینــامیكی)ی دەوروبـەرو ژینگـەی خۆیـانن. ئـەم زانینـە لـە چوارچـێوەی پرۆسـەو ڕەوتـی نەسـرەوتوی بەرەوپێشــچوونی كۆمــەڵو ژیــان، لــە گۆڕانـدایــەو چارەنووســی مێــژوو دەیگرێتــەوەو پەرەدەســتێنێ. بــەو پێوانــە ناوەكییانــەی پــشتیان پێدەبەسـتێ پابەنـدی ئـەو ئـەركو فرمانانەیـە كـە پێـی سـپێردراونو لـە ئەسـتۆیدان، دەبـێ پیادەیـان بكـات. زانـین بەشـێكی فەلـسەفەیەو هـەمان ڕێو شـوێنو فاكتـەرەكان دەیگرنـەوە. فەلـسەفە خـۆی بەشـێكە لـە هۆشیاریی كۆمەڵایەتی، لە ڕەنگ ڕشتنی ڕوخساری ژیان ڕۆڵێكی كاریگـەر دەگێـڕێ، ژیـن لـە لای خۆیەوە فەلسەفە بە بیرو بابەتی زوو بە پێز دەكات.

ئەگـەر بـە وردی سـەرنجی فەلـسەفەو بیروبۆچـوونەكانی ئـەفلۆتین بـدەین، لەگـەڵ فەلسەفەی پێش خۆیو هەلومەرجو ڕەوشی دەوروبەری ژیانیدا بـەراوردیان بكـەین، بۆمـان دەردەكەوێ كە وەك بیرمەندێك لە دوو سەرچاوەوە هەڵیهێنجاوە.

یەكەم: فەلسەفەی فیلونی جولەكە[١٠٩].

دووەم: فەلسەفەی یۆنان، بە تایبەتی ئەفلاتونو ستۆوا.

لـەم دوو سەرچـاوەوە دەریایـەك كەوتۆتـەوە، كـە دەكـرێ بـە فەلـسەفە ئایینییەكـەی ئەفلۆتین نـاوببرێ. فەلـسەفەیەك كـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـاڵی گرتـووەو چۆتە كەشـكەلانی فەلەكو بە یەگجاری پشتی كردۆتە ئەم جیهانە. بۆیە دوور نییە بپرسرێ: ئایا هاووڵاتیـان، كۆمەڵ، ژیان، ژینگە لە سەردەمی ئەفلۆتین هیچ كێشەو بەرەو گیروگرفتێكیان نـەبووە ئـەم

[109] بريهيه، أميل، الاراء الدينية والفلسفية لفيلون الاسكندري. ت: د. محمد يوسف موسى، مصر ١٩٥٤.

فەیلەسوفە خۆی پێوەیان خەریك بكات لەو جیهانبینییە ئەفسانەییە- لاهوتییە- میتافیزیكییە بەولاوە كە بە هیچ جۆرێك فری بەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئەوساوە نەبووە؟

ئەم پرسیارە لە دوو سەرەوە گازندە هەڵدەگرێ.

یەكەم، بە چاوی ئەمڕۆ لە ڕوانگەیەكی مۆدێرنی نیمچە سیاسییەوە دەڕوانێتە قۆناغێك، بە پێودانگێك بابەتەكانی هەڵدەسەنگێنێ لە گیانو پوختەی فەلسەفەوە دوورە.

دووەم: پەكی فاكتەری مێژوو دەخات، ئەو دەوروبەرو هەلومەرجە لەبەرچاو ناگرێت كە فەلسەفەی میتافیزیكی ئەفلۆتین لە كۆتایی قۆناغی فەلسەفەی یۆنانو لە سەرەتای سەدەكانی ناوەڕاستدا بووەو تیایاندا چەكەرەی كردووە.

ئەفلۆتین بە هیچ جۆرێك ڕێئالیست نەبووەو خۆشی ئەمەی نەخواستووە، لە سەردەمێكدا ژیاوە، باری ژیانی ڕۆژانە بە دەست كۆیلایەتیو جەنگی نەپساوەو پەتاو هەژارییەوە سەختو گران بووە. هاووڵاتیان دەستیان لەوە شتووە جارێكی تر بە ئاسوودەییو بە خێرو خۆشی بژینو لە چنگ نەهامەتیو ڕەنجەڕۆییو كوشتو كوشتاری جەنگی بەردەوام دەربازیان ببێت. مەسیحییەت لەم جەنگەڵەدا دەستی كردووە بە ڕاوكردن. هاوڵاتیانی بەوە دڵ خۆشكردووە لە جیهانو ژیانێكی تری دوای مردندا، بەختەوەریی هەتاهەتاییان دەستگیر بكات[110]. پتر هانی داون چاو لە نالەبارییەكانی ژیانی سەردەمیان بپۆشنو ڕووبكەنە مەلەكوتی ڕەب. پێشتر لە فەلسەفەی یۆناندا ئەفلاتون[111] لە چوارچێوەی فەلسەفەی نموونەی بەرزدا باسی جیهانێكی تری نموونەیی كردووەو ژیانو جیهانی ڕاستەقینەی سەردەمی خۆی بە سێبەرو لاساییكردنەوەی جیهانە ئایدیا سەرو سروشتییەكە داناوە. بۆ پشت ڕاستكردنەوەی ئەم بۆچوونەی نموونەی (ئەشكەوت) لە كتێبی كۆماردا وەك بەڵگەهێناوەتەوە.

ئەگەر، پشت ئەستور بەو ڕوونكردنەوەیەی سەرەوە، سەرنج لە بۆچوونەكانی ئەفلۆتین بدەین، بۆمان دەردەكەوێ كە توانیویەتی ئەو كەرەسەیەی لە فیلۆنی جولەكەو لە

---

[110] بڕوانە: ئینجیل (بە ئەڵمانی) بە تایبەتی بەشی پەیامی پەیامبەران.

[111] افلاطون: الجمهورية. ت: د. فؤاد زكريا الهيئة المصرية للكتاب ١٩٧٤.

فەلسەفەی ئەفلاتون خواستوویەتەوە، لە بۆتەیەکی تردا دایڕێژێتەوە کە لە لای زۆربەی هەرە زۆری فەیلەسوفەکانی مەسیحیو ئیسلام پەسەند بووە.

کەوابوو ئەو جیهانبینییە کامەیە کە بووە بە بنچو بناوانی میتافیزیكو کۆزمۆلۆجیو لاهوتی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست، کە ئەفلۆتین بە پەڕەموچەکەی وەك تابلۆ ڕەنگی ڕشتووەو وێنەی کێشاوە؟

بۆ ئەوەی بابەتەکە ئەوەندەی لە توانادا هەیە، ڕوونو ڕەوان بێ، پێویستە لە سەرەتاوە، هەندێ وشەو چەمك ڕوون بکرێنەوە.

لە لای ئەفلۆتینو فەلسەفەی سێ ئایینەکە وشەی داهێنان (خەلق) لەگەڵ وشەی دروستکردن وەك دوو شتی جیاواز بەکارهاتوون. ئەم جیاوازییەی نێوان داهێنانو دروستکردن چییە؟

داهێنان چ وەك وشەو چ وەك کێشە بۆ یەکەم جار بە ڕێكو پێکی لە سفری پەیدابوونی تەوراتی جولەکەدا باسکراوە. ئەفلاتونو ئەریستۆتڵس باسی دروستکردنیان کردووە.

وشەی داهێنان بە واتا فەلسەفەییەکەی بەوەدا لە دروستکردن جیادەکرێتەوە، داهێنانو داهاتن پەیدابوونە لە نابوونەوە. ئەوی دادەهێنرێ لە کەرەسەو ماددەوە پەیدا نابێ. بەڵام دروستکردن بە پێچەوانەوە لە کەرەسەو ماددەوە دەکەوێتەوە. دارتاش لە دارو تەختە مێزێك دروست ئەکات. داهێنەر، وەك لە تەوراتدا هاتووەو لەوێ بە ڕەب ناوی براوە، جیهانو مرۆڤی لە نابوونەوە داهێناوەو ئافەرێدە کردووە. ئەم داهێنانە لە نابوونەوە بووە بە کێشەیەك بیرمەندو فەیلەسوفو لاهوتی سەرگەردانو ناڕەحەت کردووە. ئەم داهێنانە چییەو چۆنە؟ لە کەیەوە بووە، ئایا شتی داهێنراو سەرەتاو کۆتایی هەیە یان نا؟! چۆن فرە ڕەنگی جیهان لە یەك ڕەنگیو یەکتایی ڕەب کەوتۆتەوە.. هتد؟

ئەفلاتون بڕوای وابووە جیهانی دیاردەو بەرهەست هەیەو لە بەرامبەریدا گریمانەی جیهانی بیرو ئایدیای کردووەو نەفسی خستۆتە نێوانیانەوە. ئەفلۆتین لە لای خۆیەوە ئەم دوو ڕەنگییەی دووپات کردۆتەوە، دوو جیهان هەیە، جیهانی سەرو سروشتیو جیهانی دیاردەکان هەردووکیان بەرامبەری یەکترین.

جیهانی یەکەم جیهانی گیانیو کامڵیو تەواوەتییەو سەرچاوەی چاکەکاریو ڕوناکییە. ئەوی تریان کە جیهانی ئێمەیەو کە بە هەستەکان پەی بە بوونی دەبرێ لە ماددەو کەرەسەو تاریکییو بەدکاریی پێکهاتووە، کۆتایی دێتو سنورو ڕادەدارە. سەرەتای فەلسەفە لە لای ئەفلۆتین بە وردبوونەوەو هەوڵدان بۆ نزیکبوونەوە لە جیهانی یەکەم دەستپێدەکات کە بەرگێکی سۆفێتیی بە بەردا کراوە. سۆفیو ئەفلۆتین پەنا دەبەنە بەر چاوی دڵو ناخو دەروونو بیرکردنەوەی بێگەرد کە جۆرە ڕەوشێکی لێدەکەوێتەوە لە جەزبەی سۆفییەکان دەچێت، تیایدا نەفس لەوە بەولاوە کە لە هۆکاری یەکەم، لە دۆستی باڵا نزیك بۆتەوە، هیچ هەستو نەستێکی دنیایی نامێنێ[112].

ئەم چالاکییە، ئەفلۆتین وتەنی، دوو ڕێگای لە بەردەمدایە:

یەکەم: ڕێگای سەرەوژێر.

دووەم: ڕێگای سەرەوژوور.

بە ڕێگای یەکەمدا یەکتایی ئەفلۆتین، ڕەبی مەسیحی ئەو بنەماو سەرچاوە ترانسندێنتییەیە بە بێ بواردن، بە ڕیز، یەك لە دوای یەك هەموو بوون، بوونەوەر، هەموو شتێکی لێ کەوتۆتەوە.

شتەکان بەم ڕێگایەدا هاتوونەتە خوارەوە تاوەکو گەیشتۆتە ماددەی[113] سەرچاوەی تاریکیو بەدکاریو جیهانی هەستەکان. هەر ئەم ڕێگایە لە ئایینی مەسیحیدا بووە بەو ڕێگایەی پەیامبەرو پەیامو پیاوچاکانی پیادا هاتوون. ڕێگای دووەم ڕێگای گەڕانەوەیە بۆ سەرچاوە، بۆ لای داهێنەر، بریتییە لە پشتکردنە ژیانی جیهانو خستنە لاوەی هەموو هەستو سۆزو خۆشییەکی ژیانی جیهان.

لە جیهانی یەکەمدا یەکتاو گیانو نەفس هەن. یەکەم پرسیار کە لەم قۆناغەدا دەکرێت، ئەمانە چۆن لە یەکتاوە، لە یەك ڕەنگەوە کەوتوونەتەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئەفلۆتین جڵەو بۆ ئەندێشە شل دەکاتو سۆفی ئاسا بەم جۆرە بابەتەکە دەخاتەڕوو.

---

112 ئەم بۆچوونە لەلای سۆفییەکان بووە بە چوار قۆناغ: مرید، زاهد، جاهد، واصل.

113 **Zeller, Eduard., Die philsophie der Griechen. Dritter Teil, Zweite Abteilung. Dienacharistoteliche philosophie. zweite Halfte. Darmstadt 1963. S. 530.**

یەك تا، یەك ڕەنگ (ڕەب) یەكەم هۆكارە، ئەوپەڕی تەواوو كامڵە، سەرنجی خودی خۆی دەدات، لەو سەرنجدانەی كامڵییەكەی، چۆن خۆر تیشكی لێ دەپژێو سەرچاوە چۆن لێوەی دەڕژێ، گیانی لێ دەكەوێتەوە، ئەم لێكەوتنەوەیە بە لاتینی (Emanation)ی پێدەوترێو لە ئەڵمانیدا وشەی (لە سەرەوە ڕژان)ی بۆ بەكارهاتووە. لە عەرەبیدا كراوە بە (فیض).

ئەم گیانە وێنەیەكی لەبەرگیراوەی یەكتا یەكەمەكەیە. ئەم پرۆسەی لێكەوتنەوە بەم پێیە درێژە دەكێشێ تا دەگاتە (دوا پلە كە ماددەو كەرەسەی بێگیانو بێ هەستو تاریكییە. بەڵام لە پلەی دووەمو بەرەوژێر، سەرنجدانو بیركردنەوەو كەوتنەوە كە بۆ ئەوەی بوونی دووەمو دواتر لە بنەما ترانسندێنتییەكە جیاواز بن، ئیتر بە پلە بێ یاخود بە بوون شێوەیەكی تری پێ دەبڕێ.

دوای یەكتاوگیان بوونەوەری سێهەم (نەفس) دێت، ئەویش وەك وێنەیەكی لەبەرگیراوەی گیان وایە. گیان سەرنجی بوونەوەرەكەی سەرو خۆی داوە، ئنجا لە خۆی ورد بۆتەوە لەم وردبوونەوەیەدا نەفسی لێ كەوتۆتەوە. بەم پێیە نەفسیش بە هەمان پێودانگ سەرنج لەوەی سەرو خۆی ئەداتو بیر لە خۆی دەكاتەوەو لەوی بەرەو ژێرتر ورد دەبێتەوە شتێكی تری لێدەكەوێتەوە. ئەم ڕەوتە، ئەم كارە، پلە بە پلە بەرەوژێر دەچێ تاوەكو دەگاتە جیهانی ئێمە، جیهانی هەستو ماددەو بەدكاریی.

ئەگەر مرۆڤ لەم سێ بوونەوەرە وردببێتەوە، دێتە سەر ئەو باوەڕەی قسەی لۆرد ڕەسڵ پەسەند بكات كە وتوویەتی:

"میتافیزیك لێرەدا بە سێ ڕەنگیی پیرۆز دەستپێدەكات، یەكتا، گیان، نەفس. ئەم سێیە بەوە لە سێ ڕەنگیی مەسیحی خۆیان جیادەكەنەوە كە بایەخو پلەوپایەیان وەك یەك نییە"[114].

ئەم قسەیەی لۆرد بێرتراند ڕەسڵ لە بەشێكیدا ڕەوایە، ئەم سێ بوونەوەرەی ئەفلۆتین سێ پلەی لە یەكتری جیاوازنو وەك یەكتری نین، بەڵام هەرسێكیان توندوتۆڵ بە یەكەوە بەستراونەتەوە، دووانەكەی تر لە یەكەم كەوتوونەتەوە. ئایا دەكرێ بوترێ ڕابەرانی

[114] Russell, B. Philosophie des Abendlandes. Wien 2000 Europaverlag. S. 306.

مەسیحی لە سەرەتادا، بە دەستکاری کردنو بژارەوە لە ئەفلۆتین ئەم سێ ڕەنگییەیان خواستبێتەوە؟

ئەفلۆتین بەم تیۆری لێکەوتنەوەوە وەڵامی چەند پرسیارێکی داوەتەوە. جۆرە لێکدانەوەیەکی دەربارەی پەیدابوونو کەوتنەوەی فرەو فرە ڕەنگیی جیهان لە یەك تاو یەك ڕەنگییەوە پێشکەش کردووە. یەکتا سەرچاوەیەو بە دەیان لقو پۆپی لێ بۆتەوە. یاخود وەك پێشتر وتمان، ئەم لێکەوتنەوەیە هیچ جۆرە تۆپزیو هەڕەمەکییەکی تیادا نییە، بەڵکو "پەیوەندی یەکتا- ڕەب - و یەك ڕەنگیی لەگەڵ فرە ڕەنگیدا وەك خۆرو تیشك پژاندنەکەیە"[115].

خۆر خۆی ناوەندە، سەرچاوەکەیە لێیەوە تیشك دەپژێو دەکەوێتەوەو بڵاودەبێتەوە. ئەم تیشکە زۆرو زەبەندە لە لایەکەوە پابەندی سەرچاوەکەیە کە یەکتایەکەیەو لە لایەکی ترەوە پەرشو بڵاوو نیمچە سەربەخۆ دێتە بەرچاو. بەم پێیە فرە ڕەنگی لە یەك ڕەنگیی کەوتۆتەوە. یەکتای یەکەم ناکرێ فرەو فرە ڕەنگو هەمەچەشنە بێت، بەڵکو دەبێ تەنیا یەکتاو یەکەیەك بێت. ئەم یەکتای یەکەمە بێ سنور، بێ وێنەو بێ کۆتاییەو بە هیچ جۆرێك ناتوانرێ بە قسەو زمان جەوهەرو پوختەکەی باسکرێن، چونکە هیچ شتێك لە وێنەی ئەو نییە، خۆی تاكو تەنیایە.

هەمەڕەنگیی کە لەو یەکتایە کەوتۆتەوە، نەمرییو بێ سنورییو لە ڕادەبەدەریی سەرچاوەکەی نیشان دەدات.

گیان کە لە یەکتای یەکەم کەوتۆتەوە، ناکرێ وەك داهێنەرەکەی تەواوو کامڵ بێت، چونکە کامڵیی یەکەم یەکتا لە جەوهەری یەك ڕەنگییەکەیەوە کەوتۆتەوە. بەڵام دەبێ، لە لایەکەوە، لە سەرچاوەکەی بچێو، لە لایەکی ترەوە، فرە ڕەنگییەکی تیادا بێت بۆئەوەی لە یەکتای یەکەم جیاواز بێو دواتر بوونی تری لێبکەوێتەوە.

ئەفلۆتین، بە چاوێکی تر تەماشای جیهانی دیاردە جیهانی هەستو مرۆڤی کردووە. لە جیهانی ئێمەدا ماددە هەیە، ئەم ماددەیە کەرەسەو هەوێنێکی خاوی بێ ڕەنگو ڕوخسارە، توانای هەیە، ئەگەر فۆرمو ڕوخسارێکی دیاریکراوی پێ بڕدرابێ بەشتێك. لە جیهانی

---

[115] **Weischedel, Wilhelm, wesen, Aufstig u. Verfall der philosophischen Theologie. Bd. I. dtw 1979. S. 68.**

دیاردەکاندا، بە پێچەوانەی جیهانی سەرو هەستەکانەوە کە جیهانی ڕاستەقینەیە لەجێگای ئەقڵو ژیرو یەك ڕەنگیی جۆرە تێکەڵاوییەکی ژیرو ناچارەکیی و هەمەڕەنگی هەیە. بەرامبەر بەو نەمرییەی جیهانی سەرو سروشت، لە جیهانی ئێمەدا کاتو گۆڕانو بوونو ڕواڵەتو دیاردەو گۆڕانی هەمیشەیی هەیە. جیهانی ئێمە وێنەیەکی شێواوی جیهانی ڕاستەقینەیە. لە نێوان هەردوو جیهاندا نەفس دێت، کە هەردووکیان پێکەوە دەبەستێتەوەو لە هەردووك لای تیادایە، جارێك بیر لە خۆی دەکاتەوە، سەرنجی خۆی دەداتو جارێکی تر سەرنجی ژێر خۆی دەداتو بەمە وەك پرۆسەیەك جیهانی دیاردەکانی لێدەکەوێتەوە[١١٦].

ئەم بیروبۆچوونەی ئەفلۆتین سەرچاوەیەك بووە لاهوت فەلسەفەی مەسیحی لێیەوە هەڵیان هێنجاوە. ئەو لایەنانەشی کە لەگەڵ بنەماکانی ئایینەکەدا ڕێكو کۆك نەبووە، مشتومالّ کراوە.

٤- سانت ئۆگۆستین (٣٥٤-٤٣٠ ز) لاهوتییەکە لەو لاهوتییانەی بنەڕەتەکانی فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستی داناوە[١١٧]، و فەلسەفەی ئەفلۆتینی بە جیهانی دوای خۆی ناساندووە. لە سەردەمی لاوێتیدا، وەك لە دانپیانانەکانیدا هاتووە، لایەنگری ئایینی مانی بووە. ئەم ئایینەی بڕوای بە هەبوونی دوو هێز هەیە، هێزی چاکەو هێزی بەدکاریی. گوایە لە دەوروبەری ساڵانی ٣٨٤ ز دا دەستبەرداری ئەم بڕوایە بووەو بووە بە مەسیحی.

کێشەی بەدکاری لە ژیانو جیهاندا شوێنێکی بەرچاوی لە بەرهەمەکانی ئەم فەیلەسوفەدا هەبووە. هەوڵی داوە، بۆ جێگیرکردنی ڕێو شوێنەکانی کلێسە، ساغی بکاتەوە کە بەدکاریی لە جیهاندا هەبوونی سەربەخۆو تایبەتی نییە، بەڵکو جۆرە نوقستانیو زەوتکردنو نا بوونی چاکەکاری خۆیەتی. ئەگەر ڕوناکی مۆمێك لە شەودا بۆ نموونە بهێنینەوە، لە نزیکەوە مۆمەکە ڕوناکی تەواوە، چەندە لێوەی دووربکەوێتەوە ڕووناکییەکە کەمو لاواز دەبێ تا دەگەینە ئەو شوێنەی تیشکی مۆمەکە بێ هێز دەبێو نامێنێو تاریکی

---

[116] Plotin, uber, Ewigkeit und Zeit. Enneade. III. 7. ubersetzt von Werner Beier waltes. Framkfurtam Mam. S. 101.

[117] Pieper, dosef., Scholastik. Gestalten u. Probleme der mittelalterlichen philosophie. Dtv. 1978. S. 18.

دەست پێدەکات. ئەم تاریکییە کە دوورکەوتنەوەیە لە ڕوناکی، لایەکی تری بابەتەکەیە. بەدکاریی لە چاو چاکەکاریدا بە شێوەی مۆمو ڕووناکییەکەیە.

بەلای ئۆگۆستینەوە دەکرێ بەدکاریی لە جیهاندا، بە هۆی بەهرەی ڕەببەوە لەگەڵ بۆچوونی تایبەتیدا دەربارەی داهێنان بخرێنە نێو دووتای یەك تەرازووەوەو بکرێ بە یەك[118]. ئەم قسەیە، وەك مەبەست، دەیەوێ دروستی بەسەرهاتو سەرگوزشتەکەی ئادەمو حەوا کە لە سفری پەیدابوونی تەوراتدا باسکراوە، ڕەواو پشت ڕاست بکاتەوە. بێگومان ئەم وەڵامە خۆبەدەستەوەدانو ڕاکردنە لە بواری بە لایەکدا خستنی کێشەی بەدکاری لە جیهاندا. ئەم کێشەیە بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەو دادپەروەرییە ناگونجێ کە کڵێسە داویەتیە پاڵ ڕەببەکەی.

ماددە بە لای ئەم لاهوتییەوە، داهێنانێکە لە داهێنراوەکانی ڕەب، بەڵام خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی بەدکاریی نییە، بەڵکو بنەمایەکی شیاوەکییە، توانایەکە دەکرێ ڕوخسار، فۆرمێك وێنەیەکی دیاریکراو- تایبەتی پێ ببڕدرێ. ئەوکاتە دەبێ بە شتێك. هەر شتێك ڕەب دایهێنابێ، باشە، ماددەش لە خۆیدا لە لایەن ڕەببەوە داهێنراوە! بۆیە چاکە. ئەوی لێرەدا پێویستە لەبەرچاو بگیرێ، ئەم ڕێو شوێنەیە، هەرچی ڕەب دایهێناوە باشە، بەڵام هەموو بوونو هەبوونو بوونەوەرەکان وەك یەكو بە یەك پلەو ڕادە چاكو باش نین[119].

ماددە مایەی بەدکاریو بەدبەختی نییە، بە هۆی دەستپێشخەرییەکی بەدبەختانەی گیانو نەفس لە جیهاندا بۆتە مایەی ئەم بەدکاری کەوتنەوەیە، ئەمە بۆچوونی سەردەمەکە بووە. لەش مایەی گوناهباری گیان نییە، بە پێچەوانەوە گیان - نەفس لەشی مرۆڤی تووشی ئەم نەهامەتی لەناوچوونو مردنو فەوتانە کردووە. لە مەسیحییەتدا چ لە ئایینەکەو چ لە ڕێو شوێن، لاهوتەکەیدا، هەرچی بە هۆی داهێنانەوە بوونی پێبڕاوە، لە چوارچێوەی ئەو ڕەوشەدا ناچێتە دەرەوە:- ڕەوشی لەناوچوونو فەوتان.

ئۆگۆستین بە لاهووتەکەی، وەك ئیماندارێك، پشت ئەستور بە فەلسەفە سەرگەرمی ئەوە بووە مرۆڤی سەردەمی خۆی هۆشیار بکاتەوە، مێشکیان بوروژێنێ بۆ ئەوەی بزانن ڕەب چییە. ژیانو مردن چین. جگە لەوەی فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نوێی بە کۆڕو

---

[118] Copleston, F. C., Geschichte der philosophie im Mittelalter Munchen 1950. S. 33.
[119] Gilson, E., Ebenda. S. 127.

**کۆمەڵەکان ناساندووە، فەلسەفەی خستۆتە نێو دامودەزگاکانی کلێسەو ئاوێتەی دۆگمو بۆچوونەکانی لاهوتی کردووەو بۆ "گەڵاڵەکردنی جیهانبینی سەرتاپاگیرانەی ئایین بە کاری هێناوە"[120] و بە بۆچوونی لۆگۆس و ڕۆڵەی ڕەبو گیانی پاکەوە بەندی کردووە.**

**ئەم هەڵوێستەی ئۆگۆستین لەوەوە کەوتۆتەوە کە باوەڕی وابووە سنورێك نییە پاوانی فەلسەفەو لاهوت لە یەکتری جیابکاتەوە، بڕواو ئیمان شتێکن ژێر دەیانبڕێو هیچ کاتێك خۆیانو ڕێو شوێنو بنەماکانیان بە پێچەوانەی ژێرەوە نینو لەگەڵیدا ناکۆکو ناتەبا نین، دەکرێو لە توانادا هەیە بنەماکانیان بە سەلمێنەو بەڵگەی ژێر پشت ڕاست بکرێنەوە[121].**

**وەك لاهوتییەك هیچ کاتێك، وەك لە بەرهەمەکانیدا دیارە، گومانی لە بوونی نەفسی مرۆڤ نەکردووە، لەم هەڵوێستەیدا بنەمایەکی ئایینەکەی پشت ڕاست کردۆتەوە کە بریتییە لەوەی ناکرێو ناگونجێ مرۆڤ گومان لە هەموو شتێك بکاتو نابێ بە بێ بەڵگەو سەلمێنە دڵی لە شت کرمێ بێ، هەروەها "ئەگەر مرۆڤ بوونەوەر نەبێ، ناکرێ بە هەڵە بچێ، خۆ ئەگەر خۆتت بە هەڵە بردو تەفرە درای، ئەم بە تەفرە چوونەت بەڵگەی هەبوونتە"[122].**

**پشت بەستن بە هەستەکان بۆ شت زانین هەمیشە کێشەی بەرەو بە تەفرە چوونی لێ پەیدا دەبێ، شت لە دورەوە بچوكو لە نزیکەوە گەورە دێتە بەرچاو، ئایا ئەو شتە لە خۆیدا بچوکە یان گەورەیە؟ دارێکی ڕاست کە بخرێتە نێو مەنجەڵە ئاوێکەوە، ئەو بەشەی لەناو ئاوەکەدایە وەك خوار بووبێ دێتە بەرچاو کەچی دارەکە خۆی ڕاستە! ئایا مرۆڤ لە هەستەکان بەولاوە، ڕێگایەکی تر، ئەندامێکی تری هەیە شتی دەوروبەری خۆی هەست پێبکات، ببینێو ببیستێ؟ ئەم پرسیارە پێش ئەوەی وەڵام بدرێتەوە، پرسیارێکی تری بەدوادا دێت، بەهەر بارێکدا وەڵام بدرێتەوە کێشەیەکی سەخت بەرپا دەکات.**

---

[120] **Hegel, Georg Wilhelm Friedrich,. Gesammelte werke. Bd 9. Geschichte der Philosophie. II. Surkamp. S. 506.**

[121] **Flasch,k., Einfuehrung in die philosophie Mittelalters. 1994. S. 51.**

[122] **ئەم قسەیەی ئۆگۆستین بنەمای میتافیزیکی دیکارتی لێکەوتۆتەوە: کۆپلستن: هەمان سەرچاوە. ل:٣٦.**

ئایا نەبوونی ئامرازێکی تر، لە هەستو ژیر بەولاوە پاکانەی ئەوەی لێ دەکەوێتەوە بۆ شت زانین، زانینێکی گومان هەڵنەگر، مرۆڤ هانا بۆ سروشو سەرو سروشت بەرێت؟!

بەلای ئۆگوستینەوە، دەکرێ کێشەی شت زانین بە هەستەکانەوە بەم جۆرە بە لایەکدا بخرێت: هەڵەکە هەڵەی شایەتی هەستەکان نییە، چونکە لە تواناندا هەیەو دەکرێ مرۆڤ بە دوو جۆر وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە:

یەکەم: مرۆڤ دەتوانێ بڵێ شتەکە گەورەیە یاخود:

دووەم: مرۆڤ بڵێ وا دێتە بەرچاو شتەکە گەورە بێت. بەم پێیە دەکرێ ڕاستیی لە دیاردە جیابکرێتەوە. هەڵەو چەوتی بڕیارێکە مرۆڤ دەیداتو لەم چەوتی هەڵەکردنەدا هیچ ئۆباڵێك ناچێتە ئەستۆی هەستەکان، ئەو گۆڕانەی بەسەر هەستو بڕیارەکاندا دێت، یاخود ئەوەی بە هۆی هەستەکانەوە پەیان پێدەبرێ، هەستەکان تیایاندا کەمو کورتییەکیان نییە.

ئەگەر بگونجێ مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی مۆدێرنەوە سەیری ئەم وەڵامو چارەسەرە کە ئۆگۆستین پێشکەشی کردوون، بکات، دەکرێ بوترێ، ئۆگۆستین ئەوپەڕی شارەزای مەنتیقی زمانی لاتینی بووەو زیرەکانە وشەو چەمكو ڕستەی زمانی بەکارهێناوە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێكو بە لایەکدا خستنی کێشەیەك، کە هەر لە ڕوانگەی مۆدێرنەوە، نە پرسیارێکی ڕەسەنو نە کێشەیەکی ڕاستەقینە بووە. ئەگەر لە لاهوتو ئاییندا پاکانەکردن شتێکی ڕەوابێ لە فەلسەفەو مەنتیقدا چاوڕێی بەڵگەو سەلمێنەی ژیری دەکرێت. کام بەڵگەی ژیر دەتوانێ ئەم کێشەیە بە لایەکدا بخات یان وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. هیگڵ ناهەقی نەبووە کە وتویەتی ئەو پرسیارەی وەڵام نادرێتەوەو ئەو کێشەیەی چارەسەر ناکرێت، لە دوو ڕێ تێچوون بەدەر نین:

یەکەم: یان مرۆڤ زانینو شارەزایی پێویستی نییە.

دووەم: یاخود پرسیارەکە بە هەڵە کراوەو کێشەکە لە چوارچێوەی گریمانەیەکی بە هەڵە داڕێژراو بەولاوە نییە.

وەك مەسیحییەکی ئیماندار سانت ئۆگۆستین نەفسی بە جەوهەرێکی پیرۆزو پایەبەرز داناوە، وا پێدەچێ تیۆری لێکەوتنەوەی ئەفلۆتین کاری تێکردبێو هەستە سۆفێتییەکەی

پتر ناسك كردبێ، بۆیه به لایەوه گرنگ بووه ڕوونی بكاتەوه، بۆ زانینو دیتنی ڕەب، نەفس دەتوانێ چی بكات، چۆن دەتوانێ بە ڕێگای بەرەو ژوور خۆی لە داهێنەرەكەی نزیك بكاتەوه بۆ ئەوەی لەو بچێ؟ ئۆگۆستین بە دڵنیاییەوه وای بۆ چووه، نەفس لە توانایدا هەیە لە ژیانی دوارۆژدا، لە ژیانی دوای مردندا بە تەواوەتی ڕەب بناسێو بزانی ئەو چییەو بەو زانینە شادمانی جاویدانی دەستگیر دەبێ. نەفس، بە پێی بۆچوونی ئەم لاهوتییە، دەبێ حەوت قۆناغ ببڕێ، یاخود حەوت پله بەرز ببێتەوه بۆ لای پەروەردگار بۆ ئەوەی لەو بچێ حەوت قۆناغەكه بەم جۆرەیه:

یەكەم: نەفس وەك جەوهەرێك بە هۆی بوونەكەیەوه ژیان بە بەر لەشی دنیایی لەناوچودا دەكات.

دووەم: نەفس لە هەستەكاندا پەی بە هێزو توانای خۆی دەباتو دەیانزانێ.

سێیەم: یاد (وەبیرهاتنەوه) دەبێتە كەرەسەیەك، هەبوونی مێژووی مرۆڤ، توانای كاركردنو بەرهەمهێنانو چالاكیی گیانییو كولتووری مرۆڤ دەستەبەر دەبێ.

چوارەم: لەش لەم قۆناغەدا بۆ قۆناغێكی تر بەرز دەبێتەوه، قۆناغی "پاك بوونەوه"، لەم قۆناغەدا لایەنو هەبوونی ڕەوشی ئاكارەكی مرۆڤ دەستپێدەكات.

پێنجەم: نەفس لە مەترسی مردنو كەمو كورتیو لەكەداریی ڕزگاری دەبێ. پوختەو جەوهەری خۆی هەست پێدەكات، لەسەر ڕێگای بڕوابوون بە ڕەب بەرەوپێش دەچێ، ئەمە ئەو ئەنجامەیه لە سەرنجدانی خۆی وەك بابەتێك، كەوتۆتەوه.

شەشەم: لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی ئەم كۆششه بە ئەنجام دەگەیەنێ، نەفس لە كاتی سەرگەرمبوونی بۆ بەدواگەڕانی ڕاستییدا لە ڕێ لانادەتو هەڵە ناكات.

حەوت: ئەم قۆناغە دوا پلەیەو بریتییە لە وردبوونەوەو سەرنجدانی ڕاستیی[١٢٣]. لەم دوا پلەیەدا نەفس بە دیتنی بەرزترین داهێنەرو هۆكارو سەرچاوەی پەیدابوونی شتو بوون شادو بەختەوەر دەبێ.

---

[123] ئۆگۆستین ئەم تیۆرییەی لەم كتێبەدایە: De quantitate animae ئەوەندەی من ئاگاداربم، ئەم بەرهەمە بە لاتینییەو تا ئێستا نەكراوە بە ئەڵمانی، بۆیە ناچار بووم سود لەم كتێبە وەربگرم:

٥-لـه مێـژووی فەلـسەفەی سـەدەکانی ناوەڕاسـتدا دوای قۆنـاغی سـانت ئۆگۆسـتین بـە تایبەتی لەو سەردەمەدا کە بە سـەردەمی فەلـسەفەی سکولاسـتی نـاودەبرێ. سـانت ئەنـسلم خـۆیو بەڵگـەی ئۆنتۆلۆجییەکـەی سـەرنج بـۆ لای خۆیـان ڕادەکێـشن. ئـەم فەیلەسـوفە لاهوتییە بـە دوو بەرهـەم ناوبـانگی دەرکـردووە:- مۆنـادۆلۆجی، واتـە ڕازی دەروون، کورتـە لێکۆڵینەوەی پرۆسلۆجی واتا سەرەتا[١٢٤].

لە بابەتی یەکەمدا بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی داهێناوەو بوونی ڕەب وەك داهێنەرێکی تەواوو کامڵ ساغ کردۆتەوە.

لە مێژووی فەلسەفەدا چەندین بەڵگەو سەلمێنە بۆ سـاغکردنەوەی بـوونی ڕەب بەرچـاو دەکەون، کە بەناوبانگترینیان هەردوو بەڵگەی ئۆنتۆلۆجیو کۆسمۆلۆجییە.

ئەم دوو بەڵگەیە لە مێژووی فەلـسەفە گومـان لـە ڕاسـتیو دروسـتییان نـەکراوە تـاوەکو فەیلەسـوفی ترانـسندنتالی ئـەڵمان ئیمانوییـل کانـت دەرکـەوتووەو لایـەنی لاوازی ئـەم دوو بەڵگەیەی خستۆتە بەرچاو.

کانـت کاتێـك باسـی بابـەتی میتـافیزیکی کـردووەو دەسـتی بـە شـیکردنەوەی تواناکـانی هێزی ژیری بێگەرد کردووە، ئەم بەڵگانەی توێ توێ کردووەو سەرنجی بیرمەنـدانی بـۆ لای چـەند خـاڵێکی گـرنگ ڕاکێـشاوەو لـەم بـوارەدا پەیوەنـدی نێـوان بـوونو جەوهـەری ڕوون کردۆتەوە[١٢٥]و ساغی کردۆتەوە کە بوون خەسڵەتێك نییە بدرێت بە شتێك یاخود لە شـتێك بستێندرێتەوە.

ئەنسلم وەك لاهوتییەك لە هەردوو بەرهەمی ناوبراودا مەبەستو ئامانجی خـۆی ڕوون کردۆتەوەو هاتۆتە سەر بابەتی ژیرو بڕوا، بڕواو ئیمانی خستۆتە پێش ژیرەوە. ئەمەش بۆ فەیلەسوفێکی مەسیحی کە سروش بە سەرچاوەیەکی گومـان لێنـەکراوی گەیـشتنە ڕاسـتیی دادەنێ، شتێکی ئاساییە. ئەنسلم وتوویەتی:

هۆ سەروەرو گەورەم![١٢٦]

---

[124] Weischedel, W., Der Gottder Philosophien. Bd. I. Darmstadt 1979. S. 113.
[125] Kant, I., Kritik der reinen Vernunft. Hamburg meiner. 1976. (A 607. B 635).
[126] Anselm von Canterbury., Werke. Uebersetzt von Rudolf Allers. Wien…

من به هیچ جۆرێك سەرگەرمی ئەوە نیم بە ناخی ئێوەدا قوڵ ببمەوە، چونكە گیانی من بە هیچ جۆرێك ئەمەی لە توانادا نییەو لە دەستی نایەت، بەڵكو دەمەوێ تۆزقاڵێك لە ڕاستییەكانی تۆ تێبگەم. ئەو ڕاستییانەی دڵی من بڕوای پێیانەو بە دڵیدا چوونو خۆشی دەوێن، هەروەها من نامەوێ تێبگەم بۆ ئەوەی ببمە ئیماندارو خاوەن بڕوا، بەڵكو دەمەوێ ببم بە ئیماندارو خاوەن بڕوا تاوەكو تێبگەم.. هەروەها من لەوە دڵنیام كە: هیچ كاتێك ناتوانم تێبگەم ئەگەر ئیماندار نەبم"[١٢٧].

ئەم بڕگە دوورو درێژە، وەك بەڵگەیەك لە هەموو كۆڕو كۆمەڵە ئەكادیمیاییەكانی فەلسەفەدا دەهێنرێتەوەو توێ توێ دەكرێ بۆ ئەوەی هەڵوێستی لاهوتو فەلسەفە بەرامبەر بە كێشەی زانینو بڕوا، كێشەی ژیرو سروش ڕوون بكرێتەوە. لە كاتێكدا فەلسەفە ئیمانداریىو بڕواهێنان بەبێ تێگەیشتنی تەواوەتیو بە بێ پشت ئەستور بوون بە بنەمای ژیرو مەنتیق پەسەند ناكات! دەبێ مرۆڤی ئیماندار چ كەسێك بێت تەنیا گوێ لە هەستو نەستی ناخی دەروونو لێدانی دڵی بگرێتو بەبێ تێگەیشتنو كوێرانە بڕوا بهێنێ وەك لەم بڕگەیەدا ئەنسلم باسی كردووە؟ ئەوا لاهوت بە چاوی دڵو دەروون دەڕوانێو ژیر دەخاتە لاوەو گوێ لە قسەی نەفسی دەگرێو بڕوا دەهێنێ.

لە كۆڕو كۆمەڵەكانی فەلسەفەدا قسەیەك باوەو بووە بە جۆرە پەندێك: بیرمەند، نووسەر، هونەرمەند فەیلەسوف سروشت ئاسا لەم دووانە بەدەر نین:

- سەر بەڕێبازی ئەریستۆتڵسی یۆنانی واتە ڕیالیستینو ڕوو لە سروشتو دەوروبەر دەكەن. یاخود

- سەر بە ئەفلاتونن، ئایدیالیستینو ڕوو لە سەرو سروشت دەكەنو لایەنگیری جیهانبینی میتافیزیكین.

هەر بەم پێیە ئەو بەڵگانەی بۆ ساغكردنەوەی بوونی ڕەبو پشت ڕاستكردنەوەی بنەماكانی بڕواو لاهوتو ڕێو شوێنەكانی ئایین هێنراونەتەوە، لەم دوو جۆرە بەدەر نەبوون. پشتیان بە سروشت (فیزیك) بەستووە یاخود سروشتیان پشتگوێ خستووەو ڕوویان كردۆتە جیهانی بیروگیان (میتافیزیك).

---

[127] سانت ئەنسلم: پرۆسلۆجی (بە ئەڵمانی) كۆتایی بەشی یەكەم ل ٣٥٠.

جۆری یەکەمی ئەو بەڵگانە کە بە فیزیك (واتە سروشت) ناوبراون[١٢٨] لە فەلسەفەی یۆنانەوە. بە تایبەتی لە ئەریستۆتڵسەوە سەرچاوەیان گرتووە. ڕەبی مەسیحی بە لای ئەم فەیلەسوفە یۆنانییەوە بە یەکەم بزوێنەر کە خۆی نابزوێ، دانراوە. بە پێچەوانەی لاهوتی مەسیحییەوە جیهان لێرەدا کۆنە، هەر هەبووە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی، بەرامبەر بە ڕەب دانراوە. زنجیرەیەك بوون گریمانە کراوە، لە ماددەوە دەستپێدەکات لە کۆتاییەکەی ئەم زنجیرەیەدا بە یەکەم بزوێنەر کۆتایی دێت. ئەم هۆکارە لە بەرامبەر ئێمەو بووندا ترانسندێنتی نییە، بەڵکو دوا ئەڵقەی زنجیرەکەیە، دەکرێ ئەمە بە سەلمێنەو بەڵگەی سروشتی (فیزیکی) دابنرێت.

ئەوی تریان بەڵگەی سەرو سروشتی (میتافیزیکی)یە. ئەمە (فیض)ییەکانی فەلسەفەی ئیسلامیش دەگرێتەوە بە تایبەتی فارابیو بوعەلی سینا.. هتد. بەڵگەکە لە فەلسەفەی جولەکەو ئەفلاتونیزمی نوێ وەرگیراوە. لەم بەڵگەیەدا ڕەب بە یەکتاو یەکەمین ڕەهاو بێ سنور (موتڵەق) ناوبراوە، نەك لەبەرئەوەی لە زنجیرەی بووندا یەکەمە، بەڵکو لەوەدا یەکەمە کە بوونی لێکەوتۆتەوەو خۆیشی ترانسندێنتییەو لە دەرەوەی سنوری ئەم بوونەیە.

بەڵگەی یەکەم بۆنی جۆرە ماددییەتێکی لێدێت، ئەگەر بشێ ئەم وشە میتافیزیکییە بەکاربهێنین، چونکە وەك ئاشکرایە سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی ئایینو لاهوت بووە، ئایین هۆکارو فاکتەری سەرەکی گۆڕانو ڕشتنی ڕەنگی ڕوخسارو ناوەڕۆکی سەردەمو قۆناغەکە، بە دەگمەن کەسانێکی بیرمەند، کە بە شێوەیەك لە شێوەکان بێ ئیمانو بێ بڕوا بووبن، بەئاشکرا بەرچاو دەکەون!

دووەمیان بەڵگەیەکە بە تەواوەتی هەموو شوێنەوارێکی ماددییەتی خستۆتە لاوەو لە دەریای بێبنی گیانی- میتافیزیکیدا نقوم بووە.

٦- سەرەڕای ئەم بەڵگانەو پێش ئەوەی سانت ئەنسلم بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی دابڕێژێ، ئەم بەڵگانە بۆ ساغکردنەوەی بوونەوەری سەرو سروشتی پێشکەش کراون:

- بەڵگەی چاکەکاریی:

---

[128] جیلسون، هەمان سەرچاوە بە ئەڵمانی ل ٨٨.

ئەو شتانەی لە جیهانی دەورووپشتماندا هەنو هەست بە بوونیان دەکرێت، بە پێی چاکەو باشیی لە یەکتری جیادەکرێنەوە، بۆ نموونە سپی لە لای هەندێك کەس لە ڕەش چاکترە. کەوایە دەبێ بوونێك، بوونەوەرێك، سەرچاوەیەك هەبێ کە خۆی هۆکاری ئەم چاکەو باشییەیە.. ئەم بوونە، ئەم بوونەوەرە، ئەو سەرچاوەیە بۆ خۆی لە خۆیدا چاکەی ڕووتە، یاخود ئەو چاکەو باشییەی لە بوونەوەرێکی ترەوە، لە سەرچاوەیەکی ترەوە پێبڕاوە. ئەم زنجیرەیە بەبێ کۆتایی هاتن بەردەوام نابێتو بڕ ناکات، دەبێ هەر لە لای بوونەوەرێك کۆتایی بێتو بوەستێ ئەو بوونەوەرە خۆی لە خۆیدا سەرچاوەی بوونی چاکەکەیە، لە هیچ بوونەوەرێکی ترەوە چاکییەکەی نەخواستۆتەوە، کەواتا ئەم بوونەوەرە داهێنەرە - ئافەریدکار (خالق)ە. ئەم بەڵگەیە بە دەسکاریکردنەوە لە بەڵگەی زنجیرەی هۆکارو ئەنجامی ئەریستۆتلسەوە وەرگیراوە.

- بەڵگەی جەوهەرو کەماڵ:

هەر شتێك هەبووبێتو خەسڵەتی بوونی پێبڕابێ، بە پێی سروشتو تەواوەتیو جەوهەر (ماهییەت) لە یەکتری جیادەکرێنەوە. زیندەوەر لە دارو درەخت، مرۆڤ لە زیندەوەر کامڵترو تەواوترو پێشکەوتووترە. بەڵام ئەم جەوهەرو کامڵییە دەبێ هۆکارێکی هەبێو بێ هۆکار هەروا لە خۆیەوە نابێت. من لە باوکمەوە باوکم لە باوکییەوە بۆمان ماوەتەوە، ئەم زنجیرەیە جارێکی تر هەروا بەبێ کۆتایی بەردەوام نابێت، بەڵکو دەگاتە ڕاددەیەك کە دەبێ سنورێکی هەبێ، ئەم سنورە گەیشتنە بوونێك دەگەیەنێ، کە خۆی لە خۆیدا هۆکارو سەرچاوەی هەموو تەواوەتی -کەماڵو جەوهەرو سروشتێکەو بەخشندەی پوختەو ماهییەتەکەیە، ئەم بوونە- بوونەوەرە خۆی ڕەبە[129].

- بەڵگەی بوون:

ئەم بەڵگەیە بە ڕادەیەکی بەرچاو لە لایەن لاهوتیو فەیلەسوفەکانی ئیسلامەوە پەرەی پێدراوە[130]و بەکارهاتووە. پوختەکەی بەم جۆرەیە:

ئەو شتانەی ئێستا هەن، ڕێی تێدەچوو هەبنو دەگونجا نەبن، بەڵام زاڵبوونی ڕەوشی بوونیان (واتە لەبەر ئەوەی ئێستاکە هەن) ئەم ڕەوشە پێویستی بە هۆکارێك هەیە

[129] کرم- یوسف، تاريخ الفلسفة الاوروبية في العصر الوسيط. دار المعارف بمصر القاهرة- ١٩٥٧. ص ٧٧-٧٨.
[130] Behler, E., Die Ewigkeit der Welt. Muenchen 1965. S. 89.

بوونەکەی بەسەر نابوونەکەدا سەپاندووەو زاڵ کردووە، ئەم هۆکارە، ڕەوشەکەی لە دوو ڕێتێچوون بەدەر نییە:

- پێویست بووە ناچارەکیی هەبێ (واجب الوجود) ناچارەکی بوون.

- یان دەگونجا ببێ (ممکن الوجود) شیاوەکی بوون.

ئەگەر ڕێتێچوونی دووەم پەسەند بکرێتو بوترێ ئەم هۆکارە دەگونجا، دەشیا ببێ (ممکن الوجود)ە، ئەوا بوونەکە پێویستی بە بوونەوەرێکی ناچارەکی (واجب الوجود)ێك دەبێ. جارێکی تر زنجیرەکە بەبێ کۆتایی هاتن بڕناکات، دەبێ بگاتە سنورێك کە خۆی بۆ خۆیو لەخۆیدا هۆکاری بوونەکەی لە نێو خۆیدا لە خۆیەوەیەتیو دەبێ ناچارەکی هەبووبێت. ئەمەی دوایی داهێنەر (خالق)ە، بوونەکەی پێداوسیتی بە هیچ بوونێکی تر نییەو پەکی لەسەر هیچ شتێك نەکەوتووە.

ئەوی بە گشتی لەم بەڵگانەداو بە تایبەتی لە دوا بەڵگەدا سەرنج ڕادەکێشێ، ئەو توانا زەینیو مێشكو دەست ڕۆیشتوویی بەکارهێنانی زمانو ڕێزمانەیە، کە وەستایانە بۆ داڕشتنی ئەم بەڵگەو سەلمێنانە بەکارهێنراون. هاتنی چەند وشەو چەمکێك، یاخود بەکارهێنانی چەند وشەیەك بۆ دەربڕینی وێنەو بۆچوونێك لە مێشکدا نە هەبوونی بوونەوەرێك، بوونێك ساغ دەکەنەوە، نە ناهەبوونی بوونەوەرێك پشت ڕاست دەبێتەوە. بەڵگەکان خۆیان هەر لە سەرەتاوە گریمانەی هەبوونی شتێك (بوون)یان کردووە، بە هەنگاوی زیرەکانەی پشت ئەستور بە مەنتیقی زمان گەیشتوونەتە ئەنجامێك، بێگومان هەر لە چوارچێوەی ڕستەی زمانو مێشکدا، کە خۆی لە سەرەتاوە لە بنەما گریمانەکراوەکاندا هەبووە! ئەم بەڵگانە هۆشیاریی مرۆڤو هەستو نەستو هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لە بەرامبەر دیاردەیەکدا لە قۆناغێکی تایبەتی دیاریکراودا سەرپشکی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی تر بووە، دەردەبڕن. هەبوونی بۆچوونێك لە مێشکداو دەربڕینی ئەم بۆچوونە بە هۆی وشەو چەمك لە ڕستەی زماندا بە هیچ جۆرێك بوونی بوونێکی ڕاستەقینەی سەربەخۆی دەرەوەی مێشكو لە دەرەوەی ڕستەکانی زمان ناگەیەنێ.

ئەم کێشەیە بابەتی بڕواو ئیمانە، بڕواو ئیمان هیچ کاتێك لە ژیرو مەنتیقەوە نەکەوتوونەتەوەو پەکیان لەسەر دەمەتەقێی زمانزانو بەڵگەو بنەمای ژیرو مەنتیق

نەکەوتووە. دوو جیهانی لە یەکتری جیاواز، بڕواو ژیر، لاهوتو فەلسەفە پێکەوە گونجانو بە یەکتری هەڵپرژانیان هۆکاری تایبەتی هەیە. لابردنی ئەم هۆکارە ڕوخسارو ناوەڕۆکی هەردووک لا دەگۆڕێو هیچیان شتەکەی جاران نامێننەوە.

٧-بەڵگەی ئۆنتۆلۆجی کە ئەنسلم لە هەردوو نووسینەکەی دایڕشتووەو دوا ڕوخسارو ناوەڕۆکی پێبەخشیوە، لەو سێ بەڵگەیەی پێشوو جیاوازترە. ئەم لاهوتییە مەسیحییەکی ڕاستەقینە بووەو بە ڕاستی کۆششی کردووە بوونی ڕەب پشت ڕاست بکاتەوەو ساغی بکاتەوە کە پەروەردگار ڕێو شوێنو بنەماو قانونەکانی ئایینەکەی بە ڕێگای سروشدا ناردۆتە خوارێ. هەڵوێستەکانی جیاوازی لە نێوان هەلومەرجەکانی ژیانی فیزیکیو مرۆڤ کە جەوهەرێکی ژیرەو، ژیانی نەمریی کە ئایین لە جێگایەکی تردا مژدەی بەدەستهێنانی دەدات، نیشان دەدات. بە لایەوە بڕوابوون بە ڕەب بە سێ ڕەنگییەکەیە، ئیمانهێنان بە ڕێو شوێنو بنەماکانی ئایینی مەسیحی، لە نێوان چاکەکارییو بەختەوەرییو ژیانی پاشەڕۆژدا تەرازوو ئاسا جۆرە تەباییەك دەستەبەر دەبێ.

بە پێچەوانەی بەڵگەی کۆسمۆلۆجییەوە، ئەم لاهوتییە کۆششی کردووە، هەبوونی جەوهەرێکی بە ناچاریی هەبوو، بوونی یەکەم هۆکار ساغو پشت ڕاست بکاتەوە. ئەنسلم لەم بارەیەوە وتوویەتی:

هەریەکێك لە ئێمە بیرێك، وێنەیەکی دەربارەی بوونێك، بوونەوەرێك لە مێشکدا هەیە، بوونەوەرێك کەس لێی گەورەتر نەبێ. ئەم بوونەوەرە کە هیچ شتێك لێی گەورەتر نییە، نابێ تەنیا هەر لە مێشکدا هەبێ، چونکە لەم گریمانەی دواییدا، مرۆڤ دەتوانێ بە بیری خۆی وای دابنێو وای بۆ بچێ کە ئەو بوونەوەرە لە دەرەوەی مێشکیشدا هەبێو ئەوی لە یەك کاتدا لەناو مێشكو لە دەرەوەی مێشکدا گەورەتر دەبێ لەوەی تەنیا هەر لەناو مێشکدا هەیە. ئەمە بە پێچەوانەی ژیرو مەنتیقەوەیە. چونکە ئەوی لە مێشکدا هەبێ، دەبێ لە دەرەوەشدا بێ، کەوابوو بوونەوەرێك هەیەو کەس لێی گەورەتر نییە، ئەم بوونەوەرە ڕەببە"[١٣١].

[131] Anselm, Werke. Uebersetzt von R. Allers. Wien… Monologie. S. 282- 294. Proslogie. S. 537.

ڕەخنەیەك كە پشتی بە مەنتیق بەستووەو ڕووبەڕووی ئەم بەڵگەیەی سانت ئەنسلم دەكرێتەوە، ئەوەیە كانت لە ڕەخنەگرتنی ژێری بێگەردا خستوویەتیە ڕوو. بوون بار (سیفەت)ێك نییە بە شتێك ببەخشرێو بەخشینەكە ببێتە مایەی ئەوەی پێی بەخشرا، هەبوونی دەستگیر ببێ، بوون بە هیچ هێزێك ناخرێتە سەر جەوهەرو ناكرێ ناوەڕۆكو چەمكە مەنتیقییكەی پێ فراوان بكرێت. ئەم وشەی (بوون)ە تەواوەتیو كەماڵ نییە بتوانێ ئەوەندەی تر بوون دەوڵەمەندترو بەپێز بكات. یاخود ئەگەر كەماڵەكەی لەدەست دا، كەمو كورتیو كەلەبەری تیادا پەیدا ببێ. گیانلەبەری ژیر ئەگەر چەند خەسڵەتێكی وەك توانا، زیرەكی، تێگەیشتن، جوانی، لەشساغی.. هتد، هەبێ، كامڵتر دەبێ لەوەی ئاساییە، بەڵام هەبوون - بوون شتێك نییە لەو خەسڵەتانەی ناومان هێنانو لەوان ناچێ.. كێشەو بابەتی بیرۆكەی (هەبوونی) داهێنەر- ڕەب بە هیچ جۆرێك لە بیرۆكەو چەمكی نابوون بە پێزترو فراوانتر نییە وەك لە مەنتیقدا باوە.

ئەنسلم بەو بەڵگەیەی كە دایڕشتووە لەو كەسە دەچێ سەد دیناری هەبێو بیەوێ دراوەكەی پتر ببێ یاخود دەوڵەمەند ببێ، چەند سفرێك لەبەردەم ژمارەی سەد دینارەكە دابنێ. هەروەها بیرۆكەو چەمكی جەوهەرێكی ڕەهای ناچارەكیی بابەتێكی ژیری بێگەردە، تەنیا بیرۆكەو ئایدیایە، هەبوونی تایبەتییەكەی لە خۆیدا تەنیا پێداویستییەكی ژیرییە، بەڵام هیچ كاتێك بوونەكەی وەك بوونێكی ڕاستەقینە ساغ نابێتەوە. جیاوازی نێوان بوونی ڕاستەقینەو بوونی گریمانەكراو ئەوەیە، یەكەمیان هەیەو دووەمیان تەنیا شتێكی شیاوەكییە.. ڕاستە "سەد تەلێری ڕاستەقینە هیچی لە سەد تەلێری شیاوەكی پتر نییە"[132].

ئەنسلم ویستوویەتی بەو بەڵگەیەی بڵێ، ئەو كەسەی دانی پیادابنێ كە دەزانێ چۆن لە وشەی ڕەب دەگات، ئەم دانپیادانانەی بە شێوەیەكی نیمچە دیار دان بە هەبوونی شیاوەكی ڕەبدا دەنێ. ئەگەر بە یەكێكی دڵ كرمێ بوو بڵێی ڕەب بەو جۆرە پێناسە دەكرێ، لەو گەورەتر ناكرێ بە بیردا بێت، ئەو لەم قسەیە وا تێدەگات كە ماناكەی ئەمە بێ:

ڕەب بوونێكی خۆیەكی (زاتی) لە دەروونی مرۆڤدا هەیە، وەك بیروبۆچوون لە ناخو دڵو دەروونی مرۆڤدا هەیە، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ڕەب وا پێناسە كراوە كە ئەوپەڕی

---

[132] Kant, I. Kritik der reinen Vernunft. A. 599, B. 627.

کامڵو تەواوەو کەس لەو مەزنتر نییە، بۆیە دەبێ هەبوونی بابەتیشی لە دەرەوەی ناخو نەفسدا هەبێ، گەورەتریش بێ لەوەی لە ناخی مرۆڤدایە. ئایا ژیر مەنتیق ئەم بڕیارو بۆچوونە دەگرن؟ ئەگەر ڕەب ئەوە بێ - بە پێی پێناسەکردن- کە ناکرێ لەو گەورەتر بە بیرو ئەندێشەو مێشکدا بێت، دەبێ وەك بوونەوەرێك لە دەرەوەی مێشکدا بوونی بابەتیشی هەبێ.

٨- کۆششی ئەنسلم بۆ ئەوە بووە بۆ بێ باوەڕان ساغ بکاتەوە کە بێ بڕوایی، بێ ئیمانیو بڕوانەبوون بە ڕەب نەك هەر شتێکی ناڕاستو نادروستە، بەڵکە وەك بیرو بۆچوونو گریمانەیەك بێ بڕوایی لە خۆیدا ناکۆكو ناتەبایە.

ئەم بەڵگەیە لە لای تومای ئەکوینیو کانت پەسەند نەبووە. لە سەدەی پانزەهەم بەدواوە دیکارتو لایبنیتسو هیگڵ وەك شاکارێکی فەلسەفە دانیان پیادا ناوە.

ئەگەرچی ئەم بەڵگانە هیچ کاتێك ناتوانن ببنە مایەی ئەوەی مرۆڤێك ئەگەر لە ناخی خۆیدا مەیلی ئیمانی نەبێ، بڕوا بهێنێ، بەڵام تا ڕادەیەکی بەرچاو ئەم بەڵگانە دەتوانن هەر نەبێ، ببنە مایەی ئەوەی وا دەربکەوێ کە ڕێو شوێنو بنەماکانی بڕواو ئایین بەپێچەوانەی ژیرو بنەڕەتەکانی مەنتیق نین، خۆ ئەگەر بوونی بوونەوەرێك بەپێچەوانەی ژیرو بنەماکانی مەنتیقەوە نەبێ، دەکرێ بوونەکەی شیاوەکی بێت.

هەوڵی پێکەوە گونجاندنی باوەڕو ژیر، لاهوتو فەلسەفە کە لەسەر دەستی ئەنسلم دەستی پێکردووە، هەر لە سەرەتاوە، ئەگەرچی وا هاتبێتە بەرچاو کە تا ڕاددەیەك سەرکەوتوو بووبێو ئەنجامی لە باری لێکەوتبێتەوە، تەنیا هەوڵێك بووە هیچ بنەمایەکی پتەوی نەبووە، چونکە بڕواو ژیر، لاهوتو فەلسەفە سەر بە دوو بەرە، سەر بە دوو جیهانی لە یەکتری جیاوازن.

ئەوی جێگای بڕواو ئیمانە پەیوەندی بە دڵو دەروونو ناخی مرۆڤەوە هەیە، نە دەکرێ بە ژیر پشت ڕاست بکرێتەوەو نە دەکرێ بە ژیرو بنەماکانی مەنتیق پووچەڵ بکرێتەوە.. بابەتەکە تەنیا پەیوەندی بە بڕواوە هەیە. ئایا مرۆڤ بڕوای بە بوونی ڕەب هەیە یان نا؟ هیچ بەڵگەیەکی ژیرو مەنتیق ناتوانێ ئەم بڕوایە بە بارێکی تردا بگۆڕێ.

پرسیارێك لەو پرسیارانەی هەمیشە، لەم بارەیەوە، مێشك و ناخی مرۆڤی بیرمەندی پێكەوە وروژاندووەو وا بە سوك و ئاسانی وەڵام نادرێتەوە، دەربارەی هێزی لە ڕادەبەدەرو ئەفسون تەلیسم ئاسای ئایینە! دەبێ بۆچی ئایین، بە پێچەوانەی زانست و فەلسەفەوە وا دلگیرو خۆشەویست بێت، ئەو تواناو نهێنییە چییە وەك موگناتیس مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕادەكێشێ و شەیدای دەكات تا ئەو ڕادەیەی لە پێناوی داكۆكی كردن و پاراستنیدا قوربانی بۆ دەدات؟!

خۆ ئەگەر لە ڕۆژهەڵاتدا ئازادی و دیموكراتی و یەكسانی و داد چەند وشەیەكی بیانی و نامۆ بن، ئەوا ئەوروپا كۆمەڵێكی كراوەیە، ئەم وشانە بەشێكن لە ژیان و شكۆو سەربەرزیی مرۆڤی ئاسایی. لەم كۆمەڵە كراوەی ئەوروپاشدا تا ئێستاش ئایین، بە تایبەتی ئایینی مەسیحی گەرم و گوڕیی و تەوژمی خۆی، بەڵام بە جۆرێكی مۆدێرن، لە دەست نەداوە، جێگای لە دڵی زۆربەی هەرە زۆری میللەتدا هەر ماوە. هۆی ئەمە چییە؟ ئایا ئەمە لە سروشتی ئایینەكە خۆی دەكەوێتەوە؟ كەوابوو ئەم جادوو و تەلیسمە چییە؟ یاخود دروستبوون و پێكهاتەو سروشتی مرۆڤ خۆی وایە ناتوانێ دەستبەرداری ئایین ببێ، چونكە مرۆڤ خۆی ئەگەر ژیری هەیە، هەست و نەست و سۆزو دڵ و دەروون و ئەندێشەشی هەیە؟! بۆچی فەلسەفەو زانست نەیانتوانیوە ئەو لایەنەی ناخی مرۆڤ بدۆزنەوە، كە ئایین كردوویەتی بە قەدەغەو پاوانی خۆی و گڕی داوە؟

ژیان خۆی لە خۆیدا گرێ كوێرەیەكە، نهێنییەكەو سەرەتای دیارە، بەڵام كۆتاییە گێژاوو تەم و مژاوییەكی تۆقێنەرو نادیارە. نادیار هەمیشە مایەی ترس و پەشێوییە، پڕە لە ڕێككەوت و شتی چاوەڕوان نەكراو، شادی، كلۆڵی، نەخۆشی و لەش ساغی، ئەوی مرۆڤ دەیەوێ و دڵ دەیخوازێ، دەستگیر نابێ و نایەتە دی!! بۆ دەبێ مردن كۆتایی و دوا قۆناغی ژین بێت؟ دوای مردن چی دێت؟ دنیا لەو كەسە كە مردووە خراپ دەبێ یان نا؟ ئایا ڕاستە مرۆڤ لە نێوان دوو شیاوەكیدا سەرگەردانە، لە نێوان ئەوەدا كە هەیەو لە ئارادایەو، ئەوەی بە هیوایەتی و ئاواتی بۆ دەخوازێ؟ نەخۆشی و نەهامەتییە كوشندەكانی ژیان، تا ئێستا بەو ژیرەی ئەم هەموو خۆ هەڵكێشانەی پێوە دەكرێن، چارەسەرێكی یەكجارەكییان بۆ نەدۆزراوەتەوە.

بۆچی دەبێ ئەم کێشەو بابەتو پرسیارانە نەبنە مایەی بڕوابوون بە زانستو فەلسەفەو ببنە مایەی پتر بڕوابوون بە ئایینو ئیمان هێنان؟

بۆ دەبێ مرۆڤ نەتوانێ دەستبەرداری ئایین بێ، کە خۆی دیاردەیەکە لە جۆرە دڵنیاییەکی دەروونیی بەولاوە بەڵێنی هیچ شتێکی تر لەم دنیایەدا بە مرۆڤ نادات؟

دیستۆیفسکی لە ڕۆمانێکیدا وتوویەتی، ئەگەر ڕەب نەبێ، هەموو شتێك ڕێگا دەدرێ! بڕوابوون بە پەروەردگارو بنەماکانی ئایین دەستەبەری ژیانی ڕاستو دروست دەبێ. ئەو ژیانەی تاوانو دەستدرێژییو جەورو زۆرداریی‌و بەدکاریو تاڵانو بڕۆی تیادا نابێ، مرۆڤ دەست لەو شتانە دەپارێزێ، کە بنەماکانی ئاسمان قەدەغەی کردوون. بەمە مرۆڤ هەست بە مرۆڤیی خۆی دەکات جۆرە دڵنیاییەكو ئاسودەییەکی دەروونی دەستگیر دەبێ. ئەمەیە مەبەستی دیستۆیفسکی لەو قسەیەی کە کردوویەتی.

ئەم قسەیەی دیستۆیفسکی دوو جار گازندەو سەرزەنشت هەڵدەگرێ، ئەگەر بە پێوانەی ژیر هەڵبسەنگێنرێت!

یەکەم بڕیارەکە لە خۆیدا گریمانەی ئەوەی کردووە کە بڕواو ئیمان دوو شتی گرنگی ژیانی ئاکارەکی مرۆڤن. مرۆڤ بۆئەوەی مرۆڤی خۆی لەدەست نەدات دەبێ پابەندی بنەماو ڕێو شوێنەکانی ئایین بێتو بڕوا بهێنێ.

دووەم، هەر لە سەرەتاوە مرۆڤ وا نیشان دەدات کە سەرکێشەو دەست لە هیچ ناپارێزێ بۆیە پێویستی بە جڵەو قەمچی لاهوتو ئایینو کڵێسە هەیە.

مرۆڤی ژیرو شارستانی ویژدانی خۆی کردووە بە سەرپشك، ئەگەر خۆی لە بەدکارییو جەور دەپارێزێ لەوە نییە لە سزادان بترسێو ئەگەر چاکە دەکات چاوەڕێی پاداشت ناکات. بەڵکو ژیانی مرۆڤ، سەربەرزییو حەیسییەتو شکۆمەندیو ژیانی ئاکارەکی ئەم ڕێو شوێنەی بۆ دەستنیشان دەکەن. پێناسەکەی ئەنسلم لەلای خۆیەوە کاتێك پەسەند دەبێت کە مرۆڤ لە سەرەتاوە ئیماندار بێت. دەیانو سەدان سەلمێنەو بەڵگەنەویست ناتوانن ببنە مایەی بڕواهێنان ئەگەر مرۆڤ لە خۆیدا مەیلی ئیمانی نەبێ!

## جیهانبینی فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاست:

١- لەو ڕۆژەوە كتێبەكەی ئبن خەلدون (المقدیمە) لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە، شارەزاو مێژوونوسانی فەلسەفە بە چاوێكی ترەوە سەیری ئەو فەلسەفەیە ئەكەن كە بە زمانی عەرەبی (زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات) لە وڵاتانی ئیسلامیو ئەندەلوس (باشوری ئیسپانیا) نووسراوە. ئبن خەلدون عەرەبەكانی تورە كردووە، چونكە وتوویەتی فەیلەسوفو زانایەكی ئیسلام[١٣٣] نییەو نەبووە كە عەرەب بووبێ! ئەم قسەیە لە دوولاوە ئەنجامی نالەباری لێكەوتۆتەوە:

یەكەم: گەلی عەرەب یاخود ئەو میللەتانەی بە هۆی بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامەوە، چەند هۆكارێك هانی داون دەستبەرداری زمانو دابونەریتی نەتەوەیی خۆیان ببنو زمانی عەرەبی بكەن بە زمانی خۆیان وەك میللەتانی ئەوسای عێراق، سوریا، بەری ڕۆژئاوای ئەردەنو میسر، تێكڕای باكوری ئەفەریقا، ناكرێ پێیان بوترێ نەتەوەی عەرەب، بەڵكو ئەمانە چەند گەلێكی عەرەبن. لە هەندێك كتێبی تایبەتیدا كە لە حوجرەكاندا بەدی دەكرێن، باسی عەرەبی عاریبەو عەرەبی موستەعرەبە كراوە).

دووەم: عەرەب، ئەگەر ژیانو جۆری بیركردنەوەو ئەو بابەتە شیعرییانەی پێش ئیسلام هەیان بووەو وڵاتەكەیان كە ناوچەیەكی بیابان بووە، لەبەرچاو بگیرێن ساغی دەكەنەوە لە توانای مێشكی عەرەبدا نییە فەلسەفە دابهێنێ، ئەو فەلسەفەیەی هەیەو ناوی فەلسەفەی ئیسلامی لێهێنراوە، بەرهەمی خامەو مێشكی كەسانێكە دوای بوونیان بە مەلا لە مزگەوتو حوجرەدا فێری زمانی عەرەبی بوون. بەو زمانە عەرەبییەی فێری بوون فەلسەفەكەیان نووسیوە. هەندێ سەرچاوە وا باس دەكەن كە فارابی بۆ عێراق هاتووە عەرەبی باش نەزانیوە، یاخود عەرەبی زانینەكەی ئەوەندە نەبووە بتوانێ لەبەر وتارێكی پێ بخوێنێتەوە یان بابەتێكی

---

[133] لە چەند شوێنێكی (مقدمە)دا ئبن خەلدون هێرشی بردۆتە سەر عەرەبو قسەی ناجوانی لە پارسەنگ ناون، وا دەردەكەوێ خۆی، ئەگەرچی هەر بە عەرەبی نوسیوێتی، عەرەب نەبووبێ! بۆ نموونە وتوویە:

ان العرب اذا تغلبوا على اوطان اسرع اليها الخراب. بڕوانە: ابن خلدون: المقدمة: الباب الثاني الفصل ٢٦، ص ١٣٤ (كتاب الشعب).

پێ بنوسێ، گوایە لەگەڵ مەلایەکی تردا ڕێك کەوتووە، مەلاکە فارابی فێری عەرەبی بکاتو ئەویش مەنتیق بە مەلاکە بڵێت!

فەلسەفەکە خۆی بە شێوەی جیاواز هەڵسەنگێنراوە، هەڵسەنگاندنەکەش پتر لە چوارچێوەی گازندەکردندا بووە. بۆ نموونە هیگڵ ئەو فەلسەفەیەی بە کەم زانیوەو وای بۆ چووە کە لە ناوەڕۆكو ڕوخساردا وشكو بێ پێز بووەو خەریکی چەند بابەتێك بووە نەکراوە پەرەسەندنو پێشکەوتنی لێ بکەوێتەوەو تیایدا بابەتێکی سەرنجڕاکێش بەدی ناکرێت، ڕابەرەکانی بنەڕەتو بنەماکانیان فراونتر نەکردووەو کێشە سەرەکییەکانی هیگڵ وتەنی ئەمانە بوون:

"ئایا جیهان کۆنو هەتاهەتاییە یان نا؟.. هەوڵیان داوە یەك ڕەنگیی خوا ساغ بکەنەوە.. هەوڵیان داوە داکۆکی لە باوەڕەکانی محەمەد بکەن، هەر ئەمە بووە وای کردووە مەودای فەلسەفەکردن تەسك ببێتەوە.. عەرەبەکان، وەك کڵێسەو دۆگمی مەسیحییەکان زەمین، مزگەوتو حوجرە پابەندیان کردوونو ئازادییان نەبووە، ئەوان لە ڕەوش (وەحی) بەولاوە هیچ سەرچاوەو بنەمایەکی تریان نەبووە"[١٣٤].

بۆچوونەکانی هیگڵ، ئەوەندەی پەیوەندییان بە لێکدانەوەی قۆناغەکانی فەلسەفەوە هەیە، دەگرێن بە دوو بەشەوە، بەڵام:

یەکەم: کاتێك باسی بابەتەکە دەکات، بلیمەتییەکی لە ڕادەبەدەر لە تێگەیشتنو شیکردنەوەیاندا نیشان دەدات.

دووەم: بۆئەوەی بگاتە ئەو ئەنجامەی پێشەکی خۆی لە مێشکی خۆیدا بڕیاری لەسەر داوە دوور لە گیانی بابەتییانە شتەکان لێکدەداتەوە. ئەگەر بابەتێك، دیاردەیەك ئەنجامێکی لێکەوتبێتەوە بە پێچەوانەی بۆچوونەکەیەوە بووبێ، بەشێوەیەك لێکی داوەتەوە یاخود بڕیارێکی لە بارەیەوە داوە ، ئەگەرچی بڕیارەکەشی هەر بلیمەتانە بووە، ناهەقییەکی تیادا بەدی دەکرێت.

ڕاستە ئەو فەلسەفەیەی بە ناوی فەلسەفەی — ئیسلامەوە - ناسراوە ئەو بابەتانەی هیگڵ باسی کردوون بەشێك بوون لە ناوەڕۆکەکەی، بەڵام هیچ کاتێك ئەم بابەتو ناوەڕۆکە مەودای

---

134 **Hegel, G. W. F, Werke. Bd. 19. S. 518 ff. (vorlesungen ueher die Geschichte der philosophie) Surkamp 1986.**

فەلسەفەکەیان تەسك نەکردۆتەوە، بەڵکو فراوانترو بەپێزتریان کردووە. ئەگەر لە ڕۆژئاوا دوگمەکانی کڵێسە کۆسپی سەر ئەم ڕێگایە بوون، مزگەوتو حوجرە لایەنێکی تری لەباریان هەبووە. هەموو زاناو شەریعەتمەدارو فەیلەسوفو مەلاکان بگرە شاعیرانی کورد لە مزگەوتدا پێگەیشتوون! لە فەلسەفەی ئیسلامیدا کە لە سەرەتادا بە زانستی کەلام دەستی پێکردووە ئەگەر لە سنورێکی دیاریکراویشدا بووبێ ڕێز لە ژیرو مەنتیق گیراوە.

هیگڵ هەلومەرجی بابەتیو خۆیەتی سەدەکانی ناوەڕاستی ڕۆژهەلاتی پشتگوێ خستووە بۆ ئەوەی بگاتەوە ئەو بڕیارەی کە خۆی داویەتیو ئەو ئەنجامەی لێ بخاتەوە کە خۆی مەبەستی بووە. لەو گازندەیەدا هیگڵ کێشەی پەرەسەندنی لەبەرچاو گرتووە. پەرەسەندنێك کە خۆی مەبەستی بووەو خۆی لە چوارچێوە فەلسەفەییە سەرتاپاگیرەکەیدا لێکی داوەتەوە ڕەنگی ڕشتووە.

بە لای هیگڵەوە پەرەسەندن بریتییە لە پەرەسەندنی گیان (ژێر Geist) لە چوارچێوەی بیرۆکەو چەمكو ئایدیادا. ئەم پەرەسەندنە لە ئایینی مەسیحیدا گەیشتۆتە لوتکە، چونکە ئەم ئایینە سەرگەرمی پیادەکردنی مەملەکەتی ڕەب بووە لە جیهاندا.

گومان لەوەدا نییە ئەو مەملەکەتی ڕەببەی هیگڵ مەبەستی بووە لەوەی مەسیحییەت هەوڵی بۆ داوە زۆر جیاواز بووە. تەنانەت ناپلیۆن کە بە لای هیگڵەوە گیانی ڕەهای بەرجەستە کردووەو هەوڵی هێنانەدی ئەو ئاواتەی داوە، کە هیگڵ خەونی پێوە دیوە، ئەو شارەی کاول کردووە کە هیگڵ تیایدا ژیاوەو نەمامی ئازادی شۆڕشی مەزنی فەڕەنسای لێ ناشتووە، بە هۆی هێرشەکەی لەشکری ناپلیۆن هیگڵ لێی قەوماوەو ناچار بووە بە برسێتیو سەرگەردانی خۆی لە شارو مەترەلوز دەرباز بکاتو ڕابکات!!

لە مێشکە بلیمەتەکەی هیگڵ شاردراوە نەبووە کە سەدەکانی ناوەڕاست سەدەی ئایینە جیهانییەکان بوون، هەریەکەیان لە ناوچەو هەواری خۆی هۆکاری سەرەکیو شافاکتەری پرۆسەی جموجۆڵی کۆمەڵ بوون. بۆیە سروشت ئاسا تا ڕادەیەك ناوەڕۆکی بابەتەکانی فەلسەفەیان دیاریکردووە، ئەو فەلسەفەیەی ناوەڕۆكو ڕوخساری زێڕینی بە شارستانی سەردەمی عەبباسی بەخشیوە. ئایا دەکرێ فەلسەفە پرپیشکی کارکردەکانی کۆمەڵی بەرنەکەوێو لە هەلو مەرجی کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆجیو ئایینو ژیان دوورەپەرێز بێت.

کاتێك فەلسەفەکە بێ پێز دەبوو کە پەیوەندی دەستیاوی لەگەڵ لاهوتی ئایینەکەدا نەبوایەو کارلێکردن‌و کارتێکران لە ئارادا نەبونایە.

ڕاستە فەلسەفە دەرفەتی پەرەسەندنی نەدراوەو بە بڕیاری زاڵمانە قەدەغە کراوە، ئەم بڕیارو قەدەغەکردنە لە سەرەوە بەسەر فەلسەفەکەدا سەپێنراون، دەرفەتیان نەداوە بەو جۆرە پەرەبستێنێ‌و خەت‌و خاڵ بدات کە سروشت ئاسا چاوەڕوان کراوە.

ئەگەر فەلسەفە مەوداکەی تەسك کرابێت‌و پەرەی نەسەندبێ، ئۆباڵەکە ناچێتە ئەستۆی فەلسەفە، بەڵکو ئەو هەلومەرجەی ئەم ڕەوشەیان بەسەر فەلسەفەدا سەپاندووە ئەوان خۆیان لەم کارەدا دەبێ ئۆباڵەکە بکێشن.

هەموو بیرمەندێکی ڕوناکبیری ژیر کە ئاگاداری پرۆسەی پەرەسەندنی زانستی کەلام‌و فەلسەفەی ئیسلام بێت، دەزانێ کە ئەشعەری ئەوپەڕی سەلەفی‌و کۆنەپارێز بووە، بە بیروبۆچوونەکانی هەرگیزاو هەرگیز خزمەتی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی کۆمەڵی نەکردووەو لەمەش پتر کە جێگای داخ‌و ئێش‌و ئازار بێت، ڕێگای بۆ قەدەغەکردنی فەلسەفەو بیری ئازادو لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) خۆشکردووە[١٣٥]. بەڵام با سەرنج لەو تیۆرییە فەلسەفییە سەلەفییە بدەین کە ئەو بۆ چارەسەرو وەڵامی بابەتی قەزاوقەدەرو ئازادی خواست پێشکەشی کردووە، کە بە ئاشکرا ڕۆڵی گرنگی بیری فەلسەفەیی پشت ڕاست دەکاتەوە کە ئەوسا گێڕاویەتی. ئەشعەری لە تیۆری کەسب‌و ئازادی خواستی مرۆڤدا ئەوپەڕی وردەکاریی‌و زیرەکی دەرخستووە، بەڵام ئەو زیرەکی‌و دەست ڕەنگینییەی بە بارێکدا بەکارهێناوە پتر گیرخواردن‌و بەرەودواوە گەڕانەوە بووە بۆ پاراستنی بارودۆخ‌و ڕەوشێك مایەی دواکەوتن نەك پێشکەوتنی مرۆڤ‌و پەرەسەندنی شارستانی بووە.

ئارنست ڕێنانی فەڕەنسایی لەو کتێبەیدا کە بە ناوی ئبن ڕوشدو ڕوشدییەت داینا‌وە ئەو گریمانەیەی کردووە عەرەب بە ڕەگەز سامین، مرۆڤی سامی مێشکێکی هەیە پتر بەرەو یەك ڕەنگیی تەکان دەدات. لە یەك ڕەنگیی هیچ کاتێك فەلسەفەو زانست ناکەوێتەوە. ئەو فەلسەفەیەی ناوی عەرەبی -ئیسلامی لێنراوە لە لێکدانەوەی چەوتی فەلسەفەی یۆنانی بە گشتی‌و فەلسەفەی ئەفلاتون‌و ئەریستۆتلس بە تایبەتی بەولاوە نییە.

---

[135] **Spitta, w., Zur Geschichte Abulhasan Al Asari's. Leipzig 1876. S. 43.**

ئەو بۆچوونەی ڕێنان لە لایەن لۆرد بیرتراند ڕەسڵەوە[١٣٦] پشتگیری کراوەو وای داناوە گوایە فەلسەفە بابەتێکی ڕۆژئاواییەو لە ڕۆژهەڵاتدا تەنیا هەر ئەفسانەو ئایین هەبوون.

ئەم دوو بۆچوونە کە دەکرێ بخرێنە دووتای یەك تەرازووەوە چاو لە زۆر ڕاستی دەپۆشن. ڕاستە فەلسەفە داهێنانێکی ڕەسەنی یۆنانییەو ڕۆژهەڵات مەڵبەندی پەیدابوونی جیهانیی ئایینەکان بووە. بەڵام سەردەمی عەبباسییەکان کە بە سەردەمی زێڕین ناوبراوە، دەکرێ بە نموونە بهێنرێتەوە.

دوور نییە ڕێنان بیری لەوە کردبێتەوە لە دوورگەی عەرەبی سەردەمی جاهیلییەتدا ئەو جۆرە شارستانییە پێشکەوتووە نەبووبێ کە ئەو مەبەستی بووە. ئەمەش، ئەگەر هەلومەرجی ئەوسا لە بەرچاو بگیرێت، لە جێگای خۆیدا نییە.

ئەگەر مێشکی ڕەگەزی سامی بەرەو یەك ڕەنگیی تەکان بدات، جولەکە سامین، چۆن ئەم هەموو ئەدیبو ڕۆشنبیرو فەیلەسوفو زاناو لاهوتیو قانونزانە لەنێو میللەتی جولەکەدا هەڵکەوتوون؟ ئەگەر لەنێو شارستانی ئیسلامدا، ئبن خەلدون وتەنی عەرەب هیچی نەکردبێ، کە ئەم بڕیارەش ڕەوا نییە، ئەوی شتیان کردبێ ڕۆڵەی میللەتانی تر بوون، ئەوا لە ئایینی موساییدا ئەم دیاردەیە نەبووە. ئەوی بە ڕەچەڵەك عیبرانی نەبووبێ جولەکە نەبووەو لە خۆیان بەولاوە ڕێگایان نەداوە کەسی تر بێتە سەر ئایینەکەیانو بڕوایان پێ بهێنێ! فیلۆن، موسا بن مەیمون، بن گەبڕول، سپینۆزا، مارکسو ئاینشتاین سامی بوون.

بێگومان فەلسەفە هەبووە، عەرەب بەشداری تیادا کردووە، بەڵام چ ناوێك لەو فەلسەفەیە دەنرێت، کێشەیەکە تا ئێستا لە کۆڕو کۆمەڵە ئەکادیمییەکاندا مشتومڕی لە سەرە. ئەم فەلسەفەیە بە ناهەق ناوی ئیسلامی بەسەردا بڕاوە، چونکە لە چەندین گریمانەو بنەماو ئەنجامدا لەگەڵ ڕێو شوێنەکانی ئایینی ئیسلامدا یەكو تەباو گونجاو نەبووە. هەروەها ناکرێ ئەو ڕاستییە پشتگوێ بخرێت کە ئایینی ئیسلام خۆیو ئەو پەرەسەندنانەی بەسەریدا هاتوونو کردونی، هۆکارێکی سەرەکی پەیدابوونی ئەم فەلسەفەیە بوون. ئەگەر ئایینی ئیسلام بڵاونەبووایەتەوەو دەوڵەتو ئیمپراتۆرییەتێکی سەرتاپاگیری بنیات نەنایە، پێویستی بەکاروباری بەڕێوەبردنو سیاسەتو قانونو بودجەو داکۆکیکردن لە بنەماکانی نەدەبوو،

---

[136] Russell. B., Philosophie des Abendlandes. Wien 2000. S. 432.

ڕەسڵ لەم کتێبەدا قسەی ناخۆشی بە عەرەبو موسڵمانان وتووە.

فەلسەفەی یۆنانیش هەر بە سریانیو فارسیو ئارامی دەبوو، نەدەکرا بە عەرەبی. هەر ئایینەکە بووە بیرمەندو مەلایانی میللەتانی تری فێری زمانی عەرەبی کردووەو خۆی بووە بە زمانی لاتینی ڕۆژهەڵات. ئەگەر حوجرەو مزگەوتی ئایینی ئیسلام نەبوونایە، فارابیو بوعەلی سیناو غەزالی فێری عەرەبی نەدەبوونو ئەو فەلسەفەیەیان دانەدەهێنا.

گۆڕانی ئیسلام لە ئایینەوە بۆ دەوڵەت، پەیدابوونی ئیسلامی سیاسیو کۆنترۆڵ کردنی کاروباری وڵاتانی تری دەرەوەی دوورگەی عەرەب فاکتەرێکی ناچارەکی بووە بۆتە مایەی ئەوەی ئەو فەلسەفەیە پەیدابێ کە ئەمڕۆ کێشە لەسەر ناوەکەی هەیەو عەرەب بە فەلسەفەی خۆیو کەسانی تر بە فەلسەفەی ئیسلامی ناوی دەبەن. ئەگەر بشێ ئەم فەلسەفەیە لە بارێکەوە بە ئیسلامی ناوببرێ ئەوا ئەم بەرهەمەی بیری فەلسەفە بە هیچ جۆرێك لە ناوەڕۆكو كەرەسەدا فرێ بەسەر کاروبارێکەوە نییە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە عەرەبەوە هەبێ. ئەگەر زمانی عەرەبی بەکارهاتبێ لەبەرئەوە بووە زمانی کتێبی سەرەکی ئایینەکەیە. فەلسەفەکە لە کۆڕو کۆمەڵو کەشو هەوایەکدا کە زمانەکەی عەرەبی بووە، پەیدابووە. خۆ ئەگەر ئایینی ئیسلام زمانێکی تری هەڵبژاردبایە بێگومان فەلسەفەکە بەو زمانەی تر دەنوسرا. ئەوەندەی من ئاگاداری بابەتەکە بم، لە هەموو ئەو کتێبو بەرهەمانەی ناوەڕۆکەکەیان بە فەلسەفەی ئیسلامی ناوبراوە، پێم شك نایەت شتێکیان تیادا بێ ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، لە زمانەکە بەولاوە، پەیوەندی بە عەرەبو کۆمەڵو میللەتی عەرەبەوە هەبێ. ئەو بابەتانەی کراون بە کەرەسەی لێکۆڵینەوەو ئەو پرسیارانەی کراونو وەڵام دراونەتەوە، بە هیچ جۆرێك لە کۆمەڵی عەرەبییەوە سەریان هەڵنەداوە، بەڵکو ئایینەکە خۆیو ئەو پەرەسەندنەی بەسەریدا هاتووە مایەی پەیدابوونی ئەم فەلسەفەیە بوون.

قسەکەی ئبن خەلدون ڕاستە، فەیلەسوفو بیرمەندو زاناکانی ئیسلام عەرەب نەبوون. بەڵام ئەگەر ئایینو زمانی عەرەبیو دەوڵەتی تۆتالیتێری بە زمانو دەسەڵات عەرەبی نەبوایە، ئەم میللەتانە ئیسلام نەدەبوونو ئەم فەلسەفەو شارستانییە گەورەیەی سەردەمی عەبباسی پەیدا نەدەبوو. فەلسەفەی ئیسلامی بەهۆی بابەتەکانی ئایینەوە ناوەڕۆكو ڕوخسارێکی پێبڕاوە، نەك تەسكو تەنگەبەر بەڵکو فراوانتر بووە. ئەگەر ئەم ڕایە دروست بێبۆچی ئەم

فەلسەفەیە وەك قۆناغو وڵاتانی تر دەرفەتی سروشتی پەرەسەندنی نەبووە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دیارەو شتێکە دیارە ئۆباڵەکەی دەچێتە چ ئەستۆیەك!

٢-ئەو پرسیارەی بە بیردا دێتو بە ئاسانی ناکرێ وەڵام بدرێتەوە، کام چوارچێوەیە بۆ لێکدانەوەی فەلسەفەی ئیسلامی گونجاوە؟

ئەوەی هیگڵ وتوویەتی: پەرەسەندن لە بەرەوپێشچوونی گیانی ڕەها لە چوارچێوەی بیرۆکەو ئایدیا بەولاوە نییە، ئەگەر ئەم چوارچێوەیە پەسەند بێت دەبێ گیانی ڕەها لە فەلسەفەی ئیسلامدا چی بووبێو لە کام بیرۆکەو ئایدیادا گەشەی کردبێ؟

یاخود گریمانەکەی ڤیلهێلم دێلتێی پەسەند بکرێت کە دەڵێ: بیرۆکەی ژیانو ژیان خۆی مایەی پەرەسەندنو بەرەوپێشچوونن[١٣٧]؟ دێلتێی، دوای ئەوەی ڕۆڵی ئایینو ڕێو شوێنەکانی ئاکارو خواستو هونەری لە بوونی مرۆڤدا توێ توێ کردووە هاتۆتە سەر ئەو باوەڕەی فاکتەری ژیان هاندەری پرۆسەکەیە. ئایا ناکرێ هەردوو بۆچوونەکە بە تەواوکەری یەکتری دابنرێنو بکرێن بە چوارچێوەیەك ئەو دیاردە فەلسەفەیەی ئیسلامیان تیادا دابڕێژرێ؟

ئایین دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە هەلومەرجی دیاریکراودا بۆ پیادەکردنی مەبەستو ئامانجی تایبەتی پەیدابووە. ئایینی ئیسلام کە سەریهەڵداوە کۆمەڵی ئەوسای لە قۆناغێکەوە بەرەو قۆناغێکی تری پێشکەوتووتر بردووە. ڕۆڵی پێشکەوتنخوازی ئەم ئایینە لەوەدا بووە کۆمەڵی جاهیلی پابەند بە هەبوونی بەندو کۆیلەی هەڵتەکاندووەو لە جێگاکەیدا کۆمەڵێکی تری هێناوەتە کایەوە کە لە سەردەمی عەبباسیدا بە تەواوەتی خەتو خاڵی داوە، کۆمەڵی دەرەبەگایەتی (فیودالی).

٣- لە فەلسەفەی مەسیحی سەدەکانی ناوەڕاستدا لاهوتییەکان گازندەیان کردووە، چونکە بیرمەندان پێیان لەسەر هەبوونی دوو جۆرە ڕاستیی داگرتووە، ڕاستی ژیر (فەلسەفە) و ڕاستی بڕوا (لاهوت- ئایین). بە لای منەوە ئەم گازندەیە، دوای ئەوەی لە ناوەڕۆكو ڕوخساردا گۆڕانی بەسەردا بهێنرێ بە تەواوەتی ڕەوشی ئەوسای سەردەمی ئەمەوییەکان دەگرێتەوە. چۆن؟ شەهرستانی دەربارەی معاویەی ئەمەوی دامەزرێنەری دەسەڵاتی سیاسی بەنی ئومیە، وتویەتی "خراب الاسلام بدء بمعاوية". واتە معاویە بووە بە هۆی تێکچوونی ئیسلام. ئەم قسەیە

[137] Dilthey, W., Gesammelte Schriften. Bd. 2. S. 8. (Weltanschauung und Analyse des Menschen).

پەیوەنـدی چـییە بـە گازنـدەی پێـشوو، تـا چ ڕادەیـەك سـەرنج بـۆ لای کێـشە ڕاسـتەقینەکەی سەردەمی خۆی ڕادەکێشێ؟ ئایا نەمانی عەلی ئەبو تالبو سـەرکەوتنی معاویـە تێکـچوونی ئـایین بووە یاخود گۆڕانی سەرتاپاگیر بووە بەسەر ئایینەکەدا هاتووە؟

ئەوی شەهرستانی بە تێکچوونی دادەنـێ، وەك لاهوتییـەك، لـەلای سیاسـەتمەدارو شـارەزایانی فەلسەفەوە ناوێکی ترو لێکدانەوەیەکی تر هەڵدەگرێ. جـەنگی خوێنـاوی نێـوان عـەلیو معاویـە جـەنگی نێـوان دوو ڕێبـاز بـووە لـە چوارچـێوەی ئایینەکـە خۆیـدا. عـەلی ویـستوویەتی ئـایین سەرمەشق بێت، لە چوارچێوەی ئایینو لەژێر دەسەڵاتی ئیماندا ڕەنگی ژیانی مرۆڤو کۆمـەڵ بـە هەموو لایـەنو فـرە ڕەنگییەکانیـەوە بڕێـژێ، ئەگـەر جـۆرە دەسـەڵاتو حوکمڕانییـەك هـەبێت، دەبـێ سەرچـاوە لـە ئایینـەوە بگرێـت. بـە دووری نـازانم ئەگـەر عـەلی سـەرکەوتبایە جـۆرە هاوکێـشەیەك لـە نێـوان ڕەگـەزی دەسترۆیـشتووی عـەربو ڕەگـەزەکانی میللـەتانی تـردا دەبـوو. معاویە بەلای دنیادا ڕایکێشاوەو سیاسەتو کاروباری دەوڵەتی کردووە بـە سەرمەشقو سیاسـەتی بـە عـەرەبکردنی دەسـتپێکردووە. سـەرکەوتنی معاویـە ئیـسلامی سیاسـی دروسـتکردووەو تـای تەرازووی ئـایین بـە لای سیاسـەتو کاروبـاری دنیاییـدا لاسـەنگ بـووە. دوو ڕێبـاز لـەنێو ئـایینی ئیسلامدا دەستەویەخە لـە کێشەو بـەرەدا بـوون ڕێبـازی ئـایینیو ڕێبـازی دنیـایی. ئـەوی باسـی دوژمنایەتیو ناکۆکی نێوان تیرەو تایەفـەکانی کـردووە، یـان لـە ڕاسـتی فاکتـەرەکانی مێـژوو بـێ خەبەر بووە، یاخود بۆ مەبەستی تایبەتی چاوی لـەم ڕاسـتییە نوقانـدووە. ئـایینی ئیـسلام دوای بڵاوبوونەوەی لە بەردەم دوو ڕێگادا بووە:

یەکەم: وەك جاران هەر بە ئایین بمێنێتەوەو دەست لە کاروباری نائایینی وەرنەدات یاخود

دووەم: بـبێ بـە دەوڵـەتو کاروبـاری سیاسـیو ئـابوریو کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵ بەڕێوەبـەرێت. سەرکەوتنی معاویە ئەگەرچی بە گران کـەوتووەو خـوێنێکی زۆری تیـادا ڕژاوەو عـەرەب بـوو بـە ئاغاو میللـەتانی تـر ژێردەسـتە، بـەڵام ئـەو هەلومـەرجو ڕەوشـەی بەرجەسـتە کـردووە کـە وەك ڕاستەقینەیەکی ناچارەکی دەستەویەخەی ئایینی تازە لە (حیجازەوە هاتوو) بۆتەوە.

خۆ ئەگـەر ئـەو پرۆسـە خوێناوییـەی بـە سـەرکەوتنی لایـەنی دنیـایی ئایینەکـە تـەواو بـوو، ڕووینەدابایـەو معاویـە مـۆرك و ڕوخـساری دنیـایی بـە ئایینەکـە ببەخـشیبایە، دوور نـەبوو بارودۆخەکـە بـە لایـەکی تـردا تـەکانی دابایـە، دوور نـەبوو سـەردەمی زێـڕینی عەبباسـیو

گەشەکردنی ئەدەبو فەلسەفەو زانست بە جۆرێکی ترو بە زمانێکی تر بوونایەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شانۆی ڕووداو قەومانی تر ببوایە.

بوونی معاویە بە سەرۆکی دەوڵەت، یاخود شەهرەستانی وتەنی بوو بە یەکەم پاشا "اول ملك في الاسلام" لایەنی لە بارو نالەباری هەبووەو کاری لە سەردەمی خۆیو دواتری کردووە. معاویە بۆ ئەوەی ڕەوایی بە دەسەڵاتی خۆی بدات زۆر شتی کردووە، هانی زۆر شتی داوە. سیاسەتمەدارو مەلاو زانا ئایینییەکانی لە خۆی نزیك کردۆتەوە بۆ ڕەواکردنی زەبروزەنگەکەی گریمانەو تیۆری سیاسییان داناوە، تیۆری ئیمامەت لە ئسیلامدا نموونەیەکە لەم تیۆریانە.

لە چوارچێوەی ئایینو شەریعەتو زانستی ئایینیدا، وەك سەرەتایەکی چوزەرەکردنی زانستی کەلام چەندین ڕێباز (فرقە) پەیدابوون، کە هەوڵیان داوە لەسەر معاویە بکەنەوەو کردارو دەسەڵاتەکەی ڕەوا بکەن. کرداری چاکەو بەدکاریو گوناهو سزاو تاوانو (مرتكب الكبيرە)یان کردووە بە بابەتی لێکۆڵینەوە. بۆ نموونە ڕابەرانی ڕێبازێکی سەرکەوتووی وەك مورجیئە لە زانستی کەلامدا هەوڵیان داوە ساغی بکەنەوە معاویە گومڕا نییەو دەکرێ خەلیفە بێت، چونکە "لاتضر مع الايمان معصية ولاتنفع مع الكفر طاعة". نوێنەرانی مورجیئە کە لایەنگیری معاویەو ئەهلی سوننە بوون، یاخود لێیانەوە نزیك بوون، "کارو کردارییان دواخستووەو لە بڕواو ئیمان دایانبڕیون" هەر بۆیە ناوی مورجیئەیان لێنراوە، چونکە وشەی "الإرجاء" مانای دواخستنو لێکدابڕینی کردارو بڕوا دەگەیەنێ. ئەوان وای بۆ چوون، یاخود بۆ پاکانەکردن بۆ کردارەکانی معاویەو خوێن ڕشتنەکەی نێوان معاویەو عەلی وایان فەتوا داوە: بڕواو ئیمان بە دڵو دەروون دەبن[138]. ئیتر بابەتی حوکمڕانیو ئیمانەت کە ئەوسا باسکراوە بابەتێکی سیاسییەوە لە چوارچێوەی فەلسەفە دەچێتە دەرەوە.

سەرکەوتنی معاویە لە سیاسەتدا ئەو قسەیە بیردەخاتەوە کە دەڵێ "رب ضارة نافعة". وەك ئەنجامێکی سیاسەتی معاویە کە ڕووی لە دنیا کردووە، ڕوخساری شارستانیەت وردە وردە دەرکەوتووە دەوڵەتێکی بەهێزی سەرتاپاگیر، تا ڕادەیەك دوور لە دەسەڵاتی نالەباری پیاوە

---

138 المرجئه= الارجاء: هوفك الارتباط مابين العمل والايمان. الايمان بالقلب. اخروا العمل وفصلوه عن الايمان:

-الشهرستاني: الفرق بين الفرق و الملل والنحل ١٨٤٦. في اماكن مختلفة

لاهوتییەکان پەیدابووە، شاری گەورە دروست بوون، باری ژیانی ئابوریو کۆمەڵایەتی بەرەو باشتر هەنگاوی ناوە، ئەگەرچی لاهوتو پیاوە ئاینییەکان خەمەکەیان بۆ پشتگیری ڕژێمی دەسەڵاتداری معاویە خستۆتە کار[139]، شنەبای بەهاری دەرکەوتنی زانستو زانستی کەلامو فەلسەفە هەڵیکردووە. لە سێبەری دەوڵەتی نوێدا دیاردەو فاکتەری پەرەسەندنی کۆمەڵو ئۆرگانو ڕێکخراوە هەمەچەشنەکانی دەرکەوتون، بە تایبەتی دراو بۆ کڕینو فرۆشتنو بازرگانی، موڵکداری تایبەتیو مسکینو ڕەنجدەرو کۆیلە کە لە دواییدا بوون بە (موالی) لە کۆمەڵدا دەستبەکار بوونو لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، بە پێی ئەو سەردەمە ڕۆڵی خۆیانیان گێڕاوە. شان بە شانی ئەم دۆخە چینێکی دیار لە کەسانی بازرگان خەتو خاڵی داوە، ئەمانە بە گشتی پلەیەکی بەرهەمهێنانی شتومەکو باری ئابوری شارستانی جیاتر لە قۆناغی پێش خۆیان نیشان داوە.

٤- هەر لەم سەردەمەدا زانستی کەلام سەریهەڵداوە ڕابەرەکانی خۆیان بە موتەکەلیم ناوبردووە. ئەم بابەتە بە ڕوخسارو ناوەڕۆك لە بابەتەکانی تر جیادەکرێتەوە. دەکرێ ئەمانە، ئەگەرچی خۆیان بە ڕقەبەرانی زانایانی فیقهو شەریعەت داناوە، بە ڕابەرانی لاهوتو دۆگمی ئیسلام دابنرێن.

لە نوسینەکانیاندا بەوە خۆیان لە فوقەهاکان جیاکردۆتەوە ئەوان سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی ڕیشەو بنەماکانی بڕوان (الاصول) و فوقەهاکان لە لقەکان (فروع) دەکۆڵنەوە. ئەم خۆجیاکردنەوەیە تا ڕادەیەك ڕاستیو ڕەوایی تیادا بەدی دەکرێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو بابەتانە کە باسیان کردوونو ئەو پەیڕەوو ڕێبازەی بۆ لێکۆڵینەوە پەنایان بردوونە بەر لەبەرچاو بگیرێن.

بایەخو گرنگی ئەم زانستی کەلامە کاتێك بە تەواوەتی دەردەکەوێ ئەگەر ئەو ڕەوشە لەبەرچاو بگیرێ کە تیایدا سەریهەڵداوە. ئەم ڕەوشو هەلومەرجانە چەند دیاردەیەك نیشان دەدەن ناکرێ مرۆڤ بە سەریاندا تێبپەڕێ:

یەکەم: لە مێژوودا وا زانراوە هێزی دەستڕۆیشتوو کە وڵاتێکی داگیرکردبێ یاخود ناوچەیەکی (فەتح) کردبێ، کاری سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیری لە میللەتە

---

[139] **Ley, Hermann., Studie Zur Geschichte des Materialismus im Mittelater. Berlin (Ost) 1957. S. 26. 27.**

داگیرکراوه ژێردەستە (فەتح) کراوەکە کردووە. کەچی لێرەدا دیاردەکە بە پێچەوانەوەیە. ئەو عەرەبانە هاتوون وڵاتەکەیان (فەتح) کردووە لە لایەن ناوچە تازەکانەوە، لە لایەن شارستانییە پێشکەوتووەکەی ئەو دەڤەرە ژێردەستەوە کاریان تێکراوە. عەرەبەکان وتوویانە، هاتوون ئەم وڵاتو میللەتانە لە نەزانینو بێبڕوایی ڕزگار بکەن، ئەمە تا ڕادەیەك ڕەواییەکی تیادا بەدی دەکرێت، بەڵام نەزانینو (جەهالەت) لەم وڵاتانەدا زۆر لە نەزانینو (جەهالەتی) نیمچە دوورگەی عەرەبی پێش ئیسلام جیاواز بووە. بتپەرستیی لە نیمچە دوورگەی عەرەبدا هەبووە. لەو وڵاتە تازە داگیرکراوانەدا هەردوو ئاینی جیهانی جولەکەو مەسیحی بڵاوو ناسراو بوون.

تەنانەت لە نزیك ناوچەی کوفە کە عەلی ئەبو تالیب ویستوویەتی بیکات بە پایتەخت، دێری ڕەبەنی مەسیحی لێبووە، لە کوردستانو فارسدا ئاینی زەردەشتی شان بە شانی هەردوو ئاینی موساو عیسا لەنێو خەڵکدا بڵاوبوون.

کاتێك ئەکادیمییەکەی ئەفلاتوون داخراوە، فارسەکان لە باکوری کوردستانو وڵاتی فارس (گوندی شاپورو نوسەیبینو ڕوها..) مەڵبەندی زانستییان بۆ فەیلەسوفەکان کردۆتەوەو یارمەتییان داون.

ئەو کاتە لەو شوێنانە فەلسەفەو جۆرە لاهوتێك هەبووە کە بنەمای شارستانییان لێ پێکهاتووە (بێگومان شان بە شانی بنەماکانی تر).

ئەو جۆری بەڕێوەبردنو سیستەمە سیاسیو ڕژێمە پێشکەوتووە کۆمەڵایەتییانەی لەم ناوچانەدا شارستانییەتێکی شکۆمەندیان پێکهێناوە، عەرەبەکان تاوەکو لە نیمچە دوورگەی عەرەب وەدەر نەکەوتوون، نە هەیانبووەو نە دیویانەو نە لە بارەیەوە شتیان بیستووە.

جەنگی نەپساوەی فارسو یۆنان، فارسو بیزەنتی، سەرەڕای ماندووکردنی میللەت، ڕۆژهەڵاتو ڕۆژئاوای ئەوسایان لێك نزیك کردۆتەوە[140].

دووەم: زانستی کەلام زیرەکانە بە دەنگ فاکتەرو هۆکارو هەلومەرجو ڕەوشە جیاوازەکانی سەردەمی خۆیەوە هاتووە. ئەگەر لە سەرەتادا میللەتانی دەرەوەی دوورگەی عەرەب، جگە لە

---

[140] هەندێك سەرچاوەی ئەوروپایی وا دەردەخەن کە ئەم ڕەوشی جەنگە کە درێژەی کێشاوە بارودۆخی لەباری بۆ بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە ناوچەکەدا دەستەبەر بووە. دوور نییە میللەتەکانیش بۆ ڕزگاربوون لەم سەرکردەو شایە جەنگ فرۆشانە بە گەرمی پێشوازی عەرەبەکانیان کردبێ.

ئایینەکە، بەبێ بیرکردنەوە هەموو ئەو شتانە کە هەڵگری ئاڵای ئایینی نوێ هێناویانە، پەسەندکرد کردبێ، چونکە هاتووەکانیان بە ڕزگارکەر داناوە، ئەوا دوای جێگیربوونی پایەی ئایینو دەوڵەتو بڵاوبوونەوەی ئارامیو ئاسایشو کۆتایی هاتنی (غەزاو فەتح) بیرمەندان پتر پەرژاونەتە سەر بیرکردنەوە لە کاروباری لاهوتو فیقە، شەریعەتو سیاسەت.. هتد. بیریان لێکردوونەتەوە، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەیان داوە کە بە هۆی جێگیربوونی ئایینی نوێ لە کۆمەڵەیاندا وروژاون.

بابەتی یەك ڕەنگیی، خەسڵەتو خواست، بوون، بنەماکانی ئایینو ژینو مردن کێشەی داهێنانی جیهان (خەلق) بەوپەڕی دەستڕەنگینییەوە توێ توێ کراون. بە باوەڕی من ئەو وەڵامانەی نەززامی موعتەزیلی لەم بارەیەوە داونیەتەوە، بە پێی سەردەمی خۆی، لەوان چاکترو بەپێزتر لە تواناادا نەبوون، بە تایبەتی تیۆری (کمون) کە دەڵێ، پەیدابوون پەرەسەندن لە (کون بعد کمون) بەولاوە نییە. من وای بۆ دەچم قسەکەی دکتۆر هۆرۆڤیش لە جێگای خۆیدا نەبێ کە وتوویەتی گوایە نەززامی موعتەزیلی ئەم قسەیەی لە میدراشی جولەکەوە وەرگرتووەو گوایە دواتر موسا بن مەیمون بە هەمان شێوە باسی ئەم بابەتەی کردووەو وتوویەتی: کێشەی داهێنان (خەلق) لە یەك ڕۆژداو بە یەك جار تەواو بووە، ئەم داهێنانە وەك چاندنی تۆو وابووە[141]. جوتیارێك تۆو دەوەشێنێ هەر دەنکە تۆوە لە کاتێکدا بە جیا شین دەبێ. وەشاندنی تۆوەکە داهێنان (خەلقەکە)یە کە لە یەك کاتدا بووە. بەڵام شین بوونەکە لە دوای یەكو لە کاتی جیاوازدا دەبێ.

بابەتی داهێنان (خەلق) لە بنچینەدا بۆ یەکەم جار بە ڕێکوپێکی لە کتێبی تەوراتی جولەکەدا هاتووە، هەر لە سەرەتاوە بووە بە کێشەو چەندین پرسیاری وروژاندوە کەوا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە. بەڵام لە یەکچوونی دوو بۆچوون مانای ئەوە ناگەیەنێ یەکێکیان لەوی ترەوە خواستبییەوە یان لەوەوە وەریگرتبێ. نەززام بێگومان شارەزا بووە، لە سەردەمی ئەودا لە بەغداو شارەکانی تر جولەکە پەرشو بڵاو بوون، بۆیە بە دووری نازانم کە ناوەڕۆکی تەورات

---

[141] Dr. Horovitz, Ueber den Einfluss der griechischen Philosophie auf die Entwicklung des Kalam. Breslau 1909. S. 22.

ڕاستە شتێکی بەم جۆرە لە تەوراتدا هاتووە. ئایا نەززامی موعتەزیلی ئەوکاتە تەوراتی جولەکەی دیوەو خوێندوویەتییەوە؟

له لایەن زۆربەی هەرە زۆری زانا ئایینییەکانەوە شاردراوە نەبووبێ. تەورات خۆی بە ئاشکرا وتوویەتی، ڕەب لە شەش ڕۆژدا دنیای داهێناوەو ڕۆژی حەوتەم پشووی داوە، کەوابوو چۆن لاهوتییەکی جولەکە بە پێچەوانەی تەوراتەوە قسەی کردووەو چۆن نەززام لێوەی وەریگرتووە!

سێیەم: بیروبۆچوونی ڕابەرانی زانستی کەلام بە هیچ جۆرێك گومڕاییو لادان نەبووە لە بنەماکانی ئایین. بەڵکو ئەوی کردوویانەو وتوویانە هەڵوێستی دلێرانەو لێکۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) بووە. بە هیچ جۆرێك ئەم لێکۆڵینەوە ئازادانە لە چوارچێوەی بۆچوونە گشتییەکەی جیهانبینی ئایین نەچۆتە دەرێ.

ئەم لێکۆڵینەوە ئازادانەی هەندێ لە زانایانی کەلام، سەلەفی لەم قسەیەم بەدەرن، دەریخستووە تا چ ڕادەیەك لە توانایدا هەیە بۆ لێکدانەوەی ئەو بابەتانەی کە ئەگەرچی لە چوارچێوەی بیر ناچنە دەرەوەو چارەنووس سازن. سوود لە هێزو توانای ژیرو مەنتیق وەربگرێو کاردانەوەی خۆی نیشان بدات.

دینامیکییەتی مرۆڤو هەڵوێستی کۆمەڵایەتیو توانای ژیرەکی لە بۆچوونە جیاوازەکانی ئەم ڕێبازە جۆربەجۆرو فرە ڕەنگییانەی زانستی کەلامدا دەردەکەون. هیچ شتێك وەك خۆی بەبێ گۆڕانو مشتومالّ کردن، با ئەو شتە، ئەو بیرە، ئەو تیۆرییە، ئەو بیروباوەڕو بۆچوونە بە دەسەڵاتێکی سەرو سروشتی ترانسندێنتی پشت ئەستور بێت وا بە ئاسانی بەسەر کۆمەڵو مرۆڤدا ناسەپێو پیادە ناکرێت. کۆمەڵو مرۆڤ پێکەوە ئۆرگانو ڕێکخراوو بوونەوەری دێنامیکین، کاتێك شتەکە وەردەگرنو تۆماری دەکەن ئەگەر ئەو شتە بە جۆرێکی لێهات لەگەڵ سروشتی خۆیاندا بگونجێ. بۆ نموونە ئایا ئەو ئایینەی لە حیجازەوە هاتووە هەمان ئایینە کە لە تاران، هەولێر، لە حیجازی وەهابی هەیە؟ ئایا پەیدابوونی پێنج مەزهەب لە سوننەداو دوو مەزهەب لە شیعەدا ئەو گۆڕانە نەبووە کە کۆمەڵ بە پێی سروشتو هەلومەرجی تایبەتمەندی خۆی بەسەر ئایینەکەدا هێناویەتی بۆئەوەی لەگەڵ تایبەتمەندی خۆیدا بگونجێ؟

٤- ئەگەرچی موعتەزیلەی هەڵگرانی مەشخەڵی پێشکەوتن دووچاری کێشەو بەرەو ئازارو ئەشکەنجەیەکی لە ڕادەبەدەر بوونو بە جۆرێك کە لە هەموو سنورێك تێپەڕیوە ساردو سووکییان پێکراوە، دڕندانە کوژراون، بەڵام بزوتنەوەی کەلام، وەك بزوتنەوەیەکی بیریو ئایدیۆلۆجیو ڕوناکبیری سەردەمی خۆی، پلەو پایەی ژیرو مرۆڤو گۆڕانکاریی پتەوتر کردووەو

چۆته قۆناغێکی ترەوە، قۆناغی باڵاتر، کە تیایدا فەلسەفەی ئیسلام خەتو خاڵی داوەو کەڵە فەیلەسوفی وەك ئبن روشدی ئەندەلوسی دەرکەوتووە.

پەیدابوونی فەلسەفەی ئیسلام هۆکاری ناوەکی دەرەکی خۆی هەبووە، جگە لەو گۆڕانەی بەسەر ئایینەکەدا هاتووەو ئەرکێکی نوێی کەوتۆتە ئەستۆ: ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت.

بە باوەڕی من ئەو نووسەرە ڕۆژئاواییانەی تای تەرازویان بە لای هۆکاری دەرەکیو وەرگێڕانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ سەر زمانی عەرەب لاسەنگ کردووە ڕاستیی ئەو گۆڕانانەیان پشتگوێ خستووە کە بەسەر ئایینەکەدا هاتووە. ئایینەکە  دوای هاتنی بۆ وڵاتانی تری دەرەوەی حیجاز بوو بە ئیمپراتۆرییەتێك لە خوارووی ئیسپانیاوە تاوەکو سەمەرقەندو هیندستان دەسەڵاتی سیاسی فەرمانڕەوایی هەبووە.

جەوهەری ئایینەکە خۆیو ئەو ناوەڕۆکەی هەیەتیو ئەو بابەتانەی باسی کردوون، ئەو کێشەو گرفتانەی هاتوونەتە بەردەمی، بیرمەندو زانایانی لاهوتو کەلامیان ناچار کردووە بە دوای وەڵامو چارەسەردا بگەڕێن. بۆ نموونە لە قورئاندا چەند ئایەتێکی (موتەشابهات) هەبووە باسی (ڕوح) گیان کراوە کە پرسیار کراوە وەڵامێکی ئەوتۆیان دەست نەکەوتووە: (وقل الروح من امر ربی) نە وەڵامەکەو نە بابەتەکە ڕوون نەکراونەتەوە. بۆیە ئەگەر فەلسەفەی یونانیش لە ئارادا نەبوایە ئایینەکە خۆیو ئەو بارودۆخە نوێیەی بۆی هاتبوونە پێشەوەو ئەو گۆڕانانەی بەسەریدا هاتبوون بیرمەندانیان ناچار دەکرد لە شوێنێکی تردا بە دوای بابەتی تردا بگەڕێن.

ئەو مێژوونووسو شارەزایانەی هەردوو هۆکاری دەرەکیو ناوەکی بەرامبەر بە یەك دەخەنە نێو دووتای یەك تەرازووەوە بە ئاشکرا لەو جیاوازییە کە بە پێی گۆڕانی کاتو قۆناغ بەسەر ئایینەکەدا هاتووە چاودەپۆشن. ئەوان ئەو جیاوازییەیان نەدیوە کە لە ڕەوشە نوێیەکە کەوتۆتەوەو ئایینەکەی کردووە بە دوو لایەنی لە یەکتری جیاوازو یەکتری تەواوکەر، ئایینو دەوڵەت، بڕواو ئیمان شان بە شانی دامودەزگای فەرمانڕەواییو دەسەڵاتو جیهانبینییە فراوانە کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئایدیۆلۆجیو فەلسەفەکەی. ئەم دوو لایەنە ئایینو سیاسەت، ئەگەر هەندێك بیرمەند بە چاوێکی ترەوە سەرنجی بدەن لە ڕوانگەی فەلسەفەو جیهانبینییەوە نەك هەر بە تەواوکاری یەکتری دادەنرێن، بەڵکو وا دادەنرێن، لە قۆناغێکی تایبەتیدا هاندەر،

فاکتەرێکی گرنگی ئەو پەرەسەندنە سەرتاپاگیرە بووە کە لە سەردەمی عەبباسیدا گەیشتۆتە لوتکەی بەرەوپێشچوونو پەرەسەندن. سەرکردە عەبباسییەکان خۆیان بە دڵگەرمییەوە هانی وەرگێڕانی فەلسەفەو زانستیان داوە. لەو سەردەمەدا بەرهەمە سەرەکییەکانی ئەم فەیلەسوفو زانایانە کراون بە عەرەبی:

ئەریستۆتلس، ئەفلاتون، ئویکلیدس، ئەرخەمیدس، بەتلیموس، هیپۆکرات، جالینوس، تیوفراست، فەرفۆریوس، ئەسکەندەری ئەفرۆدیسی تیمێستیوس[١٤٢].

ئەو بابەتانە کە کراون بە عەرەبی، بە تایبەتی هەمەڕەنگییەکەیان، هەر لە فەلسەفەوە تاوەکو ئەندازەو بیرکاریو مەنتیقو زانستو وتارو.. هتد، دەریدەخەن کە ئەم کێشەیە دیاردەیەکی کاتی ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو هۆکارو فاکتەری جۆربەجۆر لە پشت پەردەی ئەم گۆڕانو پەرەسەندنەدا دەستبەکار بوون.

٥- بابەتی چارەنوسو ئازادی خواست، قەزاو قەدەر کێشەیەك بووە لەو کێشانەی لە زانستی کەلامو فەلسەفەی ئیسلامدا بە تێروتەسەلی باسی لێوە کراوە.

وا گێڕدراوەتەوە لە جەنگی نێوان لایەنگیرانی عەلیو معاویەدا جەنگاوەرێك چۆتە پێشەوەو پرسیویەتی: ئایا خوا لەچارەی ئێمەی نووسیوە یەکتری بکوژین؟ ئەمەیە بە شێوەیەکی سادەو ساکار ئەو بابەتەی لە زانستی کەلامدا بە قەزاوقەدەر، چارەنوسو خواستی ئازاد ناوبراوە. ئایا مرۆڤ لەو کارانەی دەیکات ئازادە یاخود هەموو شتێك لە چارەی نووسراوە؟[١٤٣] وەڵامەکەی بە هەر لایەکدا لێکبدرێتەوە کێشەی گەورەتری لێدەکەوێتەوەو دیسانەوە وا بە ئاسانی وەڵام نادرێنەوە جگە لەوەی دەرگای توێژینەوەی ڕێو شوێنو بنەماکانی ئاکار (ئەخلاق) دەخاتە سەرپشتو دەپرسێ دەبێ لەم ڕەوشەدا قانونی ئاکار چی لەدەست بێت؟

لە کاتی لێکۆڵینەوەی بابەتی داهێنان (خەلق) و بووندا بە تەواوەتی کەسایەتیو دەستڕەنگینی زانایانی کەلامو فەیلەسوفەکان دەردەکەوێ. تیۆرییەکەی ئەریستۆتلس خراوەتە لاوەو پشت ئەستور بە "الفیوضات الربانیة" پەنایان بردۆتە بەر تیۆری لێکەوتنەوەی

---

[142] Behler, Ernst, Die Ewigkeit der Welt. Wien 1965. S. 66.

[143] لە کوردەواریدا شتێك باوەو دەوترێ، دەکرێ تا ڕادەیەك گۆڕان لە چارەنووسدا بکرێت، بەڵام قەدەر ناگۆڕێ! دوور نییە مەبەست لەمە بێت (المقدر لایغیر).

ئەفلۆتین‌و تیۆرییەکەیان بە تیۆری (الفیض) ناوبردووە. لەم بابەتـەدا چـەندین پرسـیار کـراوەو سەرگەرمی وەڵامدانەوەی بوون:

جیهـان خـوا دایهێنـاوە. ئایـا ئـەم داهێنانـە سـەرەتای هـەبووە یـان نـا؟ ئایـا کـاتو شـوێنێکی دیاریکراو هەبووە ئەو داهێنانە تیایانـدا دەسـتی پێکردبـێ؟ جـۆرو چـۆنێتی ئـەم داهێنانـە چـۆن بـووە؟ وەڵامـی هـەر پرسـیارێك لەمانـە وا ئاسـان نییـەو لـەوەش سـەختتر کێـشەی تـری لێدەکەوێتەوە! بۆ نموونـە زانایـانی کـەلامو فەیلەسـوفە فەیزییـەکان بەدەسـت ئـەم گریمانەیـەوە سەرگەرداں بوون:

ئەگەر دنیا داهێنراو بێ، دەبێ گۆڕان بەسەر خواست (ئیرادە)ی خوادا هاتبێ، بووبێتـە مایـەی ئەوەی لە کاتێکی دیاریکراودا ئەم کارە بکات، بۆ پێشتر یان پاشـتر ئەمـەی نـەکردووە؟ ئایـا خـۆی لەم داهێنانەدا هۆکاری یەکەم یاخود بزوێنەرێکە خۆی نابزوێتەوە یان هۆکاری تەواوو کامڵە؟

لە فەلسەفەی ئیسلامدا، بـە پێـچەوانەی ئەریستۆتڵسەوە، خـوا بـۆ خـۆی داهێنـەر (خـالیق)ە، تەنیا هەر خۆی کۆن‌و هەتاهەتاییەو نـەمرەو ئـەزەلی‌و ئەبـەدی‌و لـە کـەس نـەبووەو نـە کەسـی لێدەبێ. هەموو بوون بە گشتی داهێنراوی ئەون، سەرەتاو کۆتاییان هەیە لەناودەچن.

ئەمە وەڵامی زانایانی کەلام‌و فەلسەفەی ئیسلام بووە بـە گـشتی، تـا دەرکـەوتنی ئـبن ڕوشـدی ئەندەلوسی، بۆیە بە دڵنیاییەوە وتراوە، ئەم زاناو فەیلەسوفانە سودیان لـە تیـۆری لێکەوتنـەوەی ئەفلۆتین وەرگرتووە. بە بڕوای من قسەی بێلیر لە جێگای خۆیدا نییە کـە وتوویـەتی کەشـیش‌و ڕاهبە مەسیحییەکان هۆکارێکی هاندەر بوون بۆئـەوەی زانایـانی کـەلام‌و فەلـسەفەی ئیـسلام ئـەو تیورییەی ئەفلۆتین لەم بوارەدا پەسەند بکەن[١٤٤]. بێلیر وتوویـەتی، لـە سـەدەی شەشـەمی زایینـدا لە سەرانسەری ئیمپراتۆری فارس‌و سوریاو ئەردەن بە سەدان دێرو مەڵبەندی لاهوتی مەسـیحی هەبووەو تیایاندا فەلسەفەی ئەفلاتونیزمی نـوێ (ئـەفلۆتین) بـاو بـووەو بگـرە تـەنیا لـە سـوریاو ئـەردەن پـتر لـە ١٣٧ مەڵبەنـدی کولتـوریی‌و لاهـوتی مەسـیحی‌و دیـری ڕەبـەنان هـەبووە، ئەمـە فەیلەسوف‌و زانایانی ئیسلامی بە فەلسەفەکە ئاشنا کردووەو هانی خواستنەوەی داون!

ئـەم هۆکـارە دوور نییـە ڕۆڵێکـی گێڕابـێ بـەڵام بـە هـیچ کاتێـك هۆکـاری سـەرەکی نـەبووە. هۆکـاری سـەرەکی ئـەوە بـووە بیروبۆچـوونە ئایدیالیـستییە سـۆفییەتییەکانی ئـەفلۆتین لەگـەڵ

---

[144] **Behler, E., Ebenda. S. 70 ff.**

بنەماکانی لاهوتو جیهانبینیو گیانی فەلسەفەی ئیسلامدا تەبا، کۆكو گونجاو بووە. ئایینی ئیسلام هەموو جۆرە بۆچوونێکی ماددی لە پەروەردگارو کرداری داهێنانو گیان دوورخستۆتەوە، کێشەی کەوتنەوەی فرە ڕەنگیو ماددەو بەدکاری لە یەکتای یەك ڕەنگو گیانی ڕووتو چاکەکارییەوە ناچاری کردووە بە دوای وەڵامدا بگەڕێ، ئەم وەڵامانە بە شێوەیەك لە شێوەکان لە تیۆرییەکەی ئەفلۆتین دراونەتەوە، ئەوانیش بە جۆرە دەسکارییەکەوە خواستوویاننەتەوە. خۆ ئەگەر دێری ڕەبەنان لە ناوچەکەدا بە سەدان بوونو فەلسەفەی ئەفلۆتینیان تیادا خوێنرابێ، لەوەوە بووە کە ئەم فەلسەفە ئایدیالیستییە لەگەڵ بنەماو ڕێو شوێنەکانی ئایینی مەسیحیدا گونجاو بووە. خۆ ئەگەر سانت ئۆگۆستین داهێنەری لاهوتو فەلسەفەی مەسیحی لایەنگیرێکی دڵسۆزی ئەفلۆتین بووبێ[145] لەوەوە بووە لە بنەماو گریمانەکانی فەلسەفەی ئەم فەیلەسوفەدا پشتگیری کردنێکی ڕێو شوێنەکانی ئایینی مەسیحی بەدی کردووە.

مەسیحیو سریانیو فارسەکان فەلسەفەکەیان کردووە بە عەرەبی، جا ئەم وەرگێڕانە بۆ هەر مەبەستێك بووبێ، بەڵام هیچ کاتێك زانایانی کەلامو فەیلەسوفانی ئیسلام کوێرانە، بێ بڕارو شەنو کەو کردنو پەرەپێدان ئەم بابەتانەیان تۆمار نەکردووە. پوختەو سروشتی بنەماکانی ئایینەکەو ئەو گۆڕانەی دەوروبەرو ژینگەی نوێ بە سەریاندا هێناوە هانی زاناو بیرمەندانی داوە بە دوای ڕێگاچارەیەکدا بگەڕێن. بە پێی سەردەمی خۆیان ئەم ڕێگاچارەیە لەلای ئەفلۆتین بووە.

٦- وەنەبێ تیۆری لێکەوتنەوەی ئەفلۆتین بە هەموو لایەنێکەوە پەسەند کرابێ، بەڵکو گۆڕانی بەسەردا هێنراوەو لەگەڵ بنەماکانی ئایینەکەدا گونجێنراوە. ئەفلۆتین لەو باوەڕەدا بووە لە ناخو دەروونی مرۆڤدا بۆچوونی جیاواز هەیە. لەم بۆچوونانە دووانیان گرنگنو بە پێچەوانەی یەکترییەوە: بۆچونی کاتو هەتاهەتایی[146]. کات واتای گۆڕان، شتی نوێو پەیدابوونو کەوتنەوە دەبەخشێ. کاتێك مرۆڤ وشەی کات دەبیستێ ئەو وێنەو بۆچوونەی لە

[145] Vorlaender, K., Philosophie des Mittelalters. Rowohlt. 1976. S. 38.
[146] Plotin Ueber Ewigkeit und Zeit. (Enneade, 111.7). Uebersetzt von Werner Beier waltes. Frankfurt… S. 93. (1-5).

مێشکدا دەنەخشێ، ئەوی ئەم چەمکە بیگرێتەوە بەرهەستییە، بە هەستەکان دەرکی پێدەبردرێ، لە گۆڕان دەرباز نابێ.

چەمکو بۆچوونی هەتاهەتایی لە دوو سەرەوە مەبەست دەداتە دەست، لە لایەکەوە، شتێك ئەم هەتاهەتاییە بیگرێتەوە، سەرەتای نییە، دانەهێنراوە، ئەو گۆڕانەی بەسەردا نایەت کە ببێتە مایەی لەناوبردنو فەوتاندنی. لە لایەکی ترەوە چۆن سەرەتاو کاتی دەستپێکردنی نییە، کۆتاییشی نییە، هەر هەبووەو هەر دەمێنێو بە نەمریی دەمێنێتەوە. ئایا ئەم دوو چەمکە بوون بە گشتیو جیهان (دنیا) بە تایبەتی، دەگرنەوە؟ ئایا جیهان هەر هەبووەو هەر دەمێنێ یاخود داهێنراوەو سەرەتاو کۆتایی هەیە؟ ئەگەر بڵێین هەموو شتێك داهێنراوە ئایا ئەمە جۆرە گۆڕانێکە لە بزوتنەوەوە کەوتۆتەوە؟

ئەفلۆتین لە لای خۆیەوە گێرۆدەی دەستی پەیوەندی نێوان فرە ڕەنگیو یەك ڕەنگی، چاکەکارییو بەدکاریی بووە. وەك لە نووسینەکانیدا دەرکەوتووە، ئەم فەیلەسوفە لاهوتییە. بڕوای بەو بنەمایە بووە، لە یەك ڕەنگیو لە یەکتا هەمیشە هەر یەك ڕەنگیی دەکەوێتەوە، هەمەڕەنگیش لە لای خۆیەوە لە بوونێك پەیدا دەبێ کە لە خۆیدا هەمەڕەنگ بێ!

ئیتر چۆن کێشەی داهێنان لەگەڵ فرە ڕەنگیی جیهانو بوونو ئەم بنەمایە بە یەکەوە هەڵدەکەنو دەگونجێن؟ ئەم وەڵامە پوختەی تیۆری لێکەوتنەوەی ئەفلۆتینی لێ پێکهاتووە.

بە لای ئەریستۆتڵسی یۆنانیەوە گریمانەی داهێنانی بوون- جیهان لە خۆیدا ناکۆکیو ناتەباییەکی لێدەکەوێتەوەو لەگەڵ بنەماکانی ژیرو بیرکردنەوەی مەنتیقدا ناگونجێ. ئەریستۆتڵس لەو باوەڕەدا بووە جیهان کۆنە، نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی. بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم بڕوایەی پشتی بەوە بەستووە کاتو بزوتنەوە نە سەرەتایان هەیەو نە لەناودەچن[147]. یەکەم کەرەسە، ماددەی یەکەم (ئەو بە هیلێ) ناوی بردووەو لە فەلسەفەی ئیسلامدا بە هەیۆلاو بە هەوێن ناوبراوە، کۆنەو دانەهێنراوە، ئەگەرچی ئەم ماددەیە تەنیا ئامادەییو بوونێکی هێزەکییە ئەگەر ڕوخساری پێبڕا، دەبێ بە شتێکی کردەکی واتە دەبێ بە شتێکی ڕاستەقینە. لەم بنەمایەوە ئەم فەیلەسوفە وای داناوە ناکرێ ڕەب (ئەو بە یەکەم بزوێنەری نەبزوتو ناوی بردووە) دوای ماوەیەك پشوو و ئارامیی، دوای بێ چوستو چالاکی، لە

[147] Aristoteles, Metaphysik. Berlin (ost) 1990. Uebersetzt von Friedrich Bassenge. Buch. 12. 1072. a-b.

کاتێکی دیاریکراودا چالاك بووبێ‌و دنیای داهێنابێ، ئـەم گۆڕانـە گـۆڕان لـە خواسـتی ڕەب نیـشان دەدات، ئـەم گۆڕانـەی خواسـتە پەسـەند نییـە. بۆیـە فەلـسەفەی ئیـسلام ڕووی کردۆتـە گریمانـە ئایدیالیـستییەکانی ئـەفلۆتین. ئـەم گریمانانـە بـە باشـترین شـێوەو نـاوەڕۆك لـە لای فـارابی دەرکـەوتووە، فـارابی بـۆ دەسـتەمۆکردنی ئـەم تیۆرییـەو گونجانـدنی لەگـەڵ ئـەو بنـەماو ڕێ‌و شوێنانەی ئایین کە بڕوای پێبوون زیرەکانە زمانی بەکارهێناوە، ئەو بەکارهێنانەی زمـان بـریتی بووە لە داهێنانی چەند چەمك‌و وشەیەك کە ئەوپەڕی دەست ڕەنگینی‌و بیری مـەنتیقی تیـادا دەرئەکەوێ وەك:

بـوونی ناچـارەکی (واجـب الوجـود)، بـوونی شـیاوەکی (ممکـن الوجـود) بـوونی ناچـارەکی بـە خۆی (واجب الوجود بذاته).. هتد.

ئایا ئەو گۆڕانانەی فارابی بەسەر تیـۆری لێکەوتنـەوەی ئەفلۆتینـدا هێناویـەتی پەرەسـەندن‌و بەرەوپێشچوون نیشان دەدات یاخود بە پێچەوانەوەیە؟

فـارابی‌و ئـەفلۆتین، هەریەکـە بـە جۆرێـك سـەرنجی مـاددەی داوە. بـەلای دووەمـەوە مـاددە سەرچاوەی بەدکارییە، چونکە مادده دوا پلەی بوون لە زنجیرەی لێکەوتنـەوەدا نیـشان دەدات، لـە سەرچاوەی چاکەو ڕووناکییەوە ئەوپەڕی دوورە. ئەگـەر ڕوونـاکی سەرچـاوەی چاکەکاری بێـت، تاریکی بەدکارییە. ئەم تاریکییە دوورکەوتنەوەیە لـە سەرچاوەی ڕوونـاکی، ماددەش هـەر وایـە، دوا پلـەی زنجیـرەی کەوتنەوەکەیـەو لـە سەرچـاوەوە ئەوپـەڕی دوورە. بـەم پێیـە ئـەفلۆتین لـە ڕوانگەی ئاکارەوە سەرنجی ماددەی داوەو توندوتۆڵ بە بیرۆکەی بەدکارییەوە بەندی کردووە.

فارابی هەڵوێستێکی تری هەبووەو لـە ڕوانگەیـەکی تـرەوە سـەرنجی مـادەی داوە. بـە لای ئـەم فەیلەسوفەوە بوون بریتی بووە لـە زنجیرەیـەکی ئاڵقـە بەیەکـەوە بەسـتراوو لـە یـەکتری جیـاواز. ئەم ئاڵقانە هەریەکەیان پلەیەکی بوون نیشان دەدەن. لە سەرەوە، لە سەرەتای ئەم زنجیرەیـە کـە یەکـەم ئاڵقەیـە بوونـەوەرێکی جەوهـەریی یـەك ڕەنـگ، یـەکتا، دەسـەڵات بـێ سـنور، داهێنـەر، ئافەریدەکار، پەروەردگار هەیە، لـە دوا ئاڵقـەی کۆتـایی ئـەم زنجیرەیـەدا، بـەرەوژێر، دوا پلەیەکـە ماددەی پێدەوترێ.

تیـزینی باسـی تیـۆری لێکەوتنـەوەی ئـەفلۆتین‌و بۆچـوونەکانی فـارابی کـردووە. کاتێـك هەردووکیانی بەراورد کردووە وای بۆچووە گوایە هەڵوێـستی فـارابی لـەم بـوارەدا پێشکەوتووترە

له هی ئەفلۆتین. فارابی بۆ پەیدابوونو کەوتنەوەی مادده پشتی بەم تیۆرییە بەستووە. تیزینی وتوویەتی: مادده وەك ڕوخسار لە لای فارابی لە بووندا بەشداری دەکاتو لە هیچەوە پەیدا نەبووە، وەك ئەو بۆی چووە فارابی ماددەو ئاکاری لە یەکتری جیاکردۆتەوەو[148] لە ڕوانگەی بوونی گشتییەوە (ئۆنتۆلۆجی)یەوە سەرنجی داوە، تیۆری لێکەوتنەوەی بۆ ئەوە هەڵبژاردووە خۆی لەو بۆچوونو بنەمایە کە لە ئاییندا باوە، دووربخاتەوە کە بریتییە لەوەی بوون -مادده لە نابوونو لە هیچەوە کەوتوونەتەوە.

بە باوەڕی من بڕیارەکەی تیزینی بە هیچ بنەمایەکی فەلسەفەو زانستو مێژوو پشت ئەستور نییە.

یەکەم، بە هیچ جۆرێك تیۆری لێکەوتنەوەی ئەفلۆتین کە لە دەریای ئایدیالیستیو سۆفێتیدا نقوم بووە لە چاو تیۆرییەکەی ئەریستوتڵسی پێش خۆی پێشکەوتووتر نییەو کە فارابی پشتی کردۆتە ئەریستۆتڵسو ئەفلۆتینی هەڵبژاردووە، گەڕانەوەیە بۆ دواوە. هەموو شارەزایەکی مێژووی فەلسەفە لەو ڕاستییە ئاگادارە کە ئەفلۆتین لە چاو فەلسەفەی ئەریستۆتڵس جۆرە پاشەکشێیە نەك بەرەوپێشچوون.

دووەم: ئەگەر فارابی بنەماکانی زانستی ئاکار بە هەردوو چەمکی چاکەو بەدکارییەوە لە مادده دوورخستبێتەوە، ئەمە پێشکەوتنخواز نییە نە لە بڕیاردانو نە لە پەیڕەوو هەڵبژاردندا. فارابی وەك مەلایەك کە لە مزگەوت بە ئایینی ئیسلام گۆش کراوە، ئاکاری لە مادده دوورخستۆتەوە بۆئەوەی جارێکی تر بنەماو ڕێو شوێنی ئایینەکەی پشت ڕاست بکاتەوە. لە زانستی کەلامو بنەماکانی ئاکاری ئیسلامیدا وەك بەشێك لە فەلسەفە بەدکاری کراوە بە سێ بەشەوە:

- بەدکاری هەندەکی
- بەدکاری هەمەکی
- بەدکاری میتافیزیکی

لە لاهوتی ئیسلامدا دوو هۆکاری بەدکاری کە لە ماددەوە دوورن دەست نیشان کراون، ئەمە هۆکاری بڕیارەکەی فارابی بووە نەك ئەوەی تیزینی وتوویەتی، یەکێك لەو هۆکارانە نەفسی

---

[148] **Tisini, Tayeb. Ebenda. S. 67.**

مرۆڤه كه به زمانی عەرەبی به (النفس الامارة بالسوء) ناوبراوه. هۆكارەكەی تر بوونەوەرێكی توانا له هەموو سنورێك بەدەره كه چەند ناوێكی هەیه یەكێكیان شەیتانه، ئەوی تریان ئیبلیسه.. هتد. تەنانەت ئەگەر ئێمه ڕۆڵەی ئادەم له گڵ دروستكرابین، شەیتان له ئاگر دروستكراوه.

ئەوەی تیزینیو پرۆفیسۆر لیی[149] به پەیڕەوی مادیو پێشكەوتنیان داناوه، تەنیا لێكدانەوەیەكی هەڕەمەكییەو به هیچ بنەمایەك پشت ئەستور نییه. لەنێو هەموو زانستی كەلامو فەلسەفەی ئیسلامدا ڕێبازێك بەدی ناكرێت تۆزقاڵێك ماددییەتی پێوه دیاربێت. هۆكاری سەرەكی لەم كۆمەڵەدا ئایین بووه. ئەگەر هەندێ جار زانایانی كەلامو فەیلەسوفەكان شتێكیان نووسیبێ یان وتبێ وا لێكدرابێتەوه كه پەسەند نییه. ئەو شته هەرگیز له چوارچێوەی لێكۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) نەچۆته دەرەوه هیچ كاتێكیش نەگەیشتونەته ئەو ڕادەیەی به تەواوەتی به پێچەوانەی بنەماكانی ئایینەكەوه شت بڵێن یان بنووسن، ڕاسته له زانستی كەلامو فەلسەفەدا به ڕاشكاویی وتراوه ئەگەر سروش نەبووبایه ژیری مرۆڤ دەیتوانی چاكەو بەدكاریی له یەكتری جیابكاتەوەو خوا بناسێ، ئەمه ڕێزلێنانی ژیرو مرۆڤەو به هیچ جۆرێك نه ڕەت كردنەوەی سروشەو نه داكۆكی كردنه لەو بیری ماددییەتەی تیزینیو لبی باسیان كردووه.

كێشەی ژیرو بڕوا، ژیرو ڕەوش، زانینو بڕوا هەمیشه مایەی سەریەشه بووەو پیاوه ئایینییه سەلەفییەكانی سەغڵەت كردووه، بەڵام ئەم كێشەیه له خۆیدا لێكۆڵینەوەیەكی ئازاد بووەو هەرگیز ئەنجامەكانی سنورو بنەماكانی ئایینەكەی نەبەزاندووەو هەر له چوارچێوەی پاوانی ئایینەكەدا جوڵاوەتەوه. دوور نییه لەم قسەیەی ئێمه ڕەخنه بگیرێو ئبن ڕاوەندی بۆ نموونه بهێنرێتەوه.

ئەم ڕەخنەیه له جێگای خۆیدا نییه. ڕاوەندی له كتێبی ئەل دامیغو ئەلزومروددا ڕەخنەی له بۆچوونو جیهانبینیو لێكدانەوەی ئازادی (ئیجتیهادی) زانا گەورەكانو لاهوتیو شەریعەتمەدارانی ئایین گرتووەو ئەم ڕەخنەیەی له چوارچێوەی ڕێگا پێدراو نەچۆته دەرەوه.

---

[149] **Ley, H., Ebenda. S. 83.**

# قەدەغەكردنی فەلسەفە

١- سەدەی سیانزەهەم بە گشتیو سەرەتای سەدەی چواردەهەم بە تایبەتی لە مێژووی فەلسەفەدا جێگاو مەڵبەندێكی بەرچاویان هەیە. لەم دوو سەدەیەدا فەلسەفەو لاهوتی مەسیحی ئەوروپا بە پێی هەلومەرجی ئەوسا، لە لایەن چەندین فەیلەسوفو لاهوتییەك گەیەنراوەتە چڵەپۆپەی پەرەسەندنو گەشەكردن، گەشەكردنێك ئەگەر لە ڕوانگەی مێژووی پرۆسەی بەرەوپێش چووندا سەرنج بدرێت، بایەخدار دێتە بەرچاو. لەم گۆڕەپانەدا كە ئەم كۆششەی تیادا كراوە، تومای ئەكوینی، دۆنس سكۆتس، ڤیلهێلم ئۆكامیو چەندین لاهوتیو بیرمەندی تر سەرنج بۆ لای خۆیان ڕادەكێشن. بۆیە لە جێگای خۆیدایەتی ئەم سەردەمە بە لوتكەی سكولاستی ناوبرێت. وە نەبێ ئەم گەشەكردنە كە ئەم قۆناغە بە خۆیەوە دیویەتی، بە شێوەیەكی بابەتییانەو لەبەرچاو بووبێو هەڵسەنگێنرابێ كە شایستەی ئەم ناوی پەرەسەندنو گەشەكردنە بێت كە كردوویەتی، بەڵكو بە شێوەیەك پێوانە كراوە، وێنەیەك لە بیرو مێشكدا دەكێشێ هەروەك ئەم گەشەكردنە بەڵایەكو نەهامەتییەك بووبێ بەسەر دامو دەزگاو دامەزراوە لاهوتییەكانی كڵێسەی مەسیحیدا هاتبێ، بۆیە پاش كۆبوونەوەیەكی فراوانو كشو بێدەنگ، ئینجا دوای بگرەو بەردەو مشتو مڕێكی زەبەندە قەشە ستیڤان تێمپیر لە ٢٧ی مارتی ساڵی ١٢٧٧ی زاینی فەتوای قەدەغەكردنی فەلسەفەی داوەو بە نووسین بڵاوی كردۆتەوە، ئەم فەتوایە لە زانكۆی پاریسو كۆلێجەكانی ئۆكسفۆردو سەرانسەری ئەوسای ئەوروپا جێبەجێ كراوەو فەیلەسوفو بیرمەندەكان دووچاری نان بڕانو سەرگەردانیو ڕاوەدوونان هاتوون.

لە چەند خاڵێكی فەتواكەدا وتراوە، كڵێسەو ڕابەرانی دەزگاكانی ئایین وایان داناوە فەلسەفە هەڕەشە لە ئایین دەكات، كۆسپو تەگەرەیە لە بەردەم بڕواو باوەڕدا، لە هەندێك خاڵی تردا نیشاندراوە گوایە ئەم فەیلەسوفانە بە جۆرێك باسی ئایینی مەسیحییان كردووە، هەروەك خۆیان مەسیحی نەبن! گوایە ئەم فەیلەسوفانە بە گاڵتەپێكردنێكەوە باسی ئاگری دۆزەخیان كردووە.

قەشە دەربارەی ئەم ڕەوشە لە فەتواکەیدا وتوویەتی، ئەگەر ئەو کەسانە ئەمڕۆ بەم جۆرە باسی دۆزەخ و دنیای تر و (قیامەت) بکەن، دەبێ سبەینێ، دواڕۆژ چۆن باسی سێ ڕەنگیی ڕەب و چوارمێخەکێشانی یەسوعی مەسیح بکەن؟!

قەشە تێمپیر ئەو بوختانەی بە زمانی فەیلەسوفەکانی ئەوساوە کردووە گوایە گوتبیان ژیر لە لایەن (ڕەبمان یەسوعی مەسیحییەوە) دانەهێنراوەو مرۆڤ بە هۆی ژیرەوە لە ڕەب دەچێ! هەروەها گوایە گوتوویانە، ژیر ئەگەر لە خۆیدا سەرنج بدرێت یەکەیەکەو یەک شتە، بەڵام فرەو زۆرو هەمەڕەنگە ئەگەر وەک چالاکییەکانی سەرنج بدرێت[150].

ئایا ئەم فەتوایەو ئەو شتەی بە گومڕا نیشان دراون، چ دەگەیەنن و چ ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە؟ تا چەند دەکرێ ئەم فەتوایە لەگەڵ هەڵوێستی غەزالی و ئبن تەیمیەو ئبن سەلاحی شارەزووری بەراورد بکرێت؟

ئایا دەکرێ بگوترێ، ئەم فەتوایە جیهانبینی و فەلسەفەی ئەریستۆتلس و لێکدانەوەکانی لە لایەن ئبن ڕوشدی ئەندەلوسییەوە پەک خستووەو فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەفلاتونی یۆنانی و پەرەسەندنەکانی دواتری سەرخستووە، هەروەک لە ڕۆژهەڵاتدا ئەمە ڕوویداوە؟

٢- بە باوەڕی من ئەو پرسیارانە پتر لە چوارچێوەیەکی تیۆری و مەزەندەو بۆچووندا داڕێژراون. بەڵام مرۆڤ ناتوانێ خۆی لەم پرسیارانە قوتار بکات:

دەبێ مەسیحییەت چ ئایینێك بێت ئەوەندە ترسی ژیر لە دڵیدا بێت، لە کاتێکدا خۆی لاف لێداوە بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ بۆ ڕزگارکردنی لە بەدکاریی و زۆرو جەورو چەوتی هاتووە؟

دەبێ شانۆگەرییەکەی چوارمێخەکێشانی عیسای مریەم چ بگەیەنێ؟ ئایا ئەم فەتوایە جارێکی تر قسەکەی فەلسەفە پشت ڕاست ناکاتەوە کە وتوویەتی دوو ڕاستی (هەقیقەت) هەیە، ڕاستی ژیر (فەلسەفە) و ڕاستییەکانی سروش (وەحی)، ئەگەر چی مەسیحییەت فرێ بەسەر سروشەوە نییە، چونکە هەر چوار ئینجیلەکەی لە نێوان سەدان ئینجیلدا پەسەند کراون، لە لایەن کەسانێکەوە تۆمار کراون ئەوپەری شارەزایی تەورات و ڕێ و شوێنەکانی موسا بوون!

---

[150] Flasch, K., Aufklaurung im Mittelalter? Meinz 1989. S. 35.

فەتواکەی کەشیش تێمپیری مەسیحیو فەتوای غەزالی (بە زمان عەرەبو بە نەتەوە ئەفغان) ساغی دەکەنەوە چارەنوس (نەك بە مانا لاهوتییەکەی) جۆرە ناچارییەکی پرۆسەی پەرەسەندنو بەرەوپێشچوونی مرۆڤو کۆمەڵو شارستانی نیشان دەدات، ئەم بۆچوونە پتر پشت ڕاست دەبێتەوە ئەگەر هەلومەرجو ڕەوشو بارودۆخی بابەتیو خۆیەکی هەردوو سەردەمو دەوروبەر، ڕۆژهەڵاتی ئەوساو ئەوروپای مەسیحی لەبەرچاو بگیرێن. هەردوو فەتواکە ڕێگای مەنتیق (ئیساغۆجی)یان داوە کە بابەتێکی داهێنراوی ئەریستۆتڵسە. بە کردەوە ئەریستۆتلسو فەلسەفەکەی لە دەرگاوە دەردەکەنە دەرەوە، ئەگەر شاربەدەری نەکەن، کەچی لە کلاوڕۆژنەوە جارێکی تر ئەفلاتون دەهێننەوەو مەنتیقی ئیساغوجی دەخەنە سەر، بانێكو دوو هەوا!!

ئەگەر سەدەی سیانزەهەمو چواردەهەمی ئەوروپا قۆناغی پەرەسەندنی فەلسەفەو لاهوتو جۆرە زانستێکی سەرخۆیانو ئەدەبو هونەر بووبن، ئەگەر ئەم پەرەسەندنە لە هۆکاری کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسیو لە هۆکاری پێشکەوتنی ژیانی ئەکادیمی ئەوسای زانکۆی پاریس کەوتبێتەوە، دەبێ ڕۆڵی فەلسەفەی ئەریستۆتڵس بە هۆی بن ڕوشدی ئەندەلوسییەوە چی بووبێ؟

بەرهەمەکانی ئبن ڕوشد دوو ڕۆڵی سەرەکییان لەم بوارەدا گێڕاوە:

یەکەم: فەلسەفەی ئەریستۆتڵسی یۆنانی بلاوکردۆتەوە، بەو لێکدانەوانەی لە بارەیەوە کردوویەتیو بە زاناو مەلاو شارەزایانی سەردەمی خۆی ناساندووە.

دووەم: لە شاکاری (تهافت التهافت)دا کە لایەنی لاوازو کۆنەپارێزو سەلەفی فەلسەفەی غەزالی خستۆتەڕوو سەرجەمی فەلسەفەی ئیسلامی بە ئەوروپا ناساندووە.

لە لایەکی ترەوە جولەکەکانی ئیسپانیا (ئەندەلوسی ئەوسا) عەرەبییان زانیوە، بەرهەمە فەلسەفییەکانی فەیلەسوفە ئیسلامییەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی زمانی فەلسەفەو زانستو لاهوتو ئایینی ئەوسای ئەوروپا. بۆیە بە باوەڕی من ئبن ڕوشد لەم بوارەدا بە فەلسەفەکەی ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. فەیلەسوفی بەناوبانگ سیگەر برەبانتی لە فەرەنسادا ڕێبازی ئبن ڕوشدی لاتینی دامەزراندووە، لە کۆڕو کۆمەڵە زانستیو فەلسەفەو لاهوتییەکاندا داکۆکی لە یەك ڕەنگیی ڕەب کردووەو بە لایەوە سێ ڕەنگیی

(ڕەبو ڕۆڵەو گیانی پاك) لەگەڵ بنەماكانی ژیر مرۆڤو بیركردنەوەی مەنتیقییانەدا ناگونجیٚو ناتەبایە.

٣- غەزالی بە فەتوا فەلسەفەی قەدەغە كردووە، ئیتر دەرگای لێكۆڵینەوەی ئازاد (ئیجتیهاد) پێوە دراوە، كۆمەڵی ڕۆژهەڵات دووچاری دەستی تاریكیو هەژاریو نەخوێندەواریو نەخۆشیو بەدبەختیو دواكەوتن بووە، لە زۆر ناوەنددا وشەی وڵاتانی موسوڵمان بەرامبەر بە دیاردەی دواكەوتنو زەبروزەنگو نادادیو كوێرەوەری دانراوەو دادەنرێت، كەچی لە ئەوروپادا دەستوبرد كۆڕو كۆمەڵەكانی فەلسەفەو زانست دوای ساڵی (١٢٧٧ز) لەم كەوتنو گلانە هەستاونەتەوەو سەردەمی ڕاپەڕینو داهێنان دەستی پێكردۆتەوە، ئەو ئەوروپایەی ئەمڕۆی لێ كەوتۆتەوە، دەبێ ئەم دوو دیاردە لە یەكتری جیاوازە لە چییەوە كەوتبێتەوە؟ لە ڕۆژهەڵاتدا فەتواكە بە تەواوەتی ساڵەهای ساڵ پەكی هەموو هۆكارێكی بەرەو پێشچوونی خستووە، كەچی ئەوروپا پاش ماوەیەك خۆی گرتۆتەوەو دەستی بە بەرەوپێشچوون كردۆتەوە، ئەمە چۆن لێك دەدرێتەوە؟ ئەوروپای پێشكەوتوو، ئایینی مەسیحی گونجاو تەبا لەگەڵ كۆمەڵدا، ڕۆژهەڵاتی گیرۆدەی دەستی سەلەفییەتو باری سەختی سەدە تاریكەكانی ناوەڕاست! ئایا ئەمە ئەنجامێكە لە سروشتی میللەتانی ڕۆژهەڵاتو ئایینەكەوە كەوتۆتەوە یان نا؟ دەبێ ئەم ڕەوشە تا چ ڕاددەیەك پەیوەندی بەو بابەتەوە هەبێ كە لە سیاسەتدا بە یەك ڕەنگییو فرە ڕەنگیی هێزو دەسەڵات ناودەبرێت. لە كاتێكدا ئیسلام ئایینێكی یەك ڕەنگییە (وحدانیەت) و مەسیحی ئایینێكی فرە ڕەنگییە (سێ ڕەنگیی ڕەب- ڕۆڵە- گیانی پاك)؟!

ڕۆژهەڵات مەڵبەندو سەرچاوەی پەیدابوونی ئایین بووە، فەلسەفە لەگەڵ سیاسەت لە ڕۆژئاوادا سەریان هەڵداوە. تەنانەت وا پێدەچێ وشەی فەلسەفەو دیموكراتیو ئازادیو داد لە ڕۆژهەڵاتدا بیانیو نامۆ بن! بۆچی مەسیحییەت دوای ئەوەی لە ئۆرشەلیم دەركەوت، پاش ماوەیەك بەبێ ئەوەی دڵۆپە خوێنێك بڕێژێو بەبێ بەربەرەكانی كۆچی كردووە، مەڵبەندی خۆی بەجێهێشتووەو لە ئەوروپا بڵاوبۆتەوە؟! بە پێچەوانەوە، ئیسلام پتر لە چوار سەد ساڵ حوكمڕانی بەشێكی ئەوروپا بە تایبەتی ئەندەلوس، كەچی بە ئاسانی ئەو دەڤەرەی چۆڵ كردووەو هاتۆتەوە نێو میللەتە نەخوێندەوارو دواكەوتووەكانی باكوری

ئەفەریقا، بە تایبەتی نێو میللەتی سەرگەردانی بەربەر کە بە ناوی ئەمازیغی ناودەبرێن!
ئایا ئیسلام ئایینی میللەتو کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتەو مەسیحییەت بۆ ئەوروپا هاتووە؟ باشە بۆچی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەوروپا پێش مەسیحییەت، ئایینی تایبەتی خۆی، ئەو ئایینەی ئاسمانی پێدەوترێ لێی پەیدا نەبووە، کەچی لە ڕۆژهەڵاتەوە هاوردوویەتی؟ بۆچی ڕۆژهەڵات نایەوێ سود لەو بابەتو کەلەپورە مرۆڤ پەروەرانە وەربگرێ کە لە ئەوروپادا پەیدابوون؟

هەندێك جار دێمە سەر ئەو باوەڕەی کە بڵێم دوور نییە ڕێککەوت ڕۆڵێکی چارەنووس ساز بگێڕێت. بۆ نموونە ئەگەر روزبەی خۆشنود کە لە دواییدا بە سەلمانی فارسی ناسراوە هانی سەحابەکانی نەدابایە، دوور نەبوو درەنگتر عیراقی ئێستاو فارس بکەن بە موسڵمان. وەك سەرچاوەکان باسیان کردووە بڕیار وابووە فەتحی ئیسلام، لە سەرەتادا سەحابەکان، دوای دوورگەی عەرەب بەرەو شامو میسرو باکورو ئەفەریقا بچن، روزبێ بۆی باسکردوون چۆن میللەتانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆری فارسی بێزارن، شایەکان زۆردارنو فەتحکردنی (عیراقو فارس) پێویستە. ئەگەر سەلاحەدین میسری ئەوسای شیعەی فاتمی بە کوتەك نەکردبایە بە سوننی مەزهەب، زانکۆی ئەزهەر ئێستا بەدەست جەعفەریی دوازدە ئیمامەوە بووایەو ئەگەر ئۆرشەلیمی ئێستای ئیسرائیل لەبەر دەست مەسیحییەکاندا بووایە، دەبوو ڕەوشی ڕۆژهەڵات چۆن بووایە؟

٤- ئەگەر سەرنج لەو سەرچاوانە بدرێن کە دەربارەی دۆخو ڕەوشی دەرچوونی هەر دوو فەتواکەی پاریسو ڕۆژهەڵاتی قەدەغەکردنی فەلسەفەن بە هەردوو زمانی عەرەبیو ئەڵمانی لەبەردەستدان، دەردەکەوێ هەلومەرجو بارودۆخەکان بە گشتی لە یەکتری چوون.

ئەگەر چاو لەوە بپۆشین کە لە هەردوو جیهاندا تا ڕاددەیەك سیستەمی کۆیلایەتی نەماوەو فیودالیزم (دەرەبەگایەتی) خەتو خاڵی داوە، لە هەردوو دەوروبەردا ئایین فاکتەری سەرەکی بووە، ڕەنگی ژیانی کۆمەڵی ڕشتوە. کێشەو بەرەی نێوان فەلسەفەی ئەفلاتونو ئەریستۆتلس، بە هەموو ئەو گۆڕانو پەرەسەندنەی بەسەر هەردووکیاندا هاتووە، لە برەودا بووە.

لایـەنگیرانی هـەردوولاو هـەردوو ڕێبـاز بـە نووسـینو بەرهـەم ڕقەبـەریی یـەکتریان کردووە. بۆ نموونـە موعتەزیلـەکان کـراوەو پێشکەوتنخواز لـە لایـەن خـارجی کۆنـەپارێزو شـافعی سـەلەفییەوە بەربـەرەکانی کـراون. لـە ئـەوروپا سـانت ئۆگۆسـتین فەلـسەفەکەی بڵاوبۆتەوەو پەیرەو کـراوە، پـاش ماوەیـەك، تومـای ئـەکوینی دەرکـەوتووە لـە بەرامبـەریـدا وەك ڕقەبەر خۆی سـەپاندووە. سەرچـاوەی زانـینو فێربـوون لـە هـەردوولا دامودەزگاکـانی ئایین بووە، مزگەوت، حـوجرە، کڵێسە. بـەڵام لـە ئـەوروپا دیاردەیـەکی تـر بەدەرکـەوتووەو ئەنجامی ئەوپەڕی لە باری لێکەوتۆتەوە، مەسیحییەت بۆ پێگەیاندنی کادیری ئایینی کە لە پاشەڕۆژدا لە کڵێسە کاربکەن زانکۆی کردۆتەوە.

ئەم کارە لە ڕۆژهەڵاتدا دەگمەن بووە، ئەگەر زانکۆی (مستنـصریە) لـەبیر بکرێـت. ئـەم هانـدانی خوێندنـە لـە زانکۆکـانی ئـەوروپای مەسـیحیدا ئەگـەر لـە سـەرەتادا بـە چـاك بـۆ دەزگاکانی ئایین گەڕابێ لە دواییدا بووە بـە بـەڵا یەخـەی مەسـیحییەتی گرتـووە. ئەوانـەی تیایدا پێگەیشتوون بیرمەندیان تیادا بووە بە وتارو نووسین دڵی کەسـانێکی هۆشـیاریان لـە ڕێو شوێنو دۆگمو بنەماکانی ئایین کرمێ کردووە.

لـە چـەند خـاڵێکی فەتواکـەدا باسـکراوە، زۆربـەی هـەرە زۆری پرسـیارە گوماناوییـەکان دەربارەی یەك ڕەنگییو سێ ڕەنگیی (تثلیث)ی ڕەب بوون. ئایا عیـسا ڕۆڵـەی ڕەببـە یـاخود پەیامبەرە؟

دوای مـردن مـرۆڤ چـی بەسـەر دێـت؟ ئایـا لـەش یـاخود نـەفسو گیـان دەمـرن یـان بـە نەمریی دەمێننەوە؟

بە بڕوای من ئەم پرسیارو دڵ کرمێ بوونە بە گشتی ئەنجامێك بوون لە بڵاوبوونـەوەی خوێنـدنو ڕۆشـنبیربوونی خـەڵكو پەرەسـەندنی زانـست کەوتۆتـەوە. دەکـرێ ئەمـە وەك چاڵێك دابنرێ کڵێسە تێی کەوتووەو تەڵەیەك بووە لاهوت پێـوەی بـووە. کڵێـسە نـەیزانیوە چۆن سواربووەو چۆن دابەزێ؟ ئایا زانکۆو ئەکادیمیـە زانـستییەکان دابخـات کـە بـە بڕیـاری خـۆی کراونەتـەوە؟ ئەگـەر هـاتوو ئەمـەی کـرد جگـە لـە لایەنـەکانی تـر، سەرچـاوەی پێگەیاندنی کەشـیشو کـادیرانی ڕۆشـنبیری ئـایینی کوێر نابێتـەوە؟ وەك چارەسـەرێك نـە

شـیش بـسوتێو نــە کـەبابو هەیبــەتی کڵێــسە بپـارێزدرێ، کەشـیش تیمپێـر فــەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفەی بە چاکترین چارەسەرێك داناوە.

پەیوەنــدی نێــوان فەلــسەفەو لاهــوت، لــەو ڕۆژەوە ئایینــە جیهانییــەکان بــوون بــە دامودەزگــای جیهــانی (دنیــایی) بــەڕێوەبردنی کاروبــاری سیاســیو ئــابوریو کۆمەڵایــەتی دەوڵەت- کۆمەڵ، پەیوەندییەکی سەرنجڕاکێش بووە وشـەی (کێشەو بـەرەو بگـرەو بـەردەو هـاتو هـاوار) بـۆ دەستنیـشانکردنی ئـەم پەیوەندییـە پـڕ بـە پێـستی خۆیـەتی! فەلـسەفەو لاهوت ناتوانن دەستبەرداری یەکتری ببنو ناشتوانن بە یەکەوە هەڵکەن. ئەو کاتـە وابـووەو ئایا ئێستاش هەر وایە؟!

فەلسەفە بەرهەمی بیری ئازادە. نەمامێکە لـە سـێبەری ئـازادی بـیردا دەژیـا، بـەڵام بـۆی نالوێ دەستبەرداری هەستو سۆزو ئەندێشەو سروش ببێو پشت بکاتە بڕواو بـاوەڕو نـاخی دەروون. چــونکە ئەوکاتــە سەرچــاوەکەی نــەك هــەر کــوێر دەبێتــەوە، بــەڵکو بابــەتو ناوەڕۆکێکی بێ پێزی لێدەکەوێتەوە.

لاهوت خۆی، نەك ئایین، لە توانای ژیرو بـیری مـەنتیق بـێ نیـاز بـێ! ئـەم دوو بابەتـە، ئەم دوو لایەنـە ڕێگای دروسـتی زانـینو فەلـسەفەن. لاری لـەوەش نییـە کـە بـە گـشتی دوو سەرچاوەی زانینو گەیشتنە ڕاستیی هەیەو دوو جۆرە ڕاستیش هەیە.

- زانینی ژیر (ئەقڵ). لەم لایەنەدا ژیر پشت بە هەستو ئەزموون دەبەستێ.

- زانین بە هۆی سروشەوە (وەحی) ئەم ڕێگایە ڕاستییەکانی ئایین دەگرێتەوە.

هەریەکەیان پێودانگو پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە، هیچ کامێکیشیان بە بێ کۆمـەکی ئەوی تریان ناتوانێ خۆی ڕەواو پشت ڕاست بکاتەوە.

ئەگـەر ئـایین وەك دیاردەیـەکی کۆمەڵایـەتی پابەنـدی هەلومـەرجو هۆکـاری تایبـەتیو خۆیەکی خۆی بێت کـە بریتییـە لـە دەربـڕینی هەڵوێـستی دیارو تایبـەتی، دەبـێ فەلـسەفە بخرێتە چ خانەیەکەوە؟

٥- وەك لە سەرچاوە مێژووییەکانو لە ناوەڕۆکی فەتواکەی کەشیش تیمپێرو نـاوەڕۆکی ٢١٩ خاڵەکەوە دەردەکەوێ، ئەم فەتوا - بڕیارە بە هیچ بەڵگەیەك پشت ئەستور نـەبووە، لـە چەند لایەکەوە ڕەوایی خۆی لەدەست داوە.

یەکەم: فەلسەفەی قەدەغە کردووە، کەچی خۆی پەنای بردۆتە بەر ژێرو لێکۆڵینەوەو ڕەخنە، ئینجا جۆرە مەنتیقی تایبەتی پەیڕەو کردووە، ئەمانە هەموویان لە پاوانی بەرینی فەلسەفەوە وەرگیراون!

دووەم: فەلسەفە بە گشتیو فەلسەفەی ئەریستۆتڵس بە تایبەتی، بە پێچەوانەی ڕێوشوێنو دۆگمەکانی لاهوتو ئایینی مەسیحییەوە بە ژێرو مەنتیقو بیرکردنەوەی ڕاستو دروستەوە پشت ئەستور بوون. ئەو بەڵگەو سەلمێنەو ساغکردنەوانەی لە بۆچوونو گریمانەو تیۆرییەکانیاندا بەرچاو کەوتوون، بە پێی سەردەمی خۆیانو بە پێی هەلومەرجی ئەوسا لەوانە ڕوونو ڕەوانتر لە تواناندا نەبووە.

سێیەم: بۆچوونو بنەماو ڕێو شوێنەکانی ئایینی مەسیحی بە دۆگمە لاهوتییەکانیەوە تەنیا هەر قسەی ڕووتو سادە بوونو ناخو دەروونی مرۆڤی هەست ناسکیان هێمن کردۆتەوە لەوە بەولاوە کە وتراوە "فلانە پیاوی گەورەی ئایینیو ئیماندار ئەمەی گوتووەو ئەو باوەڕەی عیسا ئەمەی گێڕاوەتەوە" هیچ بەڵگەو ساغکردنەوەیەك نەبیستراوەو نەبینراوە. ئەمەش جۆرە گێڕانەوەیەك (حیکایەتێك) سەرگوزشتەیەکی ئاساییە لە مرۆڤی ئیماندار بەولاوە کەس بڕوای پێناکات. دەبێ چۆن لاهوت بتوانێ بە قسەو حیکایەتو گێڕانەوەی سەرگوزشتە ڕقەبەریی فەلسەفەی ئەریستۆتڵس بکات، بۆیە ناچار بووە فەلسەفە قەدەغەو یاساغ بکات!

لە لایەکی ترەوە فەتواکە بایەخێکی مێژوویی هەیە، ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی بە ناچاریی تۆمار کردووە، هەلومەرجی فەتوادانەکە دەکرێ وەك قەباڵەیەك دابنرێتو ئەم ئەنجامانەی تیادا بەدی بکرێت:

یەکەم: فەتواکە وتوویەتی: ڕاستیی هەریەکە، بە پێی بارودۆخو هەلومەرج ناگۆڕێ، ڕێژەیی هیچ بنەمایەکی نییە، بۆیە ناچار بووە فەلسەفە قەدەغە بکات.

قەدەغەکردنی فەلسەفە جارێکی تر ساغی کردۆتەوە دوو جۆرە ڕاستی هەیە، دەکرێ ئەوی لە فەلسەفەدا بە ڕاست دابنرێت، لە لاهوتدا ڕاست نەبێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەش دروستو ڕەوایە. ئیتر ئەمە لە خۆیدا بوبێتە مایەی دڵ کرمێ بوون لە لاهوتو

دۆگمـەکانی ئـایینی مەسـیحیو بۆچـوونە میتافیزیکییـەکانی، یـان نـا، ڕاسـتییەکی گومـان هەڵنەگرە.

دووەم: ئەم فەتوایە دەسـتەبەری پەیـدابوونی ڕەوشـێکی نـوێ بـووە، ڕەوشـێك بـووە بـە هۆکـاری هانـدانی داهێنـانو وردەکـارییو دەسـت ڕەنگـینی، ئەگـەر بـە وردی هەڵوێـستی لاهوتییەکان سەرنج بدرێت، چۆن زیرەکانە وەڵامی پرسیاری فەلسەفەیان داوەتـەوە، چـەند بـە توانـا، زریـنگـو وردو قـووڵ بیریـان کردۆتـەوە، بـۆ دۆزینـەوەو پێـشکەشکردنی وەڵامو چارەسـەر ئەگـەر ئـەم چارەسـەرە تـەنیا هـەر ڕووکـەشو خـۆکردی بـووبێو لـە قـەیرانو تەنگژەدا خۆ ڕزگارکردنیشی تیادا دەربکـەوێ، ئـەوا ئەوپـەڕی بـیری وردو کەللـەی بـەتواناو هەوڵی زیرەكو وەستایی تیایاندا بەدی دەکرێت. بەڵام بۆچی ئەم زیرەکییە بۆ لێکدانـەوەی بنەماکانی ئایین بەکارنەهاتووە؟ باشە ئەم زیرەکییە جێدەستی فەلسەفە لە لاهوتدا نیـشان نادات؟

لە خاڵی (٣٧)دا فەتواکە گازندەی فەلسەفەی کردووە، چـونکە فەلـسەفە داوای لـە مـرۆڤ کردووە: بڕوا بـە شـتێك نـەکات ئەگـەر ئـەو شـتە لـە خۆیـدا ڕوونو ئاشـکرا نـەبێت. دەبـێ ناڵەباری ئەم داوایە چی بێت؟

فەتواکە پتر بابەتەکەی تەمومـژاوی کـردووە، ئـەگینا لێـرەدا دیـار نییـە مەبەسـت لـەم ڕوونو ئاشکراییە چییە. ئایا لێرەدا مەبەست لەوەیە دەبێ بنـەماکانی بـڕواو ئیمـان یـاخود زانینی زانستیانە ڕوونو ئاشکرا بن[١٥١].

کامیان لەم دووانە بـۆ لاهـوتو بـڕوا پێویـست نـین؟ ئایـا بـڕواو زانـین یـەك شـتن، یـەك ئامانجو پەیڕەویان هەیە؟

بڕوا شتێکی تاکە کەسییەو پەیوەنـدی بـە خـودی مـرۆڤ خۆیـەوە هەیـەو ڕووی گرفتـار دەکاتە دڵو ناخو دەروون، پتر پەیوەندیی بـە خواسـت (ئـیرادەوە) هەیـە. ئەمـە دەکـرێ بـە ئاشـکرا کـاری تێبکرێـتو بـوروژێنرێ. بـەڵام زانـین، بـە پێـچەوانەی بـڕواوە، بـێ سـێو دوو لێکردن پابەندی ژیرو مەنتیقە، ژیر لە خۆیدا ئامرازێکی پابەنـدکردنی ناچارەکییە. بۆیـە

---

[151] **Leooin, V. Die Folgen der Pariser Lehrverurteilung Von 1277 fuer das Selbstverstandnis der Theologie. S. 285. In:**
**Geistes Leben in 13. Jhr. (Hrsg) von Jan A. Aersten.**

بڕوا یاخود باوەڕ لە سنوری ڕوونو ئاشکراو ڕەوانی تێدەپەڕێنیٚو دەست بە دامێنی جیهانی ترانسندێنتی میتافیزیکییەوە دەگرێت. ئەم جیهانە لەژێر دەسەڵاتی ژیرو مەنتیقدا نییەو دەستیان پیایدا ناگات. هەرچی دەربارەی ئەم لایەنە بوترێ لە بۆچوونی بێ بنەما بەولاوە نییە. چونکە بە هیچ پێودانگێك، ئەوی لە بارەیەوە بوترێ، نە پشت ڕاست دەکرێتەوە، بە ناڕاستییەکەی ساغ دەبێتەوە. ئەوی لەو بوارەدا دەوترێت دڕ بە ژێر دەدات. دۆگمی لاهوت بە قسەو پەندی پیاوچاکان پشت ڕاست بکرێتەوە، لەوەوەیە لە توانادا نییە بەڵگەو سەلمێنەی ساغ کردنەوەیان پێشکەش بکرێت. ئایا لاهوتییەکان ئامادەن، ئەگەر لەم دوو خاڵە سەرپشك بکرێن، بڕیارێك بدەن:

جارێکی تر وەك ئایینی مەسیحیو لاهوتەکە خۆی، مرۆڤو توانای شت زانین، لە دەرەوەی سنوری ئاییندا، بە کەم بزانێو بڵێن، مرۆڤ وای دادەنێ کە لاهوت زانست نییە، نەك لەبەرئەوەی لە لاهوتدا کەلەبەرو کەمو کوڕی هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە تواناو هێزی زانینی مرۆڤ خۆی سنوردارەو لەو ڕادەبەدەر ناتوانێ بڕ بکاتو تێبپەڕێ؟

یاخود:

لاهوت زانست نییە (بە مانا تایبەتییەکەی زانست) ئیتر بابەتەکە بە پێی سروشتی تایبەتی خۆی سەرنج بدرێت، یاخود بە توانای زانین کە مرۆڤ خۆی هەیەتی پشت ببەسترێت، یان بڕیتی بێت لە دەستنیشانکردنی پوختەو جەوهەری بابەتەکەو جیاکردنەوەی لە کێشەو پرسیاری تیۆری زانین بۆ ئەوەی لاهوت لە خۆیدا خەسڵەتو کەسایەتی بێگەردی خۆی بپارێزێ؟!

فەتواکە، لە لایەکی ترەوە، ئەنجامی نالەباری لێکەوتۆتەوە، ئەگەر سەرنجی ئەو بەرهەمانە بدرێن کە دوای دەرکردنی فەتواکە بڵاوکراونەتەوە، بە گشتی بیرمەندان ڕوویان کردۆتەوە لاهوتو بۆچوونە فەلسەفییەکانی سانت ئۆگۆستین[١٥٢].

ئۆگۆستین ئەو لاهوتیو فەیلەسوفە بە ئاشکرا ڕەوشی بەندو کۆیلایەتی پەسەندو ڕەوا کردووە! پێی لەسەر ئەم قسەیە داگرتووە.

---

[152] Copleston, F. C., Geschichte der Philosophie in Mittelalter. Muenchen 1976. S. 200.

دوژمنەکانی خۆتت خۆش بوێ، ئەگەر لە ڕوومەتی ڕاستیان سرەواندی، ڕوومەتی چەپیان بۆ ڕابگرە!

ئەگەر لاهوت هاندرابێ بە گژ فەلسەفەدا بچێو لاهوتییەکان کۆشابن سنور بۆ بیرو چالاکی فەلسەفە دابنێن، وەك خۆیان دانیان پیادا ناوە، پێویست بووە فەلسەفە خزمەتچیو فەرەواشی لاهوت بێ، هەر خۆیان، لاهوتییەکان پرسیاری ئەوتۆیان کردووە، کێشەی وایان وروژاندووە بۆتە مایەی ئەوەی ناچار بن بۆ وەڵامدانەوەی چارەسەرکردنیان، ڕێگای وردبوونەوەو سەرنجدانو بیرکردنەوەی مەنتیقییانە بگرنەبەر. بەم کارەیان جارێکی تر زەمینەی دەستبەکاربوونەوەی فەلسەفەیان خۆشکردۆتەوە. بۆ نموونە، لاهوتییەکان گوتوویانە: سروش ڕاستیی بۆ مرۆڤ هێناوە. ئەگەر ئەم قسەیەی لاهوتی مەسیح ڕاست بێت، بۆچی سروش ڕاستییەکەی بە تەواوەتیو یەکجارەکی نەهێناوە؟ بۆ ڕێگای سەرنجدانو وردبوونەوەو فەلسەفەو زانستی داوە؟

ئایا لەم پرۆسانەدا خۆ (زات) هۆکاری کاریگەرە یاخود هۆکاری ئامانجەکییە؟

لە هەردوو لاوە کێشەکە وا دەکەوێتەوە لاهوت نەتوانێ لە چوارچێوەی ژیرو مەنتیقدا وەڵامێکی دروست بداتەوە. کەوابوو فەلسەفە ناچار دەبێ کۆتایی بە بێ دەنگییەکەی بهێنێو هەڵبداتێ.

فەتواکە بە جۆرێکی ڕێكو پێك باسی بابەتی خواستی ئازادی نەکردووەو وەڵامی پرسیارەکانی نەداوەتەوە:

چۆن ئۆباڵی چاکەو بەدکاریی دەکەوێتە ئەستۆی مرۆڤ ئەگەر هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر چارەنووسو گیانو خواستی خۆیدا نەشکێ؟ ئایا پەیامبەری باوەڕپێکراوی مەسیحی پۆڵس لەو نامەیدا کە بۆ ڕۆم ناردوویەتی، نەیگوتووە، ئەگەر مرۆڤ بەندو کۆیلە بوو هیچ ئۆباڵێکی ناچێتە ئەستۆو نابێ لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگینا دادو دادپەروەریی چ مانایەکیان دەمێنێ[153].

٦- بە پێی سەرچاوەکانی مێژووی فەلسەفە لە (٢٣)ی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی ساڵی (١٢٧٦)ز، چەند مامۆستایەکی فەلسەفە لەگەڵ ڕابەری ڕێبازی لاتینی ئبن ڕوشد

153 (ئینجیل بە ئەڵەمانی. نامەی پۆڵس بۆ کلێسەی ڕۆم (٦: ٢٠-٢٣).

ناسراو به سیگەر برەبانتی داوا کراون له بەردەم دادگای پشکنیندا دەربارەی ئەو بابەتانـەی بـە دەرس بـە خوێنـدکارانی دەلێنـەوە وەلامـی چـەند پرسـیارێك بدەنـەوە، گوایـە، چـونکە وانـەکانیان بوونەتـە مایـەی هەلگیرسـاندنی کێـشەو ئـاژاوەو خەریکـە جـۆرە گومراییـەك پەیـدا بکـەن[154]. ماوەیـەك دواتـر پـاپ یۆهانـسی یازدەهـەم باسـی ئـەم نائارامییـەی بـەرگوێ کەوتووە، به نامەیەك داوای له سـتیڤان تێمـپیری کەشیـشی پـاریس (١٨ کـانونی دووەم ١٢٧٧ ز) کردووە لیژنەیەك پێکبهێنێ‌و سۆراخێکی ئەم کێشەو بەرەیە بکات‌و بە زووترین کات به راپـۆرت ئاگـاداری بکاتـەوە. لیژنەکـە لـە ١٦ پـسپۆرو مامۆسـتای لاهـوت پێکهـاتووە، دوای ماوەیەك ئەو (٢١٩) تێزە -خالەیان کۆکردۆتەوەو تێمـپیر بـە فـەتوا بـلاوی کردونەتـەوە. لـە فەتواکـەدا وتـراوە، ئـەوی بـە وانـە ئـەم بابەتانـە بلێتـەوە یـاخود پـشتگیرییان لێبکـات، بـە رەسمـی لـە کلێـسە بێبـەش دەکـرێن. دەرفەتیـشی داوە بـەو مامۆسـتایانەی لەمەوبـەر ئـەم گوناهەیان کردووە، حەوت رۆژ مۆلەتیان هەبێ بێن له کلێسە یاخود لـە بـەردەم قەشـە دان به گوناهەکانیانـدا بنـێن‌و پەشـیمان‌و پاشـگەز بوونـەوەی خۆیـان دەربـبرن‌و داوای لێبـوردن بکەن. ناوەرۆکی (٢١٩) تێزەکە بەم جۆرە بووە:

- ١٧٩ خال بابەتی فەلسەفە بوون.
- ٤٠ خال بابەتی لاهوت.

---

[154] Steenberghen, F. Van., Die Philosophie im 13 Jahr. Wieen 1977. S. 533.

**فەتواکەی قەشە (کەشیش)**

**ستێفان تێمپیر**

**پاریس ٢٨ی مارت ساڵی ١٢٧٧ ز:**

ستێفان کە لە سایەی بەهرەی ڕەبەوە بووە بە خزمەتچی (مجەوری) کڵێسەی پاریس، سڵاوی ڕۆڵەی عەزرای پایەبەرزو شکۆمەند بە هەموو ئەو کەسانە دەگەیەنێ کە ئەم نوسراوە دەبینن.

زۆرجار بە هۆی چەند ڕاپۆرتێکەوە کە لە کەسانێکی شایستەی بڕواپێکردنەوە پێمان گەیشتوون، ئاگادار کراوینەتەوە، چەند مامۆستایەك لە کۆلێجی ئازادی هونەر لە پاریس سنوورە تایبەتییەکەی کۆلێجی خۆیانیان بەزاندووە، چاوقایمانەو بە ئاشکراو بە شێوەیەکی نەفرەت لێکراو هەڵەو شتی چەوتو نالەبار یاخود شتی سەیرو سەمەرەو خەونو خەیاڵ کە لە کتێبەکاندا هەنو کە لەگەڵ ئەم فەتوایەدا دەخرێنە بەرچاو وەك بابەتی شایستەی گوتنەوە لە زانکۆ دەوترێنەوەو داکۆکییان لێدەکرێت. ئەم شتانە بە پێچەوانەی قسەکانی گریگۆرن کە وتوویەتی:

ئەوی مەبەستی بێت وەك دانایەك بدوێت، دەبێ بەوپەڕی پارێزو مشوورەوە لەوە ئاگادار بێ کە بە قسەو وتارەکەی دووبەرەکیو ئاشوب نەخاتە نێو گوێگرانەوە، بەڵکو ئەمە بە هۆی پشتیوانی کردن لەو زانینە چەوتو هەڵانەو نووسراوی گومڕاکانەوە پەیدادەبێو -ئای چەند شوورەییە- بەوپەڕی نەزانیو نەشارەزاییەوە لاف لێدەدەن گوایە ئەم نووسراوانە دەستبەرداریيان ناکرێتو ناتوانرێت ڕەخنە بکرێن.

بۆئەوەی ئەم وێنەیە لە مێشکدا جێگیر بکرێت باسی ئەو شتانە ناکەن کە لە دڵنیاندایەو وەڵامەکانیان بە شێوەیەکی دیزەبەدەرخۆنە دەکەن وەك ئەوەی هەوڵیان دابێ لە سکیلا دەربازببن بەسەر خاریبدیس دا کەوتوون*.

---

*لە کوردەواریدا دەگوترێ، لە گورگ ڕزگارم بوو بەسەر بەرازدا کەوتم. بەڵام من ویستم نموونەی نووسەری فەتواکە نەگۆڕم.

وتوويانە، گوایە ئەم هەڵەو چەوتیانە بە پێی فەلسەفە ڕاستیینو بە پێی بڕواو ئیمانی مەسیحی هەڵەن، هەروەك ئەوەی دوو ڕاستیی بنەڕەتی هەبێو هەروەك بە پێچەوانەی ڕاستیی نێو نووسراوی پیرۆز وابێ ئەو ڕاستییانە لەنێو نووسراوی گومڕاکاندا هەن، کە ڕەب نەفرەتی لێکردوونو کە تیایاندا هاتووە:

من ژیرییو دانایی دانایان لەناو دەبەم، چونکە دانایی ڕاست دانایی هەڵە لەناودەبات. ئەگەر ئەم کەسانە گوێ لە ئامۆژگاریی دانایان بگرن کە دەڵێ: ژیرت هەبێ، بەم شێوەیە وەڵامی پاش خۆت بدەوە، ئەگەرنا ئەوا دەست بە دەمتەوە بگرە بۆ ئەوەی بە قسەیەکی پووچو ناڕەواوە نەگیرێیو دەستخەڕۆ نەبی.

بۆئەوەی وتارو گوتەو قسەی بێ ڕێو جێو بێ سەروبەر مرۆڤی سادەو ساکار تەفرە نەدەنو بە هەڵە نەبەن، ئێمە دوای ئەوەی لە لایەن پرۆفیسۆرانی لاهوتەوە ئامۆژگاری کراوینو لە لایەن مرۆڤی ژیرەوە تکامان لێکراوە، بە توندی ڕێگا دەگرینو دەرفەت نادەین، ئەم جۆرە شتەو هی تری وەك ئەمانە ڕووبدەن.

ئێمە بە توندی گازندەی ئەم کارو دیاردەیە دەکەین. ئێمە لەو کەسانە کە ئەو هەڵەو چەوتییە ناوبراوانە یاخود یەکێك لەمانە بە خوێندکاران بڵێنەوە یان بڕوایان پێبکات یاخود لە سەریان بکاتەوە، یان پەسەندیان بکات، هەروەها ئەوانەش کە گوێیان لێدەگرن، هەڕەشەی دەرکردنو بێبەشکردن لە کڵێسەیان لێدەکەین.

ئەگەر بێتو ئەو کەسانەی ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە لە ماوەی حەوت ڕۆژدا لەبەردەم ئێمەدا یاخود لەلای سەرپەرشتیکاری زانکۆی پاریس خۆیان نیشان نەدەن، ناچار دەبین بە پێی ئەو گوناهەی کردوویانە ڕەفتار بکەینو بجوڵێینەوە بۆئەوەی ئەو سزایەیان بدەین کە بە پێی قانون دەیانگرێتەوە. ئێمە پشت ئەستور بە هەمان بڕیاری دەرچوو نەفرەت لە کتێبی بەناو خۆشەویستی، یاخود "خۆشەویستی ڕەب" دەکەین کە بەم جۆرە دەستپێدەکات:

تۆبزیم لێدەکات کە.. هتد.

بەمە کۆتایی دێت:

خۆت لەوە بپارێزە، دەسەڵاتدار، فرمانی خۆشەویستی پیادە بکەین.. هتد. دوای ئەمە ئێمە نەفرەت لەو کتێبە دەکەین کە دەربارەی گیومەنتییەو بەم قسەیە دەست پێ ئەکات:

هیندەکان بڕواو ئیمانیان وابوو.. هتد.

هەروەها بەم قسەیە دواییەکەی دێت:

بیر لەوە بکەرەوە ئینجا بۆت دەردەکەوێ.. هتد.

ئێمە بە هەمان شێوە لەو نووسراوو کتێبانە کە درەبارەی نیگرومانتینو ئەوانەی دابو دەستورو نەریتی جادووگەرانو شەیتانو هەراسان کردنیان تیادایە یاخود لەواندا کە ئەم جۆرە شتانەیان تیادا دەبینرێو کە بە ئاشکرا بە پێچەوانەی بڕواو ئیمانی ڕاستەقینەو ئاکاری چاکەخوازین، نەفرەت دەکەین.

ئێمە بڕیاری بێبەشکردن لە کڵێسە دەربارەی هەموو ئەو کەسانە دەدەین کە ئەو کتێبو نووسراوانەیان بە وتارو بە نووسین بڵاوکردۆتەوە، یاخود ئەوانەی گوێیان لێگرتوون، ئەگەر بێتو لە ماوەی حەوت ڕۆژدا وەك لە سەرەوە باسکرا لە لای ئێمە یاخود لە بەردەم سەرپەرشتکاری زانکۆی پاریس خۆیان ناونووس نەکەن، ئەوا ئێمە بە پێی گوناهەکانیان سزایان دەدەین.

لە ساڵی ١٢٧٧ی سەروەرمان نووسراوە

لە ڕۆژی یەك شەممە لەو ڕۆژەدا کەشیشی پاریس دڵ بەوە خۆش دەکات ستایشی ئایینی ئۆرشەلیم بوترێ.

دەقی ئەو (٢١٩) خاڵەی فەتواکەی

کەشیشەکەی پاریس باسی کردووە

١- خواسێ ڕەنگی یەکگرتوو نییە**، بەڵکو یەك ڕەنگە، چونکە سێ ڕەنگیی یەکگرتوو بە هیچ جۆرێك لەگەڵ ئەوپەڕی سادەو ساکاریدا تەبا نییە، ئیتر لەو جێگایەی فرە ڕەنگی ڕاستەقینە هەبێ، هەر لەوێ بە شێوازی ناچارەکی دەبێ لێ زیادکردنو خستنەسەرو لە چەند بەشێك پێکهێنانیش هەبێ: نمونەی کۆمەڵە بەرد ئەمە نیشان دەدات.

---

**ئەمە تێکڕای ئەو خاڵانەیە کە فەتواکەی کەشیشی پاریس بە سەرچاوەی کافریو گومڕایی داینـاونو گوایە بۆچوونی فەیلەسووفەکانی ئەوسا بووە.

٢- ڕەب ناتوانێ بوونی وەك خۆی لێ ببێ. چونکە ئەوی پەیدا دەبێ بنچو بناوانەکەی لە یەکێکی تردا دەبێو پشتی پێ دەبەستێ، لە ڕەبدا لەدایك بوون هیچ نیشانەیەکی کامڵیو تەواوەتی نییە.

٣- ڕەب هیچ شتێك کە لە خۆی جیاواز بێت نازانێت.

٤- شتێك نییە سەبارەت بە کۆتاییەکەی نەمرو هەتاهەتایی بێت ئەگەر بە پێی سەرەتاو بنەمای کۆنی هەتاهەتایی نەبووبێ.

٥- هەموو جەوهەرە بێگەردە گیانییەکان وەك یەکەم سەرچاوەو بنەما نەمرو هەتاهەتایین.

٦- ئەگەر هەموو لەشە ئاسمانییەکان لە هەمان جێگادا ڕابوەستن، ئەوەی دوای (٣٦٠٠٠) ساڵ ڕوودەدات هەمان ئەنجامیان لێدەکەوێتەوە وەك ئەوانەی ئێستاکە هەن.

٧- گیان فۆرمی لەش نییە، ئەمە وا دەبوو ئەگەر کەشتییەوان فۆرمی کەشتییەکە بووایە، هەروەها ئەو کامڵیی جەوهەر ئاسای مرۆڤ نییە.

٨- گیان ئەگەر بیەوێ لە لەش جیادەبێتەوەو ئەگەر بیەوێ ڕێگای ئەمە لە خۆی دەگرێ.

٩- یەکەم مرۆڤ نەبووە، دوا مرۆڤیش نابێ، بەڵکو هەمیشە وابووەو لە دوارۆژیشدا هەروا دەبێ:

لەدایکبوونی مرۆڤ لە مرۆڤێکی ترەوە.

١٠- پەیدابوونو لەدایکبوونی مرۆڤ وەك ئەوە وایە لە بازنەیەك (جوغز)دا دەقەومێ، چونکە فۆرمی جەوهەری مرۆڤ بە زۆریی دەچێتەوە سەر هەمان بەشی ماددە.

١١- بێجگە لەوەی مرۆڤ لە توانای ژیر بەهرەمەندە مرۆڤێکی خاوەن نەفس (گیانی)یە.

١٢- چونکە سوکرات وا نەخوڵقاوە بتوانێ نەمرییو هەتاهەتایی پەسەند بکات، پێویستە ئەو، ئەگەر نەمرێت، بە پێی سروشتو توخمەکەی بگۆڕدرێ.

١٣- لە نەفسی هەستیارو ژیر بەولاوە هیچ یەك ڕەنگییەکی جەوهەریی لە مرۆڤدا نییە، بەڵکو تەنیا یەکەیەکی کارلێکردن هەیە هەروەك ئەوەی لە نەفسی ئەستێرەو ڕەوشەکەی دەکەوێتەوە.

١٤- به هەمان مانا دەربارەی مرۆڤ دەوترێ:

ئەو بیردەکاتەوە، وەك چۆن دەربارەی ئاسمان دەوترێ: ئەم بیردەکاتەوە، دەڕی، بۆ خۆی خۆی دەبزوێنێ، بەو مانایە کە داهێنەری ئەم چالاکییانە لەگەڵیدا کە نەك وەك شتێکی جەوهەریی بەڵکو وەك چۆن بزوێنەر لەگەڵ جوڵاوەکەدا یەکگرتووە.

١٥- مرۆڤ دوای مردن هەموو چاکەکارییەك لەدەست دەدات.

١٦- پێویست ناکات مرۆڤ خەمی بڕوای هەبێ، ئەگەر بێتو شتێك بە گومڕایی دابنرێت، چونکە ئەمە بە پێچەوانەی بڕواوەیە.

١٧- دروست نییە بگوترێ لە شتێکی لەناوچوو و گەنیاو بە پێی ژمارە وەك جارانی خۆی لێدێتەوەو بە پێی ژمارە وەك خۆی جارێکی تر زیندوو دەبێتەوە.

١٨- ناکرێ لە لایەن فەیلەسووفانەوە دان بە زیندووبوونەوەی پاشەڕۆژدا بنرێ، چونکە لە تواناتدا نییە ژیر ئەمە ببڕێ -ئەمە هەڵەیەکە، چونکە فەیلەسووف گیانی خۆی زیندانی دەکات ئەگەر گوێڕایەڵی مەسیح بێت.

١٩- ئەو نەفسەی لە لەش جیابۆتەوە، بە هیچ شێوەیەك، بە هیچ ڕێگایەك بە ئاگر ناسوتێ.

٢٠- قانونی سروشتی کوشتنی زیندەوەر، وەك مرۆڤ کوشتن قەدەغە دەکات. ئەگەرچی قەدەغەکردنەکە بە هەمان شێوە سوور نییەو پێدا ناگرێ.

٢١- هیچ شتێك بە ڕێککەوت ڕوونادات، بەڵکو هەموو شتێك بە ناچاریی دەقەومێ، هەموو شتێك کە لە دواڕۆژدا دەبێت، بە ناچارەکی دەکەوێتەوە. هەموو ئەو شتانەی نابێ ببن، دەکرێ ناشیاوەکی بن ئەگەر مرۆڤ سەرنجی هەموو هۆکارەکان بدات، بەدەردەکەوێ هیچ شتێك بە پێی ڕێتێچوون پەیدا نابێ، ئەمە هەڵەیەکە:

چونکە پێکەوە کارکردنی هۆکارەکان بنەمای کەوتنەوەی ڕێککەوتە، هەروەك بۆیتیوس لە کتێبی دەربارەی دڵدانەوەی فەلسەفەدا وتوویەتی.

٢٢- ناکرێ بەختەوەری ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕەبەوە ببەخشرێ.

٢٣- ئەو قسەیەی دەڵێ: ڕەب بەختەوەری بە یەکێك دەبەخشێو نایدات بە یەکێکی تر، قسەیەکی بێ بنچینەیەو خەیاڵێکە.

٢٤- هەموو زانستەکان، فەلسەفەییەکانیان لێبەدەربێت، ناچارەکی نین. ئەمە مایەی دابو نەریتی مرۆڤە.

٢٥- ڕەب ناتوانێ بەردەوامییەکی هەتاهەتایی بە شتێکی گۆڕاوو لەناوچوو ببەخشێ.

٢٦- یەکەم هۆکار توانیویەتی ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە ئەوەندەی خۆی بایە ئەگەر ئەمە لە هێزو توانای کەم نەکردبایەوە.

٢٧- ڕەب ناتوانێ بە پێی ژمارە نەفسی جیاجیا دروست بکات.

٢٨- هیچ جارێك ڕەب بە ڕادەیەکی زۆرتر لەوەی ئێستا جەوهەرێکی گیانی دانەهێناوە.

٢٩- ڕەب لە هێزو بەردەوامیدا بێ سنوورو بێ کۆتاییە، نەك بە پێی چالاکی، چونکە بێ کۆتاییەکی لەم جۆرە توانراوە تەنیا لە لەشێکی بێ سنوردا بێ، ئەگەر ئەو هەموو بێت.

٣٠- جەوهەرە گیانییەکانی سەرەوە (ژیرەکان) بەبێ بزوتنەوەی ئاسمان نەفسە ژیرەکان دادەهێنن. جەوهەرە گیانییەکانی ژێرەوە بە پێچەوانەوە بە پشتیوانی بزوتنەوەی ئاسمان نەفسە نالەبار (نێگەتیڤ) و بەرهەستییەکان دادەهێنن.

٣١- ژیری مرۆڤ نەمرە، چونکە ئەو لە هۆکارێك کەوتۆتەوە کە هەمیشە بە جۆرێك ڕەفتار دەکاتو هیچ جۆرە ماددەیەکی نییە، ئیتر بە پێی ئەم بنەمایە دەبێ شیاوەکی بێت لەوەی واقیعی بێت.

٣٢- ژیر بە پێی ژمارە بۆ هەمووان یەکێکە خۆ ئەگەر ئەو بتوانێ لەم تاکە لەشە جیاببێتەوە، ئەوا ناتوانێ لەهەر لەشێك جیاببێتەوە.

٣٣- حالگرتنو خەونی گیانیی نییە ئەگەر ئەمانە ڕووداوی سروشتی نەبن.

٣٤- هۆکاری یەکەم نەیتوانیوە فرە جیهان دروست بکات.

٣٥- بەبێ هۆی تایبەتی، واتە بەبێ باوك، ئینجا بەبێ مرۆڤێك لە توانادا نەبووە هیچ مرۆڤێك لە لایەن ڕەبەوە دروست بکرێت.

٣٦- ئێمە دەتوانین لەم ژیانە بەسەرچووەدا ڕەب بە پێی جەوهەر بناسین.

٣٧- نابێ مرۆڤ بڕوای بە شتێك هەبێت ئەگەر ڕوونو ئاشکرا پەرەی نەسەندبێت.

٣٨- ڕەب توانیویەتی یەکەم ماددە تەنیا بە یارمەتی لەشی ئاسمانی دروست بکات.

٣٩- له بڕیارێکی پێشووی خواستەوە (ئیرادەوە) ناکرێ شتێکی نوێ بکەوێتەوە ئەگەر پێشتر گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتبێ.

٤٠- هیچ شێوەو فۆرمێکی ژیان لەوە نایابو باشتر نییە بە ئازادی خۆت بۆ فەلسەفە دابنێی.

٤١- گیانەکەی سوکرات دوای مردنەکەی هیچ زانینی دەربارەی ئەو شتانە نییە کە پێشتر لە بارەیانەوە هەیبووە.

٤٢- یەکەم هۆکار هیچ زانینێکی دەربارەی شتە ناچارییەکانی دوارِۆژ نییە:

یەکەم بەڵگە:

شتە نا ناچارییەکانی دوارِۆژ هەبوو (بوونەوەر) نین.

دووەم بەڵگە:

شتە نا ناچارییەکانی دوارِۆژ تاك تاكن، ڕەب بە هۆی هێزێکی گیانیی شت دەزانێ، ئەو هێزەی، ناتوانێ شتی تاك تاك بزانێ، بۆیە بە ڕوونی، ئەگەر هیچ هەستێك لە ئارادا نەبێ، ژیر پێی ناکرێ سوکرات لە ئەفلاتون جیابکاتەوە ئەگەرچی توانیبێتی مرۆڤ لە کەر جیابکاتەوە.

بەڵگەی سێیەم:

ئەمە بریتییە لە پێوەندی هۆکار بە ئەنجامەوە زانینی ڕەب هۆکارێکی ناچاریی ئەو شتانەیە کە پێشتر بە هۆش هەستیان پێکراوە.

چوارەمین بەڵگە:

بریتییە لە پێوەندی نێوان زانینو ئەو شتەی بە هۆش زانراوە. ئەگەرچی زانین هۆکاری ئەو شتە نییە کە بە هۆش زانراوە، ئەوا لەگەڵ ئەمەدا لە بابەتەکەدا یەکێك لە دوو دەربڕینی ناکۆك بە یەکتری دێنە کایەوەو ساغ دەبنەوە ئەمەش پتر زانینی ڕەب دەگرێتەوە لە چاو هی ئێمە.

٤٣- یەکەم بنەما ناتوانێ هۆکاری جۆرە جیاوازەکانی ڕووداوەکانی سەرزەوی بێت، ئەمە بە هۆی چەند هۆکارێکی ترەوە دەبێت، چونکە هیچ هۆکارێکی گۆڕان بە شێوازی جیاواز ناگۆڕێ ئەگەر خۆی لە خۆیدا نەگۆڕێت.

٤٤- له هۆكارێكی یەكەم ناكرێ فرە ڕەنگیی ئەنجامەكان بكەوێتەوە.

٤٥- یەكـەم بنـەما هۆكـاری جەوهـەری نـەمر نییـە بـە مانـا تایبەتییەكـەی، بـەڵكو بەوپەڕییەوە بە مانا خوازەییەكەوە چونكە ئەو ئەم بە دەستی دێنێ.

٤٦-ئەگەر بە بێ هۆكاری كاركردە هیچ شتێك لە ماددە نەكەوێتەوە، ئـەوا بـە بـێ مـاددە هیچ شتێك لە هۆكاری كاركردەش پەیدا نابێ، ڕەب هۆكاری كردە نییە، لەوە بەدەر بە پێـی ئەوەی كە لە شیاوەكی ماددەدا هەبوونە.

٤٧-شـتەكان ئەگـەر لـە خۆیانـدا سـەرنج بـدرێن لـە ڕێكـوپێكی یەكـەم هۆكـار لادەدەنو جیاواز دەبن بەڵام نەك لە ڕێكوپێكیدا بەرامبەر بە هۆكاری تر كە لـە گەردوونـدا چـالاكن. ئەمە هەڵەیەكە، چونكە شت دانەپاڵ یەكەم هۆكار جەوهەریترو نـاوەكیترە لـە چـاو ئـەوەی بخرێتە سەر هۆكارە نزمترەكان.

٤٨- ڕەب ناتوانێ هۆكاری ڕووداوێكی نوێ بێتو ناتوانێ شتێكی نوێ بهێنێتە دی.

٤٩- ڕەب نەیتوانیوە ئاسمان بە هێڵێكی ڕاستی بزوتنەوەدا بجوڵێنێتەوە، هۆیەكەی ئەمـە لەوەدایە، ئەو كاتە بۆشاییەكی دروست دەكرد.

٥٠- ڕەب ناتوانێ بە شێوەیەكی نارێكوپێك شتێك بەگەڕبخات، ئەمە لەوە جیاوازە ئێستاكە شتێك بجووڵێنێتەوە، چونكە ئەمە وا دەگەیەنێ كە لەودا هیچ جۆرە بڕیاری جیاوازی خواست نییە.

٥١- ڕەب لە كرداریدا وەك لە بوونەكەیدا نەمرە، ئەگەرنا ئەوا لە لایەن شتێكی ترەوە سنوری بۆ دەكێشراو دەستنیشان دەكراو ئەمەش لەو كۆنترو لەپێشتر دەبوو.

٥٢- جەوهەرێك، كە بۆ خۆی، وەك ڕەب خۆی دیارو دەستنیشان بكات، هەمیشە لە كردندا دەبێت یاخود هەرگیز هیچ ناكات. لە كۆتاییدا: فرە جەوهەری نەمر هەیە.

٥٣- هەموو ئەوەی ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕەبەوە پەیدا دەبێ، دەبێ ئەمە بە ناچاریی بیكات، ئەمە هەڵەیەكە، ئیتر لەوەدا مرۆڤ ئەمە بە ناچاریی و زۆرەملێ تێبگات. چونكە ئەمە ئازادی لەناودەبات، یان بەو مانایە كە ناچاریی نەگۆڕان دەگەیەنێ، هەروەها ئەگەر شتێكی تر بكات بێتوانایی نیشان دەدات.

٥٤- یەکەم بنەما ناتوانێ ڕاستەوخۆ ئەو شتانەی دەگۆڕێن پەیدابکات، چونکە ئەمە چەند ئەنجامێکی نوێن، ئەنجامی نوێ پێداویستی بە هۆکارێکی ڕاستەوخۆ هەیە کە خۆی دەگۆڕێ.

٥٥- یەکەم بنەما ناتوانێ شتێك پەیدابکات کە لە خۆی جیاواز بێت، چونکە هەموو جیاوازییەکی نێوان دروستکارو دروستکراو لە ماددەوە دەکەوێتەوە.

٥٦- ڕەب ناتوانێ ڕاستەوخۆ شتە ناچارییەکان بزانێ، ئەمە بە هۆی هۆکارێکی تری تایبەتو دواترەوە دەبێت.

٥٧- ئەگەر هەموو هۆکارەکان جارێك لە دۆخی هێمنیو کارنەکردندا بووبن، دەبێ مرۆڤ لاف لێبدات: ڕەب دەگۆڕێ!

٥٨- ڕەب هۆکاری یەکەم جەوهەری گیانییە لەگەڵ دەرکەوتنی. ئەم هۆکارە ئەنجامەکەشی دەکەوێتەوە. هەردووکیان هەمان جۆرە بەردەوامییان هەیە.

٥٩- ڕەب هۆکاری ناچارەکی بزوتنەوەی لەشە ئاسمانییەکانو بورجی ئاسمانو لێکدابڕانی ئەستێرەکانە.

٦٠- بۆ ئەم مەبەستە، هەموو ئەنجامەکان سەبارەت بە یەکەم هۆکار، ناچارەکین، بەڵام تەنیا ئەمە بەس نییە، یەکەم هۆکار خۆی ناکرێ ڕێگای کارکردنی لێبگیرێ، بەڵکو وەك پێداویستی وایە کە هۆکارە مامناوەندییەکان نەکرێ ڕێگایان لێ بگیرێ. ئەمە هەڵەیە، چونکە ڕەب نەیتوانیوە بەبێ هۆکارەکانی دواتر هیچ جۆرە کارێك بکات.

٦١- ڕەب بە یارمەتی لەشی ئاسمانی دەتوانێ ئەنجامە پێچەوانەکانی یەکتری دابهێنێ، چونکە ئەمە جیاوازی لە ڕەوشی شوێنەکی خۆیدا نیشان دەدات.

٦٢- ڕەب هێزو توانایەکی بێ سنوری هەیە، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی، چونکە ئەو لە هیچەوە شت دادەهێنێ، بەڵکو لەبەرئەوەی بزوتنەوەیەکی بێکۆتایی بەردەوام دەستەبەر دەبێ.

٦٣- ڕەب ناتوانێ کاری هۆکاری دووەم بەبێ ئەم هۆکاری دووەمە بکات.

٦٤- دەبێ ئەنجامی ڕاستەوخۆی یەکەم بنەما تاقانەو بە ڕاددەی ئەوپەڕی لەو بنەمای یەکەمە بچێ.

٦٥- ڕەب یان جەوهەری بێگەردی گیان تەنیا بە یارمەتی لەشی ئاسمانییەوە زانینەکەی دەخاتە نێو خەونی نەفسی مرۆڤەوە.

٦٦- فرە یەکەم بزوێنەر هەیە..

٦٧- یەکەم ناجووڵاوە بە گشتی تەنیا بە یارمەتی جوڵاوەیەك کە لە نێواندایە شت دەجووڵێنێتەوەو ئەم بزوێنەرە نەجووڵاوەیە لەوە کە بۆ خۆی خۆی دەجووڵێنێتەوە بەشێك پێکدێنێ.

٦٨- توانایەکی کاریگەر کە دەکرێ بەبێ چالاکی بێت لەگەڵ توانایەکی نالەبار (نێگەتیف) تێکەڵاوە. ئەمە هەڵەیەکە، کاتێك ئەمە هەموو جۆرەکانی چالاکی بگرێتەوە.

٦٩- جەوهەرە بێگەردە گیانییەکان لە کارکردندا خۆیان ناگۆڕن، ئەوان ئامانجو کۆششێکی یەك ڕەنگییان هەیە.

٧٠- ژیرەکان یان جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان کە مرۆڤ بە نەمر ناویان دەبات، نەك بە مانای تایبەتی بەڵکو بە مانا خوازیی، هۆکارێکی کاریگەریان هەیە. ئەوان هۆکارێکیان هەیە کە لە بووندا دەیانهێڵێتەوە، بەڵام ئەوان تازە پەیدابوون، چونکە ئەگەر وا بوایە، گۆڕاو دەبوون.

٧١- لەنێو جەوهەرە جیابووەکاندا هیچ جۆرێکی گۆڕان شیاوەکی نییە. ئەو توانایەیان نییە ببن بە شتێك، چونکە ئەوان نەمرنو لە ماددەوە دوورن.

٧٢- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان نەمرن، ئەوان هیچ ماددەیەکیان نییە ئیتر هەر لەبەر ئەمە لە زووەوە بە پێی شیاوەکی ریالیستییانە هەبوو بوون، ئینجا لە هۆکارێك کەوتوونەتەوە کە بە هەمان ڕێگاو شێواز ڕەفتار دەکات.

٧٣- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان بە ژیرەکانیان (ئەقڵەکانیان) شت دادەهێنن.

٧٤- ئەو ژیرەی ئاسمان بەگەڕ دەخات، بە جۆرێك لەو نەفسانە کە لە ژێر بەهرەمەندن، کاردەکات، هەروەك چۆن لەشی ئاسمانی لە لەشی مرۆڤ کاردەکات.

٧٥- فریشتەیەك ناتوانێ ڕاستەوخۆو یەکسەر چالاکییەکی پێچەوانەی ئەوەی هەیە بنوێنێ، بەڵکو تەنیا ئەو چالاکییانەی دەبێ کە بەهۆی هی ترەوە ئەنجام دراوە، بۆ نموونە بورجێکی ئاسمانی.

٧٦- فریشتەیەك هیچ شتی تازە نازانێ.

٧٧- ئەگـەر جەوهـەرێکی جیـابووەوە هـەبێ کـە لەشـێك لـەم جیهانـە بەرهەسـتییەدا نەبزوێنێ، ئەوا ئەو لەم گەردوونەدا نییە.

٧٨- جەوهـەرە نـەمرەکان کـە لـە مـاددە جیابوونەتـەوە دەسـتوبرد ئـەو چاکەکارییەیان هەیـە، ئەگـەر ئـەوان دابهێنـرێن، کـە لـە توانایانـدا هەیـە، هـەروەها ئـەوان سـەرگەرمی بەدەستهێنانی شتێك نین کە نەیانبێ.

٧٩- جەوهەرە جیابووەکان جەوهەری خۆیـانن، لەوانـدا ئـەوەی بـە هۆیـەوە، ئـەوەن کـە هەن‌و، ئەوەی ئەوان چین، هەریەك شتە.

٨٠- هەموو ئەوانەی ماددەیان نییە، نەمرن. ئەوانەی بە هۆی ڕوخسار گۆڕینی مـاددەوە پەیدابوون، پێشووتر نازانن. کەوابوو نەمرن.

٨١- لەبەرئەوەی ژیرەکان ماددەیـان نییـە، ڕەب نـاتوانێ فرەتـر لـە هـەمان جـۆر دروسـت بکات.

٨٢- ژیرە بەرزەکان هۆکاری ڕووداوە نوێیەکانی لای ژیرە نزمەکان نین، بـەڵام بـەرزەکان بۆ نزمترەکان هۆکاری زانینی نەمرن.

٨٣- ژیر لە نەمریی ڕەبەوە کامڵییەکەی دەستگیر دەبێ، ئەو بـە گشتی نـەگۆڕاوە کەچـی بە پێچەوانەوە نەفسی ئاسمان وا نییە.

٨٤- ژیر لە ڕەبەوە بە هۆی ژیری مامناوەندییەوە بوونی خۆی دەستگیر دەبێ.

٨٥- زانین‌و جەوهەری ژیر لە یەکتری جیاواز نین، لەو جێگایەی بە تایبـەتی، لـە نێـوان شـتزان‌و ئـەو شـتەی دەزانرێـت جیاوازییـەك نییـە، هـەر لـەوێ هـیچ جـۆرە جیاوازییـەکی ناوەڕۆکی زانین نییە.

٨٦- جەوهەرە لە یەکتری جیابووەکان بە کردەکی بێ کۆتایین. بێ کۆتایی بە شـێوەیەکی تایبەتی، بەدەر لە شتە ماددییەکان، شتێکی ناشیاوەکی نییە.

٨٧- جیهـان لـە چـاو هـەموو ئـەو تـوخم‌و جۆرانـەی تیایـدان، نـەمرە. کـات‌و بزوتنـەوە، کەرەسـەو هۆکـاری کـارکردەو گرتنـەخۆ هـەموویان نـەمرن، چـونکە ئـەوان لـە هێـزی بـێ

سنووری ڕەببەوە کەوتوونەتەوەو چونکە بە بێ نوێبوونەوە لە هۆکاردا هیچ نوێبوونەوەیەك لە ئەنجامدا نابێت..

٨٩- لە تواناد نییە، ئەو بەڵگانەی فەیلەسوف بۆ ساغکردنەوەی نەمریی جیهان دەیانداتە دەست، پووچەڵ بکرێنەوە. ئەگەرنا، مرۆڤ دەبێ دانی پیادا بنێ کە خواستی یەکەم بنەما ئەو شتانەی کە لە یەکگرتن نایەن یەکدەخات.

٩٠- فەیلەسوفی سروشتی دەبێ بێ سێو دوو لێکردن لە نوێبوونەوەی جیهان گومان بکات، چونکە ئەو بە هۆکاری سروشتیو بەڵگە سەلمێنە سروشتییەکان پشت ئەستوورە، بەڵام مرۆڤی بە بڕوا (ئیماندار) بە پێچەوانەوە دەتوانێ نا لە نەمریی جیهان بکات، چونکە ئەو بە هۆکارە سەروو سروشتییەکان پشت دەبەستێ.

٩١- ئەو هۆکارەی فەیلەسوف نەمریی بزوتنەوەی ئاسمانی پێ ساغ دەکاتەوە، سۆفستایی نییە. کەچی شتێکی سەیرو سەمەرەیە مرۆڤی بیرمەند لەمە ناگاتو نایبینێ!

٩٢- لەشە ئاسمانییەکان لە لایەن بنەمایەکی ناوەکییەوە دەجوڵێنرێنەوە، کە نەفسەکەیەتی، ئەمانە وەك جەوهەرێکی زیندوو، بە هۆی نەفسو هێزی کۆشش کردنیانەوە دەجوڵێنەوە، هەروەك چۆن جەوهەرێکی زیندوو خۆی دەجووڵێنێتەوە، چونکە سەرگەرمی کۆششە، ئاسمانیش هەروا دەکات.

٩٣- لەشە ئاسمانییەکان لە خۆیانەوە جەوهەرەکەیان هەیە، بەڵام نەك نەمریی بزوتنەوە.

٩٤- دوو بنەمای نەمر هەن، واتە، لەشی ئاسمانیو نەفسەکەی.

٩٥- سێ بنەمای ئاسمانی هەیە: هەڵگری بزوتنەوەی نەمر:

- نەفسی لەشی ئاسمانی.

- یەکەم بنەما کە وەك ئامانجو ئارەزوو دەجووڵێنێتەوە.

- ئەمە هەڵەیەکە سەبارەت بە دوو بنەمایەکە.

٩٦- ڕەب بەبێ ماددە ناتوانێ تاکەکانی یەکەم توخمو جۆر پتر بکات.

٩٧- تاکەکانی هەمان توخمو جۆر وەك سوکراتو ئەفلاتون تەنیا بە هۆی ڕەوشی ماددەوە خۆیان لە یەکتری جیادەکەنەوە. ڕوخسارو شێوەی جەوهەریی مرۆڤ لە

هەردووكیاندا بەپێی ژمارە وەك یەك دەردەكەون، شتێكی سەیر نییە، ئەگەر ژمارەیەك شتی لە یەكچوو لە جێگای جیاجیادا بێنە بەرچاو.

٩٨- جیهان نەمرە، چونكە شتێك كە ئەم جۆرە جەوهەرەی هەبێت، بە هۆیەوە دەتوانێ لە سەرانسەری دوارۆژیشدا هەبووبێ، هەروەها ئەو جەوهەرەشی هەیە كە بە هۆیەوە توانیویەتی لە سەرانسەری ڕابوردوودا هەبوون بووبێ.

٩٩- ئەگەرچی جیهان لە هیچەوە پەیدابووە، ئەوا لەم دواییەدا پەیدا نەبووەو نوێ نییە. هەروەها ئەگەرچی ئەو لە نابوونەوە هاتووە بۆ بوون، ئەوا نابوون نەك بە پێی بەردەوامی بەڵكو بە پێی سروشت لە پێشییەوە بووە.

١٠٠- ئەو لاهووتیانەی لاف لێدەدەن، ئاسمان ناوبەناو هێمنو ئارام دەبێ، پشت بە بنەمای بۆچوونێكی هەڵە دەبەستن، بگوترێ ئاسمانێك هەیە، بەلام ئەو خۆی ناجووڵێنێتەوە وەك ئەوە وایە شتی ناكۆك و ناتەبا بە یەكتری بهێنرێتە گۆڕێ.

١٠١- گۆڕانی ڕیشەییو سەرتاپاگیری لە ژماردن نەهاتوو بەسەر ئاسماندا هاتوون، ئەمانە پەیان پێ ببردرێ بۆ هۆكاری یەكەم شتێكی ناشیاوەكی نەبووە، بەڵكو ئەمە تەنیا بۆ ژیرێكی داهێنراو وایە.

١٠٢- نەفسی ئاسمان ژیرێكەو بورجەكانی ئاسمان چەند ئامرازێك نین، بەڵكو چەند ئەندامێكی ژیرن. هەروەك چۆن گوێچكەو چاو چەند ئەندامێكی هێزو توانای پەی پێبردنی هەستەكانن.

١٠٣- فۆرمێك كە بۆ بوونو گۆڕانی مادده پێویست بێت، ئەگەر لە مادده شت پەیدا نەكات، ناكرێت لە لایەن كاركردەیەكی چالاكەوە بكەوێتەوە.

١٠٤- مرۆڤایەتی وێنە ڕوخسارێكی ڕاستەقینە نییە، بەڵكو ناوەڕۆكێكی ژیرە.

١٠٥- وێنەی جەوهەریی مرۆڤ لە دەرەوە نایەت، بەڵكو لە شیاوەكی ماددەوە پەیدا دەبێت، ئەگەرنا كێشەكە بریتی نەدەبوو لە بەدیهێنانێك بە مانایەكی ڕوونو ڕەوان.

١٠٦- هۆكاری ڕاستەوخۆی هەموو وێنە جەوهەرییەكان (فەلەك) بورجی ئاسمانە.

١٠٧- ڕەگەزەكان نەمرن. پەیدابوونە نوێیەكەیان لەو ڕەوشەیدا كە ئێستاكە هەیانە.

١٠٨- نەفسی مرۆڤ بە هیچ جۆرێك، ئیتر نە لە خۆیەوەو نە بە هۆی دۆخێکی دەرەکییەوە، پابەندی جێگۆڕکێ نییە، ئەگەر بە پێی جەوهەرەکەی لە جێگایەك دابنرێت ئەوا بە هیچ جۆرێكو هیچ جارێك لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر خۆی ناجوڵێنێ.

١٠٩- جەوهەری نەفس نەمرە، ژیری چالاكو شیاوەکی نەمرن.

١١٠- بزوتنەوەکانی ئاسمان لە پێناوی نەفسە ژیرییەکانەوە دەکەونەوە.

نەفسی ژیر یاخود ژیر ناکرێ بەبێ بوونی ماددە پەیدا ببێ.

١١١- هیچ فۆرمێکی لە دەرەوە هاتوو ناتوانێ لەگەڵ ماددەدا یەکەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنێ. ئەوی توانای جیابوونەوەی هەیەو جیادەبێتەوە ناتوانێ لەگەڵ ئەوەی لەناودەچێ یەکەیەك پێکبهێنێ.

١١٢- ژیرە بەرزەکان کار لە نزمەکان دەکەن، هەروەك چۆن نەفسێك کار لەوانی ترو لە نەفسی بەرهەستی دەکات. بە پشتیوانی هێزی ئەم کارلێکردنەیە کە جادووگەرێك بە چاولێکردنێك دەتوانێ حوشترێك بخاتە چاڵێکەوە.

١١٣- بەپێی فەلسەفە بێ، نەفسی جیابووەوە ناگۆڕاو نییە، ئەگەرچی بە پێی بڕوا (ئیمان) دەبێ گۆڕاو بێت.

١١٤- ئەگەر نەفسی بە ژیر بەهرەمەند خۆی لە جەوهەری زیندوو جیابکاتەوە، ئەوا هەروەك جەوهەرێکی زیندوو دەمێنێتەوە.

١١٥- نەفسی ژیر بە ناسینی خۆی هەموو شتێکی تر دەزانێ. وێنە جەوهەرییەکانی هەموو شتێك لەودا پێکەوە داهێنراون. ئەم زانینە بە سایەی ژیر مانەوە نییە لەوەدا کە ژیری ئێمەیە، بەڵکو لەوەدا کە ژیرێکی چالاکە.

١١٦- نەفس ناتوانێ لە لەش بە یەکجارەکی جیابێتەوە. ئەگەر هارمۆنی لەش لەناوبچێ نەفسیش لەناودەچێ.

١١٧- ئەو شتەی مامۆستا دەیزانێ لەگەڵ ئەوەی خوێندکار دەیزانێ، بە پێی ژمارە یەك شتە، لەبەر چ هۆیەك گیان یەکێکە: فۆرمێك تەنیا کاتێك فرە ڕەنگ دەبێ ئەگەر لە شیاوەکی ماددەوە بکەوێتەوە.

١١٨- ژیری چالاك خۆی بە ژیری شیاوەکی ئێمە نابەستێتەوە. هەروەها ژیری شیاوەکی بە پێی جەوهەرەکەی خۆی لەگەڵ ئێمە ناکات بە یەك. ئەگەر هاتوو ئەو لەگەڵ ئێمە وەك وێنەیەکی جەوهەری ئێمە بێ بە یەك، هیچی تر جیابوونەوە نابێت.

١١٩- چالاکی ئەو ژیرەی لەگەڵ لەش یەکی نەگرتووە، خۆی بە جۆرێك بە لەشەکەوە دەبەستێتەوە ببێتە چالاکی یەکێك کە ببێ بە خاوەنیو کە فۆرمی نییە بە هۆی ئەوەوە ئەو چالاکە. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە هەر لە سەرەتاوە وای داناوە ژیر فۆرمی لەش نییە.

١٢٠- دەربارەی ژیر دوای جیابوونەوەی، لە توانادا نییە هیچ شتێك بزانێ.

١٢١- ئەو ژیرەی دوا کامڵیی مرۆڤە بە تێکڕایی جیابۆتەوە.

١٢٢- ژیری شیاوەکی بە تەواوەتی لە لەش جیانابێتەوە، ئیتر لە کاتی وەرگرتنیو گرتنەخۆی وێنەکانی جەوهەردا بێ وەك لە کاتی بڕیاردانەدا وایە کە بە هۆی وەرگرتنی ساکاریی وێنەکانی جەوهەرەوە، یان بە هۆی داڕشتنی ناوەڕۆکی گیانییەوە دەکەوێتەوە، ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر ئەمە هەموو جۆرێکی وەرگرتنو گرتنەخۆ بگرێتەوە.؟

١٢٣- ژیری چالاك جەوهەرێکە جیابۆتەوە، لە چاو ژیری شیاوەکی پلەیەکی بڵندتری هەیە، ئەو بە پێی جەوهەرەکەیو بە پێی هێزو چالاکییەکەی لە لەش جیابووەوەیەو فۆرمی لەشی مرۆڤ نییە.

١٢٤- شتێکی جوانو لێوەشاوە نییە هەندێك ژیر لە هەندێکی تر بەڕەسەنتر دابنرێن. لەبەرئەوەی ناکرێ ئەم جیاوازییە لە لەشەوە کەوتبێتەوە، دەبێ لە لای ژیرەوە پەیدابووبێو ئیتر نەفسە ڕەسەنو کەمتر ڕەسەنەکان بە شێوەیەکی ناچارەکی سەر بە توخمو جۆری جیاجیای جەوهەرن، هەروەك ژیرەکان وان. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەوکاتە نەفسی عیسا لە نەفسی یوداس ڕەسەنتر نابێ!

١٢٥- ژیری وردبووەوە بە تەواوەتی نەمرەو لەناوچوو نییە. لە تاکە کەسێکی دیاریکراودا ئەم ژیرە لەناودەچێ، ئەگەر لەودا بۆچوونەکانی ئەندێشە لەناوبچن.

١٢٦- ژیری شیاوەکی ئەگەر لە بۆچوونی واقیعەوە تەماشا بکرێت، پێش ئەوەی شت بزانێ هیچە، جەوهەری گیانیی کاتێك بە ڕاستی هەبوو دەبێ، ئەگەر بە ڕاستی شتزان بێت.

١٢٧- له شتزانو ئەو شتەی دەزانرێ جەوهەرێك دەكەوێتەوە، چونكە، ئەگەر بە وردی سەرنج بدرێت، ژێر خۆی جەوهەرە گیانییەكەیە.

١٢٨- ئەوی بە پێی سروشتەكەی ساغ نەبووبێتەوە ئایا بوونە یان نابوونە، تەنیا بە هۆی جەوهەرێكەوە كە لە چاو ئەم ناچارەكییە ساغ دەكرێتەوە.

١٢٩- خواست، ئەوەندەی پابەندی حەزو ئارەزوو بێتو تاكە بڕیار دەستنیشان بكات، ناتوانێ هیچ شتێك لە دژیان بكات.

١٣٠- ژێر ئەگەر ڕاست بێ، خواستیش ڕاست دەبێ، ئەمە هەڵەیەكە، چونكە ئەمە بە پێچەوانەی ئەو گاڵتەیەیە ئۆگۆستین بە زەبووری كردووە: پێویستی بە گەرموگوڕیی نەفسی من هەیە.. هتد. لە دواییدا بۆ ڕاستیی خواست بەزەیی پێویست ناكات، بەڵكو تەنیا زانین بەسە. ئەمە هەڵەیەكی پەیڕەوەكەی "پیلەگیۆس"ە.

١٣١- ئەگەر خواست لە بارودۆخێكدا بێت، لە لایەن سروشتەوە بتوانرێ بجووڵێنرێتەوە، هەورەها ئەوەی سروشت ئاسا ئەو دەجووڵێنێتەوە، درێژە بكێشێو بەردەوام بێت، ئەوا خواست ناتوانێ شت نەخوازێ.

١٣٢- بورجی (فەلەك) ئاسمان هۆكاری خواستی پزیشكە، كە نەخۆش چاك دەكاتەوە.

١٣٣-خواستو ژێر لەدەستبەكارییاندا لە خۆیانەوە ناجووڵێنەوە، بەڵكو بە هۆی هۆكارێكی نەمرەوە، واتە بە هۆی لەشە ئاسمانییەكان دەجوڵێنەوە.

١٣٤- ئەوی شایستەی ئارەزووكردنە، ئەگەر كۆسپەكان لە بەردەم نەمێنن، بە ناچارەكی ئەوە دەبزوێنێ كە ئارەزووی لێدەكرێ. ئەمە هەڵەیەكە ئەگەر توانای كۆششە گیانییەكانیش بگرێتەوە.

١٣٥- خواست وەك ماددە لە خۆیانەوە بۆ دەستنیشانكردنە پێچەوانەكانیان، دەستنیشان نەكراون، بەڵام لە لایەن ئەوانەی شایستەی ئارەزوون، دیاری دەكرێن، وەك چۆن ماددە لە لایەن هۆكاری كاركردەوە دیاری دەكرێت.

١٣٦- مرۆڤێك كە ئارەزوو هاندەری كاركردنەكەی بێت، وەك بە توبزی كاربكات وایە.

١٣٧- ئەگەرچی دەکرێ لەدایکبوونی مرۆڤ بوەستێ، بەڵام بە سایەی هێزی کاریگەری یەکەم و بورجی (فەلەك) ئاسمانەوە ئەمە ناوەستێ، چونکە ئەمە تەنیا هەر نابێتە مایەی پەیدابوونی ڕەگەزەکان، بەڵکو دەبێتە مایەی پەیدابوونی مرۆڤیش.

١٣٨- چونکە ڕەب بەرامبەر بە شتەکان وەك کەرەسەکەیان یاخود وەك هۆکاری فۆرم ڕەفتار ناکات، نابێتە مایەی ئەوەی ڕووکەش بەبێ هەڵگر هەبووبێ. ئەم جۆرە تێگەیشتنە ئەوە دەگرێتە خۆی کە بە پێی واقیع دەبێ لە هەڵگرێکدا بێت.

١٣٩- ڕووکەشێك ئەگەر بە بێ هەڵگر هەبێت، بە پێی ناوەکەی ئەوپەڕی ڕووکەش نییە. هەروەها شتێکی شیاوەکی نییە چەندێتی یاخود درێژبوونەوە بۆ خۆی لە خۆیدا هەبێت، چونکە ئەو کاتە خۆی دەبێ بە جەوهەر.

١٤٠- بوون بە مایەی ئەوەی ڕووکەشێك بە بێ هەڵگربێت، بە پێی جەوهەرەکەی ناشێ ببێ، چونکە ئەمە لە خۆیدا ناکۆکییەکی تیادایە.

١٤١- ڕەب ناتوانێ ببێتە مایەی ئەوەی ڕووکەش بە بێ هەڵگر بێت، یاخود فرە درێژبوونەوە لە یەك کاتدا هەبوون بن.

١٤٢- لە جیاوازی جێگاکانەوە ناچارەکی ڕووداوەکان دەکەوێتەوە.

١٤٣- نیشانە جیاوازەکانی ئاسمان هەلومەرجە جیاجیاکانی مرۆڤ ئیتر بەهرە گیانییەکان بن یاخود شتە کاتییەکان، دەستنیشان دەکەن.

١٤٤- هەموو چالاکییەك کە لە توانای مرۆڤدا بێت، لە چاکەکارییەکانی ژێر پێکدێت.

١٤٥- پرسیارێك نییە زانست لێکی دابێتەوەو ڕێگا نەدرێ فەیلەسوف لێکی بداتەوەو بڕیاری لەسەر بدات، چونکە هۆکارە سەلمێنەکان لەو شتانە دەکەونەوە، کە پێویستە فەلسەفە، بە پێی هەموو بەشە جیاوازەکانی سەرنجی هەموو شتەکان بدات.

١٤٦- بە تەواوەتی، واتە، بە هەموو ڕێگایەك دەکرێ یا ناکرێ، مانای ئەوەیە: دەکرێ یان ناکرێ بە پێی بۆچوون و باری سەرنجی فەلسەفە.

١٤٧- ئەوی بە گشتی ناشیاوەکییە، دەتوانێ ڕەب یان یەك هۆکاری تر ئەمە نەکات. ئەمە هەڵەیەکە کاتێك مرۆڤ بەو مانایە لێی تێبگات. بە پێی سروشت ناشیاوەکی چییە.

١٤٨- مرۆڤ دەتوانێ بەهۆی خۆراك تاك تاك و بە پێی ژمارە ببێ بە یەکێکی تر.

١٤٩- لەنێوان ئەو ژیرە کە ڕەب خۆی پێدەناسێو ئەوەی کە ئەو شتی تری پێدەناسێ، جیاوازییەکی بیریی هەیە. ئەمە هەڵەیەکە، ڕاستە بۆچوونی تری زانین هەیە، بەڵام هیچ ژیرێکی تر نییە کە لە ڕوانگەی بیرەوە جیاواز بێت.

١٥٠- پێویست ناکات مرۆڤ، بۆئەوەی لە کێشەو پرسیارێکدا بگاتە دڵنیایی، دەسەڵاتێك ڕەواو پەسەند بکات.

١٥١- بۆ ئەوەی مرۆڤێك لە ئەنجامگیرییەك دڵنیا بێت، پێویستە ئەمە لەسەر چەند بنەمایەکی ڕوونو ئاشکرا ساغ کرابێتەوە. ئەمە هەڵەیەکە، چونکە ئەم تێزەیە بە گشتی لە بارەی دڵنیابوون لە تێگەیشتنی گیانیو هەروەها لە بارەی دڵنیابوونی لایەنگیرانی بڕواو (ئیمانەوە) دەدوێت.

١٥٢- گوتەکانی لاهوتییەکان پشت بە ئەفسانە دەبەستن.

١٥٣- لاهوت زانین هیچ زانینێك دەستگیر ناکات.

١٥٤- فەیلەسوفەکان بە تەنیا دانای جیهانن.

١٥٥- پێویست ناکات مرۆڤ خەمی بە خاك سپاردنی هەبێت.

١٥٦- ئەگەر ئاسمان هێمنو ئارام بێت، هیچی تر ئاگر سوتێنەر نابێت، چونکە ئەوکاتە هیچ ڕەبێك هەبوو نابێت.

١٥٧- مرۆڤێك ئەگەر بە تێگەیشتنو هەستی دەروون ڕاهاتبێ، دەبوو چەند چاکتر ڕوویدابایە ئەگەر بە ژیرو چاکەکارییەکانی تر گۆش کرابایە! ئەوانەی ئەریستۆتڵس لە ئاکارەکەیدا باسی کردوون، بە پێی پێویست بۆ بەختەوەریو نەمریی هەتاهەتایی بەسن.

١٥٨- ئەو کەسەی دوای ئەوەی خواست بڕیار دەدات، شتێك بکات، ئەو کەسە ئازاد نامێنێ. ئەو سزایانەی قانوون دەیدەن، تەنیا خزمەتی ڕاستکردنەوەی زانین دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەن ئەم ڕاستکردنەوەیە بۆ کەسانی تر ببێ بە سەرەتای زانین.

١٥٩- خواستی مرۆڤ بە هۆی زانینەکەیەوە ناچار دەکرێ هەروەك چۆن تۆبزی لە ئارەزووی زیندەوەر دەکرێت.

١٦٠- هیچ چالاکییەك پێوەندی بە شیاوەکییە پێچەوانەکانەوە نییە، بەڵکو شتەکە دەستنیشان دەکرێت.

١٦١- ئـەو كارانــەی ئەســتێرەكان لــە خواســتی ئــازادی دەكــەن، چــەند كــارلێكردنێكی شاردراوەن.

١٦٢- خواستی ئێمە پابەندی هێزی لەشی ئاسمانییە.

١٦٣- خواست بە ناچاریی پەیڕەوی ئـەو شـتە دەكات كـە ژێـر بـە ڕاسـتی دادەنێت. ئـەو ناتوانێ خۆی لەوە ببوێرێ كە ژێر دایدەنێ. ئەم بە پێویـست بوونـە تـۆبزی لێكـردن نییـە، بەڵكو سروشتی خواست وایە.

١٦٤- مرۆڤ لە هەموو كردارێكیدا پەیڕەوی ئارەزوو دەكاتو بە تایبەتی هەمیشە ئەمـەی لــە هــەموو لایــەك بــەهێزترە. ئەمــە هەڵەیەكــە، ئەگــەر مــرۆڤ بــەهێزترین بــە مانــای بەكاریگەرترین تێبگات.

١٦٥- لە توانا بڵنـدەكانی نەفسدا نـاكرێ هـیچ جۆرە گوناهێـك هـەبێت. بۆیـە گونـاه لـە ئارەزووەوە نەك لە خواستەوە پەیدا دەبێ.

١٦٦- گوناه دژی سروشت، واتە زینـا، دەكـرێ بـە پێچەوانەی سروشـتی تـوخمو جـۆرەوە بێت، بەڵام بە پێچەوانەی سروشتی تاكە كەسانەوە نییە.

١٦٧- لە هەندێ نیشانەی دیاریكراودا ڕازو نیازەكانی مرۆڤو گۆڕانی مەبەسـتەكانیو ئایـا ئـەم ڕازو نیازانــە پێویـستە پیـادە بكـرێن، دەزانـرێت. بـە هـۆی ئـەم وێنانـەوە چارەنوسـی حاجییەكان، ئەو كەسانەی زیندانی دەكرێنو ئـەو زیندانییانـەی ئـازاد دەبـنو ئایـا مرۆڤـی دواڕۆژ زانا دەبێ یاخود ڕێگر، دەزانرێت.

١٦٨- دەستبەرداربوونی خۆشییەكانی ژیان بە پێی سروشتەكەی چاكەكاری نییە.

١٦٩- بــە یــەگجارەكی دەســتهەڵگرتن لــە ســێكس چــاكەكارییو جــۆرو تــوخمی مــرۆڤ لەناودەبات.

١٧٠- ئەوی لە سامانو دارابیدا هەژار بێ، ناتوانێ بە پێی ئاكار باش ڕەفتار بكات.

١٧١- ژێردەسـتەیی، مایـەی ئەوەیـە مـرۆڤ دەریناخـات چـی هەیـە، بـەڵكو خـۆی بـە كـەم دادەنێو ساردو سووكی بە خۆی دەكات، ئەمـە هـیچ چاكەكارییەك نییـە. ئەمـە هەڵەیەكـە ئەگەر مرۆڤ وا بیربكاتەوە، ئەمە نە چاكەكارییەو نە كردارو ڕەفتاری چاكە.

١٧٢- ئارەزووی سێكس ڕێگای بەكارهێنانو پیادەكردنی تێگەیشتنو ژێر ناگرێ.

١٧٣- زانینی ئەو شتانەی بە پێچەوانەن تەنیا هۆکارە دەریدەخات بۆچی نەفسی لە ژێر بەهرەمەند دەتوانێ لەنێو شتە پێچەوانەکانی یەکتریدا شتێك هەڵبژێرێ. تاکە هێزێکی نەفس بە تەنیا ناتوانێ بە تەواوەتی لە نێو شتە پێچەوانەکاندا هەڵبژێری، دەبێ بەم ڕێگایە بێت، بە هۆی شتێکی ترەوە.

١٧٤- ئەفسانەو شتی ناڕاست لەنێو مەسیحیو ئایینەکانی تردا هەیە.

١٧٥- ئایینی مەسیحی ڕێگای پەرەسەندنی زانین دەگرێت.

١٧٦- لەم ژیانەدا نەك لە یەکێکی تر، بەختەوەریی هەیە.

١٧٧- چاکەکارییەکانی تر شیاوەکی نین تەنیا ئەوانە نەبێ کە بە دەستهێنراون یاخود زگماکن.

١٧٨- مردن کۆتاییەکەی هەموو شتێکی ترسناکە. ئەمە هەڵەیەکە ئەگەر حاشاو نکوولی لە ترسناکی دۆزەخ بکات کە خراپترین ترسناکییە.

١٧٩- پێویستە مرۆڤ سەرزارەکیو بە ڕواڵەت دان بە گوناهەکانیدا بنێ.

١٨٠- پێویست ناکات مرۆڤ نوێژ بکات.

١٨١- داوێن پاکیی وەك دەستبەرداربوونی خۆشییەکانی ژیان هیچ چاکەکارییەکی گەورە نییە.

١٨٢- ئاگربارانێکی گشتی بە پێی هۆکارە سروشتییەکان شتێکی شیاوەکییە.

١٨٣- زینای سادەو ساکار واتە لە نێوان پیاوێکی ڕەبەنو ژنێکی مێرد نەکردوو گوناه نییە.

١٨٤- داهێنان (خەلق کردن) شیاوەکی نییەو لە کردن نایەت، ئەگەرچی بە پێی بڕواو ئیمان پێچەوانەی ئەمە بە ڕاست دادەنرێت.

١٨٥- ئەم قسەیە ڕاست نییە کە دەڵێ: شت لە هیچەوە پەیدابووە، هەروەها ئەمە لە کاتی یەکەم داهێناندا هەر وابووە.

١٨٦- ئاسمان هیچ جارێك ناسرەوێت، چونکە گۆڕانو پەیدابوونی شتە نزمەکان ئەوانەی ئامانجی بزوتنەوەی ئاسمانن نابێ هیچ جارێك کۆتاییان بێت.

هۆکارێکی تر، ئاسمان بوونو هێزەکەی لە بزوێنەرەکەیەوە پێدەبڕێ، ئاسمان بەهۆی بزووتنەوە بوونەکەی کۆتایی دێت.

١٨٧- بەهۆی ژیری نالەبارەوەیە کەیەکێك دەتوانێ چاکتر یاخود خراپتر بیربکاتەوە ئەمە ئەو شتەیە کە توانایەکی بەرهەستی پێدەگوترێ. ئەمە هەڵەیەکە. ئەمە وای دادەنێ لە هەموو شتێکدا ژیر هەبێ، یان نەفسەکان هەموویان وەك یەك بن.

١٨٨- ئەگەر کارلێکردنی ئەستێرەکان لە شلەیەك ببێتە مایەی پێکهاتەیەکی تێکەڵ، وەك ئەوەی لە تۆوی دایكو باوکدا هەیە. دەکرێ لەم شلەیە مرۆڤێك دروست ببێ، ئیتر بەم پێیە لە تواناداا هەبووە مرۆڤێك بە چاکی لەو جۆرە گەنینە شێواندنە پەیدابێ.

١٨٩- چونکە گیانی ئەستێرە بزوێن (ژیر) بە تێروتەسەلیی فۆرمی جەوهەریی هەیە، بە هۆی لەشە ئاسمانییەکانەوە ڕەنگی ئەو فۆرمانە دەڕێژێ هەروەك چۆن لە ماددەدا بە ئامرازەکانی کارکردنی ئەمە دەکات.

١٩٠- یەکەم هۆکار لە هەموو ئەوانی تر دوورترە. ئەمە هەڵەیەکە: ئەگەر وا بە بیردا بێت کە دەسەڵاتی سەرتاپاگیرو بێ سنور نییە.

١٩١- فۆرمەکانی جەوهەر گیرۆدەی دابەشبوون نین، ئەمە هەر بە هۆی ماددەوە دەبێ. ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر ئەمە هەر تەنیا فۆرمەکان کە لە شیاوەکی ماددەوە پەیدابوون نەگرێتەوە.

١٩٢- فۆرمێکی جەوهەر کە مادده بێت، ناکرێت دابهێنرێت.

١٩٣- ژیر دەتوانێ لە لەشێکەوە بۆ یەکێکی تر بچێت، ئیتر دەبێ بە بزوێنەری یەك لە دوای یەکی لەشە جیاوازەکان.

١٩٤- نەفس ئەگەر لە لایەن یەکێکی ترەوە نەجووڵێنرێ، هیچ شتێك ناخوازێ. بۆیە ئەم ڕستەیە هەڵەیە:

نەفس لە خۆیەوە شت دەخوازێ. ئەمە هەڵەیەکە ئەگەر وا بیربکرێتەوە، نەفس لە لایەن ئارەزوویەکی شایستەوە یاخود لە لایەن بابەتێکەوە، ئیتر گوایە ئەم ئارەزووە شایستە یاخود ئەم بابەتە بە تەنیا تاکە هۆکاری بزوتنەوەی خواست بێ، دەجووڵێنرێ.

١٩٥- چارەنووس یاخود ڕەوشی گەردوون ڕاستەوخۆ لە بەهرەی ڕەببەوە ناکەوێتەوە، بەڵکو بەهۆی بزوتنەوەی لەشە ئاسمانییەکانەوە پەیدا دەبێ. چارەنووس ناچارییەکەی خۆی بەسەر شتە دنیاییەکانی سەرزەمیندا ناسەپێنێ، چونکە ئەمانە هەمیشە چەندین

تواناو شیاوەکییەکی جیاوازو بە پێچەوانەی یەکتریان هەیە، بەڵکو ناچارییەکەی خۆی بەسەر لەشی ئاسمانیدا دەسەپێنێ.

١٩٦- نیشانەیەکی پلەوپایەی هۆکارە بەرزەکان ئەوەیە: دەتوانن بەو مەبەستو نیازە بووبن کە سروشت دەتوانێ ئەم کارە بکات.

١٩٧- ئەوەندەی پەیوەندی بە یەکەم هۆکارەوە هەبێ، هەندێك شت دەتوانن بە رێکەوت بکەونەوەو پەیدابن. ئەم قسەیە هەڵەیە: گوایە هەموو شتێك لە لایەن یەکەمین هۆکارەوە پێشیانە Apriori رێکخراوە، ئەگەر مەسەلەکە وابووایە دەبوو هەموو رووداوەکان بە ناچاریی بقەومابانایە.

١٩٨- لەنێو ریزی هۆکارە کارکردەکاندا، هۆکاری دووەم چالاکییەکی هەیە، کە لە هۆکاری یەکەمەوە پێی نەبڕاوە.

١٩٩- ئەگەر لەنێو ریزی هۆکارە کارکردەکاندا یەکەم هۆکار لابردرێ، دووەم هۆکار ئەگەر بە پێی سروشتەکەی کاریگەر بێت، بە چالاکییەوە، ناچێتو یەك ناخرێت.

٢٠٠- بەردەوامیی و کات شتێك نین لە شت خۆیدا بن، بەڵکو تەنیا لە پرۆسەی زانین دان.

٢٠١- ئەگەر وا دابنرێت جیهان بە تێکرایی پەیدابووبێ، لە سەرەتاوە بوونی بۆشایی پشت ڕاست دەکاتەوە، ئیتر وەك شتێکی ناچارەکی جێگایەك بەر لە جێگایەکی تر داهێنراو دەبوو، ئەگینا پێش دروستبوونی جیهان جێگایەك دەبوو بە بێ ئەوەی هیچ شتێك لەو جێگایەدا بووایە، ئەمەش بۆشایی دەبوو.

٢٠٢-ڕەگەزەکان لە پرۆسەیەکی پەیدابوونی پێشتردا لە ئاژاوەکەوە پەیداکراون، بەڵام ئەوان نەمر نین.

٢٠٣- ناکرێ گەردوون لەناوبچێ، چونکە یەکەم هۆکار دەتوانێ بێ کۆتاییو هەتاهەتایە جاری تر ئەو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بگۆڕێ، جارێکیان بۆ ئەم ڕوخسارەو جارێکی تر بۆ یەکێکی تر، هەمان شت سروشتی ماددە دەگرێتەوە، واتە بگۆڕدرێ.

٢٠٤- جەوهەرە بێگەردە گیانییەکان پشت ئەستور بە چالاکییان لە جێگایەکدان، ئەوان دەتوانن تەنانەت لە خاڵێکی دەرەکییەوە بۆ یەکێکی تر یاخود هەروەها بۆ ناوەڕاست

خۆیان ببزوێنن، ئەگەر بتوانن خواستیان هەبێت لە ناوەڕاستدا یان لە خاڵە دەرەکییەکانـدا شتێك بەدی بهێنن، ئەمە هەڵەیەکە، ئەگەر وا بە بیردا بێت، بەبێ چالاکی جەوهەرەکـەیان لە جێگایەکدا نابێت یاخود لە جێگاوە بۆ جێگا نەچووە.

٢٠٥- کات لە هەردوو سەرەوە بێ کۆتاییە، خۆ ئەگەر شتێکی شیاوەکی نەبێت ماوەیـەکی بێ کۆتایی ببڕدرێتو لـەودا دەبوایـە بەشـێك ببڕدرێـتو ئـەوا شـتێکی ناشـیاوەکی نییـە کـە ماوەیـەکی بـێ کۆتـایی تێبپـەڕێنرێت کـە لـەودا نەدەبوایـە لـە هـیچ بەشـێکیدا تێپـەڕبوون هەبووبێت.

٢٠٦- لــەش ســاغیو نەخۆشــی، ژیــانو مــردن بــە ڕەوشــی ئەســتێرەکانو دیــتنی بەختەوەرییەوە بەندن. لەوەدا کە دەگوترێ: ئەگەر بەختـەوەری یـەکێکی دیـت ئـەو کەسـە دەژی، خۆ ئەگەر ئەو کەسە نەبینێ ئەوا ئەو کەسە دەمرێت.

٢٠٧- لـە کـاتی پەیـدابوونی* مرۆڤێکدا، لـە لەشـیدا، هـەروەها لـە نەفسیدا کـە بـە دوای لەشدا دێـت، بـە پێـی ڕێکوپێکی هۆکارە بـەرزو نزمـەکان، جـۆرە ڕەوشـێك دروسـت دەبێـت ئـارەزووی چـەند کردارێـك یـاخود چـەند ڕووداوێکـی دیـاریکراو تیایـدا دەوروژێـنێ. ئەمـە هەڵەیەکە، چونکە ئەمە دەدرێتە پاڵ ڕووداوە سروشتییەکانو ڕەوش.

٢٠٨- لە دوو جۆرماڵو سامان ئەگەر خواست سەرپشك بێت ئەوەیان دەجوڵێنێتەوە کـە بە هێزترە، بۆ خواست بەهێزترە، ئەمە هەڵەیەکە مرۆڤ دەڵێ، سامانو ماڵ دنیـا لەبەرچـاو دەگرنو ئەمە دەجوڵێنێتەوە.

٢٠٩- هــەموو بزوتنــەوەکانی خواســت لــە یەکــەم بزوتنــەوەوە کەوتوونەتــەوە، ئەمــە هەڵەیەکە ئەگـەر مـرۆڤ بـە تـەواوەتی نەداتـە پـاڵ یەکـەمین بزوێنـەر کـە داهێنـراوەو پـاڵ جەوهەری بزوتنەوەی خواستو نارێكو پێکییەکانیان.

٢١٠- ماددەی دەرەکی گوێڕایەڵو پابەندی جەوهەری گیانییـە. ئەمـە هەڵەیەکـە، ئەگـەر مرۆڤ بەبێ سنور بۆ دانانو بە مانای هەموو جۆرەکانی گۆڕان تێی بگات.

---

*مەبەسـتی نووسـەر لێـرەدا لـەدایکبوونی مرۆڤـە، بـەڵام وشـە ئەڵەمانیەکـە ئـەو مانایـەی لـەدایکبوون نابەخشێ، بۆیە من وشەی پەیدا بوونم نووسی. (ح. ع)

٢١١- گیانمان به سایەی ئەو هێزەی لە سروشتەوە لێی بەهرەمەنـدە دەتـوانێ بگاتـە ئـەو ڕاددەیەی یەکەم هۆکار بناسێ. ئەمە دەنگێکی ناسازەو هەڵەیەکە، ئەگەر مـرۆڤ بـە مانـای زانینی ڕاستەوخۆ (ناسینی ڕاستەوخۆ) لەمە تێبگات.

٢١٢- جەوهەری بێگەردی گیانی (ژیر) تەنیا بە سایەی خواستییەوە ئاسمان دەبزوێنێ.

٢١٣- سروشـت کـە لـە لەشـی ئاسمانیـدا بنـەمای بزواندنـە، ژیرێکـی بزوێنـەرە، ئەمـە هەڵەیەکە، ئەگەر مرۆڤ بە واتای سروشتێکی نـاوەکی کـە جـۆر یـاخود فـۆرمی جەوهەرییـە تێی گەیشتبێ.

٢١٤- هیچ جارێك نەفس ناجوڵێتەوە ئەگـەر لـەش بەگـەڕ نـەخرێت، وەك چـۆن قورسـی یان سووکی هیچ جارێك بە جووڵە نایەت ئەگەر هەوا نەبزوێنرێ.

٢١٥- لە بارەی ڕەببەوە لەوە بەولاوە کە ئەو هەیە یاخود بوونەوەرە، کەس ناتوانێ هـیچ شتێك بزانێ.

٢١٦- لە تواناد‌ا نییە بزانرێت ئایا ڕەب بـە شـێوازو ڕێگایـەکی لـەبار (پـۆزێتیف) بـەهۆی خـودی خۆیـەوە بوونەوەرێکـە، بـە ڕێگایـەکی تایبەتییانـە، بـەڵێ ئـەو بـەهۆی خۆیـەوە بوونەوەرێکە.

٢١٧- نـاکرێ مـرۆڤ داهێنـان (خـەلق) وەك گۆڕانێـك بـەرەو بـوون نیـشان بـدات، ئەمـە هەڵەیەکە، ئەگەر لێرەدا هەموو جۆرێکی گۆڕان بگرێتەوە.

٢١٨- ژیر یاخود فریشتە یاخود نەفسی جیابووەوە لە هیچ جێگایەك نییە.

٢١٩- جەوهەرە جیابووەکان بە پێی جەوهەرەکەیان لە هیچ جێگاو شوێنێك نـین، ئەمـە هەڵەیەکـە وا دابنـرێ جەوهەرەکـەیان لـە هـیچ جێگایـەك نییـە، بـەڵام ئەگـەر وا تێـی بگەیشترێ کە جەوهەرەکە هۆکارێکی ئەوەیە ئەوان لە جێگایەك بن، ئەو کاتە ئەمـە ڕاسـت دەبێ کە بە پێی جەوهەرەکەیان لە هیچ جێگایەکدا نین.

## پەراوێز:

.Flasch, Kurt., Aufklaerung im Mittelalter? Mainz- 1989

پرۆفیسۆر دکتۆر فلەش لەم کتێبەیدا ئەم قەباڵەیەو (٢١٩) خاڵەکەی بە ئەڵەمانی بڵاوکردوونەتەوە، وەك خۆی وتوویەتی لە لاتینییەوە وەریگێڕاون. منیش ئەڵمانییەکەی ئەوم کردووە بە کوردی.

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی چاپی دووەم ........................................................ | ٣ |
| پێشەکی چاپی یەکەم .......................................... | ٥ |
| زانینو بڕوا ................................................................. | ٨ |
| تایبەتمەندییەکانی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست .............. | ٤١ |
| بوونو نابوون لە فەلسەفەی سکولاستیدا ....................... | ٧٧ |
| نۆمینالیزمو ڕێئالیزم ..................................................... | ١٠٦ |
| دیاردەی دووڕەنگیی ...................................................... | ١٢٢ |
| جیهانبینی فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست ...................... | ١٥٨ |
| فەتوای قەدەغەکردنی فەلسەفە ................................. | ١٧٩ |

# لەبڵاوكراوەكانی

# ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران

(٢٠١١ - ٢٠١٢)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| ٣٦٥ | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی سەرۆكایەتی ئەمریكادا، ژ. ز، (١٢) | ڕێبین حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جیهانگیری، فاكتەرو گرفتەكانی دیموكراسی، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەیدابونی عەلمانیەت لەتوركیای عوسمانیدا، ژ. ز. (١٥) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا(ژ. ز. هۆشیاری (١٦) | نوسینی.<br>محمد رەزا شالگونی<br>وەرگێڕانی.<br>عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستیار كەمال كوردی | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم: عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٧٣ | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی :<br>نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | نوسینی.<br>مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | ٢٠١١ |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنی ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٠١ | ديموكراسـيو بنـهماكانى گەشـەپيدانى سياسى | د. حەميد حسين كازم<br>و. عادل عەلى | ٢٠١١ |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة ومراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەركەكانى خەبات لەهەلومەرجێكى دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | كێشەی شیعەو سوننە<br>كورتەباسێكی مێژوویی | نوسینی.<br>د. عەلی ئەلوەردی<br>و. عارف كەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن ڕەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهـانگیریو كاریگـەری لەسـەر سـەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەكان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | ڕێكخـراوی سۆسیالیـست (S.I) ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنكردنی هەڵوێـستەكان پـێش پرۆسـەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانكفۆرت | و. لەسویدیەوە<br>عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبيـة في سـنجار حتـى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمـد في العراق الجمهوري، ز. هؤشياری، ژ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٤ | كـــوردو توركمـــان، تێڕوانینێـــك بـــۆ میكانیزمەكانی پێكـەوە ژیـانی ئاشـتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |
| ٤١٥ | عەلمانیـەت چـیە؟ مانـاو پێناسـەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسـەن بـەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مـافی چـارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوللا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێـــنج لێكۆڵینـــەوە لـــەبواری سیاســـەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگـرام و پـەیڕەوی نـاوخۆ پەسـەندكرێ سێیەمین كۆنگرێ (ی. ن. ك) | مەڵبەنـدی (٤)ی رێكخـستنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قـــراءة في مفهـــوم التحـــديث والتنميـــة السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگـەری قـەرزە گـشتیەكانی ئـەمریكا لەسـەر ئـابووری ئـەمریكاو جیهـان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا<br>(روسی — كوردی) | ئامادەكردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ<br>لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد رشيد حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەلاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەلمانیەوە:<br>هەلۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئالوگۆڕە سیاسیەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتن لەگەڵ<br>هەڤاڵ مەلا بەختیار | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەلبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمن الخطة الدولية بدءً من جنوبها | المحامي شيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٨ | مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا | و. لەئەلمانییەوە:<br>غسان نعسان<br>و. لەعەرەبییەوە:<br>حەسەن جاف | ٢٠١٢ |
| ٤٣٩ | ئێزیدییەکان لەمێژووی نەتەوەکەیاندا | سەربەست حسێن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٠ | کۆچ هەلبژاردم | ئیسماعیل عوسمان و ماتیاس شیلین و حەکیم کاکە وەیس | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٤١ | کێشەکانی هزری ئاینی | ئومێد قەرەداغی | ٢٠١٢ |
| ٤٤٢ | پارتی سۆسیالیستی فەرەنسا | بەرزان فەرەج | ٢٠١٢ |
| ٤٤٣ | دیموکراسی و دوژمنانی ئیسلامی میانڕەو لەروانگەی مەلا بەختیارەوە | سردار عبدالکریم مجید | ٢٠١٢ |
| ٤٤٤ | دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنیتەو پۆست مۆدێرنەتەدا، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤١) | مەلا بەختیار | ٢٠١١ |
| ٤٤٥ | ئینتەرناسیۆنالیزمی دینیو دیاردەی فرە نەتەوەیی، ز. هۆشیاری، ژمارە (٤٢) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٤٦ | مێژوی نەوتی کەرکوك | فەرهاد حەمزە | ٢٠١٢ |
| ٤٤٧ | باشوری سودان، ز. هۆشیاری ، ژمارە (٤٣) | شادمان مەلا حەسەن | ٢٠١٢ |
| ٤٤٨ | الدیمقراطیة دراسة فکریة سیاسیة، ز. هۆشیاری، ژ(٤٤) | عبدالرحمن کریم درویش | ٢٠١٢ |
| ٤٤٩ | الاکراد والدیمقراطیة والاندماج، ز. هۆشیاری، ژ(٤٥) | فرید اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٠ | زمانی کوردی لەدەستورەکانی عیراقدا، ز. هۆشیاری، ژ(٤٦) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥١ | رۆڵی ژنان لەپەرەپێدانی کاری رێکخراوەییدا (ی. ن. ك) وەك نمونە. ز. هۆشیاری، ژ(٤٧) | جەمیلە شێخ مەحمود<br>شلێر رەشید<br>نیگار عومەر | ٢٠١٢ |
| ٤٥٢ | ئارامو رۆڵی لەبزووتنەوەی سیاسیدا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١٢ |
| ٤٥٣ | چەپکە گوڵ: قەفتەیەك ژ سەروەریو هەڵوستێن ئێکەتی نیشتمانی کوردستان، زنجیرە هۆشیاری، ژ. (٤٩) | قادر حەسەن عیدۆ | ٢٠١٢ |
| ٤٥٤ | توماس هوبزو فلسفته السیاسیة | احسان عبدالهادی النائب | ٢٠١٢ |
| ٤٥٥ | حزب و رێکخراوە سیاسییەکان | محمد فاتیح | ٢٠١٢ |
| ٤٥٦ | المرکز القانوني للمواطن وضماناته | دریڤان عبدالقادر بکر | ٢٠١٢ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٥٧ | ئەمنی ستراتیجی عیراق‌و سێ کوچکەی بەعسیان | ئەمین قادر مینە | ٢٠١٢ |
| ٤٥٨ | پرۆیستڕۆیکا بن لادن‌و مۆنیکا | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١٢ |
| ٤٥٩ | دۆزی کورد لەنەخشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا | دکتۆر خەلیل ئیسماعیل محەمەد | ٢٠١٢ |
| ٤٦٠ | دەوڵەتی عوسمانی‌و عەشیرەتە کوردەکان لەکوردستانی باشور | خالد محمود کریم | ٢٠١٢ |
| ٤٦١ | دۆزی کورد لەبەردەم ری گشتی عەرەبدا<br>ز. نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(٤) | وەرگێڕانی :<br>ڕەسوڵ ئیبراهیم | ٢٠١٢ |